زانستی تاقیگە

بۆ شیکردنەوەی پشکنینەکانی تاقیگە

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

ئامادەکردنی: هاوڕێ مستەفا

٢٠١٩

زانستی تاقیگه

ئامادەکردنی: هاوڕێ مستەفا

بەڕێوەبەرایەتی هەولێر
ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی

سەرپەرشتیاری گشتی
سیروان عوسمان

ناوی کتێب : زانستی تاقیگە
بابەت : پزیشکی
نووسەر : هاوڕێ مستەفا
پیتچنین و هەڵەچن : نووسەر
نەخشەسازی ناوەڕۆك و بەرگ : شاخەوان جەعفەر
تیراژ : ٥٠٠ دانە
چاپ : چاپی یەکەم - چاپخانەی ڕۆشنبیری- هەولێر/ ٢٠١٩
نرخ : ٦٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان / هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردن (٤٠٨)ی ساڵی (٢٠١٩)ی پێدراوە

مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر

[illegible]

سوپاسنامە:

سوپاسی هاوکاری هاوپیشەم (ژیان محمد) دەکەم لە بەشی شیکاری نەخۆشیەکان کە یارمەتی دەرو پاڵپشتی تەواوم بوو بۆ وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی،هەروەها سوپاسی هەر کەسێک دەکەم ئەگەر بۆ یەک جاریش یارمەتی داوم یان پاڵپشتم بوە.

پێشەکی

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

سوپاس بۆ خودای گەورەو میهرەبان کە ئەو دەرفەتەی پێ بەخشیم بۆ ماوەی چوار ساڵ

لە هەوڵدان تێکۆشان کۆڵنەدان توانیم پەرتووکی زانستی تاقیگە تەواو بکەم کە تێدا بەشێکی هەرە زۆری زانیاری پشکنینەکانی تاقیگەی لە خۆدەگرێ،بۆ ئامادەکردنی ئەم پەرتووکە کە تێدا سوودم لە سایتی پزیشکی تاقیگەکان وەرگرتووە خستومەتە سەر زمانی شیرینی کوردی وە هەروەها سوودم لە بەشێکی کەمی سایتەکانی پزیشکی کوردی وەرگرتووە ،پاش ماندوبونێکی زۆر هەوڵم داوە کۆیان بکەمەوە کە تێدا پشکنینەکان بکەمە چەند بەشێک هەر بەشێک کۆمەڵە پشکنینێک لە خۆ دەگرێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی سودی لێ وەربگرن، هیوادارم سودێکم بە نەتەوەکەمان گەیاندبێ هەرچەندە بە بابەتی کورتیش بێت، چونکە میلەتەکەمان زانیاری کەمە لەسەر زانستی تاقیگە کە تێدا ئەم پەرتووکە هەموو نیشانەکانی ئەم پشکنینانە رونکراوەتەوە ئەگەر پشکنینەکە بەرز یان نزم بێت مانای چ نەخۆشیەک دەگەیەنێ کە تێدا هەموو خوێنەرێک دەتوانی بە ئاسانی تێبگات لە پشکنینەکان وە هەروەها بە بەڵگەی زیندوو خۆم یەکەم کەسم کە سودێکی زۆر کاریگەرم تێدا بینیوە، هەروەها بەپێویستم زانی ئەم پەرتوکە بنوسمەوە بە تایبەت بۆ ئەو قوتابیانەی کە لەپەیمانگا و زانکۆکانن کە لە بەشی تەندروستی بە گشتی و بەشی تاقیگە بەتایبەتی پێویستە دوای تەواو کردنی خویندن لە زانکۆ و پەیمانگەکان زانیاری تەواویان هەبێ لە پشکنینەکانی تاقیگە بۆ ئەوەی خزمەتێکی باشی نەتەوەکەمان بکەین.

بە جوانترین شێوە چونکە نەتەوەی کورد هیچی کەم نیە لە نەتەوەکانی تر تاکو بگەین بەئەوان تەنها تۆزێک زانیاری هەوڵ و تێکۆشانمان دەوێ هەر چەندە ئەم پەرتوکە کورتکراوەیەکە کە لە سایتە پزیشکیەکان کە بە زمانی تر بڵاوکراوەتەوە خستومانە سەر زمانی کوردی کە تێدا بە یارمەتی چەند هاوکار و هاوپیشەم کەتیدا هەمیشە هاوکارو پالپشتم بوون بۆ تەواوکردنی ئەم پەرتوکە بۆ ئەوەی بیخەمە بەردەست خوێنەرانی خۆشەویست لە کۆتاییدا هیچ شتێک بێ کەموکوڕی نابێت لە کەموکوریمان ببورن پاک و بێگەردی هەر بۆ خوای گەورەیە بەهیوای سوود بینین.

ئامادەکرنی

هاورێ مستەفا هەمزە

بەشیکاری نەخۆشیەکان

پێرست

The usage of tubes per the colour of their cap

Biochemistry test

کیمیایەکان پشکنینی

Bood suger Test 18
HBA1C Test 21
Islet cell antibody Test 22
GLUCOSE TT Test 24
C-Peptide Test 25
Blood urea Test 26
Creatinine Test 27
Cross match Test 31
Uric Acid Test 34
Cholestrol Test 37
Triglyceride test 40
Digoxn Test 41
GTT Test 42
Amylase Test 44
Lipase Test 46
Micro albumin Test 47
Insulin resistance Test 48
INSULIN Test 50
Ceruloplasmin Test 51
Zinc Test 53

LDH Test 55
ALT(GPT) Test 57
AST(GOT) Test 59
a Ati trypsin Test 61
Protine Test 63
Albumin Test 64
Globulin Test 65
Bence jones Test 67
COPPER Test 70
Phenyl Alanine Test 72
Urine proteine Test 74
Prot/cr ratio Test..75
CPK Test 77
ADA Test 79
Drug Level Test 81
Lithium Test 82
Transferrin Test 84
Iron Test 86
TIBC Test 88
Ferritin Test 89
Electrolyte Test 91
CHLORID Test 95
PHOSPHOR Test 97
B2M Test 98
Folate Test 99
Alkaline_Phosphatase Test 101
TSB Test..103

Inflammation test
پشکنینی هەوکردنەکان

CRP Test 106
Brocellosis Test 108
Typhoid Fever Test 110
ASO Test 111
VDRL Test 113
ESR Test 115
PCT Test 117
Monospot(Heterophil Ab) Test 119
PPD Test 121

Hematology
زانستی خوێن

Cbc Test 123
G6PD Test 129
Indirect coombs Test 132
Direct coombs Test...134
Hb electrophoresis Test 135
Protein electrophoresis Test 137
UPEP Test 140
Vitamin B12 Test 134
Vitamin D3 Test 145
Pt –INR Test 150
PTT Test 153
D.dimer Test 156
Anti thrombin Test 158

Hormones Disease
نەخۆشی هۆرمۆنات

TFT Test(T4-TSH-T3-FT3-FT4) 160
Anti Thyroglobulin Test 164
FTI Test 167
Anti TPO Test 168
TSH Receptor Test 169
AMH Test 170
ACTH Test 174
Pt in blood Test 176
BHCG Test 177
Cortisol(AM-PM) Test 180
DHEA Test 182
AFP Test 184
Growth hormone Test 186
GH stimulation Test 188
GH suppresion Test 190
LH Test 192
FSH Test 193
Prolactin Test 194
PTH Test 196
SHBG Test....199
Testosteron Test 201
Progesterone Test 204
Estrogen Test 205
Aldosterone Test 206
PSA Test 209

Rheumatology
زانستی باداری (رۆماتیزمە)

R.F Test 212
Anti ccp Test 214
ANTI ds-DNA Test 216
ANA Test 217
Anti RNP Test 219
Anti smith(sm) Test 221
ANTI SSA(RO) Test 223
Anti SSB (La) Test 224
ANTI SCL-70 Test 225
C3 test 227
C1 Inactvator Test 229
C4 Test 230
LE Cell Test 231
P-ANCA Test - C-ANCA Test..233
ANTI GBM Test..235
Pathergy Test..236
Anti cardiolipin Test 237
ANTI PHOSPHO LIPID Test 238
Lupus anticoagulant Test 239
Anti TTG-a Test 241
Anti TTG-G Test 242
Anti Endomysial-A Test 243
Anti Endomysial-G Test 243
Immunoglobulins (Ig) Test 245
Environmental Allergy Test 247
Food Allergy Test 251
IGF-1 Test 255
IGFBP3 Test 257
Anti LKM-1 Test 258

Anti Smooth muscle Test 260
Anti Mitochondrial Test..261
Anti parietal cell Test 262

Infectious disease
نەخۆشی زوو تەشەنەکردوو

HIV Test 264
HAV Test 267
HBV Test 268
HCV Test 269
HEV Test 270
EBV Test 271
H.pylori Test 273
A.V ZOST Ab (vzv) Test 276
Chlamydia(IgG-IgM-IgA) Test 277
CMV (IgG-IgM) Test 278
Rubella (IGg-IGM) Test 280
Toxoplasm Test 281

Cardiac disease
پشکنینەکانی دڵ

CK.MB Test 283
TROPONIN Test 284

Microscopy and culture

وردبین و چاندن(زرع)

GUE Test 286
URINE CULTURE Test 292
STOOL EXAMINATION Test 295
STOOL CULLTURE Test 324
STONE ANALYSIS Test 326
Urethral culture Test 329
Blood culture Test 331
AFB Test 333
SFA Test 334
Semen culture Test 341
occult blood Test 342
SCOTCH Test 343
VAGINAL SMEAR Test 344
PAP SMEAR Test 346
FANGI CULTURE Test 348
LEISHMAN BODY Test 349
Malaria smear Test 350
Throat culture Test 351
Bilharziasis Test 352
Gonorrhea Test 353
Urin free cortisol Test 356
Dexa stimulation Test 359
Urine metanephrine Test 361

Gynco disease
نەخۆشی ئافرەتان

TORCH PANEL Test 363
Androgrn panal Test 366
Post Coital Test 367
IUI Test 369
Intrauterine insemination Test 369
Anti sperm Ab Test 371
First trimester Test 372
Quandriple Test 374
Triple Test 375

Tumor marker
نیشانەدەری نەخۆشی شێرپەنجە

Angiotensin converting enzyme Test 377
CEA Test 379
VMA Test 381
CA125 Test 383
CA15-3 Test 384
Ca 19-9 Test 386

Factor Disease
نەخۆشی کارتێکەری خوێن مەیین

Factor Test 388
Protein S Test 390
Protein C Test 393
Fibronogen Test 397

Polymerase chain reaction
پشکنینی (PCR)

BCR-ABL1 Fusion gene Test 401
JAK2 v617f Mutation Test 403
BK Test 406
HPV Test 409
HCV Genotyping Test 412
HLA-B27 Test 414
HLA-DQ2/DQ8 Test 417
HLA-B51/52 Test 420

The usage of tubes per the colour of their cap
بەکارهێنانی تیوبەکان بە پێی ڕەنگی سەرەکانیان

١- تیوبی سەر مۆر: (Lavender Top Tube)

هەروەها پێشی ئەوترێ EDTA تیوبی:- دژە مەینەو مادەی (-anticoag ulant)ی تێدایە، بۆ بەشی هیماتۆلۆجی و بەزۆری بۆ پشکنینی CBC بەکاردێ پێویستە تا نیشانەی دیاریکراو خوێنی تێ بکرێت.

٢- تیوبی سەر سوور: (Red Top Tube)

ئەم تیوبە هیچ دژە مەینێکی تێدا نیەو بۆ زۆربەی پشکنینە کیمیایەکان و دیاریکردنی ڕێژەی دەرمانەکان و بانکی خوێن بەکاردێ، هەرچەندی تێ بکرێ کێشە نابێ بە پێی پێویست خوێنی تێ دەکرێ.

٣- تیوبی سەر شینی تۆخ : (Navy Blue Top Tube)

ئەم تیوبە دووجۆری هەیە جۆرێکیان بێ دژە مەینە و جۆرەکەی تریان دژە مەینە بەکارهێنانی سەرەکی ئەم تیوبە بۆ دیاریکردنی ڕێژەی مادە کانزاییەکان و ژەهرەکانە لە خوێندا بە زۆری لە پشکنینی PT و PTT و INR و Prothromin، Lupus بەکاردێ، جۆرە بێ دژە مەینەکە هەرچەند خوێنی تێبکرێ کێشە نیە بەڵام جۆرە بە دژە مەینەکە ئەبێ تا نیشانەی دیاریکراو خوێنی تێبکرێ

٤-تیوبی سەر سەوز : (Green Top Tube)

ئەم جۆرەیان سۆدیۆم هیپارین یان لیسیۆم هیپارینی تێدایە بۆ هەندێ پشکنینی تایبەت بە پلازم یان ووۆل بلەد بەکاردێ پێویستە تا شوێنی دیاریکراو خوێنی تێبکرێ و ڕاستەوخۆ شلی دوای تێکردن تۆزێک شەکیگی بۆ بکرێ بۆ ڕێگری کردن لە مەیینی خوێنەکە.

The usage of tubes per the colour of their cap

بەکارهێنانی تیوبەکان بە پێی ڕەنگی سەرەکانیان

١- تیوبی سەر مۆر: (Lavender Top Tube)

تیوبی EDTA یان پێی دەوترێ:- دژە مەینەو مادەی (anticoag-ulant)ی تێدایە، بۆ بەشی هیماتۆلۆجی و بەزۆری بۆ پشکنینی CBC بەکاردێ پێویستە تا نیشانەی دیاریکراو خوێنی تێ بکرێت.

٢- تیوبی سەر سوور: (Red Top Tube)

ئەم تیوبە هیچ دژە مەینێکی تێدا نیەو بۆ زۆربەی پشکنینە کیمیایەکان و دیاریکردنی ڕێژەی دەرمانەکان و بانکی خوێن بەکاردێ، هەرچەندی تێ بکرێ کێشە نابێ بە پێی پێویست خوێنی تێ دەکرێ.

٣- تیوبی سەر شینی تۆخ : (Navy Blue Top Tube)

ئەم تیوبە دووجۆری هەیە جۆرێکیان بێ دژە مەینە و جۆرەکەی تریان دژە مەینە بەکارهێنانی سەرەکی ئەم تیوبە بۆ دیاریکردنی ڕێژەی مادە کانزاییەکان و ژەهرەکانە لە خوێندا بە زۆری لە پشکنینی PT و PTT و INR و Prothromin، Lupus بەکاردێ، جۆرە بێ دژە مەینەکە هەرچەند خوێنی تێبکرێ کێشە نیە بەڵام جۆرە بە دژە مەینەکە ئەبێ تا نیشانەی دیاریکراو خوێنی تێبکرێ

٤-تیوبی سەر سەوز : (Green Top Tube)

ئەم جۆرەیان سۆدیۆم هیپارین یان لیسیۆم هیپارینی تێدایە بۆ هەندێ پشکنینی تایبەت بە پلازم یان ووڵ بلەد بەکاردێ پێویستە تا شوێنی دیاریکراو خوێنی تێبکرێ و راستەوخۆش دوای تێکردن تۆزێک شەکێنگری بۆ بکرێ بۆ ڕێگری کردن لە مەینی خوێنەکە

٥-تیوبی سەر زەرد : (Yellow Top Tube)

پێشی ئەوترێ gel Tube :- ئـەم جـۆرە تیوبانـە بـۆ بەشـی کیمیـای و بەشی بانکی خوێن سەرجەم پشکنینە سیریۆلۆجیەکان بەکاردێن لە ڕێیەوە سیرەمان دەست دەکەوێت.

مادەی Clott Activator ی تێدایە هەرچەند خۆێنی تێبکرێ کێشە نیە.

٦- تیوبی سەر ڕەساسی: (Grey Top Tube)

ئـەم تیوبـە پۆتاسـیۆم ئۆگزالەتـی تێدایـە و بەشـێوەیەکی سـەرەکی بـۆ پشـکنینەکانی تایبـەت بـە گلوکـۆز و شـەکرە بـەکار ئەهێنرێـت، پێویسـتە هەتـا شـوێنی دیاریکـراو خوێنـی تێبکرێـت

Biochemistry test

پشکنینی کیمیایەکان

Blood suger Test

نەخۆشی شەکرە یەکێکە لە نەخۆشییە درێژخایەنەکان کە پێویستە بەر لە تووشبوون زۆر بە وریاییەوە مامەڵە بکرێت، چونکە کاریگەری تەواو لەسەر جەستە جێدەهێڵێت وەک سڕبوونی دەست و قاچ هەروەها درەنگ چاکبوونەوەی برین و تەسکبوونەوەی دەمارەکان.

نەخۆشی شەکرە یەکێکە لەو نەخۆشیانەی هەر کات تووشی کەسێک بوو چارەسەر کردنی مەحاڵ دەبێت لە سەرتاسەری جیهاندا نزیکەی (٥٠٠) ملیۆن تووشبووی ئەم نەخۆشییە هەیە، چەند کاریگەرییەکی لەسەر جەستە هەیە و پێویستە بە وریاییەوە ئاگاداری ئەو کاریگەرییانە بیت، هەروەها پزیشکان ئامۆژگاری دەدەن کە بەر لە تووشبوون زۆر بە وریاییەوە مامەڵە بکرێت لەگەڵ هۆکارەکانی تووشبوون بە نەخۆشی شەکرە.

نەخۆشی شەکرەی کاریگەری زۆری لەسەر لیمفە دەمارییەکانی دڵ هەیە کە دەبێتە هۆی تەسکبوونەوە و پەستانی خوێن بەرز دەکاتەوە کە ئەگەری تووشبوون بە جەڵتەی دڵ زیاد دەکات.

لە کاتی تەسکبوونەوەی دەمارەکانیشدا سووڕی خوێن تێکدەچێت بەمەش بە تایبەت لە دەمارەکانی قاچ و دەستتدا کە دەبێتە هۆی سڕبوونیان، بە گوێرەی توێژینەوەیەکی ئەمریکی بۆ نەخۆشی شەکرە ٤٤٪ی وەستانی گورچیلەکان بە هۆی نەخۆشی شەکرەوەیە چونکە توانای پاڵاوتنی تەواوی هەموو ماددەکانی نییە و لە کار دەکەوێت.

یەکێک لە نیشانە دیارەکانی نەخۆشی شەکرە درەنگ چاکبوونەوەی برینە لەسەر جەستە ئەمەش بە هۆی نا چالاکی سووڕی خوێنەوە ڕوودەدات، هەروەها بە گشتی تەندروستی پێست تێکدەدات کە پێست وشک دەبێتەوە و پەڵەی تۆخ دروست دەبێت.

نیشانەکانی توشبوون نەخۆشی شەکرە

نەخۆشی شەکرە یەکێکە لە نەخۆشیە مەترسیدارەکان کە توشی مرۆڤ دەبێت و هەندێکجار ئەم نەخۆشیە دەبێتە هۆی مردنی کەسی توشبوو، چەند نیشانەیەك ئەم نەخۆشیە ئاشکرا دەکات لەوانەش:

١- لاواز بوونی توانای بینین: بەرز بونەوەی ڕێژەی شەکری گلوکۆز لەناو خوێندا هۆکارە بۆ لاواز بوونی بینای و لێڵ بونی بینین، چونکە گلوکۆزەکە لە دەوری هاوێنەی چاوەکە کۆدەبێتەوە و ئەمەش وادەکات بەرچاو لێڵ بێت .

٢- زۆر میزکردن: ئەم حاڵەتە یەکێکی دیکە دەبێت لە نیشانەکانی توشبوون بە نەخۆشی شەکرە.

٣- تینوێتی بەردەوام و تێر نەبوون لە خواردنەوەی ئاو، ئەمەش بەهۆی میزکردنی زۆرەوە دەبێت.

٤- سڕ بوونی پەلەکان (دەست و قاچ): بەرز بونەوەی ئاستی شەکر لە خوێندا هۆکارە بۆ سڕبوونی دەست و پێ و کەسی توشبوو بە نەخۆشی شەکرە جۆرێك هەستی لا دروست دەبێت وەك ئەوەی دەرزی بکرێت بە پەلەکانی جەستەیدا .

٥- زیادبوونی ئارەزووکردنی نانخواردن : ئەو کەسانەی نەخۆشی شەکرەیان هەیە زیاتر لەوانەی نەخۆشی شەکرەیان نیە ئارەزووی نانخواردن دەکەن .

٦- دەرکەوتنی جۆرێك پەڵەی ڕەنگ ڕەش لە پشتە مل یەکێکی دیکە دەبێت لە نیشانەکانی توشبوون بە نەخۆشی شەکرە، دەرکەوتنی ئەم ڕەنگە ڕەشە لە پشت مل کاردانەوەی جەستە دەبێت بۆ ئەوەی کە ڕێژەی ئەنسۆلین لەناو خوێندا لە ئاستی پێویست نیە.
٧- درەنگ سارێژ بوونی برین: یەکێك لە نیشانەکانی توشبوون بە نەخۆشی شەکرە.
٨- بەردەوام هەستکردن بە ماندوێتی و بێ ئەوەی کەسی توشبوو کاری قورس و گرانی کردبێت.
٩- هەوکردنی کۆئەندامی میز و میزەڕۆ بەشێوەیەکی بەردەوام، ئەمەش لەگەڵ هەموو نیشانەکانی دیکەدا مانای توشبوون بە نەخۆشی شەکرە دەگەیەنێت.

HBA1C Test

ئەم پشکنینە ئەنجام دەدرێ بۆ دڵنیابون لە تەندروستی و ئاگاداربون لە نەخۆشی شەکرە لەناو ئێمە باوە پێی دەڵێن شەکرەی سێ مانگی ئەمە واتا شەکرەی سێ مانگی رابردوو پیشانی نەخۆش ئەدات و خەزنی سێ مانگی رابردوو لەبەر ئەوەی پێی دەڵێن دەلێن سێ مانگی لە وێنەکە دیارە شەکرە لەگەڵ همو گلوبین یەکدەگرێ دەبێتە glecohemoglobin بەمەش لەناو خرۆکە سورەکە دەمێنێتەوە ٩٠ -١٢٠ رۆژە کە کەمترین ژیانی خرۆکەکەیە دەکاتە ٣ مانگ. ئەو پشکنینە هەر کاتێک بێت دەتوانرێ بکرێت ئەمەش چونکە (خواردن، وەرزش، خەم، خواردنی دەرمانی نەخۆشی شەکرە، گوڕایەڵ نەبونی نەخۆش) هیچ کار لە ئەنجامی پشکنینەکە ناکات، بۆیە بەنەخۆش دەوترێ کە پێویست ناکات بەرۆژوو بێت و ئاسایە نان بخوات. نەخۆشیەکانی خوێن کاردانەویان لەسەر ئەنجامی ئە پشکنینە هەیە بۆ نمونە (تالاسیمیا، شێوەداسی، کەمخوێنی،....) هەر بۆیە ئەگەر نەخۆش ئەو حاڵەتانەی هەبوو ئەنجامی پشکنینەکە بە ئەگەرێکی زۆر هەڵە دەردەچی هەندێ جار.

هەرکەسێک بەتایبەت ئەوانەی تازە تووشی نەخۆشی شەکرە بوون یان خراونەتە سەر دەرمان یان تازە دەرمانیان گۆردراوە وە ئەگەر دوو جار یان سێ مانگ شەکرەکەی کۆنترۆڵ بوو ئەنجامەکەی ئەوا دواتر شەش مانگ جارێک دەکرێت.



Islet cell antibody Test

ئەم پشکنینە بریتیە لە دەستنیشانکردنی ڕێژەی ئەو دژەتەنانەی کە هێرش دەکەنە سەر خانەکانی پەنکریاس (Beta Cell) کە بەرپرسن لە دروستکردنی ئینسۆلین (Insulin) لە لەشدا، ئەم دژەتەنانە پێکدێن لە پرۆتینێک کە لەلایەن سیستمی بەرگری لەشەوە دروست دەکرێت دژ بە لەش و کار لە فەرمانی پەنکریاس دەکات و بڕی بەرهەمهێنانی ئینسۆلین (Insulin) کەم دەکاتەوە و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی یەکێک لە باوترین نەخۆشیەکانی جیهان ئەویش نەخۆشی شەکرەیە.

نەخۆشی شەکرە (Diabetes):

نەخۆشی شەکرە یەکێکە لە باوترین نەخۆشیەکانی جیهان کە ملیۆنان کەس بەدەستیەوە دەناڵێنن، بەگشتی نەخۆشی شەکرە دابەش دەکرێت بەسەر دوو جۆری سەرەکیدا:

شەکرەی جۆری یەک (Type 1 Diabetes).

شەکرەی جۆری دوو (Type 2 Diabetes).

ئەم پشکنینە بۆچی ئەنجام دەدرێت؟

کاتێک کەسێک تووشی نەخۆشی شەکرە دەبێت، پێوستە دەستنیشانی جۆری شەکرەکەی بکرێت (ئایا شەکرەی جۆری ١) یان (شەکرەی جۆری ٢)، بۆ دەستنیشانکردنی جۆری شەکرە پێویستە پشکنینی ئەو دژەتەنانە ئەنجام بدرێت کە دژ بە خانەکانی پەنکریاس کاردەکەن. یان بۆ ئەو کەسانەی کە ڕێژەی شەکرەیان لە ڕێگەی دەرمان و پارێزی خۆراکیەوە بە ئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێت پێویستە ئەم شیکارییە ئەنجام بدەن. سوودی لێ وەردەگیرێت بۆ دەستنیشانکردنی پێشووەختەی تووشبوون بە جۆری یەکەمی نەخۆشی شەکرە لەو کەسانەی کە ئەندامێکی پلەیەکی خێزانەکەی تووشی هەمان جۆر هاتووە.

پەیوەندی نێوان (Islet cell antibody) و نەخۆشی شەکرە چیە:-

دژەتەنەکە هێرش دەکاتە سەر خانەکانی پەنکریاس (Beta Cell) و تێکیان

دەشکێنێت بەمەش بڕی بەرهەم هێنانی هۆرمۆنی ئینسۆلین(Insulin) زۆر کەم دەبێتەوە و بەرهونەمان دەچێت.

ئینسۆلین (Insulin) هۆرمۆنێکە یارمەتی خانەکانی لەش دەدات بۆ بەکارهێنانی گلوکۆز (Glucose) وەک سەرچاوەی سەرەکی وزە، کاتێک بڕی ئینسۆلین کەم بەرهەم بهێندرێت لەلایەن پەنکریاسەوە شەکر لە خوێندا کەڵکە دەبێت (-Hypergly cemia) لەلایەن خانەکانەوە بەکار ناهێنریت و دەبێتە هۆی نەخۆشی شەکرە کە ئەمەیان بە جۆری یەکەمی شەکرە ناسراوە.

زیاتر لە ٩٥٪ ی ئەوکەسانەی کە جۆری یەکەمی شەکریان هەیە بەهۆی دژەتەنەکانەوە تووشبوون، چونکە لە جۆری دووەمی شەکرە بە دژەتەنەکان بەهیچ جۆرێک ڕۆڵ نابینن، هەربۆیە پشکنینی دژەتەنەکانی پەنکریاس گرنگترین پشکنینە بۆ جیاکردنەوەی هەردوو جۆری شەکرە و وەرگرتنی چارەسەری دروست.

مانای پشکنینەکە چی دەگەیەنێت؟

١- ئەگەر دژەتەنەکە (Islet cell antibody) بوونی هەبوو لەلەشدا مانای وایە جۆری یەکەمی شەکرەیە (Type 1 Diabetes).

٢- ئەگەر دژەتەنەکە (Islet cell antibody) نەبوو مانای وایە جۆری دووەمی شەکرەیە(Type 2 Diabetes).

٣- هەندێک جار لە جۆری یەکەمی شەکرەشدا دژەتەنەکە دەرناکەوێت، بەهۆی هەرهۆکارێکی ترەوە بێت پەنکریاس بڕی پێویست لە ئینسۆلین بەرهەم ناهێنێت بەڵام ئەمە حاڵەتێکی دەگمەنە.

ئەم پشکنینانەی پەیوەندیدارن:-

سەرەتا کاتێک کەسێک گومان دەکرێت تووشی نەخۆشی شەکرە بووبێت، پێویستە شیکاریەکانی (Blood Glucose)(%HbA1c) ئەنجام بدات، پاشان بۆ دیاریکردنی جۆری شەکرەکەی شیکاری دژەتەنەکانی وەک (-Islet cell anti body)ی بۆ ئەنجام دەدرێت..

Gtt test
Glucose Tolerance Test

ناسراوە بە پشكنینی شەكرەی دووگیانی لە رێگەی خوێن پێوانە دەكرێ وەڵام دانەوەی لەش دەكات بۆ شەكرە (جلوگۆز) بەكاردێ بۆ زانینی پشكنینی شەكرەی جۆری دووەم و شەكرەی دووگیانی وە ئەو نەو جۆرە بەرز دەبێت لە كاتی دووگیانی دا.

چۆنیەتی كردنی ئەم پشكنینە

نەخۆشەكە نابێ ١٢ سەعات نانی خواردبێ ئەو كات خوێنی لێ وەردەگیرێ پاشان ٧٥ملگرام گلوكۆز پاودێر دەكرێتە ناو بەرداخێك كە لیتر ئاوی تیابێت، بەڵام پێش ئەوەی گلوكۆزەكە بكەینە ناو ئاوە یەك لیترەكە ئەبێ سەرەتا چارێگیكی لێ فرێ بدەین پاشان گلوكۆزەكە تیابكەین ئەوكات نەخۆشەكە لەماوەی ٥ تا ١٠ خولەك دەبێ هەموو ئاوەكە بخوات پاشان سەعات دەگرینەوە سەعاتی یەكەم خوێنی لێ وەردەگرین پاشان سەعاتی دووەم خوێنی لێ وەردەگرین پاشان سەعاتی سێ یەم خوێنی لێ وەردەگرین بەم شێوەیە پاشان سەیری ئەنجامەكان دەكەین بۆ زانینی توشبوو بە شە كرە.

تێبینی: پێویستە لە هەفتەی ٢٤-٢٨ی دووگیانی پشكنینی شەكرەی بكەنە هەموو ئافرەتێكی دووگیان لەوانەیە دكتۆر زووتر داوابكات ئەگەری هەیە بۆ توش بون بە نەخۆشی شەكرە.

١-توشبون بە شەكرەی دووگیان بەهۆی زووی دووگیان بون

٢-بونی شەكرەی بۆ ماوەی لە خێزان

٣-قەڵەوی

٤-بونی حاڵەتیک كە پەیوەندی هەبێ بە شەكرە

C-Peptide Test

وا دادەنرێت هۆرمۆنی ئەنسۆلین هۆرمۆنێكی پرۆتینیە دەردەدرێت بە یارمەتی خانەكانی بیتا لە دورگەكانی لانگرهانس لە پەنكریاسە ئەو بەرپرسە لە ماندووبوون و كەمبوونەوەی ئاستی گلوكۆز لە خوێن لەبەر ئەوە ئاستی دیاری دەكرێ بە پێی ئەنسولین.

كاری دەردانی هۆرمۆنی ئەنسۆلین پشت دەبەستی لەسەر ئاستی گلوكۆز لە خوێن ئەگەر ئاستی گلوكۆز زیادبوو ئەوا دەردانی ئەو هۆرمۆنە زیاد دەبێ وە وەلام دانەوەی خانەكانی پەنكریاس پشت دەبەستی بە ئایۆناتی (Ca++) بەوە هاتنە ژورەوە بۆ پەنكریاس وە كاتی ئەو پشكنینە دەكرێ دەبێ نە خۆش ٨-١٠ سەعات نانی نەخواردبێ.

ئەو پشكنینە بۆچی بەكاردێت

١- بۆ دیاری كردنی جۆری شەكرەكە

٢- بۆ زانینی وە بەرهێنانی ئەنسولین لەلایەن پەنكریاس

٣- ئایا ئەو ئەنسۆلینەی بەرهەم دیت كاریگەری هەیە یان نا

تێبینی: ئەو منداڵانەی شەكرەیان زۆرە ئەوا خانەكانی بیّتا تێكشكایە و/ چونكە بە هۆی ئەم تێكشكانەوە دەردەدرێ.



هۆكاری بەرز بونی ئاستی ئەنسولین

١- لە حاڵەتی ئەنسولینوما

٢- نە خۆشی كوشج

٣- تەحامل نەكردنی شەكرەی فرە كتۆزد گلاكتدز

٤-لە حاڵەتی قەڵەوی هەندێ جار

ئەنسولین زیاتر كاردە كاتە سەر ئەو خانانەی زیاتر

١- خانەی جەرگ

٢- خانەكانی ماسولكە

٣- خانە چەوریەكان

Blood urea test

پشکنینی یوریا لە خوێن دا بۆ کۆمەڵێک مەبەست دەکرێت وەکو کێشەکانی گورچیلە و کۆئەندامی میز و میزەڕۆ، بۆ چاودێری کردنی کاری گورچیلە دەکرێت، یان ئەوانەی غەسلی گورچیلەیان بۆ دەکرێت، ئەم پشکنینە بە زۆری لەگەڵ پشکنینی کریاتینین لە خوێن دا پێشنیار دەکرێت لەلایەن پزیشکەوە......

بۆ ئەم پشکنینە پێویستە تیوبی سەر سوور یان زەرد بەکاربهێنرێت، یان بەرێگای میز ئەم پشکنینە دەکرێت لە میزێکی کۆکراوە لە ٢٤ کاتژمێر تێپەر نەبوبێت......

ڕێژەی یوریا لەم حاڵەتانەی خوارەوەی بەرز دەبێتەوە:

١- سستی و شکستی گورچیلە.

٢- کێشە لە کۆئەندامی میزەڕۆدا.

٣- گیرانی کۆئەندامی میز.

٤- بەکارهێنانی هەندێک دەرمان وەکو ئەمینۆگلایکۆسایدەکان.....

لەم حاڵەتانە نزم دەبێتەوە:

١-شکستی جگەر.

٢- وشکبوونەوەی زۆر.

٣- هێنانی پرۆتینی ناتەواو.

٤- کێشەی دووگیانی.

Normal ranges: 7-45 mg/dl



Creatinine Test

پشکنینی کریاتینین بریتییە لە شیکاری کردنی بڕی کریاتینین لە (خوێن و میز)دا ،کریاتینین پێکهاتەیەکی کیمیاییە لە ئەنجامی تێکشکانی کریاتینین بۆ دەستکەوتنی وزە لەلایەن ماسولکەکانەوە بەرهەم دێت ،لەش بڕی زۆری کریاتینین لە لایەن جگەرەوە بەرهەم دێنێت و بڕێکی کەمی کریاتینین لەڕێگەی خواردنەوە وەردەگیرێت وەک (گۆشت) و لە ماسولکەکاندا هەڵدەگیرێت. هەردوو (Creatine) (Creatinine) لە لەشدا بە بڕێکی جێگیر هەن (لە کەسێک بۆ کەسێکی تر بڕەکەی جیاوازە و بەستراوە بە قەبارەی لەش و بڕی ماسولکەکانەوە)، گورچیلە ڕێژەی کریاتینین لە لەشدا ڕێکدەخات وکریاتینینی بەرهەمهاتوو لەلایەن ماسولکەکانەوە فڕێ دەداتە دەرەوەی لەش (بۆ ناو میز). هەربۆیە بوونی بڕێکی ئاسایی کریاتینین لە خوێندا ئاماژەیەکی باشە بۆ تەندروستی گورچیلەکان. ئەگەر گورچیلە بە باشی کار نەکات ئەوا بڕی کریاتینین لە خوێندا زیاد دەکات

ڕێژەی ئاسایی پشکنینەکە.

ڕێژەی کریاتینین بە گشتی لە پیاواندا زیاترە بە بەراورد بە ئافرەت و منداڵ بەهۆی (قەبارەی لەش و بڕی ماسوولکەوە)

پیاو (0.6to1.2 mg/dL)

ئافرەت (0.5to1.0 mg/dL)

منداڵ (0.5to1.0 mg/dL)

لەوکەسانەی یەک گورچیلەیان هەیە یان یاری ئاسن ئەنجام دەدەن و پرۆتین و مادەی وزە بەخش بەکار دێنن دەکرێت ڕێژەی (Creatinine) تا (1.6mg/dL) ئاسایی بێت.

بەڵام ئاسایی نییە ئەگەر کەسێک بڕی کریاتینین بۆ نمونە (0.6mg/dL) بێت و پاش ماوەیەکی کەم بەرز بێتەوە بۆ (1.0mg/dL)، هەرچەندە هەردوو

ڕێژەکە ڕێژەی ئاسایی تێنەپەڕاندووە بەڵام بەرز بوونەوەکەی نائاساییە.
مادەی کریاتین: پێکهاتەیەکی کیمیاییە بەشداری دەکات لە چالاکی لەکاتی گرژبووندا (بۆ دەست کەوتنی وزە)، ڕۆژانە نزیکەی ٪٢ ی کریاتین ی لەش دەگۆڕدرێت بۆ کریاتینین لە ئەنجامی کار و چالاکی ماسوولکەکان و بڕی کریاتینینی بەرهەم هاتوو لەلایەن گورچیلەوە فڕێ دەردێتە دەرەوەی لەش (گورچیلە بڕی کریاتینین لە خوێندا بە جێگیری ڕادەگرێت)، لەبەر ئەوەی بڕی ماسوولکەکان جێگیرە (لەکەسێکی ئاساییدا) هەربۆیە بڕی کریاتینین پێویستە بە جێگیری بمێنێتەوە.

کەی پشکنینی Creatinine ئەنجام دەدرێت؟

پشکنینی کریاتینین پشکنینەکی گرنگە و بە گشتی هەموو کەسێک پێویستە شەش مانگ جارێک ئەم پشکنینە ئەنجام بدات تا لە تەندروستی گورچیلەکانی ئاگاداربێت. بەگشتی لەم بارودۆخانەدا پێویستە ئەنجام بدرێت:

١- کاتێک کەسێک نیشانەی نەخۆشیەکانی گورچیلەی تیادا دەردەکەوێت.

٢- لەو کەسانەی نەخۆشی گورچیلەیان هەیە یان گورچیلەیان بۆ چێندراوە پێویستە (مانگانە یان چەند مانگ جارێک) شیکاریەکە ئەنجام بدەن.

٣- لەکاتی بەکارهێنانی ئەو دەرمانانەی کە کاریگەری لاوەکیان هەیە لەسەر گورچیلە.

٤- لەکاتی هەبوونی ئەو نەخۆشیانەی کە کار لە فەرمانی گورچیلە دەکەن وەک (بەرزی فشاری خوێن، شەکرە).

٥- لە کاتی بەکار هێنانی کەپسولی پاڵپشتی و دەرمانە میتابۆلیکیەکان وەک (دەرمانەکانی دابەزاندن و زیادکردنی کێش یان پرۆتین و مادەی وزە بەخش لەلایەن ئەو کەسانەی یاری ئاسن دەکەن).

٦- لەو کەسانەی گرفتی گورچیلەیان هەیە و چارەسەری وەردەگرن بۆ چاودێری کردنی کاریگەری چارەسەریەکە.

٧- لەکاتی ئەنجامدانی شیکاری تیشکی کە بە (ملەوەن ناسراوە) و (CT scan) کە پێویستی بە پیدانی جۆرە دەرمانێکە کە کاریگەری لاوەکی لەسەر گورچیلە دەبێت.

نیشانەکانی نەخۆشیەکانی گورچیلە

١- گۆڕانی ڕەنگی میز (قاوەیی بوون یان شیری بوون) ڕەنگەکەی و کەفکردن و بوونی خوێن لە میزدا.
٢- کەمبوونەوەی بڕی میزکردن لە بڕی ئاسایی.
٣- ماندوێتی، گرفتی لەکاتی خەوتندا.
٤- ئاوسانی لەش بە تایبەتی (دەموچاو، ژێر چاو، پاژنەو پێیەکان، دەست و مەچەک).
٥- گرفت لەکاتی میزکردن (سوتانەوە، هەستکردن بە خاڵی نەبوونەوەی میزەڵدان).
٦- ئازاری بەشی خوارەوەی پشت خوار دواین پەراسوو.

مانایی پشکنینەکە چی دەگەیەنێت؟

بەرزی ئەنجامی پشکنینە (مانایی وایە گورچیلە بە باشی کاری فرێدانەدەرەوەی (Creatinine) ئەنجام نادات).
١- لەکاتی بوونی گرفت لە گورچیلەکاندا و تێکچوونی فەرمانی گورچیلە: (ئاوسانی خوێنبەرەکانی گورچیلە (Glomerulonephritis)، هەوکردنی گورچیلە (Pyelonephritis)، مردنی خانەکانی گورچیلە بەهۆی ژەهراوی بوون یان دەرمانەوە (Tubular Necrosis).
٢- لەکاتی گەورەبوونی پرۆستات یان بوونی بەردی گورچیلە (دەبێتە هۆی گیرانی ڕێڕەی میز و گرفت بۆ کاری گورچیلە دروست دەکات.
٣- کەمبوونەوەی بڕی خوێنی گەیشتوو بە گورچیلە بەهۆی (وشکبوونەوە،

نەخۆشی دڵ، (Atherosclerosis)، شەکرە.

٤- سوتانی بڕێکی زۆری (Creatine) لەلایەن ماسولکەکانەوە یان خواردنی خۆراکی دەوڵەمەند بە پرۆتین.

نزمی ئەنجامی پشکنینە:-

کەمبوونی بڕی (Creatinine) تارادەیەک دەگمەنە و لەکاتی نەخۆشی و لاوازبوون و پوکانەوەی ماسوولکەکاندا وەک (Myasthenia Gravis Or Mus-cular Dystrophy) بڕی (Creatinine) کەم دەبێتەوە، یان کەمی بڕی پرۆتین لە ژەمەخۆراکی ڕۆژانەدا، هەندێک جار بەهۆی نەخۆشیەکانی جگەرەوە بڕی بەرهەم هێنانی (Creatine) لەلایەن جگەرەوە کەم دەبێت، هەندێک جار لەکاتی سکپڕیدا بڕی (Creatinine) کەم دەبێتەوە و دوای منداڵبوون ئاسایی دەبێتەوە.

پشکنینە پەیوەندارەکان:

Creatinine Clearance , Blood Urea , Urine Albumin/Creatinine Ratio , (ACR) ,Urine Protein/Creatinine Ratio (UP/CR) , Urine Albumin .Urine Protein , Total Serum Protein , Serum Albumin

Cross match Test

ئەم پشکنینەیە دەکرێت بۆ گواستنەوەی گورچیلەی کەسێک لەش ساغ بۆ کەسێکی کە گورچیلەیەکی وەستاو بێت یان هەردوو گورچیلەی خەریک بێت لە دەست بدات .ئەم پشکنینە دەکرێت لە سەر packed cells,RBCs سەرەتا چۆنیەتی کردنی ئەم پشکنینە بە رێکەوتن لە نێوان نەخۆشەکەو ئەو کەسەی کە گورچیلەکە دەبەخشی واتا بەخشەر
چۆنیەتی کردنی ئەم پشکنینە بۆ ئەوەی بزانری دژە تەنەکە لە نەخۆشەکە نیە. کاتیک نمونەکە وەردەگرین کە دەبێتە هۆی کارلێکی ترسناک کە لەشی نەخۆشەکە بە تەنی بێگانە دایدەنیت ئەگەر کارلێک بکات واتا متابەقە نەبیَ کە ئەمەش وادەکات رفزی ئەو خوێنە بدات یان ئەو بەشە بکات.

چۆنیەتی کردنی بە دوو ڕێگا دەبێت

تیوبێکی بەتاڵ دێنین دوو دڵۆپ لە سیرەمی نەخۆش دوو دلۆپ لە خوێنی بەخشەر تێدەکرێتە ناو تیوبە بەتاڵەکە پاشان دوو دڵۆپ لە بۆڤین ئەلبومین تێدەکەین ،
-ئەگەر تۆپەڵ بون دروست بوو لە ژێر مایکرۆسکۆپ دەلالەت لە نەگونجانی گورچیلەی هەردووکیان دەکات
-ئەگەر تۆپەڵ بون دروست نەبوو لە ژێر مایکرۆسکۆپ دەلالەت لە گونجانی گورجیلەی بەخشەر دەکات بۆ نەخۆشەکە.
-لە حاڵەتی گونجاندن compatible (fit) لە دوای washing دژە تەنەکان لادەچن پاشان Human globulin کە فەرمانی گەران بەدوای دژە تەنە لە کەسی وەرگر ئەویش بەهۆی سەیرکردنی لە ژێر مایکرۆسکۆپ
لە حاڵەتی نەگونجان in compatible دەبێتە هۆی یەکگرتنی دژە تەنی وەرگر

تەنی بێگانەی بەخشەر پاشان لەدوای washing دژە تەنەکان نارۆن لەبەر ئەوەی نوساوە بە تەنە بێگانەکان وە پاش زیادکردنی AHG دژە تەنەکان بە تەنەبێگانەکان دەبەستێتەوە تاوەکو جوانتر دەربکەوێ لە ژێر مایکرۆسکۆپ و ئەنجامەکەی تۆپڵە روودەدات.

Blood group: جۆری خوینە لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤیکی تر جیاوازە کە پێک دێت لە چوار جۆر هەرکۆمەڵێک جیاوازە لەوەی تر بەهۆی بوونی مەوادی دیاری کراو لەسەر (o-ob-a-b).

خرۆکە سورەکان وە ئەگەر دووکۆمەڵەی جیاواز یەکیان گرت ئەوا ئەنجامی ترسناک دەبێت بۆ دووربون لەم ئەنجامە ترسناکە پێویستە جۆری بەخشەر لەگەڵ وەرگر یەکسان بێت یان گونجاو بێت .

کاری شوشتن بە مەحلولی بە سودە بۆ؟

١- بۆ لابردنی هیمۆلایسیس بۆ ئەوەی دژە تەنەکان بە جوانی دەربکەوێت نەک مەینی خرۆکە سورەکان وەک anti-Lc –anti- leb .

٢- لابردنی سیرەمی بەخشەر کە مادەی lewis substance کە نزیکەی ٩٠٪ بەخشەرەکان هەیانە کە کارلێک دەکات لەگەڵ دژە تەنەکان کە هەیە لەگەڵ خوینی نەخۆش کە ئەنجامەکە راست دەرناچێ.

تێبینی:

کە ئیشەکانمان تەواو کرد پشکنینەکە لە ژێر مایکرۆسکۆپی خوێندەوە ئەگەر ئەنجامەکە نەرێنی بوو ئەوا combs chech cell بۆ زیاد دەکەین کە ئەویش دەلالەت لە خانەی (o)ی Sensitized دەکات لە دژەتەنەکان پێویستە ئەنجامەکە ئەرێنی دەرچی ئەگەر دەرچوو ئەوا ئەوە دەگەیەنێ کە AHG بە تەواوی زیاد کرایە و رێگای ئیشکردنەکە بەراستی کرایە، بەڵام ئەگەر combs chech cell بۆ زیادکرا ئەنجامەکە هەر نەرێنی دەرچوو ئەوا واتە ئەم پشکنینەکە بە ناتەواوی کرایە بۆیە دەبێ دووبارە بکرێتەوە.

هەڵەکردنی ئەم پشکنینە

١- کاری شوشتنی لە کۆتایی ڕنگەکانی دا بە جوانی نەکراوە وە پاشماوەی سیرەمەکە ئیشی AHG یەکەی پوچەڵ کراوە.

٢- مەحلولی AHG هەر بۆ زیادنەکراوە ئەسلەن.

٣- مەحلولی AHG ئیش ناکات.

بۆچی لە کاتی نەشتەرگەری خوێن و پلازماو پەرەکانی خوێن بە تەنیا دەگوازرێتەوە بۆ نەخۆشەکە لەرێگەی بانکی خوێن بۆی ئامادە دەکرێ کە تێدا خوێنیش هەمووی تیایە؟

١- گواستنەوەی خرۆکە سوری سەرەکی: ئەمە لەکاتی نزمبونی ئاستی هیمۆگلۆبین و بونی نەزیفیەکی زۆر لەکاتی گواستنەوەی گورچیلە لە حاڵەتی ئەنیمیای بەرز بە تایبەتی ئەنیمیای منجلی و تالاسیمیا.

٢- گواستنەوەی پلازمای نوێی بەستوو:ئەو نەخۆشانەی کە الامینوجلوبین کەمە وە لە کاتی نەزیفبونەکی زۆر بۆ یارمەتی دانی بەرگری و خوێن مەین شۆکی ناوەندی و نەشتەرگەری لەناوچوی شانەی تێدایە بۆیە پیویستە ئەمەی تێبکرێ نەخۆشەکە.

٣- گواستنەوەی پەرەکانی خوێن: وەردەگیری کاتی پەرەکانی خوێن زۆر کەم بێت بەتایبەت ئەگەر خوێن بەربونێکی زۆری لەگەڵ بێت .

Recipient	Blood donor			
	O	A	B	AB
O	✓	x	x	x
A	✓	✓	x	x
B	✓	x	✓	x
AB	✓	✓	✓	✓

Uric Acid Test

پشکنینی Uric Acid سودی لێ وەردەگیرێ بۆ دیاری کردنی رێژەی Uric Acid لە خوێن و میز دا، مادەیەکی کیمیاییە لە ئەنجامی تێکشکانی پیورین بەرهەم دێت کە تێدا پیورین نایترۆجین لە پێکهاتنیدا هەیە و بەشداری دەکات لە خانەکانی لەش و بۆماوە مادەدا(DNA)، کاتێک خانەکان دەمرن شیدەکرێنەوە پیورین دەچێتە ناو خوێنەوە یان لە رێگای خواردنەوە وەردەگیرێ، بەشێکی زۆری Uric acid لەلایەن گورچیلەوە فرێ دەدرێتە دەرەوە، ئەگەر برێکی زۆری لە Uric Acid بەرهەم بێت یان لە رێگەی میزەوە فرێنەدرێتە دەرەوە ئەوا لە لەش دا کۆدەبێتەوە (Hyperuricemia).

زیاد لە رادەبەدەری Uric Acid دەبێتە هۆی چەندان گرفتی تەندروستی وەکو نەخۆشی پاشای، زیاد بونی رێژەی Uric Acid و بەردەوام پالاوتنی و فرێدانە دەرەوەی لە رێگەی میزەوە گورچیلە ماندوو دەکات وە یەکێکیشە لە هۆکارەکانی دروستبونی بەردی گورچیلە.

نەخۆشی پاشا یان داء الملوک یان gout چیە:-

نەخۆشی پاشا یەکێکە لە نەخۆشیە باوەکان کە بەهۆی زیاد بونی لە رادە بەدەری Uric Acid و کۆبونەوەی لە لەشدا سەرهەلدەدا ،کە دەبێتە هۆی ئازارو هەوکردنی جومگەکان (بەتایبەت پەنجەکانی دەست و قاچ) و ئاوسان و سوربونەوە و لەکارکەوتنیان بەجۆرێک گرفت لە جولەی جومگەکان دروست دەکات،کە ئەمەش بەهۆی دروست بوونی پێکهاتەی کریستاڵی لەو شلەیەی کە لە نیو جومگاکان دا هەیە یان نیشتنی لە گورچیلەدا دروست کردنی بەردی گورچیلەیە، بەلام دەستنیشانکردنی نەخۆشی پاشا تەنها بە شیکاری Uric Acid نییە و رەنگە پێویست بە شیکاری کردنی شلەی ناو جومگەکانیش بکات (Synovial fluid) .

کەی و بۆچی پشکنینی Uric Acid ئەنجام دەدرێ:-

١- لەکاتی دەرکەوتنی نیشانەکانی نەخۆشی پاشای.

٢- بۆ چاودێر کردنی ڕێژەی Uric Acid لەو کەسانەی کە توشی شێرپەنجە بوون و چارەسەری کیمیایی یان تیشکی وەردەگرن .

٣- بۆ دەستنیشانکردنی هۆکاری دروست بوونەوەی بەردی گورچیلە.

٤-چاودێری کردنی کاری گورچیلە.

ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر ئەنجامی پشکنینی Uric Acid:-

١-زۆرخواردنی جگەر و گۆشت

٢-خواردنی ماسی دەریای

٣-پاقلەمەنی وشک کراوەکان

٤-خواردنەوەی کحولیەکان بەتایبەت بیرە

٥-دابەزاندنی کێش

٦-وەرزشی توند و هیلاکی زۆر

مانای ئەم پشکنینە چی دەگەیەنێ

بەگشتی ڕێژەی ئەم پشکنینە لەم بارانەوە بەرز دەبێت

١- نەخۆشی پاشای

٢- وەرگرتنی چارەسەری کیمیای

٣- بونی گرفت لە مۆخی ئێسک دا وەک شێرپەنجەی جۆری (Multiple myeloma)

٤- خواردنی خۆراکی دەوڵەمەند بە پیورین

ڕێژەی ئەم پشکنینە کەم دەبێت لە نەخۆشیانەدا

١-نەخۆشی (Wilsons disease)

٢- نەخۆشی (fanconi syndrome) کە نەخۆشیەکی گورچیلەیە

٣-بونی نەخۆشی جگەرو گورچیلە

٤-کەمی پیورین لە ژەمە خۆراکی ڕۆژانەدا

٥-لەکاتی ژەهراوی بوندا



Cholestrol Test
HDL LDL Test

کۆلیسترۆل ماددەیەکی شێوە مۆمییە لە خوێندا، لەشمان بەکاری دێنێت بۆ بنیادنانی خانەکان و هۆرمۆن و ڤیتامین D، جگەر هەموو کۆلیسترۆل بنیاد دەنێت کە پێویستە لە ڕێگەی خۆراکەوە، کۆلیسترۆل لە خوێندا ناتوێتەوە بەڵکو دەبەسترێ بە ماددەیەک پێی دەڵێن Lipoprotein بۆ گواستنەوەی بۆ خانەکان.

جۆرەکانی کۆلیسترۆل چین:-

بەشێوەیەکی سەرەکی دوو جۆری سەرەکی لە کۆلیسترۆل هەیە کە دەبەسترێ بە جۆری جیاواز لە لیپۆپرۆتین.
جۆری یەکەمیان بریتیە لە Low density lipoprotein یان(LDL) کە ناسراوە بە کۆلیسترۆلی زیان بەخش، بەرزی لە ڕێژەی ئەم جۆرەیان مەترسیە بۆ توشبوون بە نەخۆشیەکانی دڵ، جۆری دووەمیان بریتیە لە High density lipoprotein یان (HDL) کە ناسراوە بە کۆلیسترۆلی سوود بەخش کە ئەمەش ئەرکێکی گرنگی هەیە لە پاراستن لە نەخۆشیەکانی دڵ، بەڵام ئەوەی گرنگە پێویستە ڕێژەیەکی تەندروست لە هەردوو جۆرەکە هەبێت.

مەترسی بەرزی کۆلیسترۆل چیە:-

ئەگەر ڕێژەی کۆلیسترۆل زۆر بەرز بێت ئەوا لە ناو لوولە خوێنەکاندا دەنیشێت و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لوولە خوێنەکە تەسک بکاتەوە ئەم حاڵەتەش پێی دەڵێن atherosclerosis، ئەمەش دەبێتە هۆی کەم ڕۆشتنی ئۆکسجین لە خوێنەوە بۆ ماسوولکە خانەکانی دڵ، بەڵام ئەم حاڵەتەی کە باسمان کرد ئەگەر لە مێشکدا ڕوویدات ئەوا دەبێتە هۆی جەڵتەی مێشک stroke.

چ کاتێک پێویستە ئەم پشکنینە ئەنجام بدرێ:-

هەمـوو کەسێک پێویستە ئـەم پشکنینە ئەنجام بدات بە تایبەت لـە تەمەنـی ٢٠ سـاڵی وە زیاتـر، لەگـەڵ ئەوەشـدا رێـژەی بـەرزی مەترسـیدار لـە دواتـردا روودەدات، لـە پیاوانـدا پێویسـتە لـە تەمەنـی ٤٠ سـاڵیەوە بـە زیاتـر چاودێـری کۆلیسترۆل بکەن، رێژەی بەرزی کۆلیسترۆل لە پیاواندا زیاتر باوە بە بەراورد لەگەڵ ئافرەتانـدا هەتـا تەمەنـی بێ ئومێدی، وەسـتانی سـوری مانگانـە لـە ئافرەتـدا، دوای ئەمـە بەرزبوونـەوە لـە ئافرەتـدا زیاتـرە لەبـەر ئـەم هـۆکارە لـە ئافرەتانـدا پێویسـتە لـە دەوروبـەری تەمەنـی ٥٥ سـاڵیدا بـە وردتـر پشـکنینی کۆلیسـترۆل ئەنجـام بـدەن.

ئەو هۆکارانەی کاردەکانە سەر کۆلیسترۆل:-

١-خـواردن: ئـەو خواردنانـەی کـە بەرهـەم ئاژەڵـن وەک هێلکـە و گۆشـت و پەنیرو....هتـد

٢-کێشـی لـەش: جولـە نەکـردن و قەڵـەوی وادەکات کۆلیسـترۆلی خـراپ زیـاد بێـت کۆلیسـترۆلی بـاش کـەم بێـت.

ئەو هۆکارانەی ناتوانری بە ئاسانی دەست بەسەر کۆلیسترۆل دابگرێ:

١-هـۆکارە بـۆ ماوەیـەکان: بەرزبونـی کۆلیسـترۆل بەهـۆی جینایەتـی بۆمـاوەی کـە لـە باوانـەوە دەگوازرێتـەوە کـە لەتەمەنـی زووی منداڵـی دا دروسـت دەبێـت وە دەبێتـە هـۆی جەلتـە لـە تەمەنـی زووی دا.

٢-تەمـەن و جـووت بـوون پـاش تەمەنـی پێکگەشـتن زیـاد دەبێـت بـەڵام پـاش تەمەنـی ٥٠ سـاڵیدا کۆلیسـترۆلی خـراپ لـە ئافرەتـدا بەرزتـر دەبێـت لـە چـاو پیـاو.

پێویستە چی بکەین بۆ کەم کردنەوەی مەترسیەکانی بەرزی ڕێژەی کۆلیسترۆل:-

ئەوەی کە پێویستە لەسەر ئێمە بۆ کەم کردنەوەی ئەم مەترسیانە جولە و وەرزشێکی تەندروستانەیە کە توێژەرانی ئەمریکی ئاماژە بەوە دەکەن کە وەرزشکردن بۆ ماوەی ٣٠ خولەک ڕۆژانە مەترسی بەرزی ڕێژەی کۆلیسترۆلی (LDL) کەمدەکاتەوە،هەروەها یارمەتیمان دەدات لە دابەزینی کێشمان، کە زیاد بوونی کێش هۆکارێکە بۆ بەرزی کۆلیسترۆلی زیان بەخش، هەروەها کەم خواردنی ئەو خواردەمیانەی کە چەوری تێریان تێدایە وەک گۆشتی سوور و هەندێ بەرهەمی شیرەمەنی وەک پەنیر و....هتد، پێویستە هەرکاتێک هەستمان بە مەترسیەکان کرد ئەوا سەردانی پزیشک بکەین، بۆ وەرگرتنی چارەسەر کە زۆر کات ستاتین دادەنیت بە مەبەستی کەم کردنەوەی ڕێژەی کۆلیسترۆل.



Triglyceride Test

ئەم پشکنینەیە دەکرێ بۆ زانینی رێژەی چەوری ژێر پێست کە ئەمەش خراپە بۆ لەشمان، چونکە توانای ئەوەی هەیە لە بۆری خوێن جێگیر بێت ئەگەر بەرادەیەکی کەمیش چەوری بخۆیت ئەوا لەشمان توانای دروست کردنی زۆرە لە رێگای ئاڵوگۆڕکردن لە شەکر، کاربۆهیدرات، مەشروب چۆن بتوانین ئاستی ئەم جۆرە چەوریە خراپانە کەم بکەینەوە لە لەشدا:-
کەم کردنەوەی خواردنی رۆنە ئاژەڵیەکان، زیاتر بەکارهێنانی رۆنە روەکیەکان، زۆر خواردنی سەوزەو میوە، پاشان بیرمان نەچیت کە وەرزش کردن زۆر پێویستە بۆ چەوری زیان بەخش.

ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی بەرزی ئەم پشکنینە:-

١- قەڵەوی
٢- کۆنترۆڵ نەکردنی شەکرەی خوین
٣- لیکە رژێنی دەرەقی
٤- نەخۆشی گورچیلەکان
٥- خواردنەوەی زیاد لە کحول



خۆ پاراستن لەم نەخۆشیە:-

١- کەم کردنەوەی کێش
٢- وەرزش کردن بە بەردەوامی
٣-دورکەوتنەوە لە خواردنی کحول و جگەرە کێشان

Digoxn Test

سەرەتا دەرمانێکە بەکاردێ بۆ دیاری کردنی ئەو کەسانەی کە لێداتی دڵیان نارێکە.
هەروەها بەکاردێ بۆ دیاری کردنی رێژەی لە ناو خوێن Digoxn
Heart failure واتە دڵ هێواش دەبێ.
ئەگەر لێدانی دڵ هێواش بوو ئەوا نیشانەکانی، ئەوا خوێن کۆ دەبێتەوا لەو شوێنانە:
١- دەستەکان، ٢- پیەکان، ٣- جەرگ، ٤- سیەکان ، ٥- تەنگەنەفەس دەبێ
ئەو شوێنانە توشی ئەستور بون دەبێ.
لەوکاتەدا نەخۆش Digoxn دەخوات کە ئیشی گرژبونی و ماسولکەکانی دڵە
وادەکات دڵ بە هێز بێت بەمەش ئەو نیشانانە نامێنێ.

ئەگەر لێدانی دڵ خێرا بوو ئەوا نیشانەکانی:

١- شلەژاوی، ٢- چاوی لێل دەبێ، ٣- رشانەوە ، ٤- سک چون، ٥- نارێکی دڵ،
٦- تەنگە نەفەسی
هەندێ گۆرانکاری فیزێکی هەیە کە کاردەکاتە سەر digoxn لە ناو خوێن
١- گورچیلە ٢- غودە ٣- شێرپەنجە ٤- گەدە
ئەگەر digoxn خواردبوو نابێ ئەو پشکنینە بکات ٦-٨ سەعاتی بەسەر نەچێ.
تێبینی: کێ digoxn لە خوێن دەباتە دەرەوە
گورچیلە دەیباتە دەرەوە بۆیە لە هەمان کاتدا ئەگەر ناتەواوی لە دڵدا هەبوو ئەوا دەبێت پشکنینێکی تری بۆ بکەین ئەویش پۆتاسیومە بەمەش دەردەکەوێ کە گورچیلە کێشەی هە یە یان نا.

Normal rang: 0.5—2.0

GGT
(Gamma glutamyl tran peptidase)

ئەو ئەنزیمەیە کە لە جەرگ وگورچیلە و پەنکریاس و سپلین دا هەیە ئەم پشکنینە بۆ زانینی چۆنیەتی ئیشکردنی ئەو ئەنزیمە دەکرێت.

نیشانەکان:

١- ماندووبوون و بێهێزی
٢- نەمانی ئارەزوی خواردن
٣- ئەستور بوونی سک
٤- ئازار لە سک
٥- میزی رەنگی تاریک دەبێت
٦- پیسای رەنگی رۆن دەبێت
٧- خورانی لەش

نیشانەکانی لە کاتی بەرزبونەوە

١- کاتی زیانی گەورە بەر جەرگ و زەردوی بکەوێ.
٢- لەکاتی بەرزبونی هەریەکە لە ئەنزیمەکانی جەرگ ئەم پشکنینە بەشێوەیەکی زۆر بەرز دەبێت.
٣- خواردنی کحول کە زیانێکی زۆری لە جەرگ دەدات ئەمەش دەبێتە هۆی بەرز بونی ئەم پشکنینە.
٤- ئەگەر ئەلکەلاین و ئەو پشکنینە بەرز بوو ئەوا واتا جەرگ زیانێکی زۆری بەرکەوتوە.
٥- ئەگەر ئەلکەلاین بەرز بوو ئەوا ئەنجامەکە نزم بوو ئەوا واتا زیان بە جەرگ نەکەوتوە زیان بە ئێسک کەوتوە.

ئەنجامی ئەم پشکنینە واتای چی دەگەیەنێ:-

١- واتا هیچ نەخۆشیەکی جەرگی نیە

تێبینی: خواردنەوەی رێژەیەکی کەم لە کحول وادەکات ئەم پشکنینە بەرز بێت بۆیە نەخۆش نابێ لە کاتەنە ئەم پشکنینە بکات.

ئەو دەرمانانە وا دەکەن بەرز بێت

١-ڤینیتۆین ٢ -کاربامازیبین ٣-الباربیتورات ٤-المینوبابیتال



Amylase test

بە شێوەیەکی سەرەکی لە پەنکریاس دەردەدرێ دەچێتە ناو کۆئەندامی هەرس کە نیشاستە تێک دەشکێنێ لەلایەن ئەو ئەنزیمە ئەو ئەنزیمە بڕێکی کەم لە خوێن دا هەیە، بەڵام زیاد دەکات لە کاتی کە خانەی پەنکریاس بریندار بێت بە هۆی بوونی بەردی زراو یان گیرانی بۆری پەنکریاس یان بەهۆی بوونی شێرپەنجە ئەو ئەنزیمە ڕێگای خۆی دەدۆزێتەوە دەچێتە ناو خوێن، لە ڕێگای ئەم پشکنینەوە پێوانەی بڕی Amylase دەکرێت لە خوێن یان لە میزدا.

Amylase: بریتییە لە ئەنزیمێک یان پرۆتینێکی تایبەتە یارمەتی هەرسکردنی خۆراک دەدات، زۆربەی زۆری Amylase دروست دەبێت لە پەنکریاس و لیکە ڕژێنەکاندا، بەشێوەیەکی ئاسایی بڕێکی کەم لەم ئەنزیمە لە خوێن و میزدا هەیە، بەڵام ئەگەر ڕێژەکەی زیاتر بێت یان کەمتربێت لەڕێژەی ئاسایی خۆی ئەوا دەرخەری نەخۆشیە لە پەنکریاسدا یان هەوکردن یان بەکارهێنانی زۆری ئەلکهول و چەندین حاڵەتی دیکە normal range:up to 65 IU/L

لە چ کاتێ ئەم پشکنینە دەکرێ:

١- ئازاری توندی سک

٢- تایەکی زۆر

٣- لە دەستدانی ئارەزوی خواردن

٤- سەرسوڕان

ئامانجی ئەم پشکنینە چیە:

کاتێ کە پەنکریاس ئلتهاباتی کردیە ئە وا ئەو ئەنزیمە زۆر زیاد دەکات کە تێدا ٥-١٠ جار لە ئاستی ژمارەی پێوانەی خۆی زیاترە، لەڕێگەی پشکنینی خوێنی Amylase دەتوانین پشکنین و چاودێری بوونی هەر ناتەواویەک بکەین کە لە پەنکریاسدا هەبێت بۆ نمونە هەوکردنی پەنکریاس، هەروەها ئەم پشکنینە بە ڕێگای پشکنینی میزیش ئەنجامدەدرێت، جا بەتەنها بێت یان لەدوای پشکنینی خوێن،

ئەم ڕێگایەش بەهەمان شێوە بۆ دەستنیشانکردن و دیاریکردنی تێکچونەکانی پەنکریاسە، هەروەها بۆ دیاریکردنی هەر تێکچون و ناتەواویەک کە لە لیکە ڕژێنەکاندا هەبێ، هەر یەکێک لەم دوو پشکنینە دەتوانرێت وەک ڕێگایەکی چاودێری کردن بەکاربهێنرێت بۆ ڕێژەی Amylase لە لەشی کەسێکدا کە چارەسەری نەخۆشییەکانی پەنکریاس یان هەر تێکچونێکی دیکەی پەیوەندیدار بەم ئەنزیمە بەکاربهێنێت زۆرجار پزیشک لەکاتی دەرکەوتنی نیشانەکانی نەخۆشی پەنکریاس ئەم پشکنینە دەکرێت.

لەوانەیە کەسەکە تووشی یەکێک لەم نەخۆشانە ببێت:-

١- شێرپەنجەی پەنکریاس

٢- نەخۆشی زراو

٣- تێک چونی کۆئەندامی هەرس

٤- دەرمەی ڕەحم ٥-گوێ ڕەپە (ملە خرێ)

تێبینی/ ئەگەر پزیشک گومانی ئەوەی کرد کە هەوکردن و ئیلتهاباتی پەنکریاس بوونی هەیە ئەوا باشترە کە لەگەڵیدا پشکنینی خوێنی Lipase ئەنجام بدرێت (Lipase Blood Test)، چونکە Lipase ئەنزیمێکی دیکەیە کە پەنکریاس دروستی دەکات، وە بۆ دیاریکردنی حاڵەتی هەوکردنی پەنکریاس ئەم پشکنینی زیاتر وردتر و دەقیقترە بەتایبەت بۆ حاڵەتی هەوکردنی پەنکریاس کە هۆکارەکەی خراپ بەکارهێنانی ئەلکهول بێت.



بەرز بونی Amylase دەبێتە هۆی بەرزبونی lipase

تێبینی/ ئەگەر نەخۆشەکە ئسپرینی خواردبو نابێ ئەو پشکنینەی بۆ بکەی.

Lipase test

ئەنزیمێکە بە شێوەیەکی سەرەکی لە پەنکریاس دەردەدرێ لە کۆئەندامی هەرس فەرمانی شیکردنەوەی چەوریە بە شێوەیەکی سەرەکی هەمان نیشانەکانی amylase هەیە.

normal range:up to 65 IU/L



Micro albumin test

ئەگەر دکتۆر شک بکات کە نەخۆشەکە توشی لە ناوچونی گورچیلە یان نەخۆشی گورچیلە بووە ئەوا داوا لە نەخۆش دەکات ئەو پشکنینەی بۆ بکات بەرێگای پشکنینی میز دەکرێت کە ئاستی ئەلبومین دیاری دەکات ئەلبۆمین ئەو پرۆتینەیە کە لەش بەکاری دێنێت بۆ گەشەکردنی خانەکان و یارمەتیدەرە بۆ چاکردنەوەی خانەکان عادەتەن لە ناو خوێن دا هەیە بوونی لە میز بە رێژەیەکی دیاری کراو بەرزتر دەبێت کە دەلالەت لە بوونی نەخۆشی گورچیلە یان لە ناوچونی گورچیلە دەکات گورچیلەکان بەرپرسن لە فرێدانی و خاوین کردنەوەی خوێن و رێککردنی ئاستی شلە لە لەش و بۆ ئەو کارە مەواد غەزائی (خۆراک)و پرۆتینات گرنگە وەک ئەلبومین گرنگە بۆ زانینی گورچیلە بە شێوەیەکی رێک ئیش دەکات کە وابکات ئەلبومین لە خوین بمێنێتەوە ئەگەر گورچیلە زیانی بەرکەوی ئەوا ناتوانی ئەلبۆمین لە خوین بهێڵیتەوە فرێی دەداتە ناو میز بەمەش دەزانین کە گورجیلە زیانی پێکەوتوە.

Insulin resistance Test

بەرگری ئەنسولین: بریتیە لە توانای نزم بوونەوە بۆ وەڵام دانەوەی لە ئەنسولین بەتایبەت لەلایەن شانەی ماسولکە و چەوری ئەنسولین ئەو هۆرمۆنەیە دەردەدرێ لەلایەن خانەی B لە پەنکریاس عادەتەن کەمێک دەردەرێت پاش نان خواردن بۆ یارمەتیدانی گواستنەوەی گلوکۆز،بۆ خانەکانی لەش کە پێویستی بە بوونی گلوکۆزە بۆ دروست کردنی وزە و هەروەها خانەکان پێویستیان بە گلوکۆزە بۆ مانەوە لە ژیان، خانەکان خەزنی دەکەن وەک چەوری خەزنکراو لە لەش.

واتە گلوکۆز لەوانەیە سوکەری مانگانەکەی زۆربێت لە خوێن دا لەوانەیە ببێتە هۆی بەرزی ئاستی شەکر لە خوێن،کاتێک لەش بەرگری دەبێت لە دژی ئەنسولین ئەوا وادەکات کە زیاتر تەحاملی لەگەڵ ئەنسولین بکات.

تێبینی: ئەنسولین گلوکۆز هەڵدەگری دەیباتە ناو خانەکان، بەڵام ئەگەر بەرگری دژی ئەنسولین دروست بێت ئەوا ناتوانی گلوکۆز بگوازێتەوە بەمەش نەخۆش شەکرەی بەرز دەبێتەوە.

نیشانەکانی بەرگری ئەنسولین

لە سەرەتا هیچ نیشانەیەکی نابێت،کاتێک نیشانەکانی دیار دەدات کە دەگاتە ئاستی ناوەندی وەک بەرز بونەوەی ئاستی شەکرە لە خوێن کاتێک ئەمە روودەدات نیشانەکانی.

١-تەمبەڵی و ماندووی ٢-برسیەتی ٣-گرانی لە تەرکیز کردن

نیشانەکانی تر لە زۆربەی کاتەکان کە دەناڵێنن بە دەست بەرگری ئەنسۆلین

١- قەڵەوی لە کەمەر

٢- پەستانی خوێنی بەرز

٣- ئاستی کۆلیسرۆلی بەرز

ئەگەر بەرگری ئەنسولین پێشکەوت بۆ نەخۆشی شەکرە لە جۆری دوو ئەوا نیشانەکان دەبێتە بەرزی شەکرە لە خوێن.

هۆکاری بەرگری ئەنسولین

ئایا دەتوانین بەرگری ئەنسولین کەم بکرێتەوە

بە دڵنیاییەوە دەتوانرێ پاشەماوەی بەرگری ئەنسولین کەم بکرێتەوە بە چەند رێگایەک:

١- کەم خواردنی کاربۆهیدرات و دروستبونی کیتۆن لە خواردن

٢- کەمکردنەوەی پلەی گەرمی بەشێوەیەکی بەرچاو

٣- نەشتەرگەری کەمکردنەوەی کیش

٤- کردنی برێکی زۆر لە وەرزش وە لەگەڵ بەرنامەیەکی خواردنی رێک

INSULIN Test

ئەو هۆرمۆنەیە دەردەدرێ لە لایەن خانەکانی بێتا B لە ناو رژێنی غودەی پەنکریاس هەیە بەر پرسە لە خەزنکراوی شەکرە وادەکات ئاستی گلوکۆز لە خوێن زیاد بکات تاکو ئەنسولین زیاد بێت لە لەش. ئەنسولین وادەکات گلوکۆز بچێتە ناو خانە ئەوەش وادەکات گلوکۆز لەخوێن کەم بێتەوە
لەکاتی توشبوونی منداڵ شەکرەی جۆری یەکەم خانەکانی بێتا بەر زیان دەکەوێ لە پەنکریاس، ئەمەش وادەکات کە بەرهەم هێنانی ئەنسولین کەم بێت لە ئەنجامی ئەمە دا گلوکۆز لە خوێن زیاد دەکات.
بەڵام شەکرەی جۆری دووەم پەیوەندی نیە بە ئەنسۆلین لێرەدا بەرگری شانەکانی لەش بۆ جموجۆلی ئەنسۆلین بەردەوام دەبێت کە وادەکات پەنکریاس رێژەیەکی زیاتر ئەنسولین بەرهەم ببێت لەو حاڵەتانەی رێژەی ئەنسولین ئاسایی بێت یان زیاتر دەبێت لە رێژەی خوێن پێ دەڵێن جۆری دووەم.
پشکنینی ئەنسولین لە خوێن یارمەتی دەرە بۆ زانینی جۆری شەکرە.

Ceruloplasmin Test

پەیوەندی بە مسەوەیە. یارمەتیدەرە بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشی ویلسون. نەخۆشیەکی بۆماوەیە پەیوەندی بە زیادەی مس هەیە لە جەرگ و مێشک دا زۆربەی جار سایتۆپلازم لەگەڵ پشکنینی کەپەر پێکەوە دەکرێت، بۆ زانینی نارێکی مس لە لەشدا، مس بە دوو شێوە کەم دەکات یان بە سروشتی یان بە بۆماوەی ئەم دوو پشکنینەش بۆ ئەوە دەکرێ تاکو بزانین بۆ ماوەیە یان سروشتیە.

سایتۆپلازم ئاستی ئەو پرۆتینە دیاری دەکات کە مس هەلی گرتوە بەرهەم دێت لە جەرگ کە یارمەتی دەرە بۆ گواستنەوەی مس لە لەش هەروەها یارمەتی دەرە بۆ شیکردنەوەی ئاسن.

دابەزینی ئاستی سیریلۆپلازمە بە بەرزبونەوەی مس لە میزدا نەخۆشی ویلسونە کەمی سیریلۆپلازمە لەگەڵ کەمی مس دەلالەت لە کەمی مس دەکات لە خوێن و میز.

نیشانەکان

١- کەم خوێنی کە وادەکات هەست بە لاوازبون و ماندی بوون بکات

٢- ئازاری سک رشانەوە

٣- زەردبونی چاو پێست

٤- گۆڕانی هەڵسوکەوت گۆڕانی مەزاج

٥- گرانی لەرۆشتن

٦- ئارەقەکردن

٧- رەقبونی ماسولکەکان بە شێوەیەکی نا ئاسای

سیرۆپلازم لە هەندێ حاڵەت بەرزدەبێت

١- لەناوچونی خانە

٢- شۆک

٣-حاڵەتی ئیلتهابات وەک ئیلتهاباتی رۆمانتیزم

٤- شیرپەنجە

٥- بەکارهێنانی هەندی دەرمان وەک

(هۆرمۆنی ئسترۆجین، کارابامازابین، ترشی فالبرۆیک، دووگیانی)



Zinc Test

یەکێکە لەپێکهاتە گرنگەکانی لەشە بۆ سیستەمی بەرگری و هەستی بۆنکردن و تامکردن وە جەستە پێویستی پێیەتی بۆ تەواو بونی و دروست بونی وە زۆر گرنگە بۆ چاک بونەوەی برین DNA ترشی.
لە لەشدا رێژەی ٢-٣ غرامە کە لە پرچ و ئێسک و ددان و جەرگ و ماسولکە و پێست و هێلکەدا هەیە لە چالاکی ئاسندا هەیە مرۆڤ نزیکەی ٤-٩ ملگرامی پێویستە رۆژانە.
دەناسرێتەوە بەهۆی کەمی بۆنکردن و تام کردن و نەخەوتن و سک چون و کەم خوێنی و جەرگ ئەستووربوون و زیاد بونی ئیلتهابات بەهۆی کەمی بەرگری وە درەنگ چاکبونەوەی برین وە پرچ هەلوەرین کە پەیوەندیان هەیە بەو دوو پشکنینە (ALK.PHOPHATS-TESTOTERON).

لەم حاڵەتانە بەرز دەبێتەوە ئەم پشکنینە :

١- ئاستی شەکرە

٢- بەرکەوتنی سەر

٣- خواردنی هەندی کحولیەکان

٤- نەکردنی کارەکانی گورچیلە

لەم حاڵەتانە نزم دەبێتەوە ئەم پشکنینە:

١- زۆرخواردنی ئاو زیاد لە پێویست

٢- کەی ئاستی سۆدیۆم

٣- نەخۆشی سینگ

٤- شێرپەنجە

٥- سکچون

٦- سوتان

٧- مغەزی زۆر بەکارهێنان واتا خواردن لە رێگەی ملولەکان

LDH Test

ئەنزیمێکــە بــە نزیکــەی لــە هەمــوو بەشــەکانی لــەش هەیــە کاردەکات لــە دروسـتکردنی وزەی خانـەکان، ئاسـتێکی بـەرزی هەیـە لـە خانـە ماسـولکەکانی دڵ، پەیکــەرە ماســولکە.

بە پێنج جۆری جیاواز دەردەکەوێت

١- (LDH1) بە شێوەیەکی سەرەکی لە ماسولکەی دڵ دا هەیە

٢- (LDH2) خانەی خرۆکە سورەکان و کلیەدا هەیە

٣- (LDH3) بەشێوەیەکی سەرەکی لە سییەکان و پەنکریاس دا هەیە

٤- (LDH4) لە جەرگ و پەیکەرە ماسولکە و کلیەدا هەیە

٥- (LDH5) لە جەرگ و پەیکەرە ماسولکەدا هەیە

ئەو ئەنزیمە لەو شانانەوە دەچێتە ناو خوێن کاتێک شانە بەرکەوتنێکی بەرکەوێت بۆیە هەر کاتێک ناتەواویەک لە بۆری خوێنی ملولەکان یان سییەکان دا هەبێت ئەوا بەرزدەبێتەوە.

لە چەند حاڵەتێک وەک:

١- لە شێرپەنجەی لیمفاوی

٢- ئیلتهاباتێکی زۆری هەبی لە ماسولکەکانی دل

٣- بەرکەوتنی دەماغی

٤- نەخۆشی گورچیلە

لەو حاڵەتەدا زەرتکیشی بەرزە Himolysis

٥- لە کاتی

٦- کەم خوێنی

٧- نەخۆشی پەیکەرە ماسولکە

نزم بوونەوەی هیچ هۆکارێکی دیاری کراو نیە

ALT(GPT) Test
Alanine_aminotransferase

ئەم پشکنینە پێوانەی ڕێژەی ALT لە خوێندا. ALT ئەنزیمێکە دروست دەبێت لەلایەن خانەکانی جگەرەوە. پڕۆتینەکان کە پێیان دەوترێت ئەنزیم یارمەتی جگەر دەدەن لە تێکشکاندنی پرۆتینەکاندا تا لەش بە ئاسانی بتوانێت هەلیمژێت. ALT یش یەکێکە لەو ئەنزیمانە کە ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە میتابۆلیزمدا کە ئەویش گۆڕینی خواردنە بۆ وزە. لە حاڵەتی ئاساییدا ALT لەخانەکانی جگەردایە، بەڵام کاتێک جگەر زیانی بەردەکەوێت یاخود توشی هەڵئاوسان دەبێت ALT دەچێتە خوێنەوە. ئەمەش وادەکات ڕێژەی سیرەم ALT لە خوێندا بەرز بێتەوە. پێوانەکردنی ڕێژەی ALT لە خوێندا یارمەتی دکتۆر دەدات لە دیاریکردنی کێشەکانی جگەر و باش کارنەکردنی.
ئەم پشکنینە پێشی دەوترێت سیرەم گلوتامیک پایروڤیک ترانسەمینەس(SGPT).

بۆچی ئەم پەشکنینە دەکرێت؟

ئەم پشکنینە دەکرێت بۆ دیاریکردنی ئەوەی ئایا کەسێک جگەری ئازاری گەشتبێت یاخود لاوازبوبێت.

نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە:

١- زەردوویی (زەردبونی چاو و پێست)

٢- دڵ تێکهەڵاتن.

٣- ڕشانەوە.

٤- ئازار لە بەشی سەرەوەی لای ڕاستی سک.

نەخۆشی جگەر بەگشتی هۆکاری بەرزبونەوەی ڕێژەی ALT لە خوێندا. تەنها بەکردنی ئەم پشکنینە ناتوانرێت نەخۆشی جگەر بەتەواوی دیاری

بکرێت بەڵکو بەکردنی کۆمەڵێک پشکنینی تر کە پەیوەندن بە جگەرەوە دەتوانرێت دیاری بکرێت.

هۆکاری بەرزی ڕێژەی ALT لەخوێندا:-

١- هەوکردنی جگەر یان ڕەقبونی

٢- ژەهربوونی قورقوشمی

٣- راهێنانی زۆر یاخود بریندار‌بونی توندی ماسولکەکان

٤- کەوتنەبەر کاربۆن تێتراکلۆراید CCl4

٥- مردنی خانەکان

٦- بەکارهێنانی دەرمانەکانی وەک:

ستاتین statin, ئەسپرین asprin, barbiturate, nacrotic, antibiotic.

٧- نەخۆشی یەک ناوکە.

AST(GOT) Test
Aspartate_aminotransferase

ئەو ئەنزیمەیە لە جەگەر و ماسولکەکانی دڵ دا هەیە، ئەگەر رێژەی ئەم پشکنینە بەرز بوو ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێ کە جگەر توشی هەوکردن بوە یان توشی نەخۆشیەکانی تری جگەر بووە، هەورەها رێژەی ئەم پشکنینە پەیوەندی هەیە بە نەخۆشیەکانی دڵ هەوکردنی پەنکریاس، هەندێ لەو کەسانەی کە مەترسیان زیاترە وەک لە کەسانی ئاسای ئەویش ئەو کەسانەن، ئەوانەی نەخۆشی شەکریان هەیە یان قەڵەون یان ئەو کەسانەی کە مادە کحولیەکان دەخۆنەوە یان بەکار هێنانی هەندی دەرمان.

نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە

١-زوو ماندی بوون

٢-ئازاری سک

٣-ئارەزوو نەکردنی خواردن

٤-رشانەوە

٥-رەنگ زەرد بوون

هۆکارەکانی بەرزی ئەم پشکنینە

١-نەخۆشی لە ناوچون و زیان پێگەیاندنی خانەکانی جگەر بە هەر هۆکاریکەوە وەخانەی شانەی تر

٢-ئلتهابی جەرگ

٣-نەخۆشی جیا جیاکانی جەرگ (شێرپەنجە و لە ناوچونی جەرگ)

٤-ئلتهابی پەنکریاس

٥- زۆر خواردنەوەی مادە کحولیەکان

هۆکاری کەمی ئەم پشکنینە

١- کەم دەبێ لە کاتی کەمی VB6
٢- لە کارکەوتنی گورچیلە
٣- لەکاتی دووگیانی دا
٤- جەڵتەی سینگ



a Ati trypsin Test

جۆرێکـە لـە پرۆتیـن پیـێ دەوترێت چەسـپ کردنـی پرۆتیـن کـە A1AT لـە جـەرگ بەرهـەم دێت کـە بەرگری لـە سییەکان و جەرگ دەکات. وە شـانەکان دەپارێزیـت لـە ئەنزیـم و خانـە ئیلتهابیـەکان جـەرگ زۆرجـار کـە سـەرکەوتوو نابێ لـە بەرهـەم هێنانی A1AT ئەمـەش دەبێتـە هۆی لـە ناوچونی جـەرگ لـە گەنـج و منداڵـدا.

ئـەو بـە تەمەنانـەی کـەوا A1AT کەمـە یـان زۆر کەمـە دەبێتـە هـۆی گـەورە بوونی سـییەکان لە زۆربەی کەسـەکاندا جگـەرە کێشـان وادەکات کـە سـییەکان گەورەتـر بـن بەمـەش جگـەر کیشـان لای ئـەو نەخۆشـانە بـە هەمـوو شێوەیەک قەدەغەیـە.

لەوانەیـە دکتـۆر ئەشیعەی بـۆ بـکات بـۆ ئـەوەی بزانـی تـا چەنـد سـییەکانی گـەورە بـوە یـان بـۆ زانینـی کێشـەی جەرگ تـا بزانـی لـە چ ئاسـتیک دایـە. ئـەم پشـکنینە دەکرێتـن بـۆ زانینـی ئاسـتی ئۆکسـجین چەنـدە لـە دەمـارەکان هەتـا بزانـی سـییەکان تـا چەنـد کاردەکـەن .

لەوانەیە دکتۆر پارچەیەکی بچوک لـە جەرگ وەربگری بۆ زانینـی ئاستی بەرکەوتنەکـەی لـە جـەرگ دا، سـەرەڕای ئـەوەی کـە چارەسـەری نییـە، بـەڵام دکتـۆر دەرمانـی دەداتـێ بـۆ بـەرز کردنـەوەی ئـەو پرۆتینـە تاوەکـو سـییەکان گەورەتـر نەبێـت ئـەو چارەسـەرانەی پێویسـتە بـە درێـژای ژیـان دەبێـت بیخـوات ئەگـەر کێشـە لـە بۆ دروسـت بـوو لـە هەناسـەدان پێویسـتە ئۆکسـجین وەربگـرێ بەرێگای ئامێری تایبـەت بەهەناسـەدان.

ئـەم نەخۆشـیە نازانـرێ هەتـا دەگاتـە ٢٠-٤٠ سـاڵی ئـەو کات لـێ بـە دیـار دەکـەوێ کـە هەسـت بـە هەناسـە تەنگـی دەکەیـت وە لەکاتـی راکردنـدا توشـی زیخـە زیخـی هەناسـە دەبێـت ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ئیلتهاباتیکـی زۆر لـە سـییەکاندا.

پرسیاری دکتۆر

١-هەست بە تەنگە نەفەسی دەکەیت

٢-هەست بە زۆری سەرما بون دەکەیت

٣-لەم ماوەیە هەست بە کەمی کیشت کردوە

٤-دکتۆر پشکنینی هەناسەدان دەکات

٥-هەستت بە زەردوی پێست و چاو کردیە لەم ماوەیەدا

٦-بۆ تەکید کردن پێویستت بە ئەم پشکنینە دەبێت تاکو بزانی کرۆمۆسۆمەکان شکاون کە دەبێتە هۆی کەمی لە A1AT



نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە

١-هەناسەتوندی

٢-هەوکردنی سیەکان کە چەندجار دەبێتەوە

٣-زیاد لێدانی دڵ

٤-بونی کێشە لە سیەکان

٥-کەمبونی کێش

٦-گیرانی سیەکان

٧-گەورەبونی سک

٨-پێستیان زەردو چاویان زەرددەبێت

تێبینی- کەمی A1AT واتە بونی نارێکیەکی بۆماوەی

Protine Test

ئەم پشکنینە دەکری بۆ زانینی رێژەی پرۆتین لە خوێن دا پرۆتینەکان زنجیرەیەکی زیندەگی گەورەن پێک دێت لە زنجیرەیەکی درێژ یان لە ترشە ئەمینیەکان دەورێکی گرنگیان هەیە لە زیندە چالاکیەکانی لەش.وە هەروەها پرتۆتینەکان دەورێکی گرنگیان هەیە لەگشت خانە و شانەکان پرۆتینەکان گرنگن بۆ گەشەی لەش وە بەرەو پێش بردنی تەندروستی لەش خوێن ئەلبۆمین و گلۆبینیشی تێدایە کە تێدا ئەبومین بەشێکە لە پرۆتین کە پارێزگاری لە رۆشتنی شلە لە دەمارەکان دەکەن وە دەورێکی گرنیان هەیە لە سیستەمی بەرگری.

نیشانەکانی ئەم پشکنینانە

١- کەمبونی کێش، ٢- ئەستور بونی لەش بەهۆی کۆبونەوە شلە لە شانەکاندا ٣- نیشانەکانی نەخۆشی گورچیلە و جگەر.

هەندێک لەو دەرمانانەی کە کاردەکەنە سەر ئەم پشکنینە

١- سترویداد ٢- هۆرمۆنی گەشە ٣- ئەنسولین ٤- پرۆجیسترون ٥- ئایوناتی ئەمونیوم. ٦- هۆرمۆنی ستروجین ٧- دەرمانی دوو گیان نەبوون.

تێبینی: پرۆتین لە کاتی دووگیان بوون هەندێ جار بەرز دەبێت

هۆکاری زیاد بوونی ئەم پشکنینە

١- ئیلتهابات ٢- ڤایروسی کەمی بەرگری C,B

٣- نارێکی لە نخامی ئێسک وەک مایلوما و نەخۆشی الدستروم.

هۆکاری کەمی ئەم پشکنینە

١- خوێن بەربون ٢- نارێکی لە جەرگ ٣- نارێکی لە خواردن ٤- سوتانی زۆر ٥- نەخۆشی گورچیلە

Albumin Test

ئەم پشکنینە دەکرێ بۆ زانینی ڕێژەی ئەلبوین لە ناو خوێندا، ئەم ئەلبومینە پرۆتینێکە کە جگەر بەرهەم دێت کە تێدا فەرمانی پاراستنی شلەی ناو جۆگەی خوێنە کە ڕێگە دەگرێ بچێتە ناو شانەکانی تر، وە ئەلبومین کە تێدا چەند مادەی جۆراو جۆری تر هەڵدەگرێ لە خوێن دا وەک هۆرمۆنەکان و ڤیتامینەکان و ئەنزایمەکان، بۆیە کەم بوونی ئەم مادەیە مانای ئەوە دەگەیەنێ کە کێشە لە جگەر یان گورچیلە هەیە.

هۆکاری کەمی ئەم پشکنینە:

١- نەخۆشی جگەر

٢- هەوکردنی ریخۆڵەکان

٣- نەخۆشی رژێنی غودە

٤- نەخۆشی گورچیلەکان

هۆکارەکانی بەرزی ئەم پشکنینە

١- کەمی شلەی ناو لەش

٢- سک چونی زۆر تا رادەیەک

٣- بەکارهێنانی هەندێ دەرمان وەک لە پشکنینی پرۆتین باسمان کرد

Globulin Test

کۆمەڵێکـە لـە پرۆتینـات لـە خوێـن کـە لـە جـەرگ بەرهـەم دێـت لـە لایـەن سیستەمی بەرگری وە دەورێکی گرنگی هەیە لە کاری جەرگ و خوێن مەین وە چـوار جـۆری هەیـە ئەوانیـش ئەلفـا و بێتـاو ئەلفـا٢ گامـا. ئەگـەر ڕێـژەی کـەم بێت دەلالـەت لـە بونـی نەخۆشـی جـەرگ وگورچیلـە دەکات بـەکاردێ بـۆ زانینـی هەنـدێ نەخۆشـیەکان وەک:

١- لەناوچونی جەرگ یان نەخۆشکەوتنی جەرگ

٢- نەخۆشی گورچیلە

٣- نارێکی لە بەرگری خودی

٤- نارێکی لە خوراک

٥- توشبونی هەندێ لە جۆرەکانی شێرپەنجە



نیشانەکان

١-ماندووبـوون و ئارەقەکـردن بـە مەرجێـک ببێتـە هـۆی زەردووی دەموچـاو خـوار چـاو

٢- رشانەوەو هێلنج هاتن

٣- ماندوبونی بەردەوام

٤- کۆبونەوەی ئاو لە ناو سک و قاچ و پێەکان

٥- نامانی ئارەزوی خواردن

لەم حاڵەتانە بەرز دەبێت

١- دەلالەت لەبونی شیرپەنجەی غودەی لیمفاوی دەکات

٢- نەخۆشی هودجکین

٣- لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار ئاستی بەرزە بەس بەهۆی هەندی دەرمان

٤- نارێکی لە موخی ئێسک وەک المایلوما

Bence jones Test

پرۆتینیکی کارەبایە لە میز امونوفیکلساتیون کارەبای ،ئەم پشکنینە بەکاردی بۆ پرۆتینی میز بە تایبەتی بۆ مایلۆما ئەویش جۆرێکە لە شیرپەنجە کە ئەنجامی بنس-جۆنز ناتاسایی دەردەچێ بە بوونی گریەکی لیمفاوی پیس پێی دەوترێ شیرپەنجەی لیمفاوی،گرێی نخامی ئەویش شێرپەنجەی خوێنە لە خانەی پلازما ئەوە خانەی کۆئەندامی بەرگرییە کە بەشی تایبەت بەرهەم دەهێنێت پیان دەوترێ دژە تەنەکان کە بۆ یارمەتی بنبڕکردنی ئیلتهابات لەبەر ئەوەی زۆربەی خانەکانی پلازما لە نخامی ئیسک دەژین.

مایلۆما کاردەکاتە سەر چەند جۆرێک لە بەشەکانی خوێن:

١- کەمی پەرەکان ئەمەش کەمی پەری کەمەکانی خوێنە کە پێویستە بۆ خوێن مەین.

٢- کەمی دەبیتە هۆی خوێن بەربوون یان صدمە.

٣- کەمی لە خرۆکە سپیەکانی خوێن کە وادەکات کۆئەندامی بەرگری بێ هیز بێت.

مایلۆما: نەخۆشیەکی شیرپەنجەیە کە توشی پلازمای جۆری B دەبێت کە دەبێتە هۆی لە ناوچونی خانەکان بە شێوەیەکی ناتاسایی.

هۆکارەکانی توشبون

وەک هەموو شیرپەنجەکانی تر ناتوانری هۆکارەکەی بزانریت ،هەندێک لە لە سەرچاوەکان دەڵێن بەهۆی بەرگریەوەیە یان بەرکەوتنی هەندێک مادەی کیمیاوی روودەدات وەک (مژین و گولە و بۆیەی قژ) زیادەکات.



بۆ دەستنیشانکردنی چەند پشکنینێکی بۆ دەکەین

هەندێک پشکنینی بۆ دەکرێ لە ئیشی گورچیلە و ئاستی کالسیوم لە خوێن وە کارەبای پرۆتیناتی بۆ دەکرێت بۆ زانینی دەردانی کە هەر پرۆتینێکی نائاسایی نەناسراو کە دەردەدرێ لەلایەن خانەی شیرپەنجە وەک پرۆتین بنس-جۆن.

گرێی مایلوما وا لە دژە تەنەکان دەکات ببنە (احادیة المنسلیة) واتە هەموویان یەک بن یەک شێوە بن کە ئەمەش وای لێدەکات کە دژە تەنەکان ئیشی خۆی نەکات و هەروەها زیان بەخشیش بێت.

نەک لەبەر ئەوەی کە وا دژی تەنەکان ناوەستێ بەڵکو کار دەکاتە سەر گورچیلە خانەکانی مایلوما وادەکات کە نیشانەی کیمیاوی کە خانە خۆرەکان زیاتر ئیش بکەن. خانەخۆرەکان ئەو خانانەن کە ئیسک لەناو دەبەن کە وادەکات ئیسکەکان بشکێن بەمەش کالیسیوم بەرز دەبێت لە خوێن دا لەبەر ئەوە چەندان کێشە دروست دەبێت کە وادەکات گورچیلە تێنوبیت و میز وشک بێت بەمەش کێشەی گورچیلە دروست دەبێت.

نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە چیە

١- ئازاروشکان بەهۆی بەرزبونی خانەی تێکشکێنەری ئێسک

٢-کەم خوێنی وە لاوازبونی کۆئەندامی بەرگری بەهۆی دروست نەکردنی خانەکان بەرپرسن لە دروستکردنی پێکهاتەکانی خوێن

٣- نارێکی لە بەرگری میز بەهۆی زیادی میز

تێبینی: عادەتەن پرۆتینی بنس -جونس نیە لە میز دا ئەگەر هەبی لەوانەیە بەهۆی بونی گرێی نخامی معەدەکەوە یان حاڵەتی شازی تر کە پێی دەوتری الدنستروم ماکسروغلوبولین الدم کە ٪٥٠-٪٨٠ لە خەلک کە بنس-جونسیان هەیە دەنالینن بە دەست گرێی نخامی معدەوە

تێبینی- هەندی جار بە هۆی نارێکی گاماش ئەم پرۆتینە زیاد دەکرێتن کە پێویستی بە چارەسەر نییە بۆ دەبیت سەردانی دکتۆر بکات.

میز وەردەگیرێت لە ٢٤ سەعات دەبێت هەموو میزەکە هەڵبگیرێ دوایی پشکنینی Protein electro بۆ بکرێت . بەڵام پشکنینی بێنز-جونز یەکسەر دەکرێتن پێویست بە ٢٤ سەعاتی ناکات .

COPPER TEST
(Blood cu Test)
(Urine cu Test)

مس معدەنێکی سەرەکیە لە خوێن بۆ لەش بەڵام زیادی دەبێتە هۆی ژەهراوی کردنی خوێن کە زۆربەیان لە سایتۆپلازم کۆدەبێتەوە بەس بەشێکی کەمیان نەبێ بە سەربەستی دەمێنیتەوە کاتێک نەخۆش نیشانەکانی پەیدا دەبێ زۆر گرنگە لێکی جیابکەینەوە کەپەر لەگەڵ نەخۆشی ویلسون .

نەخۆشی ویلسون: نەخۆشیەکی بۆماوەیە کە مس لە جەرگ کۆدەبێتەوە ناتوانرێ بە تەواوی مسەکە لە ناو ببرێت بڵاودەبێتەوە لە چاو پەنکریاس لە شانەی دەماری هەستەوەر کە وادەکات نەخۆش عەقلی و هەستەوەری بگرێ جگە لە نەخۆشی جەرگ و عادەتەن چارەسەری بکرێ بەردەوام یان لابردنی مسەکان، بەڵام هەندێ جار سەرکەوتوو نابێت دەبێت چاندنی (زرع) گورچیلە بۆ بکرێت.

ژەهراوی بونی مس ئەمانەن نیشانەکان

١- بونی ئازار لە زگ

٢- ئارەقەکردن

٣- گۆرانی هەلسوکەوت

٤- لەرزین

٥- گرانی لە رۆیشتن

٦- شلەژان

کەمی مس بە شێوەیەکی نائاسای

١- هشاشە عظام

٢- دواکەوتن لە گەشەی منداڵ

مس لەکاتی بوونی دووگیانی لەگەڵ سایتۆپلازم بەرزدەبێت

هەنـدی جـار بـڵاوی مـس لـە جـەرگ بەشـێوەیەکی رێـک نابێـت ناتوانـری بەهـۆی پشـکنین کـردن بزانـرێ.

١-کـەم بونـی مـس لـە خوێـن لەگـەڵ بـەرز بونـی لـە میـز وە سـایتۆپلازم بـەرز دەبێـت و مسـی جـەرگ بـەرز دەبێـت کـە ئەمـەش لەگـەڵ نەخۆشـی ویلسـون ناگونجـێ.

٢-زیـاد بونـی مـس لـە خوێـن و میـز وە زیادبونـی وە زیادبونـی سـایتۆپلازم کـە دەلالـەت لـە بونـی نەخۆشـی جـەرگ دەکات یـان ئیلتهاباتـی جـەرگ.

٣-کـەم بونـی مـس لـە خوێـن و میـزدا وە نـزم بوونـی سـایتۆپلازم دەلالـەت لەکـەم بونـی مـس دەکات لـە لـەش.

ئەو هۆکارانەی کە ئەنجامی پشکنینێکی نارستمان دەداتێ:-

١- دەرمانی کارمازیبین والفینوباریبتال ئاستی مس زیاد دەکات

٢- هەوکردنی رومانتیزم

٣- هەندێک شیرپەنجە

٤- لـە کاتـی لـە دایـک بـوون کـەم دەکات دوای دەگەڕێتـەوە ئاسـتی جارانـی دوای ماوەیـەک.

Phenyl Alanine Test

ئەو پشکنینە دەکرێت بۆ ئەوەی بزانی بەکتریا ئەنزیمی فینەل دەردەدات کە بەکاردێ وەک سەرچاوەی کاربۆن و وزە، هەندێ بەکتریا دەتوانن ترشی فینەل الانین دروست بکەن، وە هەروەها ئەم پشکنینە لە رێگای چاندن (زرع))ەوە دەکرێت. لە رێگەی بۆماوەیەوە دەگوازرێتەوە.

فینیل الانین: ترشی ئەمینیە کە لە پرۆتین هەیە پێویستە بۆ گەشەی منداڵ لە گەورەش پێویستە لە شیرو هێلکە دا هەیە وە عادەتەن دەگۆڕێ بۆ تایرۆسین لە جوم جومەی مرۆڤ. لەش پێویستیەتی لە کاتی زیندە چالاکیەکاندا.

نیشانەکانی بەرزی ئەم پشکنینە

١-لەرزینی دەست لەکاتی گرتنی قەلەم ،دەست لەرزینی لەکاتی خواردندا ٢-زەردبونی پرچ ٣- تەمبەڵی ٤- ناجێگیری لە ئەقل ٥- نارێکی جومجومەی دەماخ ٦- هەوکردنی پێست ٧-پێست وشک بون ٨- دروست بونی لەکە لە پێست وەک ئەکزیمیا ٩- دواکەوتن لە قسەکردن و رۆشتن و گەشەی منداڵ ١٠- تەشەنوجات تا دەگاتە ئاستی فێ ١١-بۆنی ناخۆش لە میز ١٢-ریژەیەکی زۆر کۆبونەوەی ترشی فینیل الانین بۆنیکی جیاواز لە پێست دروست دەکات ١٣-هەلسوکەوتی نەشیاو.

نیشانەکانی نزمی ئەم پشکنینە

١-کەمی ترشی تایرۆسین دەبێتە هۆی گۆڕینی رەنگێکی روون وفاتح لە پێست دا بەهۆی کەمی رەنگی میلانین.

چارەسەر

پێویستە نەخۆش خشتەیەکی خۆراکی ڕێکوپێک دابنێت هەتا تەمەنی ١٣ ساڵی.

ئەو خۆراکانەی ئەم ترشەیان تێدایە وەک گۆشتی ئاژەڵ، مریشک، ماسی، هێلکە، بقلیات، پەنیر.

زیاتر میوە و بابەتەکانی باشترین خواردنە بۆ ئەم نەخۆشیە

Urine proteine Test

ئەم پشکنینە بەکاردێ بۆ زانینی بونی پرۆتین لە میزدا زۆر جار بەکاردێ بۆ زانینی کاری گورچیلە وە بۆ زانینی لە ناوچونی گورچیلە لە کاتی زوو یان لە کاتی نەخۆشی.

چەند جۆر پشکنینی پرۆتین دەکرێت

١-بە عەشوای لەکاتی کردنی پشکنینی میزدا دەکرێت کە بەشێکە لە شیکردنەوەکە.

٢-پرۆتین دەکرێت لەگەڵ کریاتینی میز

٣-قیاس کردنی لە پشکنینی ٢٤ سەعاتی تا بزانرێ لە ٢٤ سەعاتی چەند پرۆتینی فرێداوە.

پرۆتینی پلازما گرنگە بۆ هەموو بەشەکانی لەش کاتێک گورچیلە توشی زیانێک دەبێت ناتوانێ بە تەواوی خاوێنی بکاتەوە وادەکات پرۆتین زۆر بێت.



Prot/cr ratio Test
(Proteine /creatinine ratio)

ئەم پشکنینە بەکاردێ بۆ زانینی بونی پرۆتین لە میزدا زۆر جار بەکاردێ بۆ زانینی کاری گورچیلە وە بۆ زانینی لە ناوچونی گورچیلە لە کاتی زوو یان لە کاتی نەخۆشی، ئەگەر زانرا پرۆتین بەرزب و لە میز. دووبارە داوای لێ دەکرێ لە رۆژێکی تر بکرێتەوە تێبینی لەسەر ئەوە دەکرێ کە بزانی نزمتر بوە یان هەر بەرزە ئەگەر بەرز بوو ئەوا پرۆتینی میز بۆ دەکرێ لە ٢٤ سەعاتی لەگەڵ هەنی پشکنینی تر.

لەچ کاتێک ئەم پشکنینە دەکرێت

١-لەکاتی بوونی دووگیانی

٢- لەکاتی بوونی هەوکردنی لە ڕێڕەوی میز

٣- بۆ زانینی کاری گورچیلە

نیشانەکای ئەم نەخۆشیە ئەگەر بەرز بێت

١- بەهۆی خواردنەوە وای لێهاتوە

٢- وەرزشی قورس

٣- بەرکەوتنی سەرمایەکی زۆر

ئەگەر بەرز بو ئەوا دەبێ لە سێ رۆژ سێ جار ئەم پشکنینە بکاتەوە ئەوکات ئەگەر هەر بەرز بوو ئەوا پرۆتینی ٢٤ سەعاتی بۆ دەکرێت. ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی چەندین نەخۆشی وەک:

١- داء نەشوانی ٢- شێرپەنجەی ڕێڕەوی میز ٣- لەکارکەوتنی دڵ ٤- نەخۆشی شەکرە ٥- وەرگرتنی دەرمانی ژەهراوی بون بە گورچیلە ٦- بەرزبونی پەستانی خوێن ٧- مایلۆما ٨- ئیلتهاباتی ڕێڕەوی میز ٩- ژەهراوی بون لەلایەن ئافرەتی دووگیان .



CPK Test
Creatine phospho kinase

ئەو ئەنزیمە لە هەموو ماسولکەکان هەیە وە لە ماسولکەی دڵیش دا هەیە دەورێکی گرنگی هەیە لە دەردانی وزە بۆ ماسولکەکان وە بەرێژەیەکی دیاریکراو لە مێشک دا هەیە، یان ماسولکەی دڵ توشی خراپ بون دەبێت ئەو ئەنزیمە دەرژێتە ناو ماسولکە توشبوەکە کە وادەکات رێژەی بەرز بێت لە خوێندا.

ئەو ئەنزیمە دروست دەبێ لە ئەنجامی شیبونەوە و وە مردنی خانە ماسولکەکان وە هەموو مرۆڤێک ئەو خانانەی هەیە کە بە شێوەیەکی ئاسایی دەمرێت رۆژانە ئەو خانانە کە دەمرێ ئەنزیمەکانیان دەرژێنە ناو خوێن.

لەم حاڵەتە زیاد دەبێت

١- زیان پێ گەیشتنی دڵ
٢- جەڵتەی سینگ
٣- کەم بونەوەی فشاری خوێن لەکاتی نەشتەرگەری
٤- بەرکەوتنی دڵ
٥- دەرزی لێدان لە ماسولکەکان
٦- کەمی رێژەی پۆتاسیوم
٧- کەمی غودە دەرەقی
٨- بەرزبونەوەی پلەی گەرمی
٩- تێکچونی دڵ بەهۆی خواردنەوە

لەم حاڵەتانە کەم دەبێت

هیچ هۆکارێکی تایبەتی نیە ببێتە هۆی کەم بونەوە و بەهۆی بۆماوەی دەگوازرێتەوە بۆ نەوەکان وە دەبێتە هۆی.

١- درەنگ کەوتنی گەشەی بەشەکانی لەش

٢- لاوازی و زیادبونی ماسولکەکان بە پێی تێپەڕبون کات

٣- ناتەواوی لە تەوازنی منداڵ بەتایبەتی لەکاتی رۆیشتن

٤- درەنگ تێگەشتن

٥- کەمبونەوەی زیرەکی لە هەندێ منداڵ

٦- لەگەڵ رۆشتنی کات نارێکی لە ماسولکەکان دروست دەبێ

٧- قەبارەی ماسولکەکان گەورە دەبی لە چاو قەبارەی ئاسای خۆی

٨- لە فەترەیەکدا وای لێ دێ ناتوانێ بروات

٩- هەندێ جار ناتوانی فەرمان بە ماسولکەکانی بکات واتا ناجولێ

ADA Test
(Adenosine Deaminase Fluid)

ئەنزیمێکە ئیشی لەناوبردن و دروستکردنەوەی ترشی ناوک لە ناو ناوک بەرپرسە لەگۆڕینی ئەدینوس بۆ ئاستێکی تر پێی دەوترێ (ئینۆسین) ئەو ئەنزیمەیە لە ناو هەموو خانەکانی لەش هەیە، بەڵام لە کاتی کەمبوونی ئەم خانەی کە لە هەمووان زیاتر زەرەری بەردەکەوێ خانەکانی خوێن کە خرۆکە سپیە لیمفاویەکانن، هۆکاری کەمی ئەنزیمی (ئدینۆسین د ئەمینین) کە دەبێتە هۆی کۆبونەوەی (ئەینۆسین د ئۆکسی) ئەو مادەیە کە بە ژەهراوی دادەنرێ بۆ خرۆکە سپیەکان بەرەو مەرگی دەبات هەموو خانە لیمفاویەکان هەستیارن بۆ ئەو مادەیە بەتایبەتی خانەی لیمفاوی (ت ئێسک).



هەروەها یارمەتی دەرە بۆ زانینی دڵنیا کردنەوەی نەخۆشی سییل بۆ زانینی شلەی لەش وەک شلەی پرۆتین شلەی نخامی.

چ کاتێک ئەم پشکنینە دەکری کاتێک شک لە بونی نەخۆشی سیل دەکات ئەویش بەهۆی ئەوەی کە نەخۆش دەناڵێنی بە دەست ئازاری سینگ یان قورسی هەناسەدان لەوانەی سیلیان هەیە کە گەشتۆتە بەتانەی دەوری سییەکان.

نیشانەکان

١- تایەکی بەردەوام

٢- ئارەقەکردنی شەوانە

٣- کەمبونی کێش بە بێ هۆ

٤- ئازاری سینگ

٥- سکچونی بەردەوام

٦- سینگ ئێشان

Drug Level Test

بەسودە کە پشکنینی ئاستی دەرمان بکەین بۆ ئەو نەخۆشانەی کە دەرمان دەخۆن، ئاستی مخدرات هەندێک جار ئەوەندە بەرزە کە جێی پەنجە بەجێ دەهێڵێت لەسەر کەسەکە،کاتیک دەکریت کە نەخۆش لەسەر دەرمانێک خواردویەتی وازی هێناوە دکتۆر ئەم پشکنینەی پێ دەکات تا بزانی تا چەند دەرمانەکە جێ پەنجەی ماوە لە لەشدا بۆ ئەوەی بە گوێرەی ئەم پشکنینەکە دکتۆر دەرمانەکەی بۆ زیاد و کەم کات، دەکرێت بزانین بە هۆی ئەو دەرمانە توشی هیچ بەزەهیربونێکی خوێن بوە یان بۆتە هۆی ئەوەی کەوا هیچ کاریگەریەکی خراپی لەسەر نەخۆش دروست بکات، یان بزانین تا چەند نەخۆش سودی لەو دەرمانانە کردوە، وە تا چەند رێژەکەی هەیە لە لەش، یانیش بۆ ئەوەی بزانین کە ئەو کەسەی مخدەرات دەخوات تا چەند لە خوێن دا هەیە رێژەکەی تا چەند زیانی بەر بەشەکانی لەش گەیاندوە یان پێویستە تا چەند چارەسەر وەربگرێت، یان ئەو چارەسەرەی وەری دەگرێت کاری کردۆتە سەر کەم بونەوەی لە لەش دا.



Lithium Test

ئەم پشکنینە دەکرێت بۆ زانینی ڕێژەی لیثیوم لە خوێن کە ئەو دەرمانەیە بەکاردێت بۆ ئەو نەخۆشانەی کە نەخۆشی دەرونیان هەیە کە نارێکی لە مەزاجیان هەیە یان کەسایەتیەی دوو دەوریە یان هەوەستێکی زۆر ئەو پشکنینە بەکاردێت بۆ دانی برێکی پێویست لەو دەرمانە ئەگەر تازە دەستی پێکردبێت وە هەروەها بەکاردێ بۆ ئەوەی بزانی کە دەبێ بەردەوام بێت لە وەرگرتنی یان نا، ئەگەر برێکی زۆری لێ وەربگری ئەوا چەند لایەنێکی خراپی زۆری دەبێت وە ئەگەر برێکی کەمی لێ وەربگری ئەوا یارمەتی دەر نابێت بۆ چاکبونەوە، وە هەفتەی دووجار بەکاردیت وە هەروەها بەکاردێ ئەگەر ماوەیەک بێت بەکاری بێنێت ئەم پشکنینە دەکرێتەوە بۆ ئەوەی بزانرێ کە دەرزیەکە زیادبکری یان کەم بکری.

ئەم پشکنینە دەکرێ ئەگەر ئەم نیشانانەی تێدابێت

١-لەرزین ٢-رشانەوە ٣-بورانەوە ٤-هێلنج ٥-سکچون

Lithium Toxicity

- Narrow therapeutic range: therapeutic dose is close to a toxic dose.
- Mild to Moderate toxic reactions:
  - 1.5 to 2 mEq/L
    - Diarrhea
    - Vomiting
    - Drowsiness
    - Muscular weakness
    - Lack of coordination
    - Dry mouth

وە پشکنینی گورچیلەشی پێویستە لەبەر ئەوەی تابزانرێ تا چەند گورچیلەکانی ئیش دەکات ئەمەش بەهۆی ئەوەی کەلشیوم لەلایەن گورچیلەکانەوە دەردەدرێ ئەوانیش بریتین لە

1-GUE 2-estradiol 3-urea 4-creatine 5-ca 6-t4-tsh 7-ca-k-na

وە هەروەها نەخۆشەکە نابێت دووگیان بێت چونکە نابی لە کاتی دووگیانی لەش مانگی یەکەمی ئە چارەسەرە بخورێت.

لەکاتی خواردنی لثیوم دیسان چەند پشکنینێکی تری لێ داوادەکات

١- خوران ٢- کریاتین ٣- پشکنینی میز ٤- غودەی دەرەقی بۆ ئەوەی بزانینی کە گورچیلە و غودەی دەرەقی چۆن ئیش دەکات لەکاتی وەرگرتنی لثیوم ئەگەر ئاستی زۆر بەرز بوو ئەوا ژەهراوی دەبێت بە لثیوم وە دەبێت یەکسەر چارەسەر وەربگری زیادی لثیوم دەبێتە هۆی کوشتن .

چ کاتێک ئەم پشکنینە ئەکرێت

١- ئەگەر چارەسەری وەرگرتبی نابێت هەتا دوانزە سەعات بکریت.

٢- هەندێک دەرمان

٣- دەرمانی هەوکردنی مفاسل

٤- ڤێ

تێبینی: ئەگەر ئەسپرین بخوات ئاساییە پشکنینەکە بکرێت.

-پێویستە رەچاوی چی بکەین ئەگەر ئەم پشکنینە بکەین .

هیچ پێویست ناکات تەنها بزانی کۆتایی جار کەی بوو کە دەرزی لثیوم لێدا وە چ دەرمانێک یان دەرمانی سروشتیت بەکاردێنی.

Transferrin Test

لەلایەن جەرگەوە کاردەکات کاتێک ئاستی ئاسن کەم دەکات لە لەش جەرگ ترانسفرینی زیاد دروست دەکات بۆ بەدەست هێنانی بڕێکی زیاتر لە ئاسنی ناو خوێن کە ئاسن دەورێکی گرنگی هەیە لە لەش وەک یارمەتی دەری خرۆکە سورەکانە تاوەکو ئۆکسجین بگوازێتەوە بۆ خانەکان.

ئەم پشکنینە کاتێک دەکرێت کە گومان لە جۆرێکی کەم خوێنی دیاریکراو بکات واتە کەمخوێنی بەشێوەیەکی گشتی، جۆرێک لە کەمخوێنی بەهۆی کەمی ئاسنەوە دەبێت کە ئەم ئاسنە بەشی زیندە چالاکیەکانی لەش ناکات.

نیشانەکانی کەمی ترانسفرین

١-ماندوبون بێتاقەتی ٢-گۆرانی رەنگی پیست ٣-سەرسوران ٤-ژانەسەر

٥-هەناسە تەنگی خێرا لێدانی دڵ، ٦-شێواوی لە نینۆک

کەمی ئاسن

١- هەستکردن بە ماندوبون

٢- زیاد نەخۆشکەوتن

٣- هەست بە سەرمابوون

٤- نەستوربونی زمان

٥- نەمانی تەرکیز لە کاردا

٦- درەنگ کەوتنی گەشەی منداڵ

ئاسن لەو سەرچاوانە دەستدەکەوێ

١-سپێناخ ٢-فاسولیا ٣-هێلکە ٤-ماسی ٥-گەنم

چ کار دەکاتە سەر نارێکی ئەم پشکنینە

- وەرگرتنی حەبی دووگیان نەبوون

ترانسفرین: پرۆتین پلازما کە ئاسن دەگوازێتەوە لە خوێن بۆ جەرگ و مۆخی ئێسک

کەمی ترانسفرین کە دەبێتە هۆی لاوازی هیمۆگلۆبین کە دەبێتە هۆی کەم خوێنی
کەمی لەوانەیە بەهۆی کەمی دەردانی ترانسفرین لە جەرگ یان زۆر رۆشتنی لەلایەن گورچیلە کە لە رێگەی میز دێتە خوارەوە
وە دکتۆر چەند پشکنینیکی تری لێ داوا دەکات
1-cbc 2-ferritine 3-stool



Iron Test

ئەگەر ئەنجامی پشکنینی ئاسن زۆربوو ئەوا لەش توشی ژەهراوی بون دەبێ دەبێتە هۆی ژەهراوی بونی دڵ و جەرگ و پەنکریاس.
ئاسن یەکێکە لە کانزا گرنگەکان لە لەشدا، ئاسن یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی هیمۆگلۆبینی خوێن کە هیمگۆلبین لە خرۆکە سورەکاندا هەیە و ئۆکسجین ئەگوازرێتەوە بۆ خانەکانی لەش.
کەمی ئاسن یان زۆری ئاسن کێشە دروست دەکات
کاتێک ئاسن کەم بێت ئەوا خرۆکە سورەکان کەم دەبێت و ئۆکسجینی پێویست ناگوازرێتەوە بۆ خانەکانی لەش .

هۆکارەکانی کەمی ئاسن :-

١- لەئافرەتاندا بەهۆی خوێن لێ رۆشتن لە سوری مانگانەدا
٢- بەهۆی وەرنەگرتنی رێژەی پێویستی مادەی ئاسن لە خۆراکەوە
٣- بەهۆی بونی خوێنبەربونی ناوەکی ،واتا لە ناوەوەی لەشدا ،ئەمەش بەهۆی برین و یان نەخۆشی وەک شێرپەنجە...هتد یان لەوانەیە رویدات لە کاتی خوێن بەربونی ناوەوە یەکێکە لە باوترین هۆکارەکانی لەدەستدانی ئاسن و رووداني کەمخوێنی.
٤-بەهۆی ئەوەی لەش توانای مژینی ئاسنی نەبێت

نیشانەکانی کەمی ئاسن

١-هیلاکی
٢-سەر ئێشە
٣-لاوازی ماسولکە
٤-گێژخواردن
٥-خواربوون و لاوازی نینۆک

نیشانەکانی زۆری ئاسن

١- ئازار لە سک و جومگەکان

٢- هیلاکی

٣- کێشەی دڵ

٤- کەمی وزە

٥- کەمی ئارەزوی جووت بوون

٦- کەمبونی کێش

٧- لاوازی ماسولکە

تێبینی: ئەگەر ئەو نیشانانەت تیابوو ئەبێ ئەو پشکنینە بەکەیت ئەنجامی پشکنینەکە 60-170 mcg/dl ئاسایە

ئەگەر لەو ئەنجام زیاتر بوو ئەوا:-

١-hemolytic anemia واتە رێژەی تەواوی خرۆکەی سوور تەندروست نیە

٢-کیشەی جگەری هەیە

٣-زۆر وەرگرتنی ئاسن

٤-لەشت ئاسنی زۆری دەهێڵێتەوە

ئەگەر لە ئاسایی کەمتر بوو ئەوا:-

١-anemia لەشت بە باشی ئاسن نامژی

٢-کاتی سکپری

٣-خوێن بەربون لە ریخۆڵە و گەدە

٤-بەشی پێویست ناخۆیت لە خواردن

ئەو خواردنانەی دەوڵەمەندن بە ئاسن

١-گۆشتی سۆر

٢-سەوزە ٣-دانەوێڵە

TIBC Test
Total iron binding capacity

ئەم پشکنینە پەیوەندی هەیە بە ڕێژەی ئاسن لە ناو خوێن. کە ٪٧٠ دەچێتە ناو خوێن ٪٣٠ دەچێتە ناو شانەکان خەزن دەکرێ، فەرمانی بۆ پێوانەکردنی توانای خوێن بۆ وەرگرتن و گواستنەوەی ئاسن واتە بەو شێوەیە دەتوانین کە لەش تا چەند توانای وەرگرتنی گواستنەوەی هەیە.

وە ئەو ئاسنە ئەو پرۆتینە هەڵی دەگرێت ناوی (Transferrin) پاشان دەگوازرێتەوە ناو خوێن کە جەرگ تێدا دروستی دەکات وە لەگەڵ (Ferritin-iron) ئەم دووپشکنینی دەکرێ.

ئەمەش بۆ زانینی کە لەش تا چەند توانای خەزن کردنی ئاسنی هەیە کەم دەبێ TIBC ئەگەر هاتوو جەرگ کێشەی هەبوو.

تێبینی: هەروەها پێوستە پشکنینی (Transferrin) لەگەڵ ئەمانە بکرێ چونکە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان هەیە بە ئەنجامەکە بۆ ئەوەی بە تەواوی لە کێشەی کەمخوێنی خەزنکردن و گواستنەوەی ئاسن تێبگەین.

نابێ نەخۆش ١٢ سەعات نانی خواردبێ

چ کاتێک ئە م پشکنینە دەکە ین

١- ئەگەر نەخۆشەکە توشی ئەنیمیا بوو

٢- ئەگەر نەخۆشەکە توشی Haemochromatosis بوو

٣-ئەگەر نەخۆشی درێژ خایەنی هە بوو

Ferritin Test

بریتیه له دەنكۆلەی پرۆتین و له لایەن جگەرەوە له (reticuloEndothelial cells)ەكانەوە دەردەدرێنە ناو خوێن و ئەم پرۆتینە پەیوەندیەكی راستەوخۆیان بە رێژەی ئاسنەوە هەیە لە لەشدا لەبەر ئەوەی كاریان هەڵگرتن و خەزن كردنی ئاسنە له لەشدا، واتا كۆگای هەڵگرتنی ئاسنن.

فەرمانی خەزن كردنی ئاسنە له ناو شانە

بەشێوەی Ferritin هەڵدەگیرێ بەرێژەی ٧٠٪ - ٨٠٪ وە بەرێژەیەكی كەمیش بەشێوەی هیمۆسدلدرین هەڵدەگیرێ جگە له جگەر لەلایەن سپڵ و ماسولكەكان و مۆخی ئێسك له لایەن (erythroblast) ەوە دەردەدرێت.

Ferritin پێكهاتوە له بەرگێكی پرۆتین (apoferritin) وە له ناوەراست و كرۆكەكەی ئاسنی له شێوەی (ferric) كه پێی دەوترێ (oxyhydroxide micells ferric) و لەگەڵ كەمێك فۆسفات.

ئەم پشكنینە گرنگە بۆ دیاری كردنی نەخۆشی كەم خوێنی بەهۆی كەمی ئاسن و جیاكردنەوەی كەم خوێنی بەهۆی ئاسن و له جۆرەكانی تری كەم خوێنی زانینی كاریگەری بەكارهێنانی دەرمان بۆ كەم خوێنی كەمی ئاسن.... هتد له هەركاتێك نیشانەكانی كەمخوێن و كەمی ئاسن له نەخۆشێك هەستی پێكرا وەك رەنگ هەلبزركان واتا رەنگ زەردبون یان تەنگە نەفەسی و قژ هەڵوەرین سپی بونەوەی پێڵوی چاو لەپی دەست و بی تاقەتی و له دەست دانی ئارەزوی خواردن ....هتد

دكتۆر ئەم شیكاریە دەنوسێ لەوانەیە زیاتری پێویست بێ بۆ دەستنیشانكردنی جۆری كەم خوێنیەكە.

نیشانەکانی:

ئەو کەسانەی ئاسنیان کەمە

١- توشی بێتاقەت بون دەبێ

٢- سەریان زوو زوو دێشی

٣- سەر گێژبون

ئەو کەسانەی ئاسنیان زۆر بێت

١- ماسولکەو جومگەکانی دێشی

٢- ماندوو و بێتاقەت بون

٣- ئازاری سک

٤- لە دەست دانی جووتبون

٥- نیشانەیە بۆ نەخۆشی جەرگ و شەکرە و دڵ



Electrolyte Test

ئـەو کۆمەڵـە ئایۆنانەیـە کـە هەڵدەسـتێ بـە هەڵگرتنـی بارگـەی سـالب یـان موجـەب کـە لـە ناوخانـەدا هەیـە یـان لەنـاو لەشـدا یـان لەنـاو پلازمـادا هەیـە، وە پێـک دێـت لـە سـۆدیۆم و پۆتاسـیۆم و کالیسـیۆم و مەگنسـیۆم وکلۆریـد بیکاربۆنـات بـۆ زانینـی کاری گورچیلـە و ڕژێنـی غـودە وە کاری تـرش وە هەنـدێ ئەلکترۆنیاتـی گرنـگ هەیـە.

کـە بەشـێوەیەکی ئاسـایی پێوانـە دەکـرێ لـە خوێـن یـان پلازمـا. کالیسـیۆم و فسـفۆر کـە بەیـەک پێوانـە دەکـرێ چونکـە هەردووکیـان کاردەکەنـە سـەر ئێسـک و نەخۆشی دەرەقی وە مەگنسیۆم کۆتـا بەشـە لـە کارەبای کـە پێوانـە دەکـرێ بەشـێوەیەکی ئاسـایی.

Potassium
(k)

دەورێکـی گرنگـی هەیـە لـە پارێزگاری کردنـی ڕێژەی تـەزووی کارەبـا لەسـەر رووی خانـەکان و لـە پەیوەنـدی کردنـی خانـە جیاوازەکانـی مێشـک لـە نێـوان هەسـتەوەرو ماسـولکەکان وە هەروەهـا گرنگـە بـۆ کاری گواسـتنەوەی زانیـاری و خـواردن لـە دەرەوەی خانـە بـۆ نـاوەوە.

لـە هەنـدێ حاڵـەت زیـاد دەبێـت ئەگـەر خوێنەکـە هیمۆلایسـیس بێـت ئـەوا ئەنجامەکـەی زۆر دەبێـت وە لـە هەنـدێ حاڵـەت کـەم دەبێـت وەک:-

١- لـە ڕێگـەی دەردان لـە نـاو میـز کـە بەهـۆی هەنـدێ دەرمـان کـە زیـان بـە میـز دەگەیەنێـت

٢- سک چوون

٣- ڕشانەوە

٤- زیاد بونی ڕێژەی الالدستیرۆن
٥- زۆر ئارەقە کردن

CALCIUM
Ca

بە یەکێک لە کارکەرە گرنگەکان دادەنرێ، دەورێکی گرنگی هەیە لە زۆربەی کارەکاندا بەشداری دەکات لە تەواوبونی پەیکەری ئێسک وە دەورێکی سەرەکی هەیە لە گواستنەوەی ئیشارەتەکان بۆ دەمارە راگەیاندن وە دەوری هەیە لە پەستانی خوێن و خوێن مەین وە جموجۆلی هەندێک لە ئەنزیمەکان وە رێک خستنی هەندێک لە هۆرمۆنەکان.

٥٠٪ لەو کالسیومە بەسە بەخۆی لە خوێن دا هەیە کە بەرپرسە لە زۆربەی کارەکاندا

٤٥٪ پرۆتین هەلی گرتوە بە تایبەتی ئەلەبومین

٥٪بە شیوەی ستراتی کالسیوم هەیە

لە حاڵەتانە بەرز دەبێتەوە

١- نارێکی لە کاری غودەی دەرەقی

٢- هەندێ گرێی شێرپەنجەی

٣- هەندێ گرێ ی ئیسکی

٤- نەجولانەوە بۆ ماوەیەکی زۆر

٥- زیاد خواردنی ڤیتامین د

لەو حاڵەتانە کەم دەبێت

١- کەمبوونی کاری غودەی دەرەقی

٢- کەمبوونی ڤیتامین د

٣- ئەو نەخۆشیانەی کە دەبێتە هۆی خراپی هەرس کردن

٤- هەوکردنی پەنکریاس

٥- لەکارکەوتنی گورچیلە

٦- سکچونی چەوری

Sodium
(Na)

ئـەو كیمیایەیـە كـە شـەحنەی موجـەب پێكدێنێـت لـەو شـلەیەی كـە لـە دەوری خانـە هەیـە

دەورێكی گرنگی هەیە لە رێكخستنی پەستانی خوێن وە گواستنەوەی سۆدیۆم بۆ ناو خانە وە كەمی لە لەشدا دەبێتە هۆی كەمبونەوەی شلەی دەوری خانە كە كاردەكاتە سەر دەورانی خوێن و كاری گورچیلە جیهازی هەستەوەر .

لەم حاڵەتانە بەرز دەبێتەوە

١- وشك بون وزیاد میزكردن كە بە شەكرە درۆزنە دەچێت

٢- لە كاتی وەرگرتنی برێكی زیاد لە سۆدیۆم

٣- دەردانی برێكی زۆر لە كۆرتزۆل

لەم حاڵەتانە كەم دەبێت

١- وەرگرتنی دەرمان كە دەبێتە هۆی كێشە لە میز

٢- ئەو ئارەقەی كە بە تەنها بە ئاو پردەبێتەوە

٣- نەخۆشی گورچیلەی توند

٤- رشانەوە سكچون

٥- لەناوچونی جەرگ

٦- نەخۆشی میزی شەكرە

٧- نەخۆشی ئەدیسۆن كە هۆرمۆنی الالدسترۆن دەری دەدات

٨- كەمـی دەردانـی هۆرمۆنـی بەرگـری میـز كـە دەبێتـە هـۆی نەخۆشـی شـەكرەی درۆزنـە

Chloride Test

ئەم پشکنینە بریتیە لە دیاری کردنی یان زانینی بڕی ئەم ئایۆنە لە خوێنی نەخۆشەکە، بۆ ئەم شیکاریە شوشەی سەر سور یان سەر زەرد بەکاردێنین.
کلۆر یەکیکە لە ئایۆنە گرنگەکانی لەش و وەکو ئایۆنی سۆدیۆم و پۆتاسیۆم و بیکاربۆنەیت و مەگنسیۆم و هتد.
ئەم ئایۆنە لە دەرەوەی خانەکان و لەناو شلەی شانەکان و خوێندا هەیەو هەڵگری بارگەی سالبە، زۆر پەیوەندی بە سۆدیۆم و ئایۆنی هایدرۆجینەوە هەیە، بەجۆرێک کە یارمەتی گواستنەوەی سۆدیۆم دەدات.
ئایۆنەکان بەگشتی و کلۆریش لەگەڵ ئەوان دەورێکی زۆر گرنگیان هەیە لە زیندە چالاکیەکانی لەش و هەرس و پاراستنی هاوسەنگی ترشی تفتێتی لەش و گورچیلەکان و هاوسەنگی دەلاندنە پەستان و ڕێک خستنی پەستانی خوێن و هتد، هۆکارەکانی وشک بونەوە و کەم خۆراکی و ڕشانەوە و سک چون کاریگەریان لەسەر ڕێژەی ئەم ئایۆنە و ئایۆنەکانی تر هەیە.
لەسودەکانی ئەم شیکاریە بریتیە لە زانینی ڕێژەی ئەم ئایۆنەو دیاری کردنی نەخۆشی و تێکچونی هاوسەنگی ئایۆنەکان و هەروەها زانینی کاریگەری دەرمان .

Chloride Test:-

Normal value :-

Adult :- 98-107 mmol/L

>90 years:- 98-111 mmol/L.

لەم حاڵەتانەدا بەرز دەبێتەوە

١- نەخۆشی Cushing›s syndron

٢- وشک بوونی پێست

Eccessive salt intake -٣

Starvation -٤

Salcylate intoxification -٥

لەم حاڵەتانەدا نزم دەبێ :-

١-سکچوون

Vomitting -٢

٣-خراپ مژین واتا پشێویەک لە خۆراک مژین بە شێوەیەکی سروشتی

٤-پەکەوتنی دڵ

٥-نەخۆشی ئەدیسۆن

٦-هەڵئاوسان

٧-کەمی سۆدیۆم

pyloric obstruction -٨

٩- زیان بەرکەوتنی گورچیلە

Chloride Test

Normal value

Adult :- 98-107 mmol/L

>90 years:- 98-111 mmol/L.

Phosphorous Test

ئەم پشکنینە دەکرێ پێوانی ڕێژەی فۆسفۆرە لە خوێندا، ڕێژەی ئاسایی فۆسفۆر لە لەشدا 2.4 - 4.1 mg/dL، فۆسفۆر ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە تەندرووستی ئێسکەکان و ددانەکان هەروەها گرنگە بۆ گرژبوونی ماسولکە خانەکان و تەندروستی دەمارە خانەکان، هەروەها پەیوەندیدارە بە ڕێژەی کالسیۆم، زۆری لە ڕێژەی فۆسفۆر دەرخەری کێشەیە لە گورچیلەکان و ڕژێنی پاراسایرۆید، چونکە فۆسفۆری زیادە لە ڕێگەی گورچیلەکان دەپاڵێوری و دەکرێتە دەرەوە لە ڕێگەی میز.

هۆکارەکانی بەرزی فۆسفۆر (Hypophosphatemia) بریتییە لە :-

١- بەکارهێنانی دەرمانی دژە ترشەڵۆک بۆماوەیەکی درێژ

٢- زیاد لە پێویست وەرگرتنی دەرمانەکانی Diuretics میزپێکەرەکان و ڤیتامین D.

٣- ناتەواوی سیستمی خۆراک.

٤- نەخۆشی و ناتەواوی گورچیلە و جگەر.

هۆکارەکانی کەمی فۆسفۆر (Hypophosphatemia) بریتییە لە :-

١- بەرزی ڕێژەی کالیسیۆم.

٢- کەمی ڤیتامین D.

٣- ناتەواوی سیستمی خۆراکی.

٤- زیاد دەردانی هۆرمۆن لەلایەن ڕژێنی پاراسایرۆید.

B2M Test

ئەو پرۆتینەیە کە دەکەوێتە بەشی سەرووی خانەکان. فەرمانی ئیش دەکات وەکو بەشێک کە بەشی یەکەم ئەم پرۆتینە لە زۆریەی بەشەکانی لەش هەیە لە گورچیلە MHC لە ئەندامی بەرگری مرۆڤ پێکهاتووە لە گورچیلەدا دەڕوات B2M لەکاتی خاوێنکردنی وە دوایی دەگەڕێنرێتەوە بە هۆی بۆریەکانی کە نزیکن لە گورچیلە، وە عادەتەن بەشێکی کەمی لە میزدا هەیە، بۆریەکانی گورچیلە توشی زیان دەبێت لە میزدا بەهۆی ئەوەوە دەبی B2M برین یان هەوکردنێک بێت کە بۆریەکانی گورچیلە توانای ناردنەوەو هەڵمژینی ئەو پرۆتینەیان نییە. یان ئەگەر Glomerulis لە گورچیلە توشی نەخۆشی هات ئەوا ناتوانی گورچیلە خاوین بکەنەوە و لە خوێندا بەرز دەبێتەوە. ئەگەر نەخۆشەکە چاندنی (زرعی) گورچیلەی B2M بگەڕێنیتەوە ئەوا ئاستی ئەم پشکنینەی بۆ کرابوو ئەنجامی ئەم پشکنینە زۆر بێت لەم حاڵەتەدا ئەم پشکنینە مانای ئەوەیە کە لاشەی ئەم نەخۆشە ڕەفزی گورچیلەکە دەکات.

ئەگەر لە هەردوو شوێن زیاد بوو ئەوا دەلالەت لە بونی هەندێ نەخۆشی دەکات:-

١- شێرپەنجەی خوێن ٢- شێرپەنجەی غودەی دەرەقی

لەم حاڵەتانە دەبێتە هۆی بەرز بوون:

١- کەمی بەرگری بەردەوام ٢- ژەهراوی بون بالامینو غلیکوزیدات ٣-نەخۆشی کرون ٤- ئلتهاباتی جەرگ ٥- نەخۆشی خورکە سپیەکان ٦- هەندی نەخۆشی پییس ٧- بونی چەندان گری ٨- ئیلتهاباتی ئیسک بە شێوەی کیسی ٩-نەخۆشی گورچیلە ١٠-هەوکردنی ملولەی خوێن.

Folate Test
VITAMIN B9

ڤیتامین (B9) کە بە (Folate or Folic Acid) ناسراوە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کەمی ڕێژەی خوێن و گەورەبوونی خڕۆکە سوورەکانی خوێنەوە هەیە (Megaloblastic Anemia)، پێویستە ڕۆژانە ڤیتامینەکە وەربگیرێت لەڕێگەی خواردنی ڕۆژانە یان وەرگرتنی لە ڕێگەی حەبەوە، بەتایبەت بۆ ئافرەتانی دووگیان یان ئەو ئافرەتانەی دەیانەوێت دووگیان ببن پێویستە بڕێکی باش لە ڤیتامینەکە وەربگرن ڕۆژانە، لەبەرئەوەی ڤیتامینەکە توانای توانەوەی هەیە لە ئاودا لە لەشماندا خەزن ناکرێن و بەشێکی لەڕێگەی میزەوە فڕێدەدرێتە دەرەوەی لەش، بۆیە پێویستە بەردەوام خواردنی دەوڵەمەند بە ڤیتامینەکە بخورێت.

سەرچاوەی خۆراکی دەوڵەمەند بەڤیتامین (B9):

١- جگەر، زەردێنەی هێلکە، مریشک.

٢- فاسۆلیای وشک، پاقلەمەنیەکان، بادەم، گوێز، نیسک، ماش.

٣- بڕۆکلی، سپیناخ، کاهو، کەلەرم، پۆلکە، چەوەندەر، پەتاتە.

٤-لیمۆ، مۆز، شوتی

٥- کوڵاندنی زیاد لە پێویستی خواردن لە بەهای خۆراکیەکەی کەم دەکاتەوە.

هۆکارەکانی کەمی ڤیتامین B9

١- نەخواردنی سەوزە و میوە و خواردنی ئەو خۆراکانەی ڕێژەیەکی کەمی ڤیتامینەکەیان تێدایە هۆکاری سەرەکییە بۆ کەمی ڤیتامین (B9)، هەربۆیە پێویستە ژەمەکان هەمەچەشنەبن.

٢- خواردنی خۆراکی زیاد لە پێویست کوڵێنراو.

٣- بوونی کێشەی تەندروستی و وەرگرتنی هەندێک دەرمان کە دەکرێت زیانی لاوەکیان هەبێت.

٤- دووگیان بوون.

نیشانەکانی کەمی ڤیتامین B9

کەمی ڤیتامینەکە دەکرێت ببێتە هۆی کۆمەڵێک کێشی تەندوستی:

١- ماندووی و بێهێزی.

٢- تێکچونی ڕەنگی قژ (سوتانی قژ)

٣- هەڵئاوسانی زمان.

٤- دروست بوونی برینی ناودەم.

دەکرێت ببێتە هۆی کەم خوێنی و کۆمەڵێک نیشانەی تر هەست پێبکرێت:

١- سەرگێژخواردن.

٢- هەستکردن بە سەرما.

٣- زوو توڕەبوون.

٤- سەرئێشە و دڵ پەلەپەل کردن و هەناسە بڕکێ (بەبێ هیچ هۆیەک)

٥- ڕەنگ پەڕین.

٦- سکچوون و دابەزینی کێش و نەمانی ئارەزوو خواردن.

٧- تێکچونی باری دەرونی و نەمانی تەرکیز.

دەستنیشانکردنی بڕی ڤیتامین (B9) لەڕێگەی شیکاری خوێنەوە دەکرێت، کە پێویستە ئەنجام بدرێت بۆ هەرکەسێک کە یەکێک یا زیاتر لە نیشانەکانت هەستپێکرد بۆ ماوەیەکی درێژ، یان بۆ ئافرەتانی دووگیان لەپێناو تەندروستی خۆی و کۆرپەکەیدا.

Alkaline Phosphatase Test

ئەم پشکنینە پێوانی بڕی ALP یە لە خوێن دا، ALP یان Alkaline phosphatase بریتییە لە ئەنزیمێک کە لە لەشماندا هەیە، بەڵام بەزۆری هەیە لە جگەر و ئێسک و گورچیلەکان و سیستمی هەرسکردن، کاتێک جگەر زیانی بەربکەوێت یان بەباشی فەرمانەکانی ئەنجام نەدات ئەوا ئەم ئەنزیمە (ALP) دەچێتە ناو خوێنەوە، بۆیە بەرزی ڕێژەی (ALP) لە پشکنینی خوێن دا دەرخەری نەخۆشییەکانی جگەر یان ئێسکە. بۆیە لەکاتێک نیشانەکانی نەخۆشی جگەر و ئێسک دەرکەوت ئەوا وا پێویستە ئەم پشکنینە ئەنجام بدرێت.

نیشانەکانیش بەم شێوەیەن:-

نیشانەکانی نەخۆشی جگەر بریتیین لەمانە:-

١-زەردوویی، حاڵەتێکە نەخۆشەکە ڕەنگی پێست و چاوی بەرەو زەردبوون دەڕوات .

٢-لاوازی و کەم توانایی .

٣-کەمبوونی کێش.

٤- نەمانی ئارەزووی خواردن.

٥-تاریکبوونی ڕەنگی میز.

٦- زەردباوبوونی ڕەنگی پیسایی.

نیشانەکانی نەخۆشییەکانی ئێسک ئەمانەن:-

١-بوونی ئازار لە ئێسک یان جومگەکان.

٢- گەورەبوون یان نائاسایی بوونی شێوەی ئێسکەکان.

٣- زیادبوون و دووبارەبوونەوەی شکانی ئێسک.

بۆیە بەرزی ڕێژەی ALP لەم پشکنینەدا دەرخەری یەکێک لەم حاڵەتانەیە لە جگەردا، وەک :-

١- نەخۆشی جگەر جۆری Cirrhosis.

٢- هەوکردنی جگەر.

٣- بلۆک بوون یان گیرانی ڕێڕەوی شلەی بایل (Bile duct blockage).
٤-حاڵەتی Mononucleosis کە هەندێ جار جگەر دەئاوسێت.
تێبینی: هەروەها لەگەڵ ئەم پشکنینەدا چەند جۆرێکی دیکەی پشکنین هەیە کە ئەنجام دەدرێت بۆ هەڵسەنگاندنی تەندروستی و فەرمانی جگەر، ئەو پشکنینانەش بریتین لە بیلیروبین (Bilirubin) و AST و ALT، ئەگەر ئەنجامی ئەم پشکنینانە ئاسایی بوون، بەڵام ڕێژەی (ALP) بەرز بوو ئەوا ئەگەری بوونی نەخۆشی لە جگەردا نی یە، بەڵکوو دەکرێت پەیوەندی بە تێکچوون و نەخۆشییەکانی ئێسکەوە هەبێت، وەک نەخۆشی Paget›s Disease of bone ئەم حاڵەتە دەبێتە هۆی لاوازبون یان گەورەبونی نائاسایی و زوو شکان.
تێبینی: کەمی لەڕێژەی ئەم پشکنینە (ALP) ئەوا نیشانەی کەمی فۆسفاتە، یان هەندێ نەخۆشی بۆماوەیی کە کاریگاتە سەر ئێسک و ددانەکان، هەروەها کەمی لە ڕێژەی (ALP) لەوانەیە هۆکاری کەمی ماددەی زینک بێت یان خراپی سیستمی خۆراکی و خراپ خۆری.

ڕێژەی ئاسایی ئەم پشکنینە:- (44 - 147 IU/L).

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لە هەندێ حاڵەتدا ڕێژەی ئەم پشکنینە (ALP) ئەگۆڕێت، بۆنموونە لە کاتی دووگیانیدا زۆرجار ڕێژەی ئەم پشکنینەبەرزە، یان لە منداڵاندا چوونکە ئێسکەکانیان لە گەشەدان، بەڵام بەکارهێنانی حەبی دووگیان نەبون لەوانەیە ببێتە هۆی کەمی لە ڕێژەی ئەم پشکنینە.



TSB TEST
DSB Test
Total and direct bilirubin blood

ئایا هۆکار و چارەسەری نەخۆشی زەردووی چیە؟

نەخۆشی زەردوی جۆریکە لەونەخۆشیانەی کە چینێکی کۆمەڵاگای گرتۆتەوە بە گەورەو بچوکەوە، هۆکاری نەخۆشی زەردووی لە گەورەو منداڵدا، دەگەڕێتەوە بۆ زیاد بوونی مادەی (البیلیرۆبین) لە خوێندا، کە ئەم مادە بیلیرۆبینە پێکهاتەیەکی زەردی هەیە.

مادەی بیلیرۆبین چیە؟؟ چۆن درووست دە بێت؟

مادەی بیلیرۆبین مادەیەکە کە پێکهاتەکەی ڕەنگێکی زەردی هەیە، لەژێر پێستدا دەنیشێت و ڕەنگی پێست لە ڕەنگی ئاسای خۆیەوە دەگۆڕێت بۆ ڕەنگی زەرد، ئەم مادەیە لەشی مرۆڤ بەشێوەیەکی ئاسایی دروستی دەکات،لە ئەنجامی تێکشکاندنی خڕۆکە سوورەکانی ناو خوێن (RBC)وە درووست دەبێت، جگەریش هەڵدەستێت بە وەرگرتنی ئەو مادەیەو لە ڕێگەی پیسایییە وە فرێی دەداتە دەرەوە، لە ئەنجامی ئەمکارە ڕێژەی ئاسایی بیلیرۆبین دەمێنێتەوە لە سنوری ئاسایی لەشدا، واتە ڕێژەی زۆری بیلیرۆبین لە لەشدا کەم دەبێتەوەو جگەر لەش ڕزگار دەکات لە زۆربوونی مادەی بیلیرۆبین، کە دەبێتە هۆی زەردووی.

ئەم حاڵەتە لەمنداڵدا زۆر دەردەکەوێت، بە تایبەتی ئەو منداڵانەی کە تازە لەدایک دەبن، زۆربەی جار بەتەواوی هەست بە نیشانەکانیان دەکرێت و دەبینرێن کە ڕەنگی پێست و ڕەنگی ناو چاویان زەردیەکی تەواو دای دەپۆشێت، ئەم جۆرە نەخۆشیەش لە وڵاتی خۆمان ناو دەبرێت بە نەخۆشی (زەردووی)، لە چەند وڵاتێکی تریش ناو دەبرێت بە (الیرقان)، زۆربەی جار ئەم نەخۆشیە دوای یەک ڕۆژ لەمنداڵی تازە لە دایکبوو دەردەکەوێت، یان دوو ڕۆژ یان سێ یان چوار ڕۆژ ئینجا دەردەکەوێت، ئەگەر نەخۆشی زەردووی لەگەڵ لەدایکبوونی منداڵەکەدا دەرکەوت، ئەوا پێویستە

منداڵەکە لە نەخۆشخانە بهێڵرێتەوە بۆ وەرگرتنی چارەسەر، وە هۆکاری توشبوونی بە زردوویەکە دیاری بکرێت و چارەسەری هۆکاری توشبوونەکەش بکرێت بە تەواوی ئینجا لە نەخۆشخانە دەربچێت.

هۆکاری توشبوون بە نەخۆشی زەردووی چیە؟

بێ گومان هۆکاری تووش بوون بە نەخۆشی زەردووی زۆرن، بەڵام گرینگترین هۆکارەکان بریتین لە زەردووی فیسۆلۆجی ئەم هۆیەش دەتوانرێت پێی بڵێین کە زۆرترین حاڵەت و دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کێشە لە جگەری منداڵی تازە لە دایکبوودا، یان بە باشی جگەری منداڵەکە کار ناکات و وەکو پێویست نیە بۆ ئیشکردن یان وەکو پێویست جگەری منداڵەکە درووست نەبووە، بۆیە لەم کاتەدا جگەر ناتوانێت وەکو پێویست مادە زیادەی البیلیرۆبین وەربگرێت وفرێی بداتە دەرەوە لەلەش، ئەم حاڵەتەش لەو منداڵانەدا زیاتر بەدی دەکرێن کە نەبەکامن و پێش وەخت لە دایک دەبن.

هەروەها زیادبوون و دروست بونی مادەی البیلبیرۆبین لەو قۆناغی ژیانی منداڵەکەدا، بەهۆی زیادبوونی مادەی (هیمۆگلۆبین)ەوەیە لەکاتی لەدایکبوون و زیادبوونی وەرگرتنی مادەی (البیلیرۆبین)ە لە ڕیخۆڵەکان لەکاتی زیاد بوونی ئەو مادەیەش، دەبێتە هۆی زەرد بوونی ڕەنگی پێست و ڕەنگی چاوی منداڵەکە، شیری دایکیش جاری وا هەیە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ئەو نەخۆشیە، لەبەر ئەوەی شیری دایک دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ وەرگرتنی مادەی (البیلیرۆبین) لە ڕیخۆڵەکانەوە کە دووبارە دەگەڕێتەوە ناو خوێن.

چارەسەری نەخۆشی زەردووی چیە ؟

دکتۆرەکان بۆچارەسەرکردنی نەخۆشی زەردووی چەند تەریقەیەک و چەند جۆر چارەسەرێک بەکار دەهێنن ئەوانیش، بریتین لە:-

١ ـ بەکارهێنانی فۆتۆ سێرایی: واتە بەکارهێنانی لایتێکی شینە بۆ ئەو منداڵانەی کە توشی نەخۆشی زەردووی بوون ئەمە زیاتر لە خەستەخانەکاندا دەبینرێن، کە جاران لەجیاتی ئەم فۆتۆسێراپیە، دکتۆرەکان پشتیان بە تیشکی خۆر دەبەست.

٢ـ قەترەی فیتامین دی سری: هەندێک لە دکتۆرەکان قەترەی فیتامین دی سری دەنوسن بۆ ئەومنداڵانەی کەتوشی زەردووی بوون، عیلمیش سەلماندوویەتی کە ڕۆژانە مرۆڤ خۆی بەداتە بەر خۆر کۆرسترۆڵی جسم دەگۆڕێت بۆ فیتامین دی کەواتە ئەم تەریقەیە جۆرێکە لەو تەریقەیەی خاڵی یەکەم ،بەڵام ئەو بە ڕۆشنایی و خۆدانە بەر خۆر واتە ڕێگەیەکی سرووشتیە، ئەم بە دەرمان و بە قەترە.

٣ـ گلوکۆز پاودەر: هەندێک لە دکتۆرەکانیش گلوکۆز پاودەر بەکار دەهێنن بۆ ئەو کەسانەی کە نەخۆشی زەردوویيان هەیە.

Inflammation test
پشکنینی هەوکردنەکان

CRP Test
C - Reactive Proten

پشکنینی خوێنە بەکاردێ بۆ دیاریکردنی هەوکردنی ناو لەش . CRP پرۆتینێکە لە لایەن جگەرەوە دروست دەکرێت، بەرزبونەوەی ڕێژەی ئەم پرۆتینە لە ناو لەشدا بۆ سەروی 3 gm/dl ئەوە دەردەخات کە ئەو کەسە توشی هەوکردن بووە لە شوێنێکی لەشیدا، بەڵام ناتوانینن لە ڕێگەی ئەم پشکنینەوە شوێن و هۆکاری توش بونەکە دیاری بکەین.

هۆکارە سەرەکیەکانی بەرزبونەوەی C - Reactiv proten:

١- سوتان.

٢- کۆستی دەرونی.

٣- هەوکردن

٤- سەکتەی دڵ.

٥- هەوکردنی ڕیخۆڵەکان.

٦- شێر پەنجە.

٧- هەوکردنی درێژ خایەن وەک ڕۆماتیزمە.

شێوازی ئەنجامدانی پشکنینەکە:-

١- سەرەتا خوێن لە کەسەکە وەردەگرین و دەیکەینە ناو jell Tube (تیوبی سەر زەرد) پاشان خوێنەکە centerfuge دەکەین بۆ دەست کەوتنی سیرەم (ئاوگ).

٢- پاشان یەک دڵۆپ لە سیرەمەکەو یەک دڵۆپ لە گیراوەی تایبەت بە پشکنینیەکە (CRP Reagent) دەکەینە سەر وەرەقەی تایبەت بە پشکنینەکە

(وەک ئەو وەرەقە ڕەشەی کە لە وێنە کەدایە).
٣- دواتر بە Stirerێک سیرەمەکەو گیراوەکە تێکەڵ دەکەین و بۆماوەی ٢ خولەک چاوەڕێ دەکەین، ئەگەر agglutination ڕویدا واتە کلۆت بوون ئەوا ئەو کەسە توشی ئیلتهابات بووە لە شوێنێکی لەشیدا.
بەڵام ئەگەر no agglutination بوو، واتە کلۆت نەبوون ئەوا ئەو کەسە هیچ ئیلتهاباتێک لە لەشیدا نییە.



Brocellosis Test
حەمەی مالتا

شێوازی ئەنجامدانی پشکنینەکە Rose Bengal Test.

حەمەی مالتا نەخۆشیەکی ئاژەڵیە بە هۆی گروپێک لە بەکتریا لە چینی Brocella دروست دەبێ، وە توانی توشکردنی مرۆڤ و ئاژەڵیشی هەیە بە نەخۆشی. چەند جۆرێکی جیاواز لە ئاژەڵ وەک (مەڕ و بزن و بەراز و سەگ و مانگا) دەبنە هۆی دروست بوون و گواستنەوەی ئەم نە خۆشیە . کە مرۆڤ لە ڕێگەی نزیک بونەوە یان خواردنی شیر و گۆشت و بەرهەمەکانیان توشی ئەم نەخۆشیە دەبێت و بۆی دەگوازرێتەوە، بۆ خۆ پاراستن لە مەترسی توش بوون بەم نەخۆشیە پێویستە دەست لە ئاژەڵی مرداربوو نەدرێت و هەروەها شیر و گۆشتەکانیان بە باشی بکوڵێنرێت و خاوێن بکرێتەوە پێش خواردن و بەکارهێنانی.

نیشانەکانی نە خۆشی حەمەی مالتا (Symptoms of Brocellosis)

١- تایەکی پچڕ پچڕ یان بەردەوام تا



٢- سەر ئێشە.

٣- بێهێزی.

٤ - ئارەقە کردنێکی زۆر.

٥- موو چرکە ساردی .

٦ - ئازاری جومگەکان.

٧- دابەزینی کێشی لەش.

ئەم پشکنینە بە چەند ڕێگایەک ئەنجام دەدرێت

١- Rose Bengal Test by Rapid Slide agglutination (Screening) Test.

٢- Rose Bengal Test by Tube agglutination Test.

٣- Brocella (IgG /¬ IgM) by immunochromatographic assay.

٤- (Mercaptomethanol Test (Me.

٥- Elisa (IgG / IgM).

٦- ECL (IgG / IgM).

٧- PCR (Polymerase Chain Reaction).

شێوازی خوێندنەوەی ئەنجامەکە:

١- Negative وەتە کلۆت بوون ڕوی نەداوە لە نێوان سیرەم و antigen کەداو واتە کەسەکە توش نەبووە بە نەخۆشیەکە.

٢- Positive واتە کلۆت بوون ڕوویداوە لە نێوان سیرەم و antigen کەدا واتە کەسەکە توش بووە بە نەخۆشیەکە. بەم شێوەیە ڕێژەی توش بوونەکەشی دیاریدەکەین.

* ئەگەر کلۆت بوونەکە لە ١٥ چرکەی سەرەتا بوو ئەوا بە ٦٤٠/١ دەنوسرێ.
* ئەگەر کلۆت بوونەکە لە ٣٠ چرکەی سەرەتا بوو ئەوا بە ٣٢٠/١ دەنوسرێ.
* ئەگەر کلۆت بوونەکە لە ماوەی خولەکێکدا بوو ئەوا بە ١٦٠/١ دەنوسرێ.
* ئەگەر کلۆت بوونەکە لە ١:٣٠ سەرەتا بوو ئەوا بە ٨٠/١ دەنوسرێ.

ئەم نەخۆشیە بە چەند ناوێکی تر دەناسرێتەوە :-

١-. Malta Fever.

٢- Undulant Fever.

٣- Mediterranea Fever.

٤- Rock Fever Of Gibraltar

٥- Gastric Fever.

Typhoid Fever Test

پشکنینی گرانەتا

ئەم پشکنینە بۆ گرانەتا دەکرێت بە هۆی بەکتریای Salmonela Typhi کەسەکە توش دەبێت، ئەم پشکنینەش بە Strip ئەنجام دەدرێت بەڵام جیاواز لە Strip کانی تر ئەم لە ٣ هێڵ پێک دێت (control , IgM , IgG).

بەم شێوەیەش ئەنجامەکەی دەخوێنینەوە:-

ئەگەر تەنها Control دەرکەوت ئەوە ئەنجامەکەی Negative واتە کەسەکە توش نەبوە بە گرانەتا.

ئەگەر control و IgM دەرکەوت ئەوا کەسەکە سەرەتای توش بوونیەتی بە گرانەتا.

ئەگەر control و IgG دەرکەوت ئەوە کەسەکە لە کۆتا قۆناغی توش بوندایە یاخود هەڵگرە. بەڵام ئەگەر contrl و IgM و IgG پێکەوە دەرکەوتن واتە کەسەکە چاک بوەتەوەو دووبارە توش بوەتەوە بە گرانەتا.

نیشانەکانی نەخۆشی گرانەتا:

١- بەرز بونەوەی پلەی گەرمی لەش، هەندێک جار دەگاتە ٤٠,٥ پلەی سەدی.

٢- سەرئێشەو و بێ هێزی و ئازاری ماسولکەکان

٣- کۆکە و نەمانی ئیشتیهای خواردن و لەدەستدانی کێشی لەش.

٤- سک ئێشە و سکچوون



ASO Test
ANTI STREPTOLYSIS

ئەم پشکنینە دەکرێ بۆ دیاری کردنی ئەو نەخۆشەی توشبوە بە بەکتریای streptococcus بۆ دیاری کردنی نیشانەکانی وەک تای رۆمانتیزم و هەوکردنی سەر گورچیلە کە شێوەیەکە لە شێوەکانی نەخۆشی گورچیلە
ASO: دژە تەن کاردەکاتە سەر STREPTOLYSIS ئەنزیمێکی ژەهراویە دەردەدرێ لە لایەن کۆمەڵەی STREPTOLYSINO .
لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بەکتریاکە دیاری دەکرێ وە چارەسەر دەکرێ لە هەندێ حاڵەت کە نیشانەکان دیار نابن نیشانەکان زیاتر دەبن وە بەهۆی تای رۆمانتیزم و ئیلتهاباتی سەر گورچیلە بە تایبەت لە لایەن منداڵانەوە .
لەبەر ئەوە داوا لە کەسەکە دەکرێ کە دەناڵێنی بە دەست نیشانەکانی تای رۆمانتیزم بۆیە داوا دەکرێ ئەم پشکنینانەش بکات.

١- هەوکردنی تای قورمزی
٢- بەکتریای قورگ

بە هۆی بونی هەوکردنی لەوزەتین و هەوکردنی پێست
کەی ئەم پشکنینە دەکرێ (نیشانەکان)

١- تا
٢- ئازار لە سینگ
٣- تەنگە نەفەسی
٤- رەنگی میز لێل دەبێ کە بەستراوە بە هەوکردنی سەر گورچیلە،

هەندێ نیشانەکان تای رۆمانتیزم:-

١- تا
٢- ئازارو ئەستور بونی پێیەکان یان بەشەکانی تر

٣- دروست بونی گرێی بێ ئازار لەبن پێست
٤- قلیشانی پێست
٥- لە هەندێ حاڵەت لەوانەیە دڵ ئیلتهاب بکات:-
ا- تەنگە نەفەسی
ب- لیدانی دڵ بەخێرای ج-ئازاری سینگ

هەندی نیشانەی سەر گورچیلە :-

١-بێ تاقەتی و ماندووی ٢-کەم کردنی میز ٣-میز کردنی خوێناوی ٤-قلیشانی پێست ٥-ئازاری مفاسل ٦-بەرزی پەستانی خوێن .

تێبینی: دوای کردنی پشکنینەکە و چارەسەر کردنی دوای چارەسەر کردنی ئەبێ پاش مانگێک بکرێتەوە ئەگەر هەر ئەرێنی بوو بۆیە پێویستە چەند پشکنینێکی تری بۆ بکرێت.

VDRL Test
Venered disease research laboratory

نەخۆشیەکی گواستراوەیە دەگوازرێتەوە لە رێگەی جووت بون کە بەهۆی بەکتریای (Trepnema palidum)

رێگاکانی توشبون بەو نەخۆشیە ئەمانەن

١- گواستنەوەی لە رێگای جووتبون
٢- لە رێگای دایک بۆ منداڵ
٣- لە رێگەی گوستنەوەی خوێن لە پیاوان
٤- بەهۆی کاری جووت بونەوە زیاتر توشی ئەسمەران دەبێ .

بە سێ ئاست تێدەپەرێ ئەم نەخۆشیە

ئاستی یەکەم: دیاردەی سەرەکی سەرهەڵدانی شەقبون وپەڵەی سورە لەسەر پێستوو ئەندامی زاوزێی لەپیاوشیوەی بازنەی لە ئافرەت دا شێوەی گوڵە لە ئەندامی زاوزێ لە ناو رەحم دێت وە کەمێک لە نەخۆشەکان لە لێوەکان لە قورگ و زمان سینگ دەبێت.

ئاستی دووەم: ئەو نیشانانەی کە لە ئاستی یەکەم باس کرا کار دەکاتە سەر چاو جەرگ ومێشک و ئیلتهاباتی مفاصل وە هەڵوەرینی قژ.
ئاستی سێیەم: ئەم ئاستە بە ئاستی رەنگەکان دەناسرێ کە کاردەکاتە سەر پێست و ئێسک وە لەو ئاستە کار دەکاتە جیهازی گرنگ یەکەم جهازی مێشک دەبێتە هۆی لە دەست دانی هەستەوەر و شەلەل بون وە جهازی سوری خوێن کە دەبێتە هۆی لەکارکەوتنی دڵ، ئەو نەخۆشیە دیاری دەکرێ ئەگەر ئەرێنی دەرچوو ئەوا بۆ دڵنیا بوون.



ESR Test
Erythrocyte Sedimentation Rate

بریتیە لە نیشتنی خڕۆکە سورەکانی خوێن لە ماوەی یەک کاتژمێردا بە mm/hr دەپێورێت. ئەم پشکنینە تایبەت نیە بە نەخۆشیەکی دیاریکراو، بەڵام یارمەتیمان دەدات لە دیاریکردنی چەند جۆرێکی نە خۆشی، لە کاتی بەرز بونەوە ڕێژەی ESR ئەوە دەر دەخات کە ئەو کەسە یەکێک لەم نە خۆشیانەی هەیە:-

١- ڕۆماتیزمە.
٢- بونی ئیلتیهابات (هەوکردن)
٣- نەخۆشی کەمخوێنی (Anemia).
٤- شێر پەنجە.
٥- نەخۆشی بەرگری دژە خۆی (autoimmune Disease).
٦- لە کاتی دووگیانیشدا ڕێژەی ESR بەرز دەبێتەوە.

ڕێژەی ئاسای .... Normal Range
بۆ پیاو .... 0 – 10 mm/hr
بۆ ئافرەت .... 0 - 20 mm/hr

نیشانەکانی بەرز بوونەوەی ئەم پشکنینە:-

١ ئازاری جومگە.
٢ تا.
٣ شەکەتی.
٤ ئیلتیهابات.
٥ هەڵەشە.
٦ سەر ئێشە.

ئەو دەرمانانەی کە دەبنە هۆی دابەزین و کەمکردنەوەی ESR:-

١- aspirin

٢- cortisone

٣- quinine



PCT Test
Procalcitonin

ئەو مادەیە دەردەدرێ لەلایەن لەش لە چەندین خانەی لەش بۆ وەڵام دانەوەی کاتی توشبونی بە بەکتریا وە لە ناوچونی شانە بە شێوەیەکی زۆرو بەربڵاو زیاد دەبێت کاتێک لەش توشی بەکتریا دەبێت و توشی پیس بونی دەبێت، ئەم پشکنینە بەکاردێ بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ جیاکردنەوە توش بون بەهۆی بەکتریا یان هەر هۆیەکی تر.

ئەم پشکنینە بۆ چ دەکرێت:

١- بۆ زانینی بونی جراثیم لە خوێن و ژەهراوی بونی خوێن لە هەرزەکار و منداڵدا
٢-بۆ زانینی نەخۆشی بەکتریای
٣-بۆ زانینی نەخۆشی بەرگری ناوەندی لە دوای نەشتەرگەری لە حاڵەتی سەدمە یان سوتان یان بونی لەکارکەوتنی لەش لە چەند لایەکەوە
٤-بۆ جیاکردنەوەی ئیلتهاباتی پەردەی مێشک لە جراثیم و ڤایروسی
٥-بۆ جیاکردنەوەی ئیلتهاباتی سییەکان لە رێگای ڤایرۆس و بەکتریای توش بوە الانتان: وەڵام دانەوەی ئیلتهابی ترسناکە لە لایەن لەش کە هەندێ جار هەڕەشە لە ژیان دەکات.

نیشانەکانی بونی الالتهاب:

١- لەرزوو تا
٢- بونی بۆنی ئارەقەیەکی زۆر لە پێست
٣- بونی ئازارێکی زۆر و نارەحەتی
٤- خێرا هەناسەدان
٥- خێرا لێدانی دڵ
٦- کەم بونەوەی مێز کردن ٧-شێواوی

تێبینی: لەوانەیە ئەم پشکنینە داوابکرێ کاتێک کەسەکە توشی ئیلتهابی سییەکان و ئیلتهابی قورگ دەبێ وە نازانرێ کە بەهۆی بەکتریا یان جرثومی یان داوا دەکرێ کاتێک منداڵ توش بوە بە نەخۆشی رێرەوی میز، بەرز بوونی ئەم پشکنینە واتا توشبوونە بە ژەهراوی بوون و هەروەها کاریگەری دەکات ئەوا بەرەوپێش چوون هەیە بۆ توش بوون بە الانتان بوونی بە شێوەیەکی بەرز کە ئەمەش دەلالەت لە توشبون بە نەخۆشی بەکتریای وەک التهابی پەردەی مێشک دەکات .

Monospot (Heterophil Ab) Test

ڤایرۆسی البیشتاین بارە کە بە نەخۆشی ماچ ناسراوە، چونکە بە دەست دان بە هەر شتێک کە ئەو ڤایرۆسەی لەسەرە پێ دەگوازرێتەوە بە تایبەت لە یاری منداڵاندا ئەم ڤایرۆسە باوە زیاتر لە منداڵان دوای تەمەنی یەک ساڵی دەناسرێتەوە بە تای بەرز کە بە بەربڵاوترین ڤایرۆسی دادەنرێ لە ناو چینی هەرزەکار وە عادەتەن نەخۆشیەکە پتر لە مندال داناسرێ خۆی چاک دەبێتەوە لە ماوەی مانگێک یان دوو مانگ، ئەم نەخۆشیە دەناسرێتەوە بەوە کە نەخۆش:

١-تای بەرز بێت

٢- ئازاری قورگی هەبێت

٣- ئەسور بونی فاتە رەشە

نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە

١- تا

٢- هەوکردنی گەروو

٣- گەورەبونی غودەی لیمفاوی لە گەروو سک

٤- ئارەقەکردنی شەوانە

٥- هەروەها هەندێ جار ئلتهابی جەرگ گەورەبونی فاتە رەشە لەگەڵە.

هۆکار: بەهۆی توش بوون بە ڤایرۆسی البیشتاین بار کە لە خێزانی ڤایرۆسی هێرپسە

ئەو کەسانەی کە ئەگەرێکی زۆرە ئەم نەخۆشیە بگرن :

١- ئەو هەرزەکارانەی کە لەتەمەنی سەروی١٥-٣٠ سال بێت

٢-یاریدەدەری پزیشک

٣- ئەم مرۆڤانەی چارەسەر دەخۆن بۆ سفر بونی بەرگری.
بۆ دیاری کردنی ئەم پشکنینە پێویستمان بە کردنی پشکنینی cbc کە یەکێکە لە هەرە گرنگەکانی wbc کە گرنتی ئەم ڤایرۆسە بۆ زیاتر دلنیا بونەوەی پشکنینی دژە تەنەی بۆ دەکرێ دژی ئەم ڤایرۆسە .

چارەسەر: چارەسەرێکی تایبەت نییە کە چارەسەری ئەم ڤایرۆسە بکات لەگەڵ ئەوەش دکتۆر چارەسەری کورتیکوستیروید دادەنێ وە بۆ کەم بونەوەی ئیلتهابەکە:
١- غرغرەکردنی بە ئاو خوێ
٢- ئیسراحەتێکی زۆر
٣- هێشتنەوەی لەش بە تەری بەهۆی خواردنەوەی ئاو
ئەم نەخۆشیە زیاتر یان باوترە کە نابێتە هۆ ترس لە سەر ژیانی نەخۆش دەبێتە هۆی ئیلتهابی لەوزەتێن یان جیوب یان ئیلتهابی گەروو، بەڵام هەندێ جار دەبێتە هۆی گەورەبونی فاتەرەش و ئلتهابی جەرگ کە ئەمەش لەوانەیە مەترسی لەسەر ژیانی نەخۆشەکە دروست بکات.
١- گەورەبونی فاتەرەشە پێویستە نەخۆشەکە بۆ ماوەی هەر ٨ مانگێک هەڵنەستێ وە شتی گران قورس هەڵنەگرێ ئەگەر نا دەبێتە هۆی درانی یان تەقینی فاتەرەشە، ئەگەر هەستی بە ئازارێکی زۆر ئەبێت یەکسەر بچێتە لای دکتۆر.
٢- ئیلتهابی جەرگ واتە توشبوە بە هەوکردنی جەرگ وە زەرتکی چاو پێست.

کاریگەری خراپی ئەم نەخۆشیە

١- کەم خوێنی
٢- کەمی پەرەی خوێن
٣-گ ورەبونی لەوزەتێن
٤- هەوکردنی پەردەی مێشک

PPD Test
Tuberculin

پشكنینی تیوبەركولین سەرەتا ئەم ناوەی لێنراوە لە مەجالی پزیشكیە واتا ئەستور بون و رەق بونەوەی سوربونەوەی شوێنێكی لەش بەهۆی بوونی هەوكردن. پشكنینی تیوبەركولین بەكاردێ بۆ دیاری كردنی نەخۆشی سیل لە رێگەی لێدانی دەرزی توبروكلین لە ژێر پێست كە ٥ جار (٠.٥ مل) لێدەدرێ وە پاش ٤٨ تا ٧٢ سەعات دەخوێنرێتەوە لە رێگەی پێوانەكردنی تیوبەركولین لە شوێنی دەرزیەكە بوونی تیوبەركولین لە شوێنی پشكنینەكە واتە بونی ئەرێنی پشكنینەكە دەگەیەنێت.

سیل: نەخۆشیەكی ترسناكە توشی سیەكان دەبێت كە بەهۆی بەكتریای مفطرة ئەرێنیە بڵاو دەبێتەوە لە هەوا بەهۆی هەناسەدانەوە لەوانەیە بۆ چەند ساڵێک ئەم بەكتریایە بە ناچالاكی بمێنێتەوە لە لەش كاتێک لەش توشی كەمی بەرگری دەبێت بەكتریاكە چالاک دەبێت.

نیشانەكانی ئەم نەخۆشیە:

١-تا ٢- كەم بونی كێش ٣-ئارەقەكردنی شەوانە

دەرزیەكە پرۆتینێكی تێدایە كە هەیە لە بەكتریای سیل لە ژێر پێست دوای ٤٨-٧٢ سەعات كە وەڵام دانەوەی سوربون و ئەستور بونی جێگەكەی لێ دەردەكەوێ ئەگەر ئەم نەخۆشیەی هەبێت.

ئەم پشكنینە لە كاتی دووگیانی دەبێت ؟

و/ بەڵی زۆر ئاسایە چونكە هیچ بەكتریایەكی تیانیە دەرزیەكە تەنیا پرۆتینە .

ئەو دەرمانانەی كە وادەكەن پشكنینە نیگەتیڤی درۆینە دەركەوێ:

١-كورتیكو ستیرویدات ٢- دەرمانی ژەهراوی بوون (cylotoic)

٣- هەندێ دەرمانی شێرپەنجەی

٤-ئەوانەی دەرزی كامیت –غوین لێدەدرێ دژی نەخۆشی سیل

پاشان دکتۆر داوای
١- ئەشیعە ٢-پشکنینی بەلغەم دەکات
وەڵام نەدانەوەی هەندێ جار هۆکارەکانی بەهۆی هەندی نەخۆشیەوە دەبێت
١-نەخۆشی ئایدز ٢-نەخۆشی شێرپەنجەی ٣-ئەوانەی دەناڵێنن بە دەست کەمی بەرگری ٤- چاندنی بەشی لەش
-وەڵام دانەوەی سەرەتای (٤-٥)مل واتە توش نەبوە بە سیل
-وەڵام دانەوەی ناوەندی (٥-٩)مل بە پۆزەتیڤ دادەنرێ شک دەکرێ کە توش بووبی بە سیل
لەو نەخۆشانەی کە کەمی بەرگریان هەیە وەک ئایدز وە ئەو نەخۆشانەی کە سترۆیدات وەردەگرن
- وەڵام دانەوەی بەرز (١٠ لە مل بەرزتر) بە پۆسیتیڤ دادەنرێ ئەگەری هەیە یەکێک لەم نەخۆشیانەی هەیە:
١-نەخۆشی شەکرە ٢-لەکارکەوتنی گورچیلە ٣-ئەوانەی لە مەجالی پزیشکی ئیش دەکەن ٤-ئەوانەی مخدەرات وەردەگری لە رێگەی دەمار ٥- ئەوانەی لە خوار چوار ساڵیدان ٦-ئەوانەی لە سجن یان شوێنە گشتیەکان دان.

تێبینی: نابێت شوێنی دەرزیەکە نابێ بشورێ یان پلاستێری لێ بدرێ نابێت بخورینری، چونکە دەبێتە هۆی سور بونەوەو ئەستور بون واباشترە بەفری لەسەر دابنرێ ئەگەر تا ٧٢ سەعات ئاسای نەبۆوە دەبێ پشکنینەکە دووبارە بکرێتەوە .

Hematology
زانستی خوێن

Cbc Test
Blood film Test
Complete Blood Count

ئەم پشکنینە بۆ پێوانی پێکهاتە جیاوازەکانی خوێن، کە یارمەتیدەرە لە دیاری کردنی چەند جۆرێکی جیاوازی نەخۆشی وەک (هەوکردن، شێرپەنجە، نەخۆشیەکانی مۆخی ئێسک، کەم خوێنی، تالاسیمیا ... هتد).
پشکنینەکانیش بریتین لە:

یەکەم: خرۆکە سپیەکان WBC

پێوانی ڕێژەی خرۆکە سپیەکانە. ژمارەی هەموو خرۆکە سپیەکانی خوێن دیاری دەکات گرنگە بۆ دیاری کردنی چەند جۆرێکی جیاوازی نەخۆشی وەک هەوکردن، شێرپەنجە، نەخۆشیەکانی مۆخی ئێسک، کەم خوێنی، تالاسیمیا ... هتد

MID (Monocyte)

پێوانی ڕێژەی مۆنۆسایتەکانە. ڕێژەی مۆنۆسایتەکان بەرز ئەبێتەوە لە کاتی هەوکردنی ڤایرۆسی، زیاد بونی ١-توشبون بە مەلاریا ٢-ئلتهاباتی قۆلۆن ٣-هەندی وەرەم .
کەم بونی ١- شێرپەنجەی خوێن و درکە پەتک

LYM (Lymphocytes)

پێوانی ڕێژەی لیمفۆسایتەکانە. هەڵدەستێ بە دروست کردنی خانەی بەرگری دژی ئەو ڤایرۆسانەی کە دێنە ناو لەش لەناویان دەبات. زیاد بونی دەبێتە هۆی ١- زیاد بونی Anti tpo، سیل، گرانەتا، شێرپەنجە، کەم بونی دەبێتە هۆی ژەهراوی بون.

GRA (Granulocyte)

پێوانی ڕێژەی گرانۆلۆسایتەکانە لە سێ جۆر خانە پێك دێت

Neutrophil -أ

گەرهاتوو ئەم ڕێژەیە بەرز بوو نیشانەی شێرپەنجەی خوێنە جۆری

Granulocytic leukemia

دەورێکی سەرەکی هەیە لە سیستەمی بەرگری لەش دژی هەموو بەکتریایەک کە دێنە لەش یاخود هەوکردنی بەکتریایە. ڕێژەی نزمیش نیشانەی گرانەتا، حەمەمالطە یان تووش بوونە بە جۆرێکی ڤایرۆس.

ب- **Eosinophil**

ڕێژەی ئیۆسینۆفیل زیادی کرد وەک کاردانەوەیەک بۆ هەستیاری (حەساسیە) یان لە کاتی تووش Eosinophilic بوون بە جۆرێک لە مشەخۆرەکان، یاخوود نیشانەی شێرپەنجەی خوێنە جۆری leukemia، ئەگەر زیاد بوو ئەوە ئەگەری هەیە توشی شێرپەنجەی لیمفاوی ببێت

کەم دەبێت ١-حاڵەتی شۆکی دا ٢-پاش نەشتەرگەری

.basophils
eosinophils
◄ بە زیاد بونی هەردووکیان واتە حساسیەی لەشی هەیە.

ج-**Basophil**

ڕێژەی بەیسۆفیل زیاد ئەکات وەک کاردانەوەیەک بۆ هەستیاری (حەساسیە)).



دووەم: خرۆکە سورەکان RBC

زیادبونی لە رێژەیی دەلالەت لە زیادبونی خروکە سورەکان دەکات لە خوین دا وە ئەو زیادبونەش دەلالەت لە بونی دوو هۆکار دەکات.هۆکاری راستەقینە:

١- بەهۆی کەمی ئاستی ئۆکسجین کە بەهۆی نەخۆشی دڵ و سیەکان.

٢- بەهۆی زیاد دەردانی هۆرمۆنی الارثرۆبوینین ئەوەش بەهۆی نەخۆشی گورچیلە و جەرگ زیاد دەردەدرێت

٣-بۆ ماوەی هەندێ خێزان هەیە.

٤-بەهۆی نارێکی لە دروستبونی هیمۆگلۆبین

هۆکاری رێژەیی: هیچ کارناکاتە سەر پێکهاتەکانی خوێن تەنها پلازما کەم دەکات لە خوێن وە رێژەی هیماتۆکرایت زیاد دەکات ،کەمی لەوانەیە نەخۆشی کەم خوێنی ئەنیمیا بێت وە زۆر جۆر کەم خوێنی هەیە.

هۆکاری کەمی خروکە سورەکان

١- خوێنبەربوونێکی زۆر. ٢- کەمی ئاسن . ٣- کەمی ترشی فۆلیک و V.B12.

٤- شێرپەنجەی خوێن ٥- کەموکوری درکە پەتک

HGB

پێوانی رێژەی هیمۆگلۆبینە لە خرۆکە سورەکاندا. بۆ دەرکەوتنی نەخۆشیەکان خوێن وەك کەم خوێنی، هەوکردن، کەمی ئاسن لە خوێندا، سك پری..

HCT

هێماتۆکریت. پێوانی رێژەی خوێنە. کەمی ئەم رێژمیە دەگەرێتەوە هۆی کەم بەرهەم هێنانی خرۆکە سورەکانی خوێن، شێرپەنجەی کۆلۆن، خوێن بەربوون، کۆستی دەرونی، هەوکردنی جومگەی رۆماتیزمی، تێکشکانی خرۆکە سورەکان

MCV

پێوانی تێکرای قەبارەی خرۆکە سورەکانە

قەبارەی بچووك: نیشانەی کەمی ئاسن لە لەش، کەمخوێنی، تالاسیمیا

قەبارەی ناوەند: نەخۆشی درێژ خایەن، نەخۆشی موخی ئێسك، کەم خوێنی..

قەبارەی گەورە: نەخۆشی جگەر، نەخۆشی موخی ئێسك، کەم خوێنی..

MCH

تێکڕای بڕی هیمۆگلۆبینە لە خڕۆکەیەکی سوردا. نیشانەی کەمی ئاسن لە لەش، کەمخوێنی، خوێن بەربوون، ناجێگیری شێوەی هیمۆگلۆبین.

MCHC

تێکڕای خەستی هیمۆگلۆبینە لە ١٠٠مل خڕۆکەی سوردا. نیشانەی کەمی ئاسن لە لەش، کەمخوێنی، خوێن بەربوون، شێرپەنجە، تووشبوونە بە جۆرێک لە مشەخۆرەکان.

RDW

بڕی گۆڕانی قەبارەی خڕۆکە سورەکانە. نیشانەی کەمخوێنی و تالاسیمیا یە

سێیەم: پەرەکانی خوێن Plate late

PLT

فەرمانی بەرگری کردنی لەشە لەخوێن بەربون

گەر هاتوو ڕێژەی پەرەکانی خوێن زۆر بوو Thrombocytosis پێوانی ڕێژەی پەرەکانی خوێنە ئەبێتە هۆی مەینی خوێن لە ناو لەشدا کە دەبێتە هۆی جەڵتەی دڵ و مێشك.

گەر هاتوو ڕێژەی پەرەکانی خوێن کەم بوو ئەبێتە هۆی خوین بەربوون Thrombocytopenia لە پووك و لوت و ڕێڕەوی میز

MPV

پێوانی قەبارەی پەرەکانی خوێنە. قەبارەی پەرەکانی خوین کەم بوو واتە مۆخی خوێن ناتوانی بری تەواوی پەرەکانی خوێن درووست بکات

PDW

فراوانی دابەشبونی پەرەکانی خوێنە. بەرزی ئەم ڕێژەیە نیشانەی هەوکردنە، شێرپەنجەیە یاخود کەم خوێنی بەڵام گەر نزم بێت نیشانەی نەخۆشیەکانی موخی خوێنە یان توشبوە بە جۆرێك لە ڤایرۆس.



تێبینی: ئەو زانیاریانەی کە پێویست هەموو کارمەندێکی تاقیگە بیزانێت !!

چۆنیەتی لێکدانەوەی ئەنجامەکانی CBC Test (Complete Blood Count)

١- ئەگەر WBC زیاد بێت و RBC و PLT کەم بێت ئەوە (Leukemia) واتا شێرپەنجەیە.

٢- ئەگەر WBC زیاد بێت و RBC و PLT ئاسایی بون ئەوا هەوکردنە(التهاب) ە و بەپێی ئەو جۆرەی (WBC) ەکان جۆری هەوکردنەکەی دیاری ئەکرێت، ئەگەر Neutrophils زیاد بێت ئەوا جۆری هەوکردنەکەی (بەکتریا)یە.

Lymphocytes زیاد بێت ئەوا جۆری هەوکردنەکەی (ڤایرۆسی)یە.

Eosinophil زیاد بێت ئەوا جۆری هەوکردنەکەی (هەستیاریە(allergic) یان (parasite)یە.

Monocytes زیاد بێت ئەوا جۆری هەوکردنەکەی glandular fever

Basophils زیاد بێت ئەوا جۆری هەوکردنەکەی Immune disease

٣- ئەگەر RBC زیاد بوو بەڵام WBC و Plat ئاسایی بوون ئەوا (Secondary polycythemia).

٤- ئەگەر Plat و RBC و WBC زیاد بێت ئەوا مانای وایە (Polycythemia Vera)یە.

٥- ئەگەر Plat و RBC و WBC کەم بێت ئەوا مانای وایە (Pancytopenia)یە.

٦- ئەگەر RBC کەم بێت ئەوە(Anemia) یە.

بۆزانینی جۆری کەم خوینی

ئەگەر RBC کەم بێت و هەروەها MCV و MCH و MCHC کەم بێت ئەوا (Microcytic hypochromic anemia)یە کە هەمان نیشانەی ئەم جۆرە کەم خوینیانەیان هەیە

(THALASSEMIA ,,iron deficiency,, chronic disease).

ئە گەر RBC کەم بێت وهەوەها MCV و MCH و MCHC زیاد بێت ئەوا(Macrocytic anemia) یان (megablastic anemia)یە یاخود (Hemolytic anemia)یە کە بەهۆی کەمی ڤیتامین B12 یان B9 .

ئەگەر RBCکـەم بێت وهەوەها MCV و MCH و MCHC ئاسایي بو ئەوا (normocytic)یە.

٧- ئەگەر Platelets کەم بێت ئەوا (Thrombocytopenia)یە.

G6PD Test
(Phosphate Dehydrogenase Deficiency-6-Glucose)

پشکنینی ئەنزیمی کە بە نەخۆشی پاقلە ناسراوە
باوترین ئەنزیمە کە لاشە دوچاری کەمبوونەوەی دەبێت، نزیکەی ٤٠٠ ملیۆن کەس بەدەست کەمی ئەم ئەنزیمەوە دەناڵێنن لە جیهاندا، هۆکاری نەخۆشی یەکە بۆماوەییە کە بڕی پێویست لە ئەنزیمەکە بەرهەم ناهێنرێت لە خوێندا. ئەنزیمێکی گرنگە و ڕۆڵی هەیە لە ڕێکخستنی کۆمەڵێک چالاکی کیمیای ناو لەش. هەروەها بەرپرسە لە پاراستنی خرۆکە سوورەکانی خوێن، و هێشتنەوەیان بە چالاکی تا تەمەنی خرۆکەکە تەواو دەبێت (کە تەمەنی خرۆکەی سووری ئاسایی نزیکەی ۱۲۰ ڕۆژە) .ئەو نەخۆشانەی کە ئەنزیمەکەیان لە بڕی ئاسایی زۆر کەمترە لەکاتی ئیلتهابات و خواردنی پاقلەمەنیەکان و چەند دەرمانێک دەبێتە هۆی تێکشکانی خرۆکە سوورەکانی خوێن و کەم خوێنی توند . (Hemolytic Anemia). کەم بوونەوەی خرۆکە سوورەکان دەبێتە هۆی ئەوەی بڕێکی کەم ئۆکسجین لە سیەکانەوە بگاتە شانە و ئەندامەکانی لەش. بەهۆی کەمی ئەم ئەنزیمەوەیە کە منداڵانی تازە لە دایک بوو دووچاری زەردوویەکی توند یان مامناوەند دەبنەوە.

هۆکاری کەمی ئەنزیمەکە:

کەمی (G6PD) هۆکارێکی بۆماوەیی هەیە. کە جینە توشبووەکە دەکەوێتە سەر کرۆمۆسۆمی (X Chromosome) وە لە یەکێک یان هەردوو باوانەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەکانیان، پیاوان تەنها یەک (X Chromosome) یان هەیە ئەگەر جینە توشبووەکەی هەڵگرتبێت ئەوا کەسەکە توشبوو دەبێت بە کەمی (G6PD)، بەڵام ئافرەتان دوو (X Chromosome) یان هەیە ئەبێت هەردوو (X Chromosome) کە هەڵگری جینی توشبووبن ئەوساکە کەسەکە توشبوو دەبێت بە کەمی (G6PD) بەڵام ئەگەر ئافرەتەکە تەنها یەک (X Chromosome) ی هەڵگری جینی توشبوو

بوو، ئەوا خۆی کەسێکی ئاسای دەبێت بەڵام دەکرێت بیگوازێتەوە بۆ منداڵەکانی. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە مەترسی توشبوون بە کەمی (G6PD) لە پیاواندا زیاترە. هەروەها لەو کەسانەدا زیاترە کە لە خێزانەکەیاندا کەسانی توشبوو بە کەمی ئەنزیمی (G6PD) بوونی هەیە. هەروەها تووشبوون لە ئافرەتاندا ڕوودەدات لە ئەنجامی لایۆنایزەیشن (Lyonization: X-inactivation).

نیشانەکانی کەمی (G6PD):

لە زۆر کەسدا دەکرێت هیچ نیشانەیەکی نەبێت ،تائەوکاتەی دووچار دەبێت بەهەوکردن و بەرکەوتن بەو خۆراک و دەرمانانەی کە بۆ ئەم جۆرە کەسانە دەبێتە مایەی مەترسی، نیشانەکانی دەکرێت دوای چەند هەفتەیەک نەمێنن بەڵام هەندێک جار مەترسی گەورە دروست دەکات و بە دوبارە بوونەوەی هۆکارەکان نیشانەکان سەرهەڵدەدەنەوە.

نیشانەکانیش بریتین لە :

١- کەمخوێنی.

٢- دڵ پەلە پەل کردن.

٣- هەناسە بڕکێ یان هەناسە توند بوون.

٤- تێربوونی ڕەنگی میز (زەردێکی تۆخی پرتەقاڵی باو)

٥ - ماندوێتی.

٦- سەرگێژ خواردن.

٧- ڕەنگ پەڕین و زەردهەڵگەڕان.

٨- زەردووی (زەرد بوونی پێست و سپێنەی چاو).

هۆکارەکانی تووشبوون بەم نیشانانە:

لەو کەسانەی کێشەی کەمی (G6PD) یان هەیە، تێکشکانی خرۆکە سوورەکانی خوێن(Hemolysis) ڕوودەدات دوای توشبوون بە ئیلتهابات و بەرکەوتن و خواردنی پاقلەمەنیەکان لەوانە(پاقلە، فاسۆلیا، لۆبیا، ماش)، یان خواردنی هەندێک جۆری دەرمان وەک دەرمانی چارەسەری مەلاریان .

دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکە لە ڕێگەی شیکاری خوێن دەبێت بۆ:
١- پشکنینی ئەنزیمی (G6PD).
٢- بینین و دەستنیشانکردنی جۆری کەمخوێنیەکە لە ڕێگەی (Blood Film Examination)، ئایا چ جۆرە تێکشکاندنێکە، دیاریکردنی ژمارە و جۆر و شکڵی خرۆکە سورەکان، وە دەستنیشانکردنی ژمارە و جۆری خرۆکە سپییەکان و خەپلەی خوێن، چونکە هۆکاری دووەم وەک ئیلتهابات نەخۆشی تر دەبێتە هۆی تێکشکانی خرۆکەکانی خوێن.
٣- شیکاری (Reticulocytes Count) زۆر دەبێت.
٤- شیکاری (Direct Coombs Test) لەوانەیە پێویست بێت نەوەک هۆکاری بەرگری لەش بێت و ببێتە هۆی تێکشکاندنەکە.
٥-شیکاری فەرمانی جگەر (Liver Function Test)

خۆپاراستن :

چارەسەر و خۆپاراستن لە ڕێگەی دوورکەوتنەوە لە و خۆراک و دەرمانانەوە دەبێت کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی نیشانەکان و مەترسین بۆ ئەو کەسانەی کە کەمی (G6PD) هەیە. و دیاریکردنی لیستی ئەو خۆراک و دەرمانانە لەلایەن دکتۆری تایبەتمەندەوە..



Indirect Coombs Test

ئەم پشکنینە دەکرێ بۆ شیبونەوەی خوێن (کەم خوێنی) لە حاڵەتی کەم بونی خرۆکە سورەکان کە بەهۆی بەرگری خودی شی دەبنەوە یان بەهۆی شکانی بەرگی خرۆکە سورەکان کە دەبێتە هۆی لەناوبردنی خانەی خرۆکە سورەکان،وە هەروەها دەکرێ بۆ زانینی ئایا دژە تەن هەیە لەسەر رووی خرۆکە سورەکان پاش ئەوەی کە خانەکان لەگەڵ پاشماوە یان تەنی بێگانە یەک دەگرن ئەو دژە تەنانە یان ئەو پرۆتینانە لە سەرووی خرۆکە سورەکانی بەستراون.

ئەو پشکنینە راستەوخۆ دەکرێ کە شک دەکرێ کەم خوێنی واتا شکانی خرۆکە سورەکان لەلایەن دژە تەنەکان، دژە تەنەکان پرۆتینن کە کۆئەندامی بەرگری بەرهەمی دەهێنن کاتێک هەست دەکات شتیکی خراپ کار دەکاتە سەر تەندروستی لەش ئەگەر کۆئەندامی بەرگری هەڵە بکات هەندێ خانەی هەڵە دروست دەکات دەبێتە هۆی دروستبونی چەندان کێشە.

دکتۆر کاتێک داوا دەکات کە خرۆکە سورەکان کەم بێت وە خوێن کەم بێت بۆ ئەوەی بزانی بەهۆی بەرگری خودی بوە کە دەبێتە هۆی کەم خوێنی ئەم پشکنینە بۆ ئەوە دەکرێ بۆ ئەوەی بزانی ئەو دژە تەنانە لەسەر خرۆکە سورەکان هەیە.

بەزۆری بۆ منداڵان دەکرێ ئەو منداڵانەی کە دژە تەنیان هەیە وە دایکیان جۆری خوێنەکەی لەگەڵ منداڵەکە یەک نییە.

ئاناسای ئەنجامی پشکنینەکە

چری خانەکانی خوێن ئەنجامەکە ئاناسای دەدات کە دەلالەت لە بونی دژە تەنەکان دەکات لەسەر خرۆکە سورەکان وە حاڵەتیکی تریش هەیە وادەکات خانە خرۆکە سورەکان لەلایەن دژە تەنەکان لەناو ببرێت.

نیشانەکانی ئەم پشکنینە چیە:-

١- بێ هێزی ٢-تەنگە نەفەسی ٣-دەست و پێی سارد ٤-رەنگیکی پێستی نائاسای ٥-کەمی خانەی خرۆکە سورەکان.

ئەو حاڵەتانەی کە وادەکات دژە تەن هەبی لەسەر خانەی خرۆکە سورەکان

١- کەم خوێنی پوکانەوەی خودی کاتێک یاسای بەرگری لەگەڵ خانەی خرۆکە سورەکان تێکەل (تفاعل) دەکەن

٢- کاردانەوە دژی گواستنەوەی خوێن کاتیک یاسای بەرگری خودی هێرش بەر پەچ دانەوەی دەکات سەر خوێنی بەخشەر

٣- شێرپەنجەی خوێنی لیمفاوی وە هەندێ لکویمیا

٤- ذئبە حمامیە جهازی(نەخۆشیەکە لە نەخۆشیەکانی خودی کە بەر بلاوترە لە نەخۆشی ذئبە

٥- ژمارەی خۆرکە سپیەکان

٦- نەخۆشی گولی (VDRL)

٧- نەخۆشی میکۆبلازما(جۆرێکی بەکتریا کە ناتوانی زۆربەی دژە تەنەکان بگۆرێ)هەندێ دەرمانیش وادەکەن دژە تەن دروست بن لەسەر خرۆکە سورەکان (دژە بەکتریا – دژە ئلتهاب ......هتد).

Direct coombs Test

یەکێکە لەم پشکنینانەی کە دەکرێ بۆ زانینی پشکنینی بەرگری(مناعە) وە هەروەها دژە تەنی گلۆبولین بەکاردی بۆ زانینی کەم خوێنی کە پەیوەندی بە بەرگری هەیە حاڵەتێکە لە کەمبونەوەی ژمارەی خرۆکە سورەکان کە رزگاری بووە لە شی بونەوە و تێکشکانی پەردەی خرۆکە سورەکان لە لایەن کۆئەندامی بەرگری کە دەبێتە هۆی لە ناوچونی خانەی خرۆکە سورەکان ، لە هەندێ نەخۆشی یان هەندێ حاڵەتدا خوێن دژەتەنی IgGی هەیە کە دەبەسترێ بە پەردەی خرۆکە سورەکان کە لەوانەیە داخراوبێ بەهۆی IgG پرۆتینە پێگەیشوەکان دەبەسترێ بە دژە تەنەکان دەبێتە هۆی لەناوچونی خرۆکە سورەکان.

ئەم پشکنینە بەکاردێ بۆ دیاری کردنی ئایا ئەو دژە تەنانە یان ئەو پرۆتینە پێگەشتوانە هەیە لە سەروی خانەی خرۆکە سورەکان.

نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە

١-ماندوبونی زۆر ٢-تەنگە نەفەسی ٣-دەست و پێ سارد دەبێت ٤-کەمی خرۆکە سورەکان

وە پشکنینێکی تریشمان هەیە ئەویش پێی دەڵێن in direct coombs پێش منداڵ بوونی لە کاتی گواستنەوەی خوێن بۆ زانینی دژە تەن لە دژی خرۆکە سورەکان کە لەناو دەمارەکانی نەخۆش دەبێت پێی بەسترانەتەوە لەکاتی بوونی تۆپەڵ ئەوا ئەم پشکنینە پۆزەتیڤ دەبێت.

Hb electrophoresis Test

ئەو پشکنینە دەکرێ پێش هاوسەرگری کە بە یەکێک لەو پشکنینە گرنگانە دادەنرێ کە سەلامەتی منداڵ دەپارێزرێ. وە بۆ دیاری کردنی تا چەند ئەو نەخۆشەیان هەڵگرتوە. بۆ دیاری کردنی تلاسیمیا وە نەخۆشی ئەنیمیایە.

ئەم پشکنینە بۆ دڵنیابوون و زانینی جۆرەکانی هیمۆگلۆبین بەکاردێ کە ئاسای یان نائاسایی هەیە. لەکەسی ئاسای دا هیمۆگلۆبین (HbA) وە ئەم جۆرە زۆرترین ژمارەی هیمۆگلۆبین پێک دێنێت کە نزیکەی ٩٨٪ هیمۆگلۆبینەکانە وە جۆرەکانی تری (HbF) (HbA2) کە زۆر کەمن لە خوێندا (HbF) نەبوونی لە گەوران شتێکی ئاسایە.

لە کەسی دووگیان ئەو ئەنجامە دەگۆڕێ بەهۆی بونی جۆرێکی ترهیمۆگلۆبین ئەویش (HbS) ئەویش بە هۆی توشبون بە ئەنیمیا (Sickle cell anemia).

بەڵام نەخۆشی تلاسیمیا کە چەند جۆری تری هەیە کە دیاری کردنی گرانە کە دەبێ کاری خوێندنەوەی چینیەکانی بۆ بکەی بۆ ئەوەی تا بزانین کە نەخۆشەکە چ جۆرە ثلاسیمیایەکە کە بەناو بانگترینیان (الفا-بێتا)

کە بۆ چەندین جۆر بەش دەکرێ جگە لەو پشکنینانەی سەرە دەبێ CBC بکات بە پشکنینی سەرەکی دادەنرێ بۆ نەخۆشەکە خوێن کە ڕێژەی خرۆکە سور و سپیەکان و پەرکانی خوێن و قەبارەی خرۆکە سورەکان و ڕەنگی خرۆکە سورەکان دیاری دەکات.

جیاوازی نێوان ثلاسیما و ئەنیمیا

١- ئەگەر یەکێکیان توشبوو ئەوەی تریان ئاسای بو ئەوا دەتوانن زەواج بکەن

٢- ئەگەر یەکیکیان هەلگری ئەنیمیا بوو ئەوەی تریان تلاسیمیا بو ئەوا ناتوانن زەواج بکەن

٣- ئەگەر یەکێکیان هەلگری ئەنیمیا بوو ئەوەی تریان تلاسیمیای الفا بێت کێشەیان نابێت بۆ زەواج.

ئەو هۆکارانە چین کاردەکاتە سەر ئەنجامی پشکنینەکە:-

١- گواستنەوەی خوێن کەمتر بێت لە چوار مانگ

٢- بەرز بونەوەی چەوری لە خوێن

٣- بەرزبونەوەی خرۆکە سپیەکان خوێن بۆ ٥٠،٠٠٠

٤- لەوانەیە ئاستی HbA2HbC-HbS کەم بکات لەکاتی کەم خوێنی بەهۆی ئاسن.

٥- لەوانەیە جۆری HbS بە جۆرێکی درۆینە لەگەڵ کەسەکە بێ ئەگەر نەخۆشەکە نە خۆشیەکی سێ مانگی بێت.



Protein electrophoresis Test

شیکاری (SPEP) لەگەڵ ئەوەی شیکاریەکی خوێنی ئاسان و هەرزانە! بەڵام ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دەستنیشانکردنی چەندین جۆری نەخۆشی پەیوەندیدار بە پرۆتین، بەجۆرێک پرۆتینەکان جیادەکاتەوە و بڕی هەریەکەیان دیاریدەکات لەسەر بنەمای بارگەی کارەبایی و قەبارەی پرۆتینەکە، وە پرۆتینی نائاسایی دیاریدەکات کە لە ئەنجامی تووشبوون بە شێرپەنجەی خوێن دروست دەبێت و زیاد دەکات..

پرۆتین بە یەکێک لە پێکهاتە بنەڕەتیەکانی خانە و شانەکان دادەنرێت، دەکرێت بە دوو جۆری سەرەکیەوە ئەلبۆمین (Albumin) و گلۆبیولینەکان (Globulins).

ئەلبۆمین گەورەترین بڕی پرۆتین پێکدەهێنێت نزیکەی (٦٠٪)، هەرچی گلۆبیولینەکانە بڕەکەی کەمترە بەڵام گرنگی زۆرتری هەیە لە شیکاری (SPEP) لە دەستنیشانکردنی بڕی جۆرەکانی، ئەم پرۆتینە کە دەکرێت بە پێنج جۆرەوە:

(Alpha 1, Alpha 2, Beta 1, Beta 2, Gamma).

زیادکردن یان کەم کردنی ئەم پرۆتینانە چەندین هۆکاری نەخۆشی دروستیان دەکات بۆ نموونە: دروست بوونی پرۆتینی نائاسایی (Monoclonal (M) Protein) نیشانەیەکی زۆر گرنگ و بنەڕەتیە بۆ دەستنیشانکردنی یەکێک لە شێرپەنجە کوشندەکانی خوێن کە ناو دەبرێت بە (Multiple Myeloma) وە ڕۆڵی هەیە لە دەستنیشانکردنی نەخۆشی تری وەک (WM , MGUS , Primary Myelofibrosis).

پشکنینی (SPEP) ڕۆڵی هەیە لە دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکانی:-

١- جگەر .

٢- غودەی دەرەقی و ڕژێنەکان.

٣- شەکرە.

٤- نەخۆشییەکانی سیستمی بەرگری لەش.
٥- حاڵەتی پەیوەندیدار بە بەدخۆراکی و نەمانی توانای مژینی پێکهاتەکانی خۆراک.

کەی پێویستە شیکاری (SPEP) ئەنجام بدرێت:-

کاتێک کە نەخۆشەکە نیشانەکانی پەیوەندیدار بە زیادبوونی پلازما خانە Plasma cell هەبوو وەک

١- دابەزینی کێشی لەش (Unexplained Weight Loss).
٢-ئازاری ئێسک.
٣- پشت ئێشە.
٤-شەکەتی و لاوازی لەش.
٥- شکانی بە ئاسان و لەناکاوی ئێسک.
٦-زوو زوو میزکردن و قەبزی و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەش.

کاتێک ئەنجامی ئەم پشکنینەی خوارەوە نائاسایی بن:-

١- (CBP & Blood Film)- کەم خوێنی و کەمبوونی خرۆکە سور و سپی و خەپلەکانی خوێن، بوونی خانەی نائاسایی و شێرپەنجەیی وەک پلازما خانە و هاوشێوەکانی لە خوێندا، زیادبوونی (Rouleaux Formation).
٢- زۆربوونی پێوانەی (ESR).
٣- زیادبوونی ڕێژەی کالیسیۆم (Calcium Level).
٤- مۆخی ئێسک (زیادبوونی پلازما خانەکان).
٥- ناتەواوی فەرمانی گورچیلە و جگەر (RFT, LFT).
٦- نائاسایی شیکاریەکانی (Albumin) (Total Protein).
٧- زیادبوونی پرۆتین لە میزدا.
٨- نەخۆشیەکانی بەرگری لەش (Autoimmune Disease).
٩- هەوکردنی کاتی و درێژخایەن (Acute or Chronic Infection).

نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە

١-سەرگێژبوون

٢- لەخۆچون

٣- hematoma ئاوسانی خوین لە ژێرپێستدا

٤- رشانەوە

٥-گەروو وشک بونی بەردەوام

٦-بەردوام نەخۆش کەوتن تا هاتن

چ جۆرە پشکنینێکی تر پێویستە لەگەڵی بکرێت:-

١- urine protine electophorsis

٢-serum immunofiration

٣- cbc

٤-bone marrow biopsy

٥- serum calcium and electrolyte test

٦- kidny and liver blood test

٧- x.ray



UPEP Test
Urine Protein Electrophoresis

پشکنینی (UPEP) ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دەستنیشانکردنی چەندین جۆری نەخۆشی پەیوەندیدار بە پرۆتین، پرۆتینەکان جیادەکاتەوە و بڕی هەریەکەیان لە میزدا دیاریدەکات لەسەر بنەمای بارگەی کارەبایی و قەبارەی پرۆتینەکە، پرۆتینی ئاسایی و نائاسایی دیاریدەکات، بڕی ئەم پرۆتینانەن لە لەشدا دیاریکراوە و بڕی زیادە لە ڕێگەی میزەوە فڕێ دەدرێتە دەرەوە.
لە کەسێکی ئاساییدا بڕێکی زۆرکەم پرۆتین لە ڕێگەی میزەوە فڕێ دەدرێتە دەرەوە، کە بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆر پرۆتین لەخۆدەگرێت (Al-bumin)(Globulines)، (Glomeruli) ڕێگا بە چوونی پرۆتین بۆ ناو میز نادات لەکاتی بوونی گرفت لە فەرمانی (Glomeruli) دا ئەلبۆمین (Albumin) و پرۆتینەکانی تر بە بڕێکی زۆر دەردەچن بۆ ناو میز، هەربۆیە زیادبوونی بڕی فڕێدانە دەرەوەی پرۆتین لە ڕێگەی میزەوە نیشانەیە بۆ چەندین نەخۆشی. وەک نەخۆشیەکانی گورچیلە.
هەندێک جار (Glomeruli) بەشێوەیەکی ئاسایی کاری خۆی دەکات، بەڵام لە ڕێگەی (Tubules) پرۆتین فڕێ دەدرێتە دەرەوە بۆ ناو میز.
پشکنینی (UPEP) بڕی و جۆری پرۆتینە بەفیڕۆچووەکە دیاری دەکات، لەم ڕێگەیەشەوە هۆکار و سەرچاوەی زیادبوونی پرۆتینەکە لە میزدا دەستنیشاندەکرێت (دیاریکرنی (Monoclonal) پرۆتینەکان لە میزدا .

پشکنینی (UPEP) ڕۆڵی هەیە لە دەستنیشانکردنی:-

١-تێکچوونی فەرمانی گورچیلە بۆ کۆنترۆڵ نەکردنی پاڵاوتنی پرۆتینەکان.
٢- هەوکردنی درێژ خایەن و کتوپڕ.
٣-شەکرە و کاریگەریەکانی لەسەر گورچیلە (لاوازبوونی و لەکار کەوتنی گورچیلە).
٤- نەخۆشییەکانی سیستمی بەرگری لەش.

٥- شێرپەنجەی جۆری (Multiple Myeloma).
٦- دەستنیشانکردنی پرۆتینی ناتاسایی بەرهەم هاتوو لەلایەن خانە و شانەکانەوە (Amyloidosis)
٧- هەوکردنی کۆئەندامی میز.
٨- کۆنیشانەی نیفرۆتیک سیندرۆم (Nephrotic Syndrome)دەرکەوتنی بڕێکی زۆر پرۆتین لە میزدا و کەمی پرۆتین لە خوێندا و ئاوسانی لەش (دەستنیشان کردنی هۆکاری ئاوسانەکە) .

کەی پێویستە شیکاری (UPEP) ئەنجام بدرێت:-

کاتێک کە نەخۆشەکە نیشانەکانی پەیوەندیدار بە زیادبوونی پلازما خانە (Plasma Cells)هەبوو وەک:

١- دابەزینی کێشی لەش (Unexplained Weight Loss).
٢- ئازاری ئێسک.
٣-پشت ئێشە.
٤- شەکەتی و لاوازی لەش.
٥- شکانی بە ئاسان و لەناکاوی ئێسک.
٦- زوو زوو میزکردن و قەبزی و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەش.
٧- ئاوسان و ئەستوور بوونی لاقەکان و دەموچاو.

کاتێک ئەنجامی ئەم شیکاریانە ناتاسایی بن:

١- (CBP & Blood Film) کەم خوێنی و کەمبوونی خرۆکە سور و سپی و خەپلەکانی خوێن، بوونی خانەی ناتاسایی و شێرپەنجەیی وەک پلازما خانە و هاوشێوەکانی لە خوێندا، زیادبوونی (Rouleaux Formation).
٢- زۆربوونی پێوانەی (ESR).
٣- زیادبوونی زیادبوونی ڕێژەی کالیسیۆم (Calcium Levels)
٤- مۆخی ئێسک (زیادبوونی پلازما خانەکان)

٥- ناتەواوی فەرمانی گورچیلە و جگەر(RFT , LFT)
٦- نائاسایی شیکاریەکانی (Albumin)(Total Protein).هەوڵدانی لەش بۆ ڕێکخستنی بڕی پرۆتینەکان و زیاد یان کەم بەرهەم هێنانی پرۆتینەکان، هەربۆیە شیکاری (UPEP) ئەنجام دەدرێت, دەکرێت بڕی پرۆتینەکان لە خوێندا ئاسایی بێت و بڕی لەدەستدانی پرۆتینی لە ڕێگەی میزەوە ئاسایی نەبێت.
٧- دەرچوونی ئەنجامی ((Urine Bence-Jones Protein)Positive).
ئەو دەرمانانەی کە کاریگەری لە ئەنجامی شیکاری (UPEP) دەکەن:-
(Chlorpromazine , Corticosteroids , Isoniazid , Neomycin , Salicylates , Sulfonamides , Tolutamide , Penicillamine)

نابێت بەبێ ڕێنمایی پزیشک دەرمانەکان بوەستێنرێت.
بۆ شیکاری (UPEP) باشتر وایە (Hours Urine Collection 24) میز لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا کۆبکرێتەوە، کە کاتەکەی دەستپێدەکات لە پاش میزکردنی یەکەم بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر، پێویستە میزەکە لەناو دەبەیەکی زۆر پاک لەناو سەلاجە دابنرێت لە ماوەی ٢٤ کاتژمێرەکەدا.

Vitamin B12 Test

ڤیتامین (B12) ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ئاسانکردنی زیندەچالاکیەکانی لەشدا. گرنگترین فەرمانی ڤیتامین (B12) یارمەتیدەرە لە دروستکردن و چاککردنەوەی (DNA)، دروستکردنی خڕۆکەی سوری خوێن، بۆیە پزیشکەکان ڕێنمای دەدەن کە ڕۆژانە بڕی پێویست لە ڤیتامینەکە وەربگیرێت لەڕێگەی خواردنی ڕۆژانە یان وەرگرتنی لە ڕێگەی حەبەوە (Supplement).

لە سەروو هەموانەوە ئافرەتانی دووگیان پێویستە بڕێکی باش لە ڤیتامین (B12) وەربگرن بۆ پاراستنی تەندروستی کۆرپەکەیان، لەبەرئەوەی ڤیتامینەکە لە لەشدا خەزن ناکرێن و بڕی زیادەی (ڤیتامینی تواوە لە ئاودا) لەڕێگەی میزەوە فڕێدەدرێتە دەرەوەی لەش، بۆیە پێویستە بەردەوام خواردنی دەوڵەمەند بە ڤیتامینەکە بخورێت.

سەرچاوە خۆراکیە دەوڵەمەندەکان بەڤیتامین B12



١-گۆشت

٢- جگەری مانگا

٣-ماسی

٤-هێلکە

٥-گۆشتی پەلەوەر

٦- شیر و پەنیر و بەروبومە ئاژەڵیەکان

هۆکارەکانی کەمی ڤیتامین B12

هۆکار زۆرن بۆ کەمی ئەم ڤیتامینە:

خۆراک: نەخواردنی بەروبومە ئاژەڵیەکان دەبێتە هۆی کەمی ڤیتامین (B12). وە کوڵاندنی زیاد لە پێویستی خواردەمەنیەکان دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بەها خوراکییەکەی.

نەخۆشی: هەندێک نەخۆشی هەن کاریگەری دەکەنە سەر ڕێژەی ڤیتامین

لەناو لەش و زندە چالاکیەکان تێک دەدەن وەک (نەخۆشی گەنم Crohn's Disease , Celiac Disease).

هەڵنەمژینی ڤیتامینی وەرگیراو لەلایەن ڕیخۆڵەوە (کە دەکرێت بۆماوەیێت یان بەهۆی نەخۆشیەکی میکرۆبیەوە بێت .

نیشانەکانی کەمی ڤیتامین B12

کەمی ڤیتامین (B12) دەکرێت ببێتە هۆی کۆمەڵێک کێشەی تەندوستی، لەوانە کەم خوێنی، ئەگەر کەمێتیەکەی مامناوەند بێت دەکرێت هیچ نیشانەیەکە نەبێت، بەڵام ئەگەر چارەسەر نەکرێت و حاڵەتەکە تەشەنە بسێنێت ڕەنگە کۆمەڵێک نیشانەی هەست پێبکرێت:

١- ماندووی و بێهێزی.

٢- دڵ پەلەپەل کردن و هەناسە بڕکێ (بەبێ هیچ هۆیەک).

٣- ڕەنگ پەڕین.

٤- قەبزی یان سکچوون یان نەمانی ئارەزووی خواردن و با کردنی سک.

٥- کێشەی کۆئەندامی دەمار و بێهێزی ماسولکە و تێکچونی ڕۆشتن.

٦-کزبوونی بینایی.

٧-تێکچونی باری دەرونی (خەمۆکی و بیرچوونەوە و گۆڕانی ڕەفتار).

٨- کێشەی گەشەکردن.

دەستنیشانکردنی بڕی ڤیتامین (B12) لەڕێگەی شیکاری خوێنەوە دەکرێت، کە پێویستە ئەنجام بدرێت بۆ هەرکەسێک کە یەکێک یا زیاتر لە نیشانەکانی هەستپێکرد بۆ ماوەیەکی درێژ، یان بۆ ئافرەتانی دووگیان لەپێناو تەندروستی خۆی و کۆرپەکەیدا.

Vitamin D3 Test

ئەم چەند ساڵەی پێشوودا ژمارەی ئەو کەسانەی کە توشی کەمی ڤیتامین دی بوون بە ڕێژەی ترسناک بەرز بۆتەوە لە کوردستان و جیهان دا .بەکورتی چەند زانیاری یەک دەربارەی ڕۆڵ و گرنگی ڤیتامین دی و هۆکار و زیانەکانی ئەم ڤیتامینە ئەخینە ڕوو:

ڤیتامین دی یەکێکە لە ئەو ڤیتامینەنانەی لە ناو چەوری دا ئەتوێتەوە و زۆر جار وەک هۆرمۆنێک کار دەکات و لەش دەتوانێت لەڕێگەی تیشکی خۆرەوە لەڕێگەی پێستەوە دروستی بکات .

١- ڤیتامین D بۆچی پێویستە؟

٢- لە چەند ڕێگا ڤیتامین D دەستدەکەوێت؟

٣- ڕێژەی ئاسایی و نا ئاسایی ڤیتامین D چەندە لەم پشکنینەدا؟

٤- ئێمە بڕی چەند پێویستمان بە ڤیتامین D هەیە ڕۆژانە؟

٥- هۆکارەکانی کەمی ڤیتامین D چییە؟

٦- کێن ئەو کەسانەی مەترسییان زیاترە بۆ کەمبوونی ڤیتامین D لە لەشیاندا ؟

٧- ئەو کێشە و حاڵەتانە چییە کە بەهۆی کەمی ڤیتامین D ڕوودەدات ؟

٨- ئەو سەرچاوانەی ڤیتامین D تێدایە کامانەن ؟

٩- نیشانەکانی کەمی ڤیتامین D چین؟

١٠- ئایا زۆری ڤیتامین D مەترسیدارە ؟

Vitamin (D) Deficiency

کەمی ڤیتامین D

ڤیتامین D بۆچی پێویستە؟

ڤیتامین D یارمەتی لەش دەدات بۆ مژینی کالسیۆم، کالسیۆمیش پێویستە بۆ تەندرووستی ئێسکە خانەکان، هەروەها ڤیتامین D ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە تەندرووستی دەمارەخانە و ماسوولکەکان و سیستمی بەرگری لەش..

لە چەند ڕێگا ڤیتامین D دەستدەکەوێت؟

بەشێوەیەکی سەرەکی لە سێ ڕێگاوە دەتوانین ڤیتامین D بەدەست بهێنین، کە ئەمانەن:

لە ڕێگەی تیشکی خۆر، لە ڕێگەی خۆراک، یان لە ڕێگەی دەرمانی Supplements، ئێمە دەتوانین ئەم ڤیتامینەمان دەستبکەوێت لەڕێگەی تیشکی خۆر، بەڵام ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر تیشکی خۆر لێمان بدات ئەوا زیانی بۆ پێستمان دەبێت و لەوانەیە ببێتە هۆی شێرپەنجەی پێست.

ڕێژەی ئاسایی و نا ئاسایی ڤیتامین D چەندە لە پشکنیندا؟ ئەم ژمارانە لەوانەیە کەمێک گۆڕانکاری بەسەردا بێت لە تاقیگەیەکەوە بۆ تاقیگەیەکی دیکە. یان بەپێی سەرچاوەی جیاواز.

١- ئەگەر ڕێژەکەی 25 - 80 ng/ml بوو، ئەوا باشترین ڕێژەیە، یان هەندێ سەرچاوەی تازە دەڵێن ٥٠-٧٠

٢-ئەگەر ڕێژەکە 10 - 24 ng/ml بوو، ئەوا کەمی ڤیتامین D هەیە بەڵام بەشێوەیەکی کەم یان ئاسایی.بەپێی ڕێژەکەی.

٣- ئەگەر ڕێژەکەی لە 10 ng/ml کەمتر بوو، ئەوا زۆر کەمە ڕێژەکەی.

٤- وە ئەگەر لە 80 ng/ml زیاتر بێت، ئەوا قۆناغی ژەهراویبوونە بە ڤیتامین D، کە ئەمەش مەترسیدارە.

ئێمە بڕی چەند پێویستمان بە ڤیتامین D هەیە ڕۆژانە؟

بڕی ئەو ڤیتامینەی ڕۆژانە پێویستمانە لەسەر تەمەنی کەسەکە بەندە ،بە ڕەچاوکردنی یەکەی نێودەوڵەتی (IU) international units بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- منداڵی تازە لەدایکبوو هەتا دوانزە مانگی، پێویستی بە 400 IU

٢- یەک ساڵ هەتا هەژدە ساڵ 600 IU

٣- نۆزدە ساڵ هەتا حەفتا ساڵی بە هەمان شێوە 600 IU

٤- حەفتا و یەک ساڵی و زیاتر پێویستی بە 800 IU

٥- ئافرەتی دووگیان یان شیردەر IU 600

بەڵام بۆ کەسێک ڤیتامین D زۆر کەم بێت، ئەوا پێویستی بە بڕێکی زیاتر دەبێت، ئەمەش بەپێی ڕێنمای دکتۆر..

هۆکارەکانی کەمی ڤیتامین D چییە؟

١- بەهۆی نەخواردنی ئەو خۆراکانەی کە سەرچاوەن بۆ ئەم ڤیتامینە.

٢- کەم بەرکەوتەیی تیشکی خۆر.

٣- جگەر و گورچیلە نەتوانن ڤیتامین D بگۆڕن بۆ شێوەیەکی چالاک، کە لەش بتوانێت بەکاری بهێنێت.

٤- بەکارهێنانی هەندێک دەرمان کە کاریگاتە سەر مژینی ئەم ڤیتامینە.

کێن ئەو کەسانەی مەترسییان زیاترە بۆ کەمبوونی ڤیتامین D لە لەشیاندا ؟

١- منداڵی شیرە خۆرە، چوونکە منداڵ بەکەمی دەکەوێتە بەر تیشکی خۆر، هەروەها شیری دایک سەرچاوەیەکی لاوازە بۆ ڤیتامین D، بۆیە ئاکادیمیایی ئەمریکی بۆ منداڵان ڕێنمایی دەدات لە پێدانی IU 400 ڕۆژانە بە منداڵان .

٢- ئەو کەسانەی کە بەتەمەنن، چوونکە پێستیان بەباشی توانای وەرگرتنی ڤیتامین D نییە لەتیشکی خۆرەوە، وە گورچیلەشیان بە باشی ناتوانێت ڤیتامین D بگۆڕێت بۆ شێوەیەکی چالاک.

٣- ئەو کەسانەی کە ڕەش پێستن، توانای دەستکەوتنی ئەم ڤیتامینەیان کەمە لە تیشکی خۆرەوە.

٤- ئەو کەسانەی کە قەڵەون، چونکە چەوریە خانەکانیان پێکەوە دەنوسێن لەگەڵ ڤیتامین D بەمەش ڕێگری لێدەکەن کە بچێتە سوڕی خوێن، بەڵام مژینی ڤیتامین D پێویستی بە چەوری هەیە، بەڵام کە زیاد لە پێویست بوو ئەو حاڵەتەی سەرەوە درووست دەکات.

٥- نەخۆشی درێژخایەنی جگەر و گوورچیلەکان، هەندێ نەخۆشی دیکە وەک شێرپەنجە...

٦- ئەو کەسانەی هەندێ دەرمان بەکاردێنن وەک

Cholestyramine , anti seizure drugs antifungal drugs , HIV/Aids medicince)).

ئەو کێشە و حاڵەتانە چییە کە بەهۆی کەمی ڤیتامین D ڕوودەدات ؟

کەمی ڤیتامین D دەبێتە هۆی ئەوەی چڕی و پتەوی ئێسکەکان کەم بێتەوە، بەمەش مەترسی زیاددەکات بۆ سەر ئێسکەکان بۆ نموونە لەکاتی بەرکەوتن دەبێتە هۆی زوو شکانی..

هەروەها ئەگەر بەشێوەیەکی زۆر کەم بێت، ئەوا دەبێتە هۆی ڕوودانی هەندێک نەخۆشی، وەک ئێسکە نەرمە لە منداڵاندا (Rickets)، منداڵانی ئەفریقی و ڕەش پێست بەگشتی زۆرترین مەترسیان هەیە بۆ ڕوودانی ئەم نەخۆشییە، هەروەها لە کەسی گەورەدا ئەگەر ئەم ڤیتامینە زۆر کەم بێت ئەوا دەبێتە هۆی (Osteomalacia) کە ئەمە حاڵەتێکە دەبێتە هۆی لاوازی و ئازاری ئێسکە خانەکان و لاوازی ماسولکەکان .

توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە ئەو کەسانەی ڕێژەی ڤیتامین D لە لەشیاندا لە ٣٠٪ کەمتر بێت، مەترسیان زیاترە بۆ ڕوودانی ڕوماتیزمە، بەڵام ئەو کەسانەی لە ٣٠٪ زیاتر بێت، ئەوا مەترسیان کەمترە..، بە تایبەت لە نافرەتاندا.

وە هەندێ توێژینەوەش ئەوەیان دەرخستووە کە کەمی ڤیتامین D پەیوەندی هەیە بە نەخۆشیەکانی شەکرە و پەستانی خوێن و شێرپەنجە...

ئەو سەرچاوانەی ڤیتامین D تێدایە کامانەن ؟

سەرچاوە سرووشتییەکان لە خواردندا ئەمانەن:

١- ماسی، بەتایبەت سەلەمون

٢- پەنیر و شیر وبەرهەمە شیرەمەنییەکان بە گشتی

٣- قارچک

٤- جگەری حەیوان

٥- زەردێنەی هێلکە

٦-شەربەتی پرتەقاڵ ....

هەروەها بەشێوەی دەرمان، وەک Supplement، بەشێوەی حەب یان شرووب بۆ منداڵ.. بەڵام ئەمانە لەژێر ڕێنمایی پزیشک دەبێت بەکاربهێنرێت..

نیشانەکانی کەمی ڤیتامین D چین؟

١- هەستکردن بە نەخۆشی

٢- لاوازی و بێتاقەتی

٣- ئازاری ماسوولکە و ئێسک

٤- ئازاری پشت

٥- وەرینی قژ

٦- هەستکردن بە بوونی پەستان ...هتد

ئایا زۆری ڤیتامین D مەترسیدارە ؟

ئەگەر ڤیتامین D زیاد لە پێویست بێت، ئەوا ناودەبرێت بە ژەهراویبوون بە ڤیتامین D ،کە ئەمەش مەترسیدارە، وە نیشانەکانی بریتین لەمانە:

١- دڵ تێکەڵهاتن و ڕشانەوە

٢- کەمبوونی ئارەزوی خواردن

٣- قەبزی

٤- دابەزینی کێش و لاوازی

Pt -INR Test
Prothrombin time

ئەو پرۆتینەیە کە جەرگ دروستی دەکات ،دەورێکی گرنگی هەیە لە خوێن مەین،کە پێکهاتەی خۆی پەیوەندی بە ڤیتامین k هەیە. کاتیک بەرشتێک دەکەوێ خوێن بەربونێک پەیدا دەبیت بە یارمەتی ڤیتامین k ئەو پرۆتینە دەبێتە ثرۆمبین .ئەو پشکنینە بە کارلێکە دەرەکیەکان دەناسرێ.

پشکنینی (PT) بریتییە لە پێوانەکردنی تێکڕای کاتی خایەندراوا بۆ مەیینی خوێن ، بڕی (PT) بە چرکە پێوانەدەکرێت و ئەنجامی شیکاریەکە بڕی چرکەی خایەندراو بۆ کرداری خوێن مەیین ڕوونەکاتەوە، بەگشتی شیکاری (PTT) هاوپێچ لەگەڵ شیکاریی (PT) ئەنجام دەدرێت کە پێکەوە چالاکی هۆکارەکانی مەیاندن (Coagulation Factor) و کرداری مەیاندن ڕوونەکەنەوە. (Prothrombin) بریتیە لە (Factor II) کە یەکێکە لەو پرۆتینانەی کە بەشداری دەکات لە کرداری مەیاندنی خوێندا، لەشی مرۆڤ چەند جۆرێکی جیاواز لە هۆکارەکانی مەیاندن (Coagulation Factor) دروست دەکات بوونی گرفت لە هەریەک لەو هۆکارانەدا سیستمی مەیاندنی خوێن پەکدەخات و گرفتی تەندروستی بەدوادادێت، کاتی خایاندراو بۆ مەیاندن گۆڕانی بەسەردا دێت.

چیمان بۆ ڕوونەکاتەوە؟

بڕی (INR) هەژمارکردنێکی تاقیگەییە پشت بە بڕی (PT) دەبەستێت، سوودی لێ وەردەگیرێت بۆ دەرخستنی کاریگەری ئەو دژەمەیاندنانەی (Anticoagulant) کە لەلایەن کەسەکەوە بەکاردەهێندرێت وەک (Warfarin)، تا هاوسەنگی لە بڕی وەرگرتنی دەرمانەکەدا ڕابگیرێت، چونکە زیاد بەکارهێنانی دژەمەیاندنەکان (Anticoagulant) دەبێتە هۆی خوێنبەربوون (Excessive Bleeding) کاتێک بڕی (INR) لە بڕی ئاسایی زیاتربێت)، وەرگرتنی بڕێکی کەمتر لە بڕی پێویست لە دژەمەیاندنەکان دەبێتە هۆی تۆپەڵبوونی نائاسایی خوێن

(Thrombosis) کاتێک بڕی (INR) لە بڕی ئاسایی کەمتریێت). ئەگەر بڕەکەی زیاد لە بڕی پێویست دابەزێت دەکرێت مەترسی دروست بکات و ببێتە هۆی (جەڵدەی دڵ و گیرانی بۆریەکانی خوێن).

کەی پشکنینی (PT) پێویستە ئەنجامبدرێت؟

١- لەکاتی بەکارهێنانی دژەمەیاندنەکان وەک (Warfarin) بۆ چاودێری کاریگەری و بڕی وەرگیراوی دەرمانەکە، پێویستە مانگانە (هەفتانە) شیکاریی (PT) ئەنجامبدرێت.

٢- بۆ ئاگادار بوون لە مەترسیەکانی خوێن بەربوون و خوێن مەیاندنی ناوەکی.

٣- کاتێک درەنگ گیرسانەوەی خوێن لەکاتی برینداربووندا.

٤- بەر لە ئەنجامدانی نەشتەرگەری ئەنجام دەدرێت بۆ دڵنیایی لە توانایی خوێن گیرسانەوە دوای برینداربوون.

٥- هەندێک جار لەکاتی بوونی گرفت لە مۆخی ئێسک و شێرپەنجەی خوێن ئەم شیکاریە ئەنجام دەدرێت.

٦- لەکاتی دەرکەوتنی نیشانەکانی بوونی گرفت لە سیستمی خوێن مەیندا (خوێن بەربوون یان خوێن مەیینی نائاسایی).

٧- خوێن بەربوونی بێ هۆکار و ئاسان شینبوونەوە.

٨- تۆپەڵبوونی خوێن و خوێن مەیین لە ناو بۆریەکانی خوێندا (کاتێک کە پێویست نییە ڕوویدات)

٩- بوونی خوێن لە میز و پیساییدا.

١٠- ئاسان برینداربوون و خوێن بەربوونی پووک.

١١- تووندی سووڕی مانگانە (بوونی خوێنی زۆر).

١٢- خوێن بەربوونی لووت (بێ هۆکار و دووبارە بوونەوەی).

١٣ ئاوسان و ئازاریی جومگەکان.

١٤ لەکاتی بوونی نەخۆشیکانی جگەر کە کاریگەری لەسەر سیستمی خوێن مەیین بکات.

مانای پشکنینەکە چی دەگەیەنێت؟

١- کاتێک بڕی (PT)(INR) لە بڕی ئاسایی زیاترێت مانایی وایە کردادی خوێن مەیین کاتێکی زیاتر دەخایەنێت، ئەمەش دەکرێت بەهۆی یەکێک لە هۆکارەکانی وەک (کەمی ڤیتامین کەی (vitamin K)، بوونی گرفت لە یەکێک لە هۆکارەکانی مەیاندن دا (Coagulation Factor)، بوونی نەخۆشیی جگەر، زیاد بەکارهێنانی دژەمەیاندنەکان وەک (Warfarin)...

٢- ئەگەر بڕی (PT)(INR) لە بڕی ئاسایی کەمترێت مانایی وایە کرداری خوێن مەیاندن خێراتر لە باری ئاسایی خۆی ڕوودەدات.

تێبینی: هەندێک لە دەرمان و خواردن و خواردنەوەکان کاریگەری لاوەکیان دەبێت لەسەر بڕی (PT)(INR):

١- خواردنەوە کحولیەکان.

٢- بەشێک لە ئەنتی بایۆتیکەکان (Antibiotics) دەبنە هۆی زیادبوونی بڕی (PT)(INR).

٣-ئازارشکێن و دەرمانی دژەسکپڕی و وەرگرتنی ڤیتامین کەی (vitamin K) و بەشێک لە چارەسەرە هۆرمۆنیەکان دەکرێت ببنە هۆی کەمکردنەوەی بڕی (PT)(INR).

(گۆشت، جگەری ئاژەڵ، چای سەوز، بڕۆکلی، شێلم) کار لە بڕی (PT)(INR) دەکەن.

شیکاریە پەیوەندارەکان بە:

١- PTT test

٢- Platelet Count

٣- Von Willebrand Factor test (VWF)

٤- Fibrinogen testing

Coagulation Factor (V, VII and X

PTT Test
(Partial thromboplastin time)

ئەم پشکنینە دەکرێ بۆ زانینی ڕێژەی خوێن مەینی ناوەکی دەکرێ کە هیپارین وادەکات کاتی مەین PTT زیاد دەکات
دەبێت نەخۆش ٦ سەعات بێت نانی نەخواردبێت وە کاتی کە هیپارین تازە لەو قۆلەی دا بیت نابیت لەو قۆلە وەربگیری.ئەو پشکنینە وەرناگیری کاتی کە گورچیلەی دەشورێ.
شیکاریی (PTT) توانایی و کاتی خایەندراو بۆ خوێن مەیینی ڕوونەکاتەوە، لەکاتی برینداری یان خوێن بەربوون دا سیستمی خوێن مەیاندن چالاک دەبێت بە چالاک بوونی چەندن هۆکاری مەیاندن (Coagulation Factors) و کاتێکی دیاریکراو دەخایەنێت. شیکاریی (PTT) بڕی کاتی خایەندراو بۆ پرۆسەی خوێن مەیاندنەکە پیشان دەدات، کەم بوون یان باش کارنەکردنی هەریەکێک لە هۆکارەکانی مەیاندن کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئەنجامی شیکاریی (PTT) دەبێت و کاتی خوێن مەیین زیاد دەکات و مەترسی خوێن بەربوون دروست دەبێت، بڕی (PTT) دەکرێت هەندێک جار بەهۆی دژەتەنەکانەوە گۆڕانی بەسەردابێت کە لەش دژی چەند پێکهاتەیەکی لەش درووستی دەکات وەک (Antiphospholipid).

بۆچی پشکنینی (PTT) ئەنجام دەدرێت؟

شیکاریی (PTT) بۆ نەخۆشیەکی دیاریکراو ئەنجام نادرێت، بەگشتی شیکاریی (PTT) لەگەڵ شیکاریی (PT) پێکەوە ئەنجام دەدرێن، هەرنائاسایی بوونێک لە بڕی (PTT) دەکرێت بەهۆی یەکێک لەم هۆکارانەوە بێت:

١- نارێکی لە بڕ و فەرمانی یەکێک لە هۆکارەکانی مەیاندن (Factors (XII, XI, IX, VIII, X, V, II (Prothrombin), and I (Fibrinogen)).

٢- بەهۆی کاریگەری یەکێک لە دژەتەنەکانی لەشەوە وەک (Antiphospholipid) (Lupus Anticoagulant).

٣- بەهۆی کاریگەیی دژەمەیاندنەکانەوە (Anticoagulant) وەک هیپارین (Heparin).

٤- بەهۆی چەند جۆرە نەخۆشیەک.

کەی پشکنینی (PTT) پێویستە ئەنجام بدرێت؟

١- لەکاتی ئاسان خوێن بەربوون و شین بوونەوە.

٢- لەکاتی مەینی خوێن لە یەکێک لە بەشەکانی لەشدا.

٣- لەکاتی نەخۆشی جگەری درێژخایەن.

٤- لەکاتی بوونی گرفت لە سیستمی مەیاندنی خوێندا.

٥- لەکاتی لەبارچوونی منداڵ و چەندبارە بوونەوەی لەبەرچوونەکە.

٦- لەکاتی وەرگرتنی چارەسەری (Heparin) بۆ چاودێری کردنی بڕی چارەسەری وەرگیراو (کە بەگشتی بۆ بەرگری کردن لە مەیینی خوێن و هەندێ باروودۆخی وەک جەڵدەی دڵ و نەخۆشیەکانی دڵ بەکاردێت).

٧- پێش ئەنجامدانی نەشتەرگەری.

٨- لەکاتی بوونی گرفت لە سیستمی بەرگری لەشدا(Immune System Disorder).

٩- لەکاتی دەرکەوتنی نیشانەکانی خوێن بەربوون.

مانای ئەم پشکنینە چی دەگەیەنێت؟

١- ئاسایی بوونی بڕی (PTT) مانایی ئاسایی بوونی سیستمی مەیاندن دەگەیەنێت.

٢- بەرزی بڕی (PTT) مانایی وایە کاتی خایەندراو بۆ خوێن مەیین زیاترە لە بڕی ئاسایی کە ئەمەش چەندین هۆکار کاری تێ دەکەن لەوانە:

٣- نەخۆشی کەمی هۆکاری (Von Willebrand Factor)، گرفتی خەپلەکانی خوێن.

٤- کەمی هۆکارەکانی مەیاندن(Coagulation Factors).

٥- بڕی ڤایتامین کەی (Vitamin K).

٦- لەکاتی (Hemophilia A orB).

٧- بوونی نەخۆشیەکانی جگەر.

٨- وەرگرتنی بڕی زیاد لە پێویست لە دژەمەیانندەکانی وەک (Heparin).
٩-دەکرێت بەهۆی بوونی نەخۆشی شێرپەنجەی خوێنەوە بڕی (PTT) زیادبکات.
١٠- بەهۆی بوونی گرفت لە سیستمی بەرگری لەش.

کەمی بڕی (PTT) مانایی وایە کاتی خایەندراو بۆ مەیینی خوێن کەمترە لە بڕی ئاسایی:

١- دەکرێت لەباری (Disseminated Intravascular Coagulation (DIC)).
٢- لەکاتی شێرپەنجەکانی پەنکریاس وکۆلۆن و هێلکەدان.
٣- لەکاتی بوونی هەندێک بارودۆخی هەوکردن یان لوو دا کە ببێتە هۆی زیادبوونی (Factor VIII) کە کاتییە و پاش نەمانی بارودۆخەکە بڕی (PTT) ئاسایی دەبێتەوە.
٤- چەندین هۆکار کار لە ئەنجامی شیکاریی (PTT) دەکەن لە گرنگترینیان:
زیاد بەکارهێنانی هیپارین (Heparin).
دەرمان لەوانە (Chlorpromazine)(Aspirin)(Vitamin C)(Antihistamines)).

پشکنینە پەیوەندارەکان :-

١-Prothrombin Time Test (PT)
٢- Clotting Time
٣- Platelet Count
٤- Fibrinogen Testing
٥- Coagulation Factor Tests (X, V, VIII)
٦- Lupus Anticoagulant Testing
٧- Antiphospholipid Ab
٨- Von Willebrand Factor

D.Dimer Test

ئەو پشکنینە دەکرێ کاتێک هەست دەکرێت کە دەمارە ناوەکیەکان گیراون یان قەپات بونی سینگ ئەو دروست کەرەیە کە دروست دەکرێن لە تێکشکانی فایبرین لە مەینی خوێن، بوونی لە خوێن دەلالەت لە بونی مەینی خوێن دەکات بەلام شوێنی مەینی و هۆیەکەیت پێ نالێت.

لە هەندێ حالەت ئەرێنی دەبێ:

١- کاتی دوای نەشتەرگەری

٢- لە ئافرەتی دووگیان دا

٣- لە پیراندا

٤- لە هەندێک شێرپەنجە دا

٥- نەخۆشی جەرگ و گورچیلە

زیاد دەبێت لەم حالەتاندا

١-ئەگەر شێرپەنجە هێلکەی هەبێ (CA125)

٢-سەدمەی کارەبای دڵ

٣- چارەسەری بە دەرمانی (letrozole) لە شێرپەنجە سیینگ

٤-پاش نەشتەرگەری جراحی

دیاری کردنی شوێنی مەینی خوێن

١-گیرانی دەمارەکان: هەندێ جار بەشیک لە دەمارەکان مەین تێدا دروست دەبێ بەهۆی رۆشتنی خوێن دەروات تا دەگاتە سیەکان و دەبێتە هۆی گیرانی دەماری سیەکان کە وادەکات نەخۆشەکە ئازارێکی زۆری هەبێت وای لێ دەکات هەناسە بەگرانی بدات دڵ لە خۆ بونەوە هەندێ جار دەبێتە هۆی مردن .

٢- دیاری دەمارە ناوەکیەکان (قوڵەکان)

D.Dimer Test

ئەو پشکنینە دەکرێ کاتێک هەست دەکرێت کە دەمارە ناوەکیەکان گیراون یان قەپات بونی سینگ ئەو دروست کەرەیە کە دروست دەکرێن لە تێکشکانی فایبرین لە مەینی خوێن، بوونی لە خوێن دەلالەت لە بونی مەینی خوێن دەکات بەلام شوێنی مەینی و هۆیەکەیت پێ نالێت.

لە هەندێ حالەت ئەرێنی دەبێ:

١- کاتی دوای نەشتەرگەری

٢- لە ئافرەتی دووگیان دا

٣- لە پیراندا

٤- لە هەندێک شێرپەنجە دا

٥- نەخۆشی جەرگ و گورچیلە

زیاد دەبێت لەم حاڵەتاندا

١-ئەگەر شێرپەنجە هێلکەی هەبێ (CA125)

٢-سەدمەی کارەبای دڵ

٣- چارەسەری بە دەرمانی (letrozole) لە شێرپەنجە سیینگ

٤-پاش نەشتەرگەری جراحی

دیاری کردنی شوێنی مەینی خوێن

١-گیرانی دەمارەکان: هەندێ جار بەشێک لە دەمارەکان مەین تێدا دروست دەبێ بەهۆی رۆشتنی خوێن دەروات تا دەگاتە سیەکان و دەبێتە هۆی گیرانی دەماری سیەکان کە وادەکات نەخۆشەکە ئازارێکی زۆری هەبێت وای لێ دەکات هەناسە بەگرانی بدات دڵ لە خۆ بونەوە هەندێ جار دەبێتە هۆی مردن .

٢- دیاری دەمارە ناوەکیەکان (قوڵەکان)

١- بە هۆی راداری سەروی دەنگ



٢- بەهۆی بینین بە ئەشیعە
٣- سەیرکردنی بە رەنین
٣- جەڵتەی دەماری سطعی
٤- گیرانی دەماری سیەکان

تێبینی: زیادبونی d.dimer دەلالـەت لەبونـی فایبرییـن دەکات، فایبرینیـش دەلالـەت لـە بونـی جەڵتـە (خوێـن مەیـن) دەکات، چونکـە فایبرینـەکان بەیەکـەوە کـە چەنـد ئیشـکەریکن کاردەکـەن بـۆ لەناوبردنـی مەیـن لـە خوینـدا .

Anti thrombin Test

دژە ثرۆمبین: پرۆتینێکە دەردەدرێت لەلایەن جەرگ کە یارمەتیدەرە بۆ رێک خستنی نەهێشتنی روودانی جەڵتە، ئەم پشکنینە دەکرێ بۆ زانینی ئایا خوێن مەیین رویداوە بۆ دیاری کردنی کەمی دژە ثرۆمبین.

کەی ئەم پشکنینە دەکرێ:

پاش دوومانگ لە روودانی جەڵتەی خوێن یان کاتێک چارەسەری هیپارین وەڵام ناداتەوە، ئەم پشکنینە داوا دەکری لەگەڵ پشکنینی خوین مەیاندن (تخثر دم) بۆ زانینی چەن بارەبونەوەی تۆپەلە بوونی خوین.
یەکەم جار پشکنینی thrombin دەکرێ بۆ ئەوەی بزانرێ کە ئاستی ئاسایە ئەگەر ئاستی ئاسایی بوو ئەوا anti thrombin بۆ دەکرێ لەوانەیە ئەو دوو پشکنینە بکرێ بۆ زانینی جۆری یەکەم یان دووەم.
تێبینی:-
جۆری یەکەم پشکنینی thrombin
جۆری دووەم پشکنینی anti thrombin

ئەگەر پشکنینەکە نزمبونی یەکێک لەم نەخۆشیانەی هەیە

١- نەخۆشی جەرگ ٢- رەقبونی دەمارەکان ٣- سوتان ٤- نەخۆشی دەماری دڵی ٥- شێرپەنجە ٦- بە مۆم بونی جەرگ ٧- ئلتهابی دەماری کە دەبێتە هۆی تۆپەڵ بون .

ئەگەر پشکنینەکە بەرزبوو یەکێک لەم نەخۆشیانەی هەیە:-

١-کەمی کارتێکەری(v– vll) ٢-زەردوی ٣-هیمۆفیلیا لە جۆری A-B ٤-چاندنی گورچیلە ٥-کەمی ڤیتامین K

ئەو دەرمانانەی کە وادەکات بەرز بێت:-

١-سترۆیدات بانیە ٢-الاندرۆجینات ٣- هدرۆکس کومارین ٤-جیم فیبروزیل

٥-حەبی دژە مەین دووگیانی ٦-بروجیسترون ٧-وارفارین

ئەم دەرمانانەی وادەکات ئەنجامی پشکنینەکە نزم بێت:-

١- استرۆجینات ٢- دەرمان بۆ حاڵەتی فیبرین ٣- جستودین ٤- هیپارین

٥-اسیار جیناز ٦-میثیلبردنیودلون .

Hormones Disease
نەخۆشی هۆرمۆنات

TFT Test
(TSH-T3-T4)
Thyroid Function Test

ڕژێنی پەریزاد (غودە)

ڕژێنی پەریزاد ڕژێنێکی بچووکی شێوە پەپولەییە دەکەوێتە بەشی خوارەوەو پێشەوەی مل، قەبارەکەی نزیکەی پێنج سەنتیمەتر دەبێت، ڕژێنی پەریزاد سوود لەو یۆدە (Iodine)، وەردەگرێت کە لە ڕێگەی خواردنەوە دەیخۆین، ثایرۆید هەڵدەستێ بە ڕژاندنی هەموو ثایرۆکسین(Thyroxine T4) وە بڕێکی بچوک (کەم) لە ترای ئایۆدۆ ثایرۆکسین Triiodothyronine T3. (لە ٨٥٪ی T3 لە خوێندا لە T4 وە دروست دەبێت). (T4) تەمەنی یەک هەفتەیە، (T3) تەنها ١٨ کاتژمێر.

فەرمانی ئەم هۆرمۆنە :-

١-ڕێکخستنی تێکشکانی خۆراك و بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی وزە یان خەزن کردنی یان پرۆسەی وەرگرتن و سوتاندنی خۆراك ڕێك ئەخات.

٢-کارکردنی ئەندامەکان خێراتر یان خاو ئەکاتەوە.

٣-ڕێکخستنی وەرگرتنی ئۆکسجین و بەرهەم هێنانی گەرمی.

زۆری هۆرمۆنەکە (Hyperthyroidism):-

پرۆسەی کارکردنی لەش خێرا ئەکات.

ئەبێتە هۆی نەخۆشییەکی باو ئەویش نەخۆشی (grave)ـە.

نەخۆشییەکی دژە خۆییە(autoimmune disease).

نیشانەکانی بەرزی هۆرمۆنەکە:-

١- دابەزینی کێشی لەش

٢- خێرابوونی لێدانی دڵ

٣- سکچوون

٤- گەورەبوونی ڕژێنەکە

٥- زوو تووڕە بوون

٦- لەش گەرمی (بەرگەی گەرما ناگرن

٧- ماندووێتی.

٨- دەست لەرزین.

٩- قەلەقی و ڕاڕای.

١٠- نەمانی ئارەزووی سێکس کردن و نەزۆکی.

کەمی هۆرمۆنەکە (Hypothyroidism) :-

پرۆسەی کارکردنی لەش و ڕێکخستنی خۆراك خاو ئەبێتەوە.

وەرگرتنی ئۆکسجینی پێویست و گەرم کردنی لەش کەمتر ئەبێتەوە.

نیشانەکانی کەمی هۆرمۆنەکە:-



١- هیلاك بوون

٢- کەمی وزە

٣- زیادبوونی کێشی لەش

٤- خاوبوونی لێدانی دڵ

٥- وشك بوونی پێست و قژ

٦- کەم خوێنی.

٧- کەم خەوی (بێ خەوی)

٨- قەبزی.

٩- خەمۆکی.

دەستنیشانکردنی:-
لەڕێگەی پشکنینی خوێن بۆ هۆرمۆنە پەیوەندیدارەکان بەم ڕژێنەوە
.(T3) (FreeT3) (T4) (FreeT4) (TSH) (TG)(Anti-TG)
سۆنار (Ultra Sound) بۆ دڵنیابوون لە شێوە و قەبارە و لەپەکانی ڕژێنەکە.
وێنەی تیشکی (Thyroid Scan) بۆ دڵنیابوون لە شیوە و شوێن و بارودۆخی ڕژێنەکە.
پشکنینی (Biopsy) لەکاتی بوونی هەر برین و نارێکیەک لە شێوەی ڕژێنەکەدا کە گومانی شێرپەنجەی لێبکرێت بەشێک لە خانەکانی بەشە توشبووەکە دەنێردرێت بو تاقیگەی تایبەتمەند بۆ دەستنیشانکردنی جۆری لوەکە.

مانایی ئەنجامی پشکنینەکان:-
هۆرمۆنی (TSH):
بەرزی ڕێژەی (TSH) بەگشتی مانای کەمی هۆرمۆنەکانی ڕژێنی پەریزادە (Thyroid Gland) کە ناسراوە بە (Hypothyroidism) واتە ڕژێنەکە بری پێویست لە هۆرمۆنەکان دروست ناکات و بەردەوام ژێرمێشکە ڕژێن هۆرمۆنی (TSH) دەردەدات.
کەمی ڕێژەی (TSH) بەگشتی نیشانەی دەردانی زیاد لەپێویستی هۆرمۆنەکانی ڕژێنی پەریزادە (Thyroid Gland) کە ناسراوە بە (Hyperthyroidism) واتە ڕژێنەکە بڕێکی زۆر هۆرمۆنەکان دەردەدات، وایکردوە کە ژێرمێشکە ڕژێن بووەستێت لە دەردانی (TSH) بۆ هاندانی .
هۆرمۆنی (T4):
بەرزی ڕێژەی (T4) نیشانەیە بۆ (Hyperthyroidism): واتە ڕژێنەکە زیاد لە پێویست کاردەکات.
نزمی ڕێژەی (T4) نیشانەیە بۆ (Hypothyroidism): واتە ڕژێنەکە بڕی پێویست لە هۆرمۆنەکە دەرنادات (تەمەڵە) .

هۆرمۆنی (T3):
هەندێک کات ڕێژەی (TSH) و (T4) ئاسایین بەڵام کەسەکە نیشانەکانی نەخۆشی ڕژێنی پەریزاد (غودە)ی پێوەدیارە لەم کاتەدا پەنا دەبرێتە بەر (T3) بۆ دیاریکردن و دەستنیشانکردنی بارودۆخی ڕژێنەکە .

ڕێژەی ئاسای ئەو پشکنینانەی کە تایبەتن بە غودە :-
* T3 ..... 0.92__ 2.33 nmol/l
* T4 .... 60 __120 nmol/l
TSH ..... <0.15 hyperthyroid .... >7 hypothyroid

چارەسەر:-
چارەسەری ئەم نەخۆشیە بەپێی تەمەن و بوونی دووگیانی و قۆناغی نەخۆشییەکە یان سەرهەڵدانەوەی نەخۆشییەکە جۆری چارەسەرەکە دیاری دەکرێت.
١- بەکارهێنانی دەرمان: دەرمان بەشێوەی حەب بۆ ئەو کەسانە بەکاردێت کە تەمەنیان لە (٤٠) ساڵ کەمترە، یان بۆ یەکەمجار نەخۆشییەکەیان دیاریکراوە. و پێویستە بەردەوام لەژێر چاودێری پزیشکدابێت بۆ ماوەی (١٢ – ١٨) مانگ.
٢- نەشتەرگەری: بۆ ئەو کەسانە ئەنجام دەدرێت کە ڕژێنەکە زۆر گەورە بووە کاریگەری لەسەر هەناسە هەیە یان لەبەر جوانکاری، یان بە دەرمان چارەسەر نابێت، یاخود هەڵدانەوەی نەخۆشییەکە پاش چاکبوونی بە دەرمان.
٣- یۆدی تیشکدەر: بۆ ئەو نەخۆشانە ئەنجام دەدرێت کە تەمەنیان لە (٤٠) ساڵ زیاترە، سەرهەڵدانەوەی نەخۆشییەکە پاش نەشتەرگەری لەهەر تەمەنێکدا بێت، یان ئەگەر نەخۆشییەکی تری قورسی لەگەڵدا هەبێت.

Anti Thyroglobulin Test

ئـەم پشـكنینەیە دەكـرێ بـۆ زانینـی غـودەی دەرەقـی لەلایـەن دژە تەنەكانـەوە وە جیاكردنـەوەی لـە ناتـەواوی لـە غـودەی دەرەقـی وە كاتێـك زیـادەكات كـە دژە تەنـەكان بـە هەلـە كاردەكەنـە سـەری كـە وادەكات ئیلتهاباتـی زۆر لـە غـودەی دەرەقی دروست ببێت كە پێی دەوترێ ئیلتهاباتی غودەی دەرەقی و لەناوچونی شانە یـان لـە كاركەوتنـی غـودەی دەرەقی لـە كارەكانـی.

دژە تەنەكانـی ثایرۆگلۆبیـن ئـەو دژە تەنانـەن هێـرش دەكەنـە سـەر ثایرۆگلۆبیـن واتـا غـودەی دەرەقـی.

ئـەم پشـكنینە دەكـرێ بـۆ زانینـی بونـی هـۆكاری غـودەی دەرەقـی گەورەبونـی غودەكە یـان نیشـانەكانی تـری كـە پەیوەندی بـە بـەرزی ونزمـی ئاسـتی غـودەی دەرەقـی هەیە،ئـەو نەخۆشـەی كـە چارەسـەری شـیرپەنجەی وەردەگـرێ، ثایرۆسـین ئەنتی ثایرۆگلۆبولیـن لـە بـۆ دەكـرێ بـۆ ئـەوەی بزانـرێ دژەتەنـەكان بونیـان هەیـە لـە خوێـن.

چ كاتێک ئەم پشكنینە دەكرێت:-

ئەگەر ئەنجامی T4-TSH ناتاسای بووكاتێک كە بەرزیەكی نارێک وگەورەبونی غودەی دەرەقی لەگەڵ دابوو،كاتێک شک لەوە بكات كە بەهۆی نەخۆشی بەرگریەوە توشی بوبێت.

ثایرۆگلۆبولین لە مل دا هەیە كۆمەڵە جۆرە هۆرمۆناتیک دەردەدات كە دەوریان هەیە لە كاری خۆراكی وە چەندان جۆر پرۆتین دەردەدات یەكێک لەوانە ثایرۆگلۆبین بەكاردێت بۆ چالاكبونی غودەی دەرەقی ئەگەر كێشەی بەرگری هەبی ئەوا بەرهەم هێنانی ثایرۆگلۆبین تێكدەچێت كاتێک كۆئەندامی بەرگری تێک دەچیت دژە تەن دروست دەكات هێرش دەكاتە سەر لەش وە كاردەكاتە سەر غودەی دەرەقی زۆربەی كات وەكار دەكاتە سەر ثایرۆ گلۆبین ئەوەش وا دەكات ثیرۆگلۆبین دەردراو دروست بكات بە ناوێ ئەنتی ثایرۆگلۆبین كە زۆربەی دەبێتە هۆی تێكچونی

بەرگری لەش، ئەمەش دەبێتە هۆی کەم خوێنی نزم بونەوەی خانەکانی خوێن خرۆکە سورەکانی کە وادەکات VT.B12 کەم بکات. نەخۆشیێ دەمارە خوێنیەکان و کۆلاجین وەک ئیلتهاباتی مفاصل قلیشانی پێست و شێرپەنجەی غودەی دەرەقی.

ئەگەر ئەنجامی پشکنینەکە بەرز بوو ئەوا:-

١-دەبێتە هۆی نەخۆشی بەرگری ترسناک نەخۆشی دڵ یان غودەی دەرەقی هاشیماتۆ، پشکنینی ثایرۆگلۆبین بەکاردی بۆ زانینی کاری دەرمانەکان بۆ شیرپەنجەی غودەی دەرەقی و هەموو شیرپەنجەیەکی غودەی دەرقی ئەنتی ثایرۆگلۆبین دەرناکات و ئەو پشکنینە ببینین چارەسەری شیرپەنجەیە تا بزانین ثرۆگلۆبین دەردەدات شێرپەنجەکەیە یان هەونیە.

بە رێژەیەکی کەم لە هەموو مرۆڤێک داهەیە بەس بوونی بە رێژەیەکی زۆر لە شێرپەنجەی بەکاردی بۆ زانینی وەرم دەبێت دوای نەشتەرگەری لابردن نەمێنی یان کەم بێت یان دوای چارەسەر بەڵام دوای چارەسەریش هەر هەبوو ئەوا دەلالەت لە بونی شانە و خانەی نائاسایی دەکات بۆیە دەبێت لەسەر چارەسەر بەردەوام بێت.

چ پێویستە بیزانین لەم پشکنینە:-

زیادی ثایرۆگلۆبین تشخیس نیە بۆ شێرپەنجە بە تەنیا بەلکو دەبێ پارچەیەک وەربگیرێ لە نەخۆش زەرع بکرێت بۆ تکید بون لە بوونی شێرپەنجەی غودەی دەرەقی .

نزمی ئاستی هۆرمۆنی غودەی دەرەقی نیشانەکانی:

١- قەڵەوی ٢- وشک بونی پێست ٣-پرچ هەڵوەرین ٤-تووڕەبونی زۆر ٥-هێڵنج هاتنەوە

بەرزی ئاستی هۆرمۆنی غودەی دەرەقی نیشانەکانی:

١- ئارەقەکردنی زۆر ٢- خێرالیدانی دڵ ٣- لەرزینی دەست وپەنجە ٤- لاوازبوون و درەنگ خەوتن.



FTI Test
Free thyroxine index

ئەم پشكنینە دەكرێ بۆ زانینی ڕێژەی چەندی غودەی دەرەقی سەربەست گرنگی هەیە لە دیاریكردنی thyroxine (t4) وە هەروەها دەكرێ بۆ جیاكرنەوەی غودەی دەرەقی وە زیادەی غودەی دەرەقی وە حاڵەتەكانی و كەمی غودەی دەرەقی

تێبینی: بۆ دڵنیابوون بە غودەی دەرەقی دەكرێ و ئەگەر t4 لە ١٢٠ بەسەرەوە بۆ ئەوا غودەی سامەیە.



Anti TPO test
Anti- thyroid peroxidase

ئەم پشکنینە بەکاردی بۆ زانینی بەکاردێ بۆ زانینی ئیلتهاباتی (Hashimato thyroiditis) غودەی دەرەقی دژی ئەنزیمی دەرەقی کار دەکات، بەشداری دەکات لە دروست بونی هۆرمۆنی دەرەقی کە لە T4 T3 بەرهەم دێت. ئەو ئەنزیمە بەرگریە بەرزدەبێت لەو نەخۆشانەی کە غودەی دەرەقیان تەواونیە (Autoimmum Hypothyroid)، لەو نەخۆشانەی کە دەناڵێنن بە دەست نەخۆشی (Graves disease) ئەو خانە بەرگریە نزیکەی ٥٪ هەیە لەو نەخۆشانەی کە غودەیان بە تەواوی ئیش دەکات، ٩٥٪ دەبێت لەو نەخۆشانەی کە دەناڵێنن بە دەست غودەی دەرەقی کە پێی دەڵێن (Hashimato thyroiditis).

TSH Receptor Test

زیادبونی چالاکی رژێنی غودە نەخۆشیەکی بەرگری خودیە ئەو تەنانە کاری دەکەنە سەر کە لە خانەی tshدا هەیە، دیاری کردنی رێژەی نەخۆشیەکە پشت دەبەستێت بە نیشانەکانی وە کردنی پشکنین کە دڵنیادەکاتەوە کە ژەهراوی بونی غودەی دەرەقی هەیە یان نیەتی وەک:

١- گەورەبونی غودەی دەرەقی

٢- زەق بونی چاو

٣- زیادبونی غودەی دەرەقی

Receptor کە دروست دەبێ دژی tsh دەچێتە ناوکی thyroid follicular cells کە وادەکات ثایرۆید بە رێژەیەکی زۆر زیاد بکات و هەروەها بەهۆی ئەو دژە تەنانە کە لە خوێن دا هەیە دەبێتە هۆی دیاری کردنی نەخۆشی گرافس ئەو نەخۆشیە بەشێوەیەکی بەرچاو کار دەکاتە سەر زەقی چاو .

کاریگەری زۆر دەردانی ثایرۆید:-

١- بەرز بونەوەی پلەی گەرمی ٢-کەمبونەوەی کێش زیادبونی حەزکردن بە خۆراک ٣- بەرز بونەوەی پەستانی خوێن ٤- سک چون و زیاد بونی جولەی کۆئەندامی هەرس ٥-کاردەکاتە سەر گەشە ٦-گۆڕانکاری لە هەلسوکەوت ٧- بێتاقەتی ٨- کەم بونی دروست بونی هێلکە لە ئافرەت ٩- کەمبونی پرچ و زوو شکانی نینۆک و بریندار بونی پێست .

AMH Test
Anti mullerian hormone

ئەو هۆرمۆنەیە کە دەردەدرێ لە لایەن شانەی تناسلی
هۆرمۆنێکە لەلایەن کۆئەندامی زاوزێ (هێلکەدان و گوونەکان)ەوە دەردەدرێت ڕۆڵی هۆرمۆنەکە پشت بە ڕەگەز و تەمەنی کەسەکە دەبەستێت، لە منداڵی کچ دا بڕێکی کەم لەم هۆرمۆنە بەرهەم دێت و ڕێگە بە دروست بوون و گەشەکردنی کۆئەندامی زاوزێی مێینە دەدات، لە کچانی تازە پێگەیشتوو بڕەکەی بە کەمی دەمێنێتەوە تا تەمەنی هەرزەکاری تا ئەوکاتەی لە هێلکەداندا هێلکەکان دەست بە گەشەکردن دەکەن لەگەڵ گەشەکردنی هێلکەکاندا بڕی هۆرمۆنەکە وردە وردە بەرەو زیاد بوون دەچێت، هۆرمۆنەکە لە ساڵەکانی چالاکی وەچەخستنەوەدا بە بەرزی دەمێنێتەوە تا نزیکی تەمەنی نائومێدی پاشان زۆرکەم دەبێتەوە تا وای لێدێت لە دوای تەمەنی نائەمێدی بەتەواوی لاواز دەبێت.
ژمارەی هێلکەکان لە کەسێکی ئاسایدا دیاریکراوە و هەر هێلکەیەک بە پرۆسەیەکی بایۆلۆجی (Follicle Maturation) دا دەڕوات تا ئامادەی پیتاندن دەبیت و مانگانە یەک هێلکە بەم پرۆسەیە گەشەدەکات پاشان ئامادەی پیتاندن دەبێت، ئەم پرۆسەیەش لەلایەن کۆمەڵێک هۆرمۆنەوە پاڵپشتی دەکرێت وەک (AMH)(FSH)(LH).
بڕی (AMH) نیشاندەری گەشەکردنی هێلکۆکەیە واتە تا بڕی (AMH) جێگیر و تەواو بێت نیشانەی تەواوی و تەندروستی و پێگەیشتنی هێلکەکانە. (AMH) باشترین هۆرمۆنە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دابەزینی توانای هێلکەدانەوە هەیە بۆ دروستکردنی هێلکە و دیاریکردنی بارودۆخی تەندروستی هێلکەدان.

فەرمانی لە ئافرەت پێگەیشتودا

١- کاری ئاگاداری و توندی هێلکەیە
٢- بۆ زانینی ئەنجامی شێرپەنجەی هێلکەیە
٣-ب ۆ زانینی کیسە لەسەر هێلکەدان

٤- بۆ زانینی جۆری ڕەگەزی منداڵەکە کوڕ بێ یان کچ
٥- ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە سوری مانگانەدا

پشکنینی (AMH) دەکرێت بۆ یەکێک لەم مەبەستانە ئەنجامبدرێت:-

١- لە ئافرەتاندا بۆ دیاریکردنی چالاکی هێلکەدان و پیتاندن . ڕەنگە یارمەتیدەربێت بۆ دیاریکردنی بڕی هێلکەی شاراوەی ئامادە بۆ بوون بە هێلکەی پێگەیشتوو، یان پێشبینیکردنی دەستپێکی تەمەنی (نائومێدی) (Menopause) چونکە ژمارەی هێلکەکان دیاریکراوە.

٢- بۆ دەستنیشان کردن و پێشبینی توشبوون بە. کیسی هێلکەدان (Polycystic Ovarian Syndrome) (PCOS).

٣- بۆ دیاریکردنی هەندێک جۆری شێرپەنجەی هێلکەدان (کە ئەم جۆرە شێرپەنجانە هۆرمۆنەکە دەردەدەن)، لەم بارەشدا وەک چاودێرێک بۆ چاودێری بارودۆخی شێرپەنجەکە یان کاریگەری دەرمان سودی لە ڕێژەی (AMH) وەردەگیرێت.

٤- بۆ دیاریکردنی ڕەگەزی ئەو منداڵانەی کە ئەندامی زاوزێیان بەتەواوی ڕەگەزیان دەستنیشان ناکات(Ambiguous Genitalia).

٥- دیاریکردنی چالاکی و تەندروستی گونەکان لەو منداڵانەی کە گونەکانیان دیارنییە کەلەدایک دەبن لەنێو سکیاندایە.

٦- بۆ دیاریکردنی چالاکی هێلکەدان و توانای سکپڕبوونی ئەو کەسانەی کە چاودێری دەکرێن بۆ پرۆسەی دانانی منداڵی بلووری (IVF).

ئەنجامی شیکاریەکە چی دەگەیەنێت؟

١- لە تەمەنی ترۆپکی منداڵبووندا کەمی ڕێژەی (AMH) کەمی ژمارەی هێلکە و ناتەندروستیان لە ڕووی گەشەکردنی هێلکەکانەوە نیشان دەدات. کە ئەگەری پتاندنیان کەمدەکاتەوە، دابەزینی ڕێژەی (AMH) دوای تەمەنی نائومێدی ئاساییە.

٢- زۆر زیاد بەرزبوونەوەی ڕێژەی هۆرمۆنەکە دەکرێت نیشانەبێت بۆ بوونی کیس لە هێلکەداندا (Polycystic Ovarian Syndrome) (PCOS) یان نیشانەیەکی باش بێت بۆ ئەوکەسانەی لەژێر چاودێری و چارەسەریدان لە پرۆسەی دانانی منداڵی بلودیدا (IVF).

٣- کاتێک وەک نیشانەیاکی شێرپەنجە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت دابەزینی بڕی هۆرمۆنەکە کاریگەری دەرمانەکانمان بۆ دەردەخات.
٤- لە منداڵی کوڕدا کەمی بڕی (AMH) ڕەنگە پەیوەندی بە جینی (AMH gene) وە هەبێت کە دەکەوێتە سەر کرۆمۆسۆمی (١٩). کە دەبێتە پوکانەوە یان لەکارکەوتنی گوونەکان و تێکچوونی پێکهاتەی ناوەوەی ئەندامەکە.

تێبینی: ئاستی AMH لە کچی بچوک کەم دەبێ هەتا کاتی باڵغ بوون وە کاتێک هێلکە دروست دەبێ لە رحمی ئافرەتدا ئاستی AMH بەرزدەبێ پاشان دەگەڕێتەوە باری ئاسای خۆی وە لە ئافرەتی بەسالاچوو ئەوا AMH نامێنێ واتا ناتوانرێ دیاری بکرێ .

لە ئافرەتدا نزم دەبێتەوە لەم حالاتانەدا

١-مندال پێش کاتی ئاسای خۆی ببێت(لەبارچون)

٢-لە ژێر فشاردابێت

٣-لەکاتی سوری مانگانە چونە وە



لە ئافرەتدا بەرزدەبێتەوە لەم حالاتانەدا

١-بونی کیسە لەسەر هێلکەدان

٢-شێرپەنجەی هێلکە

لە پیاو نزم دەبێتەوە لەم حالاتانەدا

١-ناڕێکی لە دروسبونی ئەندامی زاوزێ

٢-ناڕێکی لەکاری دروستبونی هێلکە



ACTH Test
Adrenocorticotropic hormone

ئەو هۆرمۆنەیە لە سەرچەوری گورچیلە دا هەیە وە پێی دەڵێن غودەی کظری لە راستیدا دوو غودەی صماوینە کە دەکەوێتە لای تەنیشتی عامودی فقری کە سەروی گورچیلە دادەپۆشی کە دەچەسپێت بەسەر دیواری پشتەوەی زگ لەبەر ئەوە ناتوانی بجولێ لەکاتی جولانی گورچیلەدا.

کێشی ٥-٧ گرامە پرە لە مولولەی خوێن

غودەی کظری پیکدێت لە دوو بەشی سەرەکی ئەوانیش قشرە (بەشێکی سورە پرە لە ملولەی خوێن) و دڵ کە قشرە نزیکەی ٪٨٠ غودەیە وە دڵ ٪٢٠. کە هەر یەکەیان کارێکی جیاوازی هەیە کە قشرە هۆرمۆنی کۆرتیزۆل و اندسترۆن دەردەدات بەلام دڵ (الدوبامین — النورابنیفرین — الابینیفرین)دەردەدات کە تێدا غودەی نخامی لە دەماغ دا کاری رێکخستنی ئاستی کۆرتیزۆلە بەرزبونەوەی ئاستی هۆرمۆنی غودەی کظری ئاستی کۆرتیزۆل بەرزدەبێی ئەواکێشە هەیە لەغودەی نخامی دا بەڵام نزم بونەوەی ئاستی هۆرمۆنی کظری وە بەرزبونەوەی ئاستی کۆرتیزۆل ئەوا کێشە لە غودەی کظری هەیە.

هۆرمۆنێکی کارایە زیاد دەکات لە هەندێ نەخۆشی

١- نەخۆشی ئەدیسۆن

٢- گەورەبونی غودەی کظری

٣- نەخۆشی کوشنج

٤- بوونی گرێ لە دەرەوەی رحم

وە کەمی دەبێتە هۆی

١-گرێی گودەی کظری

٢-کەمی غودەی نخامی

بۆچی پێویستە ئەو پشکنینە بکرێ

١-بۆ زانینی نەخۆشی کظری و نەخۆشی غودەی نخامی

٢-نەخۆشی کوشنج

٣-نەخۆشی ئەدیسۆن

٤-بونی گرێ ی غودەی کظری

٥-گرێ غودەی نخامی

کەی پێویستە ئەم پشکنینە بکری

١-لە کاتی زانینی بەرزی و نزمی کۆرتیزۆل

تێبینی: دەبیت نەخۆش بەرۆژو بێت باشترینە وە بەتایبەتی ٨ بەیانی خوێنی لی وەربگیرێت



Pt in blood Test
(Pregnancy Test)

بریتیە لە پێوانی هۆرمۆنێک بەناوی Human Chorionic Gonadotropin لە دوای یەکگرتنی تۆ و هێلکە لە لایەن وێلاشەوە ئەم هۆرمۆنە دەردەدرێت و دوای ٧ بۆ ١٢ ڕۆژ لە دەردانیشی لە ڕێگەی پشکنینەوە دەردەکەوێت هەندێک جار پێش ٧ ڕۆژیش لە پشکنین دەردەکەوێ، پشکنینی دووگیانی دەتوانین لە ڕێگەی خوێن و میزیشەوە ئەنجامی بدەین . بەلاّم لە ڕێگەی خوێنەوە زووتر دەردەکەوێت وەک لە ڕێگەی میزەوە.

نیشانەکانی دوو گیانی:-

١- دواکەوتنی سوڕی مانگانە.
٢- هەڵئاوسان و گەورەبونی سک.
٣- سەر سوڕان و ڕشانەوە.
٤- زۆر میز کردن.
٥- شەکەتی و هەست بە مانویەتی کردن.

BHCG Test
(Beta-the human chorionic gonadotropin)

رێژەی غودەی تناسلی بۆ ناوکە پەتک دەکرێ تاکو بزانرێ ئاستی ئەم هۆرمۆنەی چەندە کە لە خانەی دووگیانی دەردەدرێت لەکاتی دووگیانیدا خانەکانی ناوکەپەتک دەست دەکەن بە تەواوکردنی (مشمیە).

ولاش: کیسێکە کە خۆراک دەدات بە هێلکە لە خوێن دوای ١١ رۆژ دەتوانرێ دووگیان بون بزانری لە رێگای ئەم پشکنینە کە ئاستی ٤٨-٧٢ دەگۆرێ بەرز دەبێ تا دەگاتە ٨-١١ هەفتە دوای دووگیانی پاشان کەم دەبێتەوە دەگەرێتەوە رێژەی ئاسایی خۆی.

بۆچی ئەم پشکنینە دەکرێ:

١- بۆ دلنیابونی دووگیانی

٢- بۆ دیاری کردنی دووگیانی نائاسای وەک دووگیانی دەرەوەی رەحم

٣- بۆ دیاری کردنی لەباربردن ئایا تەواو لەبار چوە یان پارچەی ماوەتەوە لە ناو رەحمی دایک .

هەندێک جار دەکرێ لەکاتی دووگیان کە دەرمان دەدرێ بە دایک یان لە کاتی گرتنی چەند جارێک ئەشیعە بۆ ئەوەی بزانرێ کە منداڵەکە پارێزراوە هیچ زیانێکی بەرناکەوێت بەهۆی ئەو دەرمانە .

هیچ هۆکارێکی تر هەیە بۆ کردنی ئەم پشکنینە:-

١- بوونی گرێ (ئەم هۆرمۆنە دەردەدرێ لە کاتی بوونی هەندێ گرێ)

٢- بۆ زانینی جۆری شێرپەنجەیە وەک (شێرپەنجەی رەحم -شێرپەنجەی سی- شێرپەنجەی سینگ - شێرپەنجەی هێلکەدان)

بەرز دەبێ لە هەندێ حاڵەتی نا شێرپەنجەی:-

١- لە ناوچونی جەرگ ٢- ئیلتهاباتی ریخۆلە

تێبینی: لەپیاو دا بەرزبونی لە لەوانەیە بەهۆی بونی شێرپەنجە لە گون ئەگەر هەستی کرد کە گرێ لە گون هەیە دکتۆر داوای ئەم پشکنینە دەکات بۆ ئەوەی بزانرێ کەوا شێرەپەنجەیە یان نا ئەگەر بەرزبوو چەند پشکنینێکی تری بۆ دەکرێ بۆ تەکید کردنەوەلە بونی شێرپەنجە.

نزمی لە کاتی دووگیانی واتای چیە:

١- هەڵە لە ژماردنی هەفتەی دووگیانی

٢- لەوانەیە لە باریچێ یان هێلکەکە بێ هێز بێت

٣- دووگیان بون لە دەرەوەی رەحم

بەرزی لە حاڵەتی دووگیانی دا:-

١- هەڵە لە ژماردنی مێژوی دووگیانی

٢- حمل عنقودی (واتە لە دەرەوەی رەحم)

٣- بوونی دووانە یان سێ منداڵ لە سکی دایک

تێبینی: هەموو جارێک لەوانەیە پشکنینەکە لە سەدا سەد راست بێت هەندێک جاریش لەوانەیە درۆینە بێت.

ئەم پشکنینە هەندێ جار ئەرێنی دەبێ بەهۆی هەندێک دەرمان (Profasi-pergonal pregngi) کە هەندێکیان ئەم هۆرمۆنەی لە پێکهاتەیان دا هەیە.

ئەم پشکنینە بۆچی دەکرێ :

١-بونی گرێ لە گون

٢-گرێ خانەی جرثومی هێلکەدان

٣-گرێی غودەی تناسلی ولاش

٤-بۆ چاودێری کردنی دەرمان لەو نەخۆشانەی کە گرێیان هەیە.

هۆرمۆنێکە دەردەدرێن لە لایەن غودەی تناسلی لە وڵاش لە کاتی دووگیانیدا، پشکنینی بێتا ئەو پشکنینەیە کە بۆ دووگیانی دەکرێ کە ئاستی دووئەوەندەی زیاد دەکات هەردوو رۆژجارێک لە چواری یەکەم عادەتەن منداڵ لە سۆنەر دەرناچێت کاتێک لە سەروی ١٥٠٠یە کاتێک ئاستی زیاتر لە ٤٠٠٠ یەکە زیاتر بێت ئەوکات لە سۆنەر دەردەچێت بۆیە پشت دەبەسترێ پێی لە سەرەتای دووگیانی کە بزانرێ هەیە یان نییە.

Cortisol(AM-PM) Test

ACTH هانی بەرهەم هێنانی کۆرتیزۆل دەدات کە لە پتوتەری گلاند بەرهەم دەدرێ وە کۆرتیزۆڵ لە ئەدرینەل گلاند دروست دەبێ، فەرمانی یارمەتی رێکخستنی کۆئەندامی بەرگری دەدات، ئەم پشکنینە دەبێ بەیانیان سەعات ٨ بکرێ وە ئیوارانیش درەنگ بکرێ، چونکە ئاستی کۆرتیزۆل بەیانیان زۆر زۆرە ئیوارانیش زۆر کەمە . وە دەبێتە هۆکاری گەشەی ناتەواو بۆ نمونە ئەوانەی دەستیان کورتە ...هتد.

ئەم پشکنینە بە چەند ڕێگایەک دەکرێ

١- ٢٤ سەعات لە یورینی دەکرێ

٢- لە ڕێگای لیک دەکرێ

٣- لە ڕێگای خوێن دەکرێ

ئەم پشکنینە ئەو نەخۆشیە دیاری دەکات ئەگەر زیاد بوو:-

١- Cushings syndrome

٢- Addisons disease

نیشانەکانی زۆری کۆرتیزۆل :-

١-ماندی بون

٢-گەرماو سارما بون

٣-سەدمە

٤-بەرز بونەوەی پەستانی خوین

٥-قەلەوی

نیشانەکانی کەمی کۆرتیزۆل

١- لە دەست دانی کێش

٢- لاواز بونی ماسولکە

٣- هیلاک بون

٤- نزم بونەوەی پەستانی خوێن

٥- ژانە سک

لە وانەیە هۆکاری کەمبونەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی

١-بتوتەری گلاند کێشەی هەیە لەوانەیە ببێتە هۆی شێرپەنجە

٢-یان ئەدرینەل گلاند کێشەی هەیە دەبێتە هۆی نە خۆشی



DHEA Test
(Dehydroepiandrostcron sulphate)

ئـەم هۆرمۆنـە دروسـت دەبـێ لـە ئەدرینـاڵ گلانـد. کـە لـەش زیاتـر لـە سـەد ئەوەنـدەی تێستێسـتیرۆن وە هـەزار ئەوەنـدەی ئسـترۆجین دەری دەدات بـە دایکـی هۆرمۆنـەکان نـاو دەبرێـت چونکـە لـەش دەتوانـێ بـە ئاسـای بیگـۆڕی بـۆ ئـەو هۆرمۆنـەی کـە پێویسـتە لەکاتـە دا کـە دەیگـۆڕێ بـۆ ئسـترۆجین پرۆجیسـترۆن یـان تێستێسـتیرۆن .لـەش ڕێژەیەکـی زۆر بـەرز لـەم هۆرمۆنـە دەردەدات لـە کاتـی لـە دایـک بـون پاشـان لەنـاکاو کـەم دەبێتـەوە دوای بەرزدەبێتـەوە لـە تەمەنـی ٧ سـالی دا وە دەردانـی دەگاتـە ئاسـتی ئاسـای خـۆی لـە تەمەنـی ٢٥ سـالی دا.

فەرمانی ئەم هۆرمۆنە چیە:-

١- کە م بونەوەی چەوری کەلاکە بوو

٢- کاری هۆرمۆنـی ئەنسولین ڕێک دەخات بەتایبەتی لە بەتەمەناکاندا کەمی دەکاتـەوە

کەم دەبێتەوە لەو حالتانە دا

١- نارێکی لە خواردن

٢-جگەرە کێشان

٣-توشبون بە ڤایرۆس یان بەکتریا

٤-خواردنەوەی کعول

٥-مخدرات

٦-تەمرینی گران

تێبینی:

هۆرمۆنـی غـودەی دەرەقـی و تیستێسـتیرۆن کاردەکانـە سەر ئـەو هۆرمۆنـە بۆیـە دەبـێ زوو چـارە بکـرێ.

زیاد دەکات لەم حاڵەتانەدا

١- بونی زیبکەی زۆر

٢- پرچ چەوردەکات

٣- موی لەش زیاد دەکات بەڵام نامێنێت بە بە بەکارهێنانی چارەسەر

نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە

١- هەست بە ناخۆشی کردن

٢- قەلەقیەکی دیار

٣- لاوازی زاکیرە

٤- تورە بونوو دەنگە دەنگ

٥- کەم بونی ئارەزو جووتبوون

٦- زیادبونی چەوری لە سکدا

٧- هەلوەرینی پرچ

چارەسەر کردنی

٢- ماسی ٣- هێلکە ١- زەیتی زەیتون

AFP Test
(ALPHA FETOPROTEIN)

پرۆتینێکی شەکرمیە لە منداڵی ناو سکی دایکدا هەیە لە کاتی دووگیانیدا بەکاردێ بۆ زانینی چەندان نەخۆشی و دروستبونی ناریکی کۆرپەلەوە هەروەها بەکاردێ بۆ زانینی دروستبونی گرێ ی شێرپەنجە وەک شیرپەنجەی خانەی جەرگ وە چەندان پشکنینی تر .

شوێنەکەی لە کۆرپەلەی ناو منداڵدان لە رێگەی کیسی پاریزراو دەردەدرێ.

وە دروست دەبێ بەهۆی چینی بۆماوەی، کە لە تەنیشت کرۆمۆسۆمی ٤ دا هەیە کە ئسترۆجین دروست دەکات وە لە کۆرپەلەی ناو سکی دایکی کە زۆرترین الفا پرۆتینی هەیە کە لە دوای منداڵ بون بە شێوەیەکی خێرا کەم دەبێتەوە .



ئەو پشکنینە بۆ ئەو کۆرپەلەیە دەکری لە رێگەی خوێنی دایکی یان ئەو شلەیەی کە دەوری کۆرپەلەی داوە .وە لە پیاوان ئەو پشکنینە دەکرێ بە نیشانەیەکی بایلۆجی دادەنرێ بۆ زانینی گرێ لە ٥٠٠ جرام مللتر زیاتر نەبێت تەنها لە ٣ حاڵەت نابێت

شێرپەنجەی جەرگ و بوونی گرێ وە بونی گرێ لە خانەی جنس
ئەگەر نەخۆش دەرزی بیوتین لێ درابوو دەبێت پشکنینەکە دوای ٨ سەعات بکرێت.

لەم حاڵەتانە کەم دەبێت

١-لە کاتی بونی منغولی

٢-زیادبونیکی زۆری کۆرپەلە زیاد لە رادەی خۆی

لەم حاڵەتە زیاد دەبێت

١- شەمح بونی جەرگ

٢- بونی گرێ غودەی تەناسلی

٣- بونی گرێی گەدە کە گوازراوەتەوە لە جەرگ

٥- گرێی خانەیی

٦- ئیلتهاباتی جەرگ زۆر دەبێت

٧- مردنی کۆرپەلە لە ناو رەحم

٨- لە باربردنی لە هە فتەی ٢٤-٢٨

٩- زیادی تێستێستیرۆن لە خوێن دا

١٠- ئیلتهاباتی قۆلۆن

Growth hormone test

ئەو هۆرمۆنەیە لە چەند بێتایەک پێکدێت بەرهەم دێت لە خانەکانی بەشی پێشەوەی نخامی پارێزگاری لە گەشەکردنیان و لە ناوچونی خانەکان دەکات لە مرۆڤ دا پێک دێت لە ١٩١ ترشی ئەمینی .
هۆرمۆنی گەشەی مرۆڤ کە دەبێتە هۆی گەشەی منداڵ بەڵام هۆرمۆنی گەشە تەنها بۆ دیاریکردنی گەشە نیە بەڵکو دەوری هەیە لە رێکخستنی دیاردەکانی ئەندامەکانی لەش بە شێوەیەکی سەرەکی لە پیاودا وەک لە ئافرەتدا .
کاریگەری هەیە لەسەر ئەنسوولین بە هۆی ئەوەی وادەکات ئاستی گولکۆز لە خوێن زۆردەبێت هەروەها وا دەکات کە خوێی سۆدیوم و ۆتاسیوم مەگنیسوم زیاد بکات لە خوێن.
strrs کار دەکاتە سەر هۆرمۆنی گەشە بەهۆی وەرزشکردن هۆرمۆنی گەشە زیاد دەکات.

چۆنیەتی خوێن وەرگرتن لە نەخۆشەکە لە لایەن کارمەندی تاقیگە بەچەند رێگایەک دەکرێ:-

١- ئەگەر دکتۆر بەس نوسیبوی(Growth hormone) ئەوا بەشێوەیەکی ئاسای خوینی لێ وەردەگری

٢- بەڵام ئەگەر دکتۆر نوسیبوی (befor-after) ئەمەش سەرەتا نەخۆشەکە خوینی لێ وەردەگری نابێ ماندی بێت ئەمە پاش کردنی پشکنینەکە دەنوسرێ (befor).

٣- نەخۆشەکە جاری دووەم دەبێ خۆی ماندوو بکات بە رۆیشتن یان بەسەر پەیژە بکەوێ تا تەواو ماندوو دەبێت ئینجا خوێنەکەی لێ وەردەگری لە ئەنجامەکەش دەنوسرێ (after).

هۆکارەکانی بەرزبونەوی ئاستی هۆرمۆنی گەشە

١-فشاری دەرونی

٢-کەمی شەکرە

٣- GIGANTISM

٤-هەندی دەرمانی وەک (ئەنسولین)

هۆکاری نزم بونەوی ئەنجامی پشکنینەکە:-

١- پاش نەشتەرگەری لە غودەی نەخامی

٢- تەمبەلی لە غودەی نە خامی

٣- هەندێک لە دەرمانەکان (Gluco corticoids)



GH stimulation Test

ئەم پشکنینە یارمەتی دەرە بۆ گەشەی ئێسک و ماسولکە دەردەدرێت لە غودەی نخامی بە شێوەیەکی ئاسای بەرزو نزم دەبێت لەگەڵ پرۆتینەکان بەڵام بەشێوەیەکی بەردەوام ئەگەر بەرزو نزم بێت دەبێتە هۆی دروست بونی چەندان کێشە کە دەبێتە هۆی درەنگ کەوتنی گەشە و کەم بونی ئاستی شەکرەوخوێن

چۆنیەتی خوێن وەرگرتن لە لایەن کارمەندی تاقیگە بە چوار جار وەرگرتنی خوێن دەکرێ:-

بە چوار جار خوێن لە نەخۆشەکە وەردەگیرێ بەڵام نەخۆشەکە لەماوەی ١٢ سەعات نانی نەخواردبێ، جا نەخۆشەکە دادەنیشی نەبێ ماندوو نەبێ ئەوکات خوێنی لێ وەردەگیری پاشان بە گوێرەی کێش و تەمەنی حەبێکی تایبەت بە پشکنینە دەدەرێ بە نەخۆش پاشان پاش نیو سەعات خوین لە نەخۆشەکە وەردەگری بۆ جاری دووەم ئینجا دەنوسی 30min یا نەو سەعاتی تر بۆ جاری سێەم خوێن لە نەخۆشەکە دەنوسرێ 60min پاشان بۆ جاری چوارەم خوێن وەردەگیری دەنوسرێ 90min بەڵام هەتا هەموو خوێنەکە لێ وەردەگیری نابێ نەخۆشەکە هیچ بخوات.

نیشانەکانی کەمی ئەم هۆرمۆنە لە منداڵدا

١- بچوکترە لە ئاستی ناوەند

٢- گەشەیان زۆر کەمترە لە ئاستی پێویست

٣- دروستبونی ماسولکەیەکی بێهێز

٤-کەمی ئاستی گلوکۆز لە خوێن

٥- درەنگ کەوتنی تەمەنی سەرەتای گەشە

لە پێگەشتندا کە ئەم هۆرمۆنی گەشە بە تەواوی راوەستاوە

کەم بونی ئەم پشکنینە لەم ئاستەدا دەبێتە هۆی:

١- کەمبونی چری لە ئێسک ٢- کەم بونی هێزی ماسولکە ٣-ب مرزبونی ئاستی چەوری بە تایبەت لە کەسەکەدا ٤- کەم خەوی واتا کێشەی خەو.

ئەم دەرمانانە نابێت بخورێت لە کاتی کردنی ئەم پشکنینە

١-الامیفتامینات

٢-هۆرمۆنی الاسترۆجین

٣-دوپامین

٤-هیستامین

٥-سترۆیدات

پێویستە ١٠-١٢ سەعات نان نەخوات



GH suppresion Test

ئەم پشکنینە دەکرێ بۆ زانینی تا بزانین دەردانی ئەم هۆرمۆنە بە هۆی بەرزبونی شەکرە کەم دەبێت، ئەم پشکنینە لە تاقیگەدا لانی کەم سێ جار خوێنی لێ وەردەگیری .

وەرگرتنی خوێن لە سەعات ٦-٨ پێش ئەوەی هیچ شتێک بخوات بخواتەوە پاشان مەحلولێکی دەدرێتی تا بخواتەوە کە گلوکۆز (شەکری) تیایە پێشی دەوترێ کە لە سەرخۆ بخواتەوە بۆ دورکەوتنەوە لە سەر سوڕان و لە هۆشخۆچون بەڵام پێویستە لە ماوەی ٥ خولەک تەواوی بکات بۆ گرنگی پشکنینەکە .

پاشان خوێنەکە پاش سەعاتیک یان دوو سەعات دەتوانی لێی وەربگیرێ یان دوای خواردنی گلوکۆزەکە هەندێك جار لە ٣٠ خولەک جاریک وەردەگیرێ.

غودەی نخامی بنیەیەکی بچوکە دەکەوێتە سەروی دەماغ چەند هۆرمۆنیک دەردەدات یەکێک لەو هۆرمۆنانە هۆرمۆنی گەشەیە لە منداڵ پێش تەمەنی هەرزەکاری وە توندبوونی ئێسک ئەگەر ئاستی ئەم هۆرمۆنە زۆر بەرز یان زۆر نزم بوو دەبێتە هۆی بەرزی کۆلیسترۆڵ لە خوێن یان گەورەبونی دڵ گەورەبونی کۆتاییەکان نارێکیەکی هۆرمۆنییە کە غودەی نخامی ڕێژەیەکی زۆر گەشە دەردەدات لە ئەنجامی پێگەشتندا کە دەبێتە هۆی acromegaly .

نیشانەکانی ئەم پشکنینە

١-دەست و پێ گەورەبون

٢-لێوی وەک ماسی لێ دێت

٣-نارێک و پیکیاکی دیار لە ددان .

لەوانەیە ببێتە هۆی

١- نەنوستنیەکی بەردەوام بۆ ماوەیەکی درێژ

٢- سڕبونی لایەکی لە لایەکانی لەش

٣- بەرزبونی ئاستی شەکرەو ئاستی پەستانی خوێن

٤- دروسبونی کێشە لە دڵ و گەورەبونی.



LH Test
(Luteinising hormone)

سەرەتا لە پتویتەری گلاند دروست دەبێ و دەوری هەیە لە کۆئەندامی زاوزێ، ئەمە هۆرمۆنێکە تایبەتە بە ئافرەتان لە ١٤ ڕۆژی یەکەمی سوڕی مانگانەدا بەرزە و هانی هێلکەدان ئەدات بۆ بەرەڵاکردنی هێلکە و یارمەتی ئامادەکردنی هێلکە ئەدات بۆ پیتاندن.

فەرمانی چیە لە ئافرەتدا

١- هانی دروست بونی estradio دەدات

٢- فەرمانی بەرەلاکردنی هێلکەیە لە ناو هێلکەدان بۆ ناو جۆگەی فالوب

فەرمانی چیە لە پیاواندا:

هانی خانەکانی leydig cells کە لە ناو testisدا هەیە کە هانی دەدات تێستتستیرۆن بەرهەم بهێنێت .

لە چ کاتێ ئەپشکنینە دەکرێ:-

١- نارێکی سوری مانگانە

٢- ئەو کەسە ی تازە بالغ بونە کێشەی دواکەوتنی سوریان هەیە

٣- منداڵ نە بون واتا نەزۆکی

٤- بۆ ئەوەی بزانین کە پتویتەری گلاند ئیشی خۆی دەکات

FSH Test
(follicle-stinulating-hormone)

سەرەتا لە پتویتەری گلاند دروست دەبێ و دەوری هەیە لە کۆئەندامی زاوزێ .
فەرمانی کۆنترۆلی سپێرم دەکات لە پیاو.
وە هانی دروستبونی Estrogen- progesterone دەدات
وە ئەمانەش یارمەتی رێکخستنی fsh دەدات و کۆنترۆلیان دەکات

تێبینی: قۆناغی گەشە کردنی هێلکە (چیکڵدانە): لە ناو یەکێک لە هێلکەدانە کاندا هێلکەیەک گەشە دەکات تاوە کو ئامادە بێت بۆ دەرپەڕاندن (دابەزین)ی بۆ ناوجۆگەی فالوب یەکگرتنی لەگەڵ تۆو(سپێرم) ئەم گەشە کردنی هێلکەیە بە هۆی یارمەتی هۆرمۆنی ئیسترۆجین و FSHوەیە کە رێژەکەی زۆر بەرزە لەم قۆناغەدا ...... ئەمەش رۆژەکانی کەوتنە سەر خوێن دەگرێتەوە تا وەکو رۆژی ١٤

لە چ کاتێ ئەو پشکنینە دەکرێ:-
١- نارێکی سوری مانگانە
٢- ئەو کەسەی تازە بالغ بونە کێشەی دواکەوتنی سوریان هەیە
٣- منداڵ نەبوون واتا نەزۆکی
٤- بۆ ئەوەی بزانین کە پتویتەری گلاند ئیشی خۆی دەکات

.

Prolactin Test

بەرهەم دێت لە لایەن ئەنتێریۆن پیتوتەری گلاند قەبارەی هەندی ترێیەکە دەکەوێتە بنچینەی مێشک. رۆڵی سەرەکی بەرهەمهێنانی شیرە لەلایەن برێست، بە درێژای سک پری رێژەی پرۆلاکتین زۆرە، بە درێژای سک پری ئیستڕۆجین و پرۆجیسترۆن هانی بەرهەم هێنانی شیر دەدەن.

ئەگەر بێتو شیری هەبوو منداڵیشی نەبوو ئەوا ئەگەری زۆرە توشی نەخۆشی تومەر (وەرەم) هاتبێ.

هۆڕمۆنی شیر و بەرزی ڕێژەکەی و کاریگەری لەسەر دووگیانی

ئەپرسین هۆڕمۆنی شیر چیە؟ چۆن پشکنینەکە ئەکرێت؟ ئەی ئەنجامەکەی مانای چی ئەگەیەنێ؟

هۆڕمۆنی شیر لەلایەن ڕژێنی نخامیەوە دەر ئەکرێت و ئەڕژێتە خوێنەوە و و هۆڕمۆنی دۆپامین ڕاستەوخۆ کاری ڕێکخستنی ئەکات لە کاتی دووگیانیدا ڕێژەکەی بەرز ئەبێتەوە کە ڕەنگە دەبەرامبەر بە کاتی تری ئاسایی بەرزبێتەوە. بە درێژایی کاتی دووگیانی ڕێژەکەی بە بەرزی ئەمێنێتەوە. دوای لە دایک بوونی منالیش وردە وردە کەم ئەکات تا دوای چەند مانگێک ئەگەڕێتەوە ڕێژەی ئاسایی خۆی.. لەگەڵ هەر شیردانێکیش هەشت بەرامبەر بەرز ئەبێتەوە. بۆیە ئافرەتێ شیر بدات درەنگتر دائەبەزێتەوە ڕێژەی ئاسایی و شیری وشک ئەکات...وە بە شەویش ڕێژەکەی بەرزترە لە ڕۆژ و هەندێ دەرمان و باری دەرونی و گرێ ی ڕژێنەی ناخامیش کاریگەریان لەسەر بەرزی و نزمی ڕێژەکەی هەیە.

بۆچی ئەم پشکنینە دەکرێ:-

١- بۆ ئەوەی بزانین پتوتەری گلاند ئیشی خۆی دەکات

٢- بۆ دیاری کردنی کە بزانین کەسەکە توشی Prolactinuma هاتوە

٣- بۆ زانینی کاتی دەرمانی دەدەنی بزانین دەرمانەکە ئیشی خۆی کردیە
٤- لەکاتی لاوازی جووتبوون و کێشەی جووتبوونی پیاوان.
٥- لەکاتی بوونی اود گومانی بونی وەرەم لە ڕژێنی ناخامی.. لەکاتی بوونی دڵۆپی شیر لە گۆی مەمک سەرەڕای ئەوەی کەسەکە شیر نەدات.

نیشانەکانی Prolactinuma چیە

١- تێکچونی بینین
٢- ژانە سەری نارون
٣- سوری مانگانەی نارێک و پێکی هەبێ

لە چ حاڵەتێک prolactin ئەنجامەکەی بەرزە:-

١- Prolactinuma
٢-کێشەی پتوتەری گلاندی هەبێ
٣-هەندێ دەرمانی بەکارهێنابێ وەک ۆیستروٚگیس.....هتد
٤- hypothyroidism
٥- hypothalamic diseases
٦-کێشە لە جەرگی هەبی
٧-ئەگەر کییسی هەبوو

PTH Test
(Parathyroid Hormone)

بۆ زانینی ئاستی کالسیوم بۆ کردنی کاری غودەی دەرەقی بۆ دیاریکرن و جیاکردنەوەی نارێکی سەرەتای و ناوەندی بۆ زانینی نارێکی دەرەقی، کەی ئەو پشکنینە دەکرێ کاتیک کە ئاستی کالسیوم زیاتر یان نزمتر لە ئاستی ئاسای وە بۆ زانینی ئاستی ئیشکردنی غودەی دەرەقی،

-هۆرمۆنی غودەی دەرەقی پاراثایرۆید یارمەتیدەرە بۆ جیاکردنەوەی ئاستی کالیسیوم لە خوێن و بەشێکە لە زنجیرەی ڤیتامین د.

چ کاتێک دەکرێت

١- کاتێک ئاستی کالیسیوم نائاسای دەبیت

نیشانەکانی

١- بێ خەوی

٢- هێلنج هاتنەوە

٣- ئازاری سک

٤- تینویەتی

غودەی دەرقی لە چوار بەش پێک دێت لە قورگ کە بەرپرسە لە ئاستی کالیسیوم و ڤتامین د و فۆسفۆر لە خوێن و ئێسک. غودەی دەرەقی پاراثایرۆید دەردەدات کە یارمەتی دەرە لە ئاستی کالیسیوم، نارێکی کالیسیوم نیشانەکە بۆ بونی غودەی دەرەقی کاتێک ئاستی کالیسیوم نزم دەبێت غودەی دەرەقی پاراثایرۆید زیاد بەرهەم دەهەێنیت، وە کاتێک ئاستی کالیسیوم بەرزدەبێت غودە کەمتر پاراثایرۆیدی بەرهەم دەهێنیت.

زیادی کالیسیوم لە خوێن دەبێتە هۆی بەردی گورچیلە وە نارێکی لە لێدانی دڵ و نارێکی لە دەماغ، کەمی کالیسیوم دەبێتە هۆی نارێکی لە غودەی دەرەقی کە برێکی تەواوی پاراثایرۆید بەرهەم نایەت یان زیاد بەرهەم دێت.

لە خوێندا دەبێتە هۆی
١- بێهێزی لە ئێسک
٢- نارێکی لە دڵ
٣- تەشەنوجات ماسولکەکان

وە بەکاردێت کاتێک کە هشاشە عظام دروست بوە لە نەخۆش چاک نابێت بە دەرمان ئەمەش واتا کێشەی لە پاراثایرۆید هەیە.
ئەگەر پاراثایرۆید بەرز بوو لەوانەیە بەهۆی نارێکی بێت لە غودەی دەرەقی، عادەتەن بەهۆی گرێی خاوێن دەبیت واتا شیرپەنجە نیە، ئەگەر ئاسای بوو وە ئاستی کالیسیوم نزم یان بەرز بوو ئەکات کێشەی غودەی دەرەقی نیە بەرزبونی ئاستی پاراثایرۆید بەهۆی:

١- زرووف کە وادەکات ئاستی فسفۆر زیادبێت وەک نەخۆشی گورچیلەی بەردەوام.
٢- لەش وەڵامی پاراثایرۆید نادەنەوە (غودەی دەرەقی درۆینە)
٣- گەورەبوون و بونی گرێ لە غودە
٤- دووگیان و شیرپێدان

لەوانەیە بەرزی بەهۆی ئەوە بێت کە لەش ئەوەی پێویستی پێیەتی بۆ زیندە چالاکیەکان وەری نەگرێت یان لەوانەیە لەش هەلی نەمژێت وەری نەگرێت (ڤیتامین د،کلیسیوم)یانیش بەهۆی بەفیرۆچونی لەلایەن میز بەرزی ئەم پشکنینە لەوانەیە بەهۆی نارێکی لە ڤیتامین د بێت لەوانەیە بری پێویست خۆر وەرنگرێت یان لەش بەگرانی وەربگرێت یان نەتوانێت تیکی بشکینیت و هەلی مژێ یان بەکارهێنانی ئەو ڤیتامینە بەنارێکی وە نزمی ئەم پشکنینە دەبێتە هۆی:-

١- نارێکی بەرگری خودی
٢- بڵاوبونوەی شیرپەنجە لەلایەکی تری لەش و ڕۆشتنی بۆ ئیسک
٣- نارێکی لە غودەی دەرەقی
٤- کەمبونەوەی مەگنیسیوم لە خوێن
٥- ژەهراوی بون بە ڤیتامین د



SHBG Test
Sex hormone biuding globulin

ئەو پشکنینە دەکرێ بۆ زانینی ئاستی هۆرمۆنی گلوبیولین جووتبون ئەو پرۆتینە دروست دەبێت لە جەرگ لە خوێندا پەیوەستە بە سێ هۆرمۆناتی جوتبونەوە لە هەردوو رەگەزدا ئەو هۆرمۆنانە بریتین لە الاستروجین و تیستۆستیرۆن و دیهدروستیروجین ئەو سێ هۆرمۆنە لە هەموو شوێنێکی خوێندا هەیە، کە بالآترینیان تێستۆستیرۆنە، رێژەیەکی کەم لە پیاودا هەیە رێژەیەکی زۆر لە ئافرەتدا دەبێتە هۆی دروستبونی کێشە لەوانەیە ئاستی بگۆڕی بەهۆی نەخۆشی جەرگ و زیاد غودەی دەرەقی و قەڵەوی.

کەمی هۆرمۆنی الاندرۆجین لەوانەیە لاوازی گشتی دروست بکات کاردەکاتە سەر ئێسک و هەروەها نایەڵێ هەردوو هێلکەدان کاری خۆیان بە رێکی بکەن، نارێکی لە کەمی غدەی تناسلی:- بە زۆری لە پیاواندا روودەدات لەو پیاوانەی کە دەناڵێنن بە دەست کەمی تیستۆستیرۆن وە کەمی بەرهەمهێنانی مەنی پیاو.

نیشانەکانی کەمی ئەم پشکنینە

١-قەڵەوی ٢-نارێکی کەمی لە غودەی دەرەقی ٣-شەکرەی جۆری دوو ٤-گەورەبونی بەشێک لە کۆتاکان وەک دەست -پێ زۆری گەشە کە دەبێتە هۆی گەورەبونی شانەکان بە تێپەربونی کات .

نیشانەکانی زیادی ئەم پشکنینە

١-ئیلتهاباتی جەرگ ٢- بەرزی ئاستی غودەی دەرەقی ٣-وەرگرتنی دەرمانی بۆ چارەسەر کردنی جەلتە ٤- ڤایروسی و کەم بەرگری کەمی لە پیاودا دەبێتە کەمی لاوازی جووتبون وە هەروەها لاوازی هاوێشتن .

چ کاتێک ئەم پشکنینە دەکرێ

دەکرێ کاتێک هۆرمۆنی تێستۆستیرۆن کەم بێت،وە کەمی هۆرمۆنی جووتبوون لە پیاودا وە هەروەها دەکرێ بۆ ئەو ئافرەتانەی کە نیشانەی هۆرمۆنی پیاویان تێدا بەدی دەکرێ وە هەروەها داوا دەکات کاتی نیشانەکانی هۆرمۆنی تێستۆستیرۆن بەرزە .

ئەم هۆرمۆنانە بەرز دەبێت لە حاڵەتی نەخۆشی

١-زیاد ئیش کردنی غودەی دەرەقی

٢-کەم ئیشکردنی غودەی جووتبون

٣-کەمبونی هەستەوەر الاندروجین لە خانەکاندا

٤-لەناوچونی جەرگ

نزم دەبێ لە حاڵەتەکانی

١- زیاد دەردانی پرۆلاکتین ٢- زیاد دەردانی اندروجین

وە هەروەها دەگۆرێ بە وەرگرتنی دەرمان بۆ چارەسەری غودەی دەرەقی و تیستۆستیرۆن و الاسترۆجین روودەدات

زیادی لە ئافرەتدا

١-زیاد بونی موو لە لەش

٢-زیادبونی تایبەتمەندی پیاوان وەک دەنگ گری

٣- قەلاو بون و لە سوری مانگانە چونەوە

Testosteron Test

بەرهەم دێت لە ئەدرینەل گلاند کە لەسەر kidny ،
هۆرمۆنی تێسۆستیرۆن یەکێکە لە هۆرمۆنە ئەنابۆلیکەکان، ئەم هۆرمۆنانە لە لەشی مرۆڤ بەرپرسیارن لە گەشەپێدانی ماسولکەکان لە دیارترین هۆرمۆنە ئەنابۆلیکەکان بریتین لە هۆرمۆنەکانی (تیستۆستیرۆن) و (ئەنسۆلین) و هۆرمۆنی گەشە (GROWTH HORMON) ئەم جۆرە هۆرمۆنانە رۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە کونترۆڵکردن و بنیاتنانی ماسولکەکان. یاریزانی لەشجوانی بەدەر لە پێویستی لەش پێویستیان بەبرێکی زیاتری هۆرمۆنی تێستۆسترۆن هەیە بۆ دروست کردنی ماسولکە بەشێوەیەکی خێرا و زیادکردنی قەبارەی ماسولکەکان.

ئافرەت رێژەیەکی کەمی پێویستە کە بە دوو شێواز دەسورێتەوە

١- free testosterone

٢-بەڵام بەشەکەی تری پرۆتین بەستراوە

پرۆتینەکان (albumin-SHBG) کە تێتستیرۆنی هەڵدەگرن لە ناو خوێن

تێبینی: وا باشترە ئەوپشکنینە بەیانیان بکرێ

ئەم پشکنینە بۆ چ دەکرێ

١- بۆ دەست نیشانکردنی کیس لە رەحم

٢- بۆ ئەو ئافرەتانەی کە موویان زۆرە

٣- هەروەها پەیوەندی هەیە بە نەزۆکی پیاو وئافرەت

ئەگەر تێستێتیرۆن زۆر بوو چ روودەدات

١-لە پیاو لەوانیە سەرەتانی هەبێ لە تێستێستیرۆن

٢-لە ئافرەتدا لەوانەیە سەرەتانی هەبێ لە ئدرینال گلاند و ۆڤەریو

٣-لە کوردا نیشانەی زوو باڵغ بونە

هۆکارەکانی زیادبوونی هۆرمۆنی نێرەکی لە ئافرەتاندا تیستستیرون:-

١-کیسی سەر هێلکە دان: بەزۆری لەم حاڵەتەدا لە سەرەتاکانی قۆناغی گەشە رودەدات وە بە دەگمەن دەبێتە هۆی دەرکەوتنی نیشانەکانی زیادبوونی هۆرمۆنی نێرەکی، هۆکاریش زیاد دەردانی ئەو هۆرمۆنەیە لە هەردوو هێلکەدانەوە کە ئەگەر بەزووی چارەسەر نەکرێ رەنگە ببێتە هۆی نەزۆکی لە ئەنجامی لەکارکەوتنی عەمەلیەی هێلکە دروست کردن.

٢-گرێکانی سەر هێلکەدان: گرێی سەر هێلکەدان دەبێتە هۆی دەردانی هۆرمۆنەکانی سەرگورچیلە(کۆرتیزون) وە هۆرمۆنی غودەی دەرەقی ، نەخۆشی کوشینگ ئەم نەخۆشیە بەهۆی زیاد دەردانی هۆرمۆنی نوخامە رژێنەومیە لە مێشکدا کە بەرپرسە لە رژێنی سەر گورچیلە کە ئەم کێشەیەش دەبێتە هۆی زیاد بوونی نا سروشتی کێشی لەش و قڵیشانی پێست و بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن.

٣- بوونی گرێ لە غودەی سەر گورچیلە: ئەمەش دەبێتە هۆی زیاد دەردانی هۆرمۆنی نێرەکی بەهۆکاری کەمی ئەنزیمی دروستکردنی کۆرتیزون

٤- خراپ بەکارهێنانی هەندێک دەرمانی وەکو دەرمانی تیستیستیرون کە دەدرێت بە هەندێ وەرزشکار چ مێ بێت یان نێر

٥- هۆکاری بۆماوەیی

چارەسەری زۆری هۆرمۆنی نێرەکی:-

چارەسەر بەچەند قۆناغێک دەبێت ،، ماوەی چارەسەر لە ٦ مانگەوە دەست پێ دەکات تاوەکو ساڵێک ،،هەر بۆیە چارەسەر بەشەو و رۆژێك نابێت ،، وە لەو چارەسەرانەش کە بەکاردەهێنرێت ئەمانەیە:-

١-بەکارهێنانی دەرمانی دژە دووگیانی (منع) کە هۆرمۆنی ئیسترجینی تێدایە کە بەهۆرمۆنی مێیەکی ناسراوە کە بەهۆی ئەم دەرمانەوە رێگە

دەگرێت لە هاندانی هێلکەدانەکان بۆ دەردانی زیاتری هۆرمۆنی نێرەکی.
٢- ئەو دەرمانانەی کە دژی هۆرمۆنی تیستستیرۆنن.
٣- ئەگەر هۆرمۆنی نێرەکیەکە لە ڕژێنی سەر گورچیلە وە بێت ئەوا دەرمانی کۆرتیزونی دەدرێتێ.
٤- بەکارهێنانی رێگاکانی جوانکاری بۆ شاردنەوە وکەمکردنەوەی موو لەماوەی چارەسەردا.
٥- هۆکارەکانی هۆرمۆنی نێرەکی لە ژناندا: هۆرمۆنی نێرەکی لە ژنان و پیاواندا بوونی هەیە بەڵام بە رێژەی جیاواز، بەجۆرێك کە لە ژناندا رێژەکەی کەمترە وەک لە پیاواندا ،، بەڵام کێشەکە لەوێوە دەست پێ دەکات کە رێژەکەی زیاتر بێت لە رێژەی ئاسایی ،،کەئەمەش کاردەکاتە سەر هۆرمۆنی مێیەکی(ئیسترۆجین)
هۆرمۆنی نێرەکی لە دوو سەرچاوەوەیە لە ئافرەتاندا
١-ڕژێنی سەر گورچیلە
٢-هێلکەدانەکان کە سەرچاوەی سەرەکیە



Progesterone Test

بەشێوەیەکی سەرەکی ئامادەکردنی ئافرەتە بۆ منداڵبوون، ئەگەر کەم بوو منداڵ بە گرانی دەبێت.

بەشێك لە ژنان بە دەست دووبارە بوونەوەی لەبارچوونی منداڵەکانی ناو سکییانەوە دەناڵێنن، بەتایبەتی لە مانگەکانی سەرەتای سکپڕییدا، لێکۆڵینەوە پزیشکییەکانیش ئاماژە بە چەند هۆکارێك دەکەن.

هۆکارەکان چین؟

١- کەمی هۆرمۆنی پرۆگیسترۆن لای ژنی سکپڕ.

٢- خواردنی دەرمانی زیانبەخش لە مانگەکانی سەرەتای سکپڕییدا، بەتایبەتی ئەو ژنانەی نازانن سکییان هەیە.

٣- تووشبوونی ژنی سکپڕ، بە نەخۆشی (ئەلکسۆپلازما)، نەخۆشییەکانی (دەردە پشیلە و سەگ).

٤- بوونی گرفتی تەندروستی لە کۆئەندامی زاوزێی مێینە، یاخوود تووشبوون بە نەخۆشییەکانی خوێن.

٥- بوونی گرفتی جەستەیی لە نێوان پیاو و ژن، بە تایبەتی ئەو ژن و پیاوانەی خزمی یەکترن

چ کاتێ ئەم پشکنینە دەکرێ:-

١- لە کاتی خارج رەحم

٢- یانی بزانی منداڵ لەبارچونە

٣- یان خوێن بەربون

Estrogen Test

هۆرمۆنێکە بەرپرسە لە گەشەی کۆ ئەندامی زاوزێ، هێلکە لە کیسەیەکدایە پێی ئەوترێت فۆلیکڵ (Follicle) و لەناو هێلکەدانـدا گەشە ئەکات تاوەکو هۆرمۆنی ئێسترۆجین (Estrogen) هێما ئەدات بە ڕەحم (Uterus) بۆ خۆ ئامادە کردنی بۆ هێلکەکە.

ڕەحم بە دەوری خۆی ناوپۆشەکەی دەست ئەکات بە ئەستور بوون و خۆی ئامادە ئەکات بۆ جێگیر بونی هێلکەی پیتێنراو (Fertilized egg) و لە ئەنجامدا دووگیانی ڕوئەدات.

سێ جۆریان هەیە

١- (E1(estrone: پاش ئەوەی ئافرەت دەبێتە ٥٠ ساڵ

ئەو شێوەی هەیە کە ئەویش لە ئەدرینەل گلاند دروست دەبێ

٢- (E2 (estradiol: لە ۆڤەری بەرهەم دێت لە ئافرەت دا

لە پیاودا لە تێستس و ئەدرینەل گلاندا دروست دەبێ

هانی پێکهێنانی ئێسک دەدات وە کۆلسترۆل ڕێک دێخێ

٣- (E3(oestriol: بە درێژای سک پری ئەم شێوەی هەیە

بۆ زانینی ئیشی ئۆڤەری بەکاردێ



Aldosterone Test

پشـکنینی (Aldosterone) سـوودی لـێ وەردەگیرێـت بـۆ دەستنیشـانکردنی ڕێـژەی هۆرمۆنـی (Aldosterone)، (Aldosterone) هۆرمۆنێکـە کـە ڕۆڵێکـی گرنگـی هەیـە لـە ڕێکخسـتنی ڕێـژەی پۆتاسـیوم (Potassium)و صۆدیـۆم (Sodium) لـە خوێنـدا، هەروەهـا کۆنترۆڵـی قەبـارەی خوێـن دەکات (کـە نزیکـەی (٤،٥ بـۆ ٥،٥ لیتـرە) لـە کەسـێکی ئاسـایی پێگەیشـتوودا)، فشـاری خوێـن بەجێگیـری ڕادەگرێـت.
ئەم هۆرمۆنە لەلایەن ڕژێنی سەر گورچیلە(Adrenal Glands)وە دەردەدرێت، کـە دوو ڕژێنـی بچووکـن دەکەونـە سـەر گورچیلـەکان و کاریگەریـان لەسـەر بەشێکی زۆر لـە زیندەچالاکیەکانی لـەش هەیـە.

چ کاتێک ئەم پشکنینە ئەنجام دەدرێت:

لەکاتـی دەرکەوتنـی نیشـانەکانی وەک (بەرزبوونـەوەی فشـاری خوێـن، بەتایبەتـی کاتێـک ڕێـژەی پۆتاسـیوم زۆر دادەبەزێـت، کاتێـک کـە بـەرزی فشـاری خوێـن لەلایـەن دەرمانەکانـی تایبـەت بـە بەرزەفشـارەوە (-Hyperten sion) ئاسـایی نابێتـەوە، یـان لەکاتـی تووشـبوونی کەسـێک بـە بـەرزە فشـاری خوێـن لـە تەمەنـی گەنجێتیـدا .
کاتێـک ڕێـژەی (Aldosterone) لـە ڕێـژەی ئاسـایی خـۆی زیاتـر دەبێـت (Hyperaldosteronism) دەبێتـە هـۆی (زیادبوونـی فشـاری خوێـن، لاوازی ماسـولکەکان، دابەزینـی ڕێـژەی پۆتاسـیۆم، زیادبوونـی ڕێـژەی صۆدیـۆم).
کاتێـک ڕێـژەی (Aldosterone) لـە ڕێـژەی ئاسـایی خـۆی کەمتـر دەبێـت (Hypoaldosteronism) دەبێتـە هـۆی (دابەزینـی فشـاری خوێـن، زیادبوونـی پۆتاسـیۆم، کەمبوونـی صۆدیـوم).

چی پێویستە بکرێت پێش ئەنجامدانی پشکنینە:-

ئـەم پشـکنینە لەڕێگـەی خوێـن و میـزی کۆکـراوەی ٢٤ کاتژمێـر(Hour Urine-24) ئەنجـام دەدرێـت، کاتـی ئەنجامدانـی شـیکاریەکە زۆر گرنگـە چونکـە چەندیـن بـارودۆخ هـەن کاریگـەری لەسـەر ڕێـژەی (Aldosterone) دەکـەن، هۆرمۆنـی (Aldosterone) لـە بەیانیانـدا بەرزتریـن ڕێـژەی هەیـە و پاشـان بـە درێژایـی ڕۆژ ڕێژەکـەی بـەرەو کەمبوونـەوە دەڕوات.

فشـاری دەروونـی و خـواردن (خۆراکـی سوێر)و هەندێـک دەرمـان کاریگـەری لەسـەر ڕێـژەی (Aldosterone) دەکـەن، بارودۆخـی ئـەو کاتـەی نەخـۆش (خوێنەکـەی بـە پێـوە لـێ وەرگیراوە(واتـە لەسـەر هیلاکـی)) یـان (پـاش حەسـانەوەی خوێنەکـەی لێوەرگیـراوە).

تێکچوونی هۆرمۆنی (Aldosterone) هەیە:

١-زیادبوونی سەرەکی (Primary Aldosteronism):

کـە بـە (Conn Syndrome) ناسـراوە، کـە دەبێتـە هـۆی دەردانـی ڕێژەیەکـی زۆر لـە (Aldosterone) لەلایـەن (Adrenal Glands)ەوە، بەرزی ڕێژەی (Al-dosterone) کـرداری هەڵمژینـەوەی صۆدیـۆم (Sodium) و کردنـەدەرەوەی پۆتاسـیۆم (Potassium) زیـاد دەکات لەلایـەن گورچیلـەوە، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی تێکچوونـی هاوسـەنگی خوێنیەکانـی لـەش و زیادبوونـی فشـاری خوێـن.

٢-زیادبوونی لاوەکی (Secondary Aldosteronism):

ئەمەیان لە تێکچوونی سەرەکی باووترە و چەند گرفتێکی تەندروستی دەبنە هـۆی تێکدانـی ڕێـژەی (Aldosterone) هـەر هۆکارێـک وابـکات خوێنـی کـەم بچێت بـۆ گورچیلـە، هەندێـک جـار زیادبوونـی لاوەکـی سـەرهەڵدەدات لەگـەڵ نەخۆشـیەکانی (دڵ و جگـەر و گورچیلـە)دا، لەکاتـی وشـکبوونەوە و کـەم خواردنـەوەی ئـاو سـەرهەڵدەدات، لەکاتـی تەسـکبوونەوەی بۆریەکانـی خوێـن کـە خوێـن بـۆ گورچیلـە دەبـەن.

٣-دابەزینی ڕێژەی (Aldosterone):

کەم دەردانی هۆرمۆنەکە (Hypoaldosteronism) دەبێتە هۆی وشکبوونەوە، دابەزینی فشاری خوێن، کەمبوونەوەی صۆدیۆم و زیاد بوونی پۆتاسیوم لە خوێندا.

پشکنینە پەیوندی دارەکان:-

هەندێک جار لەگەڵ ئەنجامدانی شیکاری (Aldosterone) شیکاریەکانی Plasma Renin)(Renin-ALD ratio) (Andrenocorticotrophin(ACTH)) (Cortisol)) پێویستە ئەنجام بدرێت.

PSA Test
Prostate-Specific Antigen

پرۆستات رژێنێکی ریشاڵەیی هۆرمۆنی یە شوێنەکەی لە دەوروبەری بۆری میزەوە لە ملی میزڵدانەوە لە پیاواندا، ئەم گلاندە گیراوەیەك دەرژێنێت بۆ ئاسانکردنەوەی جموجۆڵی تۆماوی پیاو باشە لە کاتی دەرچوونی تۆو لە کاتی جووت بوون دا.

ڕێژەی ئاسایی: Normal Ranges

ng/mL 1-4

بەرزی ئەم پشکنینە دەبێتە هۆی:-

هەوکردنی پرۆستات، گەورەبوون و شێرپەنجەی پرۆستات.

کاتێک ئەم پشکنینە نا ئاسایی بوو پێویستە نموونە لە پرۆستات وەربگیرێت و لە ژێر مایکرۆسکۆپ پشکنینی بۆ بکرێت بۆ ئەوەی جۆری نەخۆشیەکە دیاری بکرێت کە نەخۆشیەکە هەوکردنە یان شێرپەنجە.

نیشانەکانی تووش بوون بە نەخۆشیەکانی پرۆستات:

١- هەست کردن بە سەرما و تای بەرز.

٢- ئازار لە بەشی خوارەوەی پشت و سەرەوەی ئێسقانی ئەندامی جووتبوون و خوارەوەی حەوز.

٣- ئازار و سوتانەوە لە کاتی میزکردندا لەگەڵ نەتوانای خالی کردنی میزڵدان لە میزەوە.

٤- نەتوانای کۆنترۆڵکردنی نەهێشتنی میزکردن لە کاتی پڕبوونی میزڵداندا.

٥- ئازار لە کاتی دەرچوونی پیسایی لە ڕیخۆڵەدا.

نەشتەرگەری بۆری ئەندامی جووتبوونی نێرینە و ناڤوری میزڵدان و بەستنی دەرەوەی میزڵدان کە دەبێتە هۆی تووشبوون بە هەوکردنی میکرۆبی لە پرۆستات، هەروەها جۆر و ڕێژەی ئەو میزە کە لە میزڵدانەوە دەردەچێت دەبێتە هۆکارێك بۆ هەوکردنی پرۆستات.

لە نیشانەکانی ئەم حاڵەتە:

١- ئازار لە شوێنی دەرچوونی پیسایی و لە سەرەوەی ئەندامی جووتبوون و لە هەردوو گون و خوارەوەی پشت و بۆری ئەندامی جووتبوون و دەوروبەری.
٢- دووبارە بوون و سوتانەوە لە کاتی میزکردندا.
٣- کەم دەرچوونی میز لەگەڵ ئازار و خوێن و بۆنێکی نائاسایی.
٤- ئازار لە کاتی ڕشانەوەی تۆماو لەگەڵ خوێندا.
٥- ئازار لە کاتی دەرچوونی پیسایی.

هەوکردنی پرۆستات زۆر جار لە تەمەنی ٢٠ تا ٣٥ ساڵان ڕوودەدات لە نێوان ئەو گەنجانەن کە جووتبوون ئەنجام دەدەن بە شێوەیەکی ناسایی (شاز) و ناشەرعی.

دووەم: هەوکردنی پرۆستاتی درێژخایەن: ئەمەش بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێت و هۆکارەکەی دووبارە تووشبوونە بە جۆرەکانی میکرۆباتەوە، ئەمەش بە هۆی خواردنەوەی مەی و برین لە شوێنی دەرچوونی پیسایی و جووتبوونی ناشەرعی و ناسایی (شاژ) زیاد دەکات. لە نیشانەکانی ئەم حاڵەتە:

١- دووبارە تووشبوون بە هەوکردنی بۆریەکانی میزڵدان.
٢- ئازاری بەشی خوارەوەی پشت و دەوروبەری حەوز و گون و شوێنی پیسایی کردن (کۆم)
٣- ئازار و سوتانەوە لە کاتی میزکردندا.
٤- ئازار لە کاتی ڕشانەوەی تۆماو یان لە کاتی پیسایی کردندا.
٥- تا و دووبارە میزکردنی خوێناوی و میزە چرکێ و زۆری کاتی ئەنجامدانی میزکردندا.



واته نیشانەکانی بەستنی بۆری میزەوە ئەمانەن:

١- کەم دەرچوونی میز لە کاتی میزکردندا.

٢- دواکەوتنی کاتی میزکردن لە کاتی پێویست.

٣- بڕین لە میز (میزە چرکێ) لە کاتی میزکردندا.

٤- ئازار لە سکەوە.

٥- ئازار لە کاتی میزکردندا.

٦- دووبارەبوونی میزکردن لە کاتێکی کورت.

٧- هەست بە پێویستییەکی بەردەوام بۆ میزکردن.

هەندێ جار دەبینین ئازارێك ڕوودەدات لە پرۆستات و هیچ هەڵاوسانێك یان هەوکردنێکی میکرۆبی نییە، بەڵام هەوکردن لە کیسی تۆماو دەردەکەوێت بە بێ ئازار لەگەڵ دەرچوونی پارچەی خوێنی کەم.



Rheumatology

زانستی باداری (رۆمانتیزمە)

R.F Test
Rheumatoid factor

نەخۆشی رۆمانتیزم بریتیە لە ئیلتهابی درێژخایەنی جومگە کە بەشێوەیەکی سەرەکی کاردەکاتە سەر جومگە بچوکەکانی دەست و قاچ، نەخۆشی رۆمانتیزم کاردەکاتە سەر دیوی ناوپۆشی جومگەکان و ئازارو ئاوسان لە جومگەکاندا دروست دەکات دوای تێپەربوونی چەندین ساڵ دەبێتە هۆی تێکچونی شێوەی جومگەکان. ئەم نەخۆشیە کاتێک روودەدات کە کۆئەندامی بەرگری لەش بە هەڵە پەلاماری خانەو شانەکانی لەشی خۆی دەدات و دەبێتە هۆی دروست بونی گرفت لە جومگەکاندا، ئەم نەخۆشیە کاردەکاتە سەر هەموو ئەندامەکانی لەش و دەبێتە هۆی بێ هێزی و تا ئەم نەخۆشیە زیاتر توشی ئافرەتان دەبێت بە بەراورد بە پیاوان وە عادەتەن لە نێوان تەمەنی ٤٠-٦٠ ساڵی روودەدات.

نیشانەکانی نەخۆشی رۆماتیزم:-

١- ئازار: جومگەکان توشی ئازار دەبێت لە کاتی جولان و ئیشپێکردن

٢- بوونی ئازار لە کاتێکدا بە دەست پەستان بخەیتە سەر جومگە توشبوەکەوە گەرمبونی جومگەکە و ئاوسانی جومگەکە

٣-رەق بوون: رەقبوونی جومگەکان بە تایبەتی لە بەیانیان دا یان دوای ماوایەکی زۆر لە ئسراحەت و ئیشپێنەکردنی جومگەکان بۆ ماوەی چەند کاتژمێر جومگەکان بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک بەردەوام دەبێت.

٤- نەمانی جولەی جومگەی توش بوو بە شیوەی ئاسای پێشوی خۆی

٥- دروست بونی هەڵاوسانێک لە ژێر پێستەوە بە تایبەتی لە قوڵ دا کە پێی دەوترێ گرێ ی رۆمانتیزم

٦-بێتاقەتی، ئازار، تا، دابەزینی کێشی لەش

نەخۆشی رۆمانتیزم لەسەرەتا دا توشی جومگە بچوکەکانی دەست و قاچ دەبێت بەڵام لەگەڵ بەردەوامبونی نەخۆشیەکەو بە تێپەر بونی کات کاردەکاتە سەر جومگەکانی (ئانیشک ،شان ،ئەژنۆ،سمت ،یان حەوز و جومگەی پاژنەی پێ) هۆکارە هاندەرەکانی توش بون بە نەخۆشی رۆمانتیزم .

Anti ccp Test
Anti-cyclic citrullinated peptide

ئەم پشکنینە دەکرێت بۆ زانینی بوونی دژەتەن تا بەرگری بکات لە خوێن دژی سیرۆلین.

سیرۆلین: ترشی ئەمینیە کە دروست دەبێت کاتێک ئەرجینین دەگۆرێ بۆ ترشی ئەمینی بە بوونی ئەو دژەتەنانە دەلالەت لە بونی التهابی مفاصل دەکات. ئەو دژەتەنانە وردترین پشکنینە بۆ زانینی التهابی مفاصل. ئەو دژەتەنانە بەرێژەی ٧٧٪ لە لەش دا هەیە.

ئەم دژە تەنە یارمەتی دەرە بۆ زانینی نە خۆشی رۆماتیزم، بەو پێیەی کە زۆربەی ئەو نەخۆشانەی رۆماتیزمیان هەیە ئەم پشکنینە بەرز دەبێت .

چ کاتێک دکتۆر داوا دەکات

کاتیک رۆماتیزم ئەرێنی بوو ئەو کات ئیلتهاباتی مفاصلی زۆر دەبێت لەو کاتەدا دکتۆر ئەو پشکنینەی بۆ دەنوسیٚ.



هەندێ جار ئەرزنی دەبێت بە هۆی هەندێ نەخۆشی وەک:

١- شێرپەنجە

٢- لەناوچونی جەرگ

٣- بونی نەخۆشی گلۆبولین

٤- نەخۆشی هەوکردنی سینگ

٥- قلیشانی پێست رەق بونی پێست

٦- نەخۆشی گورگی سور

٧- نەخۆشی شوغرن

Anti ds-DNA Test
(double-stranded DNA Antibody)

ئـەم دژە تەنـە دەلالـەت لـە بونـی ملیونـان خانـەی بەرگـری دەکات لەنـاو لـەش بـە سـوپایەک نـاو دەبرێـت کـە بەرگـری لـە لەشـی مـرۆڤ دەکات دژی ئـەو ڤایرۆسـەی یـان بەکتریـا یـان طفیلیـات کـە دێنـە نـاو لـەش.

هەندێ لەو نیشانانە کە دەلالەت لە بونی ئەو نەخۆشیانە دەکات

١- ئازاری ماسولکە

٢- هەوکردنی مفاسلی چەند شوێنێک

٣- برینداربونی پێست زۆربەی جار بە شێوەی پەپولە دەچێ لەسەر لووت و روومەت

٤- تایەکی نزم

٥- لاوازبون

٦- سڕبون و یان تەزوو هاتن بە دەستوپێ

٧- حساسیەی پێست بە روناکی

٨- هەوکردنـی لـە نـاو چونـی بەشـەکانی شـانە وگورچیلـە و سـیەکان و دڵ و دیـواری دڵ و مێشـک وملولەکانـی خوێـن

ANA Test
Antinuclear antibodies

ئـەم پشـكنینە ئەرێنـی دەبێـت واتـە تەنیكـی بێگانـە لـە نـاو لەشـدا هەیـە یـان دەلالـەت لـە بونـی نەخۆشـی بەرگـری دەكات كـە دیارترینیـان نەخۆشـی(گورگی سـور).

لەشی مرۆڤ كۆمەڵێ دژە تەنی تێدایە كە هێرش دەكاتە سەر هەر بەكتریاو ڤایرۆسێك كە دێتە ناو لەش هەر یەكێك لەو دژە تەنانە ناوكی هەیە، بەڵام بە ئاسایی نیە لەناو خوێندا لەكەسێكی تـوش نەبـوو كـە وادەكەن ئەو ناوكانە لـە لـەش دروست بێت كاتی جهازی مناعی هێرش دەكاتە سەر تەنە بێگانەكان ئیلتهابـات دروسـت دەبێ لـە لەشـدا كاتـی جهـازی مناعـی خـودی خـۆی كار دەكاتـە سـەر بەشـەكانی لـەش.

لـە نـاوك دژە تـەن كـە سیسـتەمی بەرگـری دروسـتی دەكات ANA دژە تەنـەكان كۆمەڵەیەكن لـە تەنـی كاتـی لەكاردەكەوێ لـە جیاكردنـەوەی لەبەینـی بەرگـری ناوەكـی و بەرگـری دەرەكـی بەمـەش خانـەی دژە تەنـەكان هێـرش دەكاتـە سـەر خانـە ئاسـایەكان.

كۆمەڵێ لەو نەخۆشانیەكانی سیستەمی بەرگری :-

١- گورگی سور

٢- رۆمانتیزم مفاسیل

٣- هەوكردنی بەرگری ماسولكە

٤- نەخۆشی پێست

٥- هەوكردنی غودەی دەرەقی بەرگری

٦- هەوكردنی گورچیلەی بەرگری

٧- نەخۆشی ئەدیسۆن
٩- هەوکردنی قۆلۆن
٨- ئەنیمیا خبیث



Anti RNP Test

دژە تەنە و شیکردنەوەیەکی خودیە بەکاردێ بۆ جیاکردنەوەی ڕێگا جیاوازەکانی بەرگری خودی،وە هەروەها ئەگەر ئەرێنی بوو ئەوا دەلالەت لە بونی هەندی نەخۆشی شانەی دەکات

وە دەلالەت لە کۆمەڵە پرۆتینەکانی ناو خانە دەکات کە قەبارەی بچوکن

وە پێکدێت لە سێ پرۆتین A-B-KD68

لە هەندی حاڵەتدا ئەنجامی پشکنینەکە ئەرێنی دەردەچێ وەک:-

١-گورگی سور ٢- تێکچونی ناوکە خانە ٣- نەخۆشی شغرن

٤- خواردنی ئەو دەرمانانەی خوارەوە

- أسيتازول أميد (acetazolamide)
- أمينوساليسيليك أسيد (aminosalicylic acid)
- كاربيدوبا (carbidopa)
- كلوروثيازيد (chlorothiazide)
- كلوربرومازين (chlorpromazine)
- كلوفيبرات (clofibrate)
- دايفن هايدانتوين (diphenylhydantoin)
- إيثوكسيمايد (ethosuximide)
- أملاح الذهب (gold salts)
- غريسوفولفين (griseofulvin)
- هيدرالازين (hydralazine)
- هيدروكسي ترتبوفان (hydroxytryptophan)
- إيزونيازيد (isoniazid)
- ميفينيتوئين (mephenytoin)
- ميثيل دوبا (methyldopate)
- ميثيل ثيويوراسيل (methyl-thiouracil)
- [illegible]
- [illegible]
- [illegible]
- [illegible]
- [illegible]
- [illegible]
- [illegible]
- [illegible]
- [illegible]
- [illegible]
- [illegible]
- [illegible]
- [illegible]
- [illegible]
- [illegible]
- [illegible]



نیشانەکان ئەم نەخۆشیە چیە:-

١- بونـی ئـازاری دیـار لـە ماسـولکەکان کـە دەبێتـە هـۆی ئیلتهاباتـی زۆر لـە ماسولکە کە دەبێتە هۆی تایەکی زۆر بەرز واتا وا خۆی نیشان دەدات ئینفلۆزا بێت.

٢- دروستبونی ئلتهابات لە پەردەی دەرەوەی دڵ.

٣- دەبێتە هۆی تێکچونی بەشێک لە سییەکان.

٤- کار دەکاتە سەر گورچیلەکان بە رێژەی ٥٠٪ بەهۆی ئەو ئیلتهاباتە زۆرەی کە هەیەتی.

٥- کاردەکاتـە سـەر کۆئەندامـی هـەرس بـە رێـژەی ٨٠٪ کـە دەبێتـە هـۆی سـوتانەوەی کۆئەندامـی هـەرس.

٦- کاردەکاتـە سـەر کۆئەندامـی هەسـتەوەر کـە دەبێتـە هـۆی ژانەسـەرێکی زۆر کـە ئیلتهاباتەکـە زۆر بـڵاوە کـە وادەکات پـەردەی مێشـک ئیلتهابـات دروست کات.

٧- نەخۆشی شوغەرە دیاردەکەوی بە وشک بونی دەم وچاو

٨- دیارترین نیشانە کە دەبێتە هۆی ئیلتهابتی نینۆک دوای دەبێتە برین دوای رەنگی دەگۆڕی بۆ شین ئەمە دیارترین نیشانەیە.

Anti smith(sm) Test

پرۆتینێکـی بچوکـە پێـک دێـت کـە لـە چەنـد پرۆتینێـک بەسـتراون بـە دژە تەنەکانـی تـری نەخۆشـی خـودی کـە بەربڵاوترینیـان ئـەم پرۆتینەیـە بەکاردێت بـۆ دیـاری کردنـی نەخۆشـی ذئبـە حمامیـە .

ذئبە حمامیە: کاردەکاتە سەر هەندێک ئەندامەکانی ناوەوەی لەش لەوانە:

١- گورچیلەکان

٢- دڵ

٣- سییەکان

٤- پێست

٥- مێشک

نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە

١-جیاکردنەوەی نەخۆشی ذئبە حمامیە لە نەخۆشی خودی

٢-ئازاری مفاصل

٣-تا

٤-ژانە سەر

٥-رەق بونی پێست

٦- کەمبونی کێش

٨-کەم بونی حساسیەی لە پێست

٩-گۆرانی رەنگی میز لەوانەیە رەنگی بۆر بێت .

بونـی ئـەم دژە لـە خوێـن دەلالەتێکـی زۆر بەهێـز لـەوە دەکات کـە نەخۆشـەکە تـوش

بـوە بـە نەخۆشـی ذئبـە حمامیـە) بەتایبـەت کاتێـک پشـکنینی بەرگریەکانـی تـری لـەش systemic lupus erthealtoshs نەرێنـی دەبێـت

هۆکاری ئەرێنی بوونی لە خوێن ئەماندن:-

١-ذئبە حمامیە ٢-رەق بونی پێست ٣-التهاباتی ماسولکە ٤-هەوکردنی پێست

ئەو دەرمانانەی کاردەکانە سەر ئەنجامی ئەم پشکنینە

١-دەرمانـی دژە دووگیـان بـون ٢-میضـی سیرجید ٣-پنسـلین ٤-فینیـک بـۆ تـازون ٥-فینبۆئیـن ٦-بریمیـدون ٧-بروکائیـن امیـد ٨-کیندیـن ٩-رززبیـن ١٠-ستریمایسـین ١١-سـلفا دای میثوکسـین ١٢-سـلفو نـادا میدات ١٣- تترا سایکلین

ئەو دەرمانەی وادەکەن ئەنجامەکە نەرێنی بێت

(Corticateroids)



ANTI SSA(RO) Test
Anti -sjogren syndrome A

دژە تەنەن ئەو نەخۆشانە دەیکەن کە دەنالێن بە دەست نیشانەکانی نارێکی شانەکان, دروست دەبێت لە پرۆتینەکان کە دژە تەنەکان دژی لەش و پرۆتینەکانی لەش دەوەستیتەوە بەکاردێ بۆ جیاکردنەوەی ذئبە حمامیە و متلازمە شوغرین وە نەخۆشی شانەی

(Mixed connective tissue disease)

ئەو دژە تەنانە لەو نەخۆشانە هەیە کە توش بونە بە نەخۆشی شانەی خام یان متلازمە شوغرین یان ذئبە حمامیە یان هەوکردنی پێست لە تاقیگە بە جیهازی ئلایزە دەکرێ.

چ کاتێک ئەزێنی دەبێت؟

١-نەخۆشی متلازمە شوغرین هەبێت ٢-ذئبە حمامیە ٣-هەکردنی مفاسل هەبێت ٤-ذئبە حمامیە طفلیە ٥-ذئبە حمامیە لە مندالی تازە لە دایک بوو ٦-گیرانی دڵی مندالی تازە لە دایک بوو کە دایکەکە توشی ذئبە حمامیە بوە.

ئەم پشکنینە بەرز دەبێت لە هەریەکە لەو نەخۆشانەی خوارەوە

١-اعضاء تناسلی لە ئافرەت ٢-گەورەبونی غودەی العابیە ٣- ئازاری مفاسل

نیشانەکانی ئەو نەخۆشیە:

١- کەمبونەوەی هەستی تام کردن ٢- سکچونێکی وشک ٣- وشک بوونی چاو ٤- وشک بونی دەم گرانی دەم و گرانی لە قسە کردن ٥- وشک بونی پێست و شەق بونی ٦- ئازارو ئەستور بونی مفاسل ٧- ئازاری ماسولکەکان ٨-ئیلتهابی زمان لەوزمێن ٩- وشک بونی زێ ١٠-ن ارێکی لە گەدە و ریخۆڵە ١١-ئیلتهاباتی قسەبات و سییەکان.

Anti SSB (La) Test
Anti sjorges syndrome type B

دژە تەنی خودین کاردەکانە سەر لەش مرۆڤ بەهەڵە کە پەیوەندیەکی گەورەی هەیە بە نەخۆشی بەرگری خودی وەک ذئبە حمامیە و متلازمە لە ژێر پێستی منداڵی تازە بوو وە زەردوی، لە ئافرەتی دووگیانی دا دەبەسترێتەوە بە بوونی نەخۆشی گورگی سور کە دەبێتە هۆی هەرمشە لەسەر منداڵەکە دەبێتە ناتەواوی لە دروست بونی وەک نارێکی یان ناتەواوی دڵ.

نزیکەی ١،٠ تا ٠،٥ لە سەدا توشی مرۆڤ دەبێت

زۆر جۆر دژە تەن هەیە ئەم جۆرەیان لاوەکین لە ناو ناوکی خانەدا هەن

بونی ئەم نەخۆشیە دەبێتە هۆی یەکیک لەم نەخۆشیانە

١-نەخۆشی بەرگری ٢- شێرپەنجە ٣- ذئبە حمامیە ٤- قلیشانی پێست ٥-ئیلتهاباتی ماسولکە ٦- لەناوچونی خانە ٧-ە ەکردنی جەرگی خودی کە بەهۆی دەرمانی ذئبەوە دروست دەبێ.



ANTI SCL-70 Test
Anti scleroderma-70

یەکێکە لە نەخۆشیەکانی بەرگری کە خانەکانی بەرگری دژی خانەکانی لەش دەوەستێتەوە کە کاردەکاتە سەر شانەکانی لەش بەوەش کاردەکاتە سەر پێست و دەمارە خوێنەکان

نەخۆشیەکە بە دوو شێوە دەردەکەوێ

١- دیاری کراوی Iocalized واتا بە شێوەکی دەورەدراو

٢- بڵاو بوەوە sclerosis واتا بەشێوەی رەقبوون کە توشی چەندان بەشی لەش دەبێت.

نیشانەکانی پشت دەبەستێت بە جۆری نەخۆشیەکە:-

١-پێست توشبونە کە لە سەر شێوەی پەپولە

آ- دروستبونی هەوکردن و سوربونەوە و ئەستور بون و ئازار و خوران

ب-پێست چرچ و ماسیانی لێ دێت

ت-کاردەکاتە سەر پێستی لەلای پەنجەی دەست و پێ

٢-شێوەی مرەی دەردەکەوێ

آ- گەڕانەوەی ترشی بۆ گەدە و وە هەست کردن بە ترش

ب- ئەگەر هەوکردنی مرەی ئەمێنی دەبێتە هۆی بچوک بوونەوەی ڕێرەوی خۆراک و نەخۆش ناتوانێ خۆراک بە ئاسانی قوت بدات.

٣-ملولە خوێنیەکان

آ- بونی ملولەی خوێنی بچوک لەسەر دەست و قاچەکان و دەرچون و شینبونیان لە کاتی هەست کردنی بە سەرما.

ب- دروست بوونی ملولە بەشێوەی ماکی سور لەسەر دەموچاو لێو

ت- نەخۆش توشی زەخت دەبێ کاتێک کێشەیەکی لە گورچیلە هەبێ

٤- سییەکان

آ- بە زۆر هەناسەدان ب- بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن لە سییەکان

٥-ریخۆڵەکان

آ- قەبزی ب- هەندێک جار سکچون

هۆکاری توشبون بەو نەخۆشیە چیە:-

هۆکاری تا ئیستا نەزانراوە بەڵام زاناکان کۆکن لەسەر ئەوەی بەهۆی کارتێکەری جینات روودەدات کە بەرگری بەشێوەیەکی نا ئاسای کاردەکاتە سەر لەش، بەڵام هەندی هۆکار هەن دەبنە کارتێکەری توش بون بەو نەخۆشیە

١- توشبون بە نەخۆشیێ ڤایرۆسی

٢- گرنتی توشبون لەلایەن یەکێک لە تاکەکانی ماڵەوە

٣- ئافرەتان زیاتر توشی دەبن لە پیاوان

٤- هەندێک دەرزی کە بەکاردێ بۆ چارسەری شێرپەنجە

نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە

١- کاردەکاتە سەر ئیشکردنی سی یەکان کە هەناسەدان نارێک دەکات

٢- لەکارکەوتنی گورچیلە

٣- نارێکی لە دروستبونی لە دڵ فەشەلی ماسولکەکانی دڵ

٤- کۆبونەوەی ئاو لە دەوری دڵ

٥- نارێکی لە ددانی هەڵومڕینی

٦- لاوازی ئاو هاتنەوە



تێبینی: دکتۆر دەستنیشانی نەخۆشیەکە دەکات دەبێت نەخۆش ئەم پشکنینە بکات وە ئەشیعە بۆ سینگ پێویستە بیگیرێ.

C3 Test
Complement 3

یەکێکە لە کۆمەڵە پرۆتینانە کە فەرمانیان یارمەتی دانی کۆئەندامی بەرگریە لە دژی میکرۆبات بەتایبەتی بەکتریا و ڤایرۆس ئەو نیزامە پێکهاتەیەکی ئالۆزە کە دروستکراوێکی ئالۆزی بەرگری دروست دەکات .

ئەم پشکنینە دەکرێ بۆ زانینی پێکهاتەی(مکونات) تەواو لە خوێن، کە دەلالەت لە کۆمەڵە پرۆتینیک دەکات کە فەرمانیان یارمەتی کۆئەندامی بەرگری دەدەن لە دژی میکرۆبی تر دەگۆرێت بە تایبەت بۆ بەکتریا و ڤایرۆس،ئەم پێکهاتەیە دەورێکی گرنگی هەیە لە قۆناغی ناسینی تەنی بێگانە وە دروست کەرێکی ئالۆزی بەرگریە (immune complex) بۆ دژەتەن

لە رێکخەری پرۆتینات زیاتر لە ٢٠ پێکهاتە هەیە، بەڵام دوو لەو پێکهاتانە زیاتر دەکرێ ئەوانیش (C4-C3) لەنەخۆشی هەکردنی ئاستیان نزم دەبنەوە پێکهاتەکان وە لەلایەکی تر نەبونی هەندی پێکهاتە لە کۆرپەلە توشی چەندان نەخۆشی دەکات وەک توش بوو بە بەکتریا کەوا دەکات توشی هەوکردنی (ئیلتهاباتی) سییەکان بێت.

نیشانەکانی ئەم پشکنینە چیە:-

١- لاوازی ماسولکە

٢- وشک بونی چاو دەم

٣- ئازاری بەردەوام

٤- ئازاری پێ

٥- نەخۆشی نقرس

٦- مەینی خوێن بەناو دەمارەکان

٧- ژەهراوی بونی

٨- ذئبە حمامیە

٩- ئیلتهابی پەرەی تەنکی دڵ

نیشانەکانی کەمی ئەم پشکنینە:-

١- لەکارکەوتنی هەربەشێکی چیندراو

٢-ئلتهاباتی قۆلۆن

٣- هەوکردنی گورچیلە

٤- نەخۆشی دەمار

٥- هەوکردنی جەرگ یان بەشێک لە بوونی جەرگ

٦- نەخۆشی دەمار

نیشانەکانی بەرزی ئەم پشکنینە:-

١- هەوکردنی مفاسل

٢- هەوکردنی پێست

٣- تای رۆمانتیزم

C1 Inactvator Test

یەکێکە لە کۆمەڵە پرۆتینانە کە فەرمانیان یارمەتی دانی کۆئەندامی بەرگریە لە دژی میکرۆبات بەتایبەتی بەکتریا و ڤایرۆس ئەو نیزامە پێکهاتەیەکی ئالۆزە کە دروستکراوێکی ئالۆزی بەرگری دروست دەکات،

ئەم پشکنینە حاڵەتی هەلئاوسانی شوێنکەیە کە شێوەی بەش بەش هەلئاوساو دروست دەبێ بەهۆی کۆبونەوەی شلە لە دەرەی دەمارە خوێنیەکان کە خورانی نایێت بە شێوەیەکی گشتی لە جمجمەی سەر بە زۆری دروست دەبێ و لە دەموچاو بە تایبەت لێوەکان لە چەند شوێنێکی تری لەش دەبێت.

نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە

١-ئازاری سک ٢-دڵ تێک هەڵاتن و سکچون ٣- دروست بوونی هەڵئاوسان لە دیواری ریخۆڵە لەوانەیە ببێتە هۆی گران فرێدانە دەرەوەی پاشماوە وە هەندێ جار دەگیرێ ٤- هەندێ جار گیرانی دیواری سییەکان کە وادەکات مرۆڤەکە بمرێت ٥- ئاوسانی دەستەکان ٦- ئاوسانی پێیەکان ٧- ئاوسانی ئەندامی زاوزێ.

تێبینی: ئەو ئەستور بوونە لە ماوەی ١٢-٣٦ سەعات بڵاودەبنەوە و لەماوەی سێ رۆژ نامینێت پاش وەرگرتنی دەرمان.

تێبینی: ئەگەر ئەم پشکنینە ئاسای دەرچوو

ئەوکات دکتۆر گومانی لە هۆکاری کۆبونەوەی ئاو لە لەش دەکات بە یەکێک لەم هۆکارانە:

١- لە کارکەوتنی دڵ و گورچیلە جەرگ

٢- مەینی خوین لە دەمارەکان

٣- نارێکی لە کۆئەندمی بەرگری هەرس

C4 Test
Complement 4 test

ئەم پشکنینە دەکرێ بۆ زانینی نارێکی لە منداڵی تازە بوو یان بۆ زانینی نەخۆشی بەرگری خودی وەک ذئبە حمامیە یان نەخۆشی دەمار یان ئیلتهابی لە ئەدرینەل گلاندی سەر گورچیلە یان هەوکردنی جەرگ کە دەبێتە هۆی بەرزی C4.
کەم دەبێت لە هەندێ نەخۆشی ئاوسانی بۆ ماوەی بە هۆی کەمی C1 و هەروەها کەم دەبێت لە نەخۆشی ذئبە حمامیە کاتێک خانەی LE cells نابێت.

هۆکارەکانی بەرزی ئەم پشکنینە:-
١- شێرپەنجە
٢- هەکردنی پێست و ماسولکە
٣- هەوکردنیمفاسل رۆماتیزم

هۆکارەکانی نزمبونی ئەم پشکنینە:-
١-هەوکردنی قصباتی زۆر ٢-خواردنی جگەرە ٣-کەمی بەهۆی ناتەواوی لە کاتی لە دایک بون ٤-کەم دەبێت بەهۆی بەرز بونەوەی الغلوبیولیناتی سار (cry globulinemia) ٥-ئاوسانی بۆماوەی ٦-زیادبونی گاما گلوبیولین لە خوێن ٧- هەوکردنی گورچیلەی ذئابی (lupus nerphritis) ٨-نەخۆشی دەمار ٩- ئلتهابی ناوکەپەتک .

تێبینی: کەمی ئەو پێکهاتانە لە لەش وادەکات لەش زوو توشی بەکتریا و ڤایرۆس بێت.

LE Cell Test
(lupus erythematosus)

ئەو پشکنینە دەکرێ بۆ زانینی ئایا توشی گورگی سور بوە یان نا ئەو نەخۆشیە نەخۆشیەکی بەرگریە جیادەکرێتەوە بەوەی کە زەرەر بە شانە جیا جیاکان دەگەیەنێ بەتایبەتی گورچیلە و پێست و هەروەها مفاصل و کۆئەندامی هەستیاری مێشک.
خوێن لە نەخۆش وەردەگیری تێکەڵ دەکرێ لەگەڵ پرۆتین خانەی تایبەت کە لە تاقیگە ئامادەکراوە ئەگەر لە خوێنی نەخۆش دژە تەنی هەبوو بۆ ئەو پرۆتینانە واتە توشی دەبێت خانەکانی مایکرۆفەیج کە هەڵدەستێ بە قوت دانی پرۆتینەکان و ئەوانەش خانەی ئاساین و هەروەها بە ئاسانی لە ژێر مایکرۆسکۆپ دەناسرێنەوە ئەم پشکنینە زۆر باوەڕپێکراو نییە بۆ دیاری کردنی گورگی سور چونکە ٪۲٥ لەوانەی توشی نەخۆشی گورگی سور دەبن خانەکانی LE یان نییە لەبەر ئەوە ئەم پشکنینە لەو رۆژگارەدا بەکارهێنانی کەم بوە لە جیاتی ئەو ANA بەکاردێ.

ئەو دەرمانانەی کاردەکەنە سەری:

١-هیدرالازین

٢-برۆکاینامید

٣-ڤینتۆین

٤-مضادات حبویە لە خیزانی پنسلین

٥-سولفۆنامیدات

٦-میثیل دوپا

٧-ایزونیازید

٨-ریزربین

٩-فینیل بوتازون

هەروەها حەبی دووگیان نەبونیش لەوانەیە ئەنجامەکەمان بە ئەرێنی درۆینە بداتێ.

چ کاتێک ئەرێنی دەبێ ئەم پشکنینە:-

١-گورگی سوری هەبێ

٢-هەوکردنی رۆمانتیزمی هەبێ

٣-هەوکردنی پێست لە جۆری رەقبون و شەق بونی پێست

٤-هەوکردنی جەرگ بە هۆی بەرگری خودی

چۆن ئەم پشکنینە ئامادە دەکرێ لە تاقیگە دا:-

وەڵام- نیتۆفیلەکە لە خرۆکە سورەکان بۆ ئەوە بە سودە بۆ دەست نیشان کردنی نەخۆش کە هەندێک لە خوێن دەخریتە ناو تیوب کە هیپارینی تیدا بێت سەنترفوج دادەنرێ بۆ ماوەی نیوسەعات وە پاشان مەسحەی لێ دروس دەکرێ و دەخوێنرێ لە ژێرمایکرۆسکۆپی

نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە :-

١- لاوازی ماسولکە

٢- وشک بونی چاو دەم

٣- ئازاری بەردەوام ئازاری پێ

٤- هەوکردنی مفاصل کە ئەستور سوربونەوە



P-ANCA Test
C-ANCA Test
(Anti neutrophil cytoplasmic antibodies)

بەرگریەکی خودیە بۆ چاودێری کردنی ئلتهاباتی دەمارە بچوکەکانی لەشی مرۆڤ، ئەم پشکنینە بەکاردی بۆ زانینی هەندی نەخۆشی گورچیلە و سییەکان.

دوو جۆری هەیە

دژەتەنن دژی ئەنزیمی پرۆتینات PR3

دژە تەن دژی ئەنزیمی میلوکسیداس پێی دەڵێن پیانکە دەتوانری بە هۆی ئامادەکردنی خرۆکە سپیەکان کە لە خودی مرۆڤ وەردەگیری کە ئامادە دەکری بەهۆی فۆرمالین و ئیتانۆل کە لە وینەکەی خوارەوە دیارە ئە ئەنزیمە بارگەی کارەبای لاوازە کە تێدا خۆی دەنوێنی بە رەنگی سور وە جیادەبێتەوە لە حبیبات لە کاتی کاری ئامادەکردنی ئیتانۆل لە دەوری خرۆکە سپیەکان کۆدەبێتەوە پێدەڵێن پیانکە.

بەڵام سیانکە کە لە وێنەکە دیارە خالە سەوزەکان کە لە دەوری حبیبات دەمینێتەوە کە لە کاتی ئامادەکردنی بە ئیتانۆل لەبەر ئەوەی هیچ وزەیەکی کارەبای نییە یان هەڵناگری.

نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە

١- نەخۆشی گورچیلەی هەبی ئازارێکی زۆری هەبێ.

٢- خوێن هاتن لە میز.

٣- میز زۆر دەکات.

٤- نەستوربونی لەش.

٥- هەناسە تەنگی.

٦- زەختی بەرز بی بێ ئەوەی هۆکارەکای دیار بێت

٧- ئیلتهاباتی زۆر لە سییەکان دمێتە هۆی دروست بوونی بەڵغەم .

٨- ئیلتهاباتی قۆلۆن.

٩- هەوکردنی مفاسل

٩- هەوکردنی لە دەمارە بچوکەکانی لەش وەکو دەوروبەری چاو



ANTI GBM Test
Anti -glomerular basement membrane

یەکێکە لە نەخۆشییە بەرگریەکانی خودی پێی ناودەبرێ بە نەرمی بەردەوامی سییەکان و لەگەڵ هەوکردن خێرای گورچیلە و لەگەڵ پەردەی ئەدرینەل گلاندی سەر گورچیلە کە ناسراوە بە ناوی Anti –glomerular basement membrane کە پەردەی دەرەوەی سەرەکی گورچیلە و سییەکان لە ناو دەبات هەتا ئێستا دیار نیە هۆکاری.

چییە ئەو نەخۆشیە.

دەناسرێتەوە لە کاتی وەرگرتنی پارچەیەک نمونە لە سی یەکان و گورچیلە کە رەنگی شازیان هەیە بونی ئەو نەخۆشیە لە ملیۆنێک یەک کەس هەیتی بە تایبەتی لەو پیاوانەی سێ یەکی تەمەنیان بەرێ کردوە.

نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە لە گورچیلە و سی یەکان دەردەکەوێ

١- لە زۆربەی نەخۆشیەکان hemoptysis بە یەکەم نیشانە دادەنرێ لە زۆربەی نەخۆشیەکان

٢- لەوانەیە لە کاتی گرتنی اشاعە lung filtaration دەربکەوێ

٣- لە کاتی کۆکە

٤- لە کاتی هەناسە تەنگی

بەڵام لە گورچیلە نیشانەکانی تا درەنگ دەرناکەوێ لە تاقیگە کەم خوێنی دەردەچێ و رێژەی دووانە ئۆکسیدی زیاد دەکات، نیوەی ئەو نەخۆشانەی توشی ئەو بەرگریە خودیە دەبن توشی لەکارکەوتنی گورچیلە دەبن یان بوونی خوێن لە میزدا

Pathergy Test

ئەم پشکنینە ناسراوە بە نەخۆشی بەهچتی کە هەوکردنی زۆر لە دەمارەکان دروست دەکات لە هەموو شوێنەکانی لەش هەتا ئێستا هۆکاری سەرەکی نازانرێ بەڵام لەوانەیە بەهۆی بەرگری خودی بێت.

نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە

١- برینی ناو دەم ٢- هەوکردنی چاو ٣- قلیشان و هەڵسانی پێست ٤- برینی دەرەچەی زاوزێ

-بەربڵاوە بەشێوەیەکی زۆر لە تورکیاو یابان بە تایبەتی و ناونراوە لە لایەن تورکەکانەوە، چونکە زیاتر لە تورکیا بڵاوە، ئەم نەخۆشیە هەموو بەشەکانی لەش دەگرێ تەنها مێشک نەبی کە بە کەمی دەیگرێ، بەڵام گرتنی بە نەخۆشیەکی ترسناک دادەنرێ کە لە شێوەیەکی ئازار بەخش لەسەر گۆرانی هەڵسوکەوتی مێشکی دەکات، لە ریخۆڵەکان ئازار لە سک دروست دەکات بە سک چونێکی زۆریش دەبێت کە زۆربەی سک چونێکی خوێناویە، لە زۆربەی نەخۆشیەکان کاردەکاتە سەر دەمارەکان و دەبێتە ئیلتهاب و دەبێتە هۆی دروست بونی کیسی خوێنی لە سەر دیواری دەمارەکان کە دروست دەبێ بەهۆی لاوازی دیواری دەمارەکان بەهۆی ئیلتهاباتی کە لەوانەیە ببێتە هۆی خوێنبەربونێکی زۆر کە پەیوەندی بەو بەشەی کە خوێن بەربونێکەی لێ روودەدات وەک تەقینی دەماری سییەکان کە دەبێتە دروست بونی خوێن بەربوونی لە سییەکان لەوانەیە زیاد بێت و ژیانی بکەوێتە مەترسیەوە سەرەرای بەکارهێنانی چارەسەر و دەرزی ٪٢٥ی نەخۆشیەکان توشی کوێربوون دەکات.

Anti cardiolipin Test (IgG-IgM-IgA)

گەردیلەیەکی چەوریە بەشێوەیەکی ئاسای لەناو پەردەی خانە و پەرەکانی خوێندا هەیە لەکاتی لەبارچونی کۆرپەلە بە تایبەتی دەکرێ چونکە رۆڵێکی گرنگی هەیە لە خوێن مەیین، یەک دەگرێ کارلێک روودەدا بەمەش anti body لەگەڵ cardiolipin وە ئەگەری هەیە ئەنجامێکی ناناسایمان بداتێ لە هەندێ نەخۆشی وەک (شێرپەنجە—ئایدز).

لەهەندێ حاڵەت دا ئەم پشکنینە دەکرێ :-

١- لەبار چون

٢- thromobocytopine

٣- SLE

تێبینی: ئەگەر Igg-Igm دەرنەکەت دکتۆر بەگوێرەی نیشانەکانی تەکید دەزانێ کە هەیتی ئەوا پشکنینێکی تری بۆ دەنوسی ئەویش IgA بەوپشکنینە دەزانین کە ئەو نەخۆشیەی هەیە .

دوو جۆر Anti cardiolipin هەیە

١-کاتی

٢-درێژخایەن

بۆیە دەبێ نەخۆش پاش چەند هەفتەیەک ئەو پشکنینە بکاتەوە بۆ دڵنیا بوون لە جۆرەکەی

نیشانەکانی Thrombotic چیە

١- کورت بونەوەی هەناسە دان

٢- سەر ئێشە

٣- ژان و ئەستور بونی دەست و پیەکان

ANTI PHOSPHO LIPID Test (IgG-Igm)

گەردیلەیەکی چەوریە بەشێوەیەکی ئاسای لەناو پەردەی خانە و پەرەکانی خوێن دا هەیە.

لەکاتی لەبارچونی کۆرپەلە و رۆڵێکی گرنگی هەیە لە خوێن مەیاندن بەتایبەتی دەکرێ، چونکە رۆڵێکی گرنگی هەیە لە خوێن مەین، anti phospholipid جۆرێکە لە cardiolipin

لەهەندێ حاڵەت دا ئەم پشکنینە دەکرێ:-

١- لەبار چون

٢- thromobocytopine

٣- SLE



Lupus anticoagulant Test

ئەم پشکنینە دەکرێ بۆ زانینی جەڵتەی خوێن و بۆ زانینی کاتی ثرۆمبۆپلاتین وە بۆ زانینی لە بارچوونی چەند جارێک لە سەر یەک.

-دژە تەنی خودیەکە سیستەمی بەرگری دروستی دەکات بۆ مەینی بەرگری کە بەهەڵە کاردەکاتە سەر خانەکانی لەش کە رووەدەکاتە سەر چەوری فۆسفاتی و هەروەها ئەو پرۆتینانەی کە بەستراوە فۆسفۆلیبیدات کە لەبەشی سەروی دەرەوەی خانەکان پەردەی خانەکان ئەو دژە تەنانە یارمەتیدەرن لە کاری مەیینی خوێن بەرێگەیەکی دیاری نەکراو کە زیاد دەبێت و کاردەکاتە سەر کەسەکە.

چ کاتێک ئەم پشکنینە دەکرێ :-

١-کەسێک کە خوێن مەینی دەمارەکانی هەبێت بەبێ هیچ هۆکارێک یان نیشانەکانی.

٢- ئازارو ئەستوربون

٣- مۆربون و رەنگ بونی لاقەکان لە کاتی مەین

٤- ماندوبونی بەردەوام

٥- ئارەقەکردن

٦- بە پەلە هەناسەدان لەگەڵ گیرانی سیەکان

٧- ئافرەتێك چەند جارێک منداڵی لەباربچێت و نیشانەکانی دەلالەت لە بونی دژە تەن بکات عادەتەن هەتا پاش ١٢ سەعات پشکنینە ناکرێتەوە بۆ دڵنیابون.

تێبینی: ئەگەر ئەرێنی دەرچوو پشکنینەکە پاش چارەسەر دەبێ دووبارە بکرێتەوە تاکو بزانرێ زیادی کردیە یان نا چونکە لەش توانای زیاد کردن و کەم کردنی هەیە،وە ژماردنی پەرەکانی خوێن کەمبونی پەرەکانی خوێن لە لایەن ئەو کەسانەی کە دەرمانی دژە مەین وەردەگرێ .

تێبینی: ئەگەر ئەو پشکنینیەکە ئەرێنی بوو ئەوا پشکنینی VDRL بۆ دەکەین چونکە بە ئەرێنی بونی VDRL ئەویش ئەرێنی دەبێ.

هەروەها پشکنینەکە ئەرێنی دەبێ لە کاتی بونی

١- نەخۆشی ڤایرۆسی

٢- کەمی بەرگری

٣- کەمی بەرگری خودی

٤- نەخۆشی ئایدز

٥- شێرپەنجە

ئەو دەرمانانەی کە کاردەکاتە سەر ئەم پشکنینەکە

١- فینوثیازینات

٢- بنسلین

٣- کینیدین

٤- هیدرالازین

٥- برکنیاد

٦- فوسیدار

٧- ئەو نەخۆشانەی هیپارین وەردەگرێ





Anti TTG-a Test
Anti transglutaminase antibodies

دژەتەنن لە پرۆتینی غلوتامین دەورێکی گرنگی هەیە لە کۆئەندامی بەرگری لە ڕێگەی کەشفکردنی خانەکان و مەوادەکانی دووری دەکاتەوە کۆئەندامی بەرگری ئەو خانەو مەوادانە لەوانەیە دەرەکی بن وەک ڤایرۆسات یان لەوانەیە لەش خۆی دروستی بکات وەک خانەکانی شێرپەنجەی ئەو دژە تەنانە کاتێک کاردەکاتە سەر خانەی شێرپەنجەیەکانی لەش خودی خۆی پێی دەوترێ دژە تەنی خودی واتا دژی کۆئەندامی بەرگریە کە دەبێتە هۆی نەخۆشی بەرگری ئەو نەخۆشانەی کە زیاتر توشی ئەو بەرگریە خودیە دەبن

١-نەخۆشی ئلتهاباتی ریخۆڵە ٢-کەم بونی کێش ٣-کەم بونی ئاستی هیمۆگلۆبین ٤-کەم بونی ئاستی کۆلیسترۆل ٥-زیاد بونی ئاستی گلوکۆز ٦-نیشانەکانی دیار نین لەکاتی شێر پەنجە ٧-نارێکی لە هەرس کردن



Anti TTG-G Test
Anti transglutaminase antibodies

دژەتەنن لەسەر رووی ریخۆڵە و کۆئەندامی هەرس و غودەی تناسلی بەرگری دەکات لە ریخۆڵە

وە غودەی تناسلی لە نەخۆشی ڤایرۆسات مشەخۆرەکان بەرگری دەکات .

ئەم پشکنینە دەست نیشانی ئەم نەخۆشیانە دەکات

١-کەمی بەرگری (مناعە)

٢-نەخۆشی شەکرە

٣- مایلوما

ئەو دەرمانانەی کاردەکەنە سەر ئەم پشکنینە

١-فینیتون

٢-پنسلین

کردنی ئەم پشکنینە لە تاقیگە :-

پێویستە نەخۆش ئەو خواردنانە بخوات کە غلوتینی تێدایە یان دەرمانی غلوتین بخوات پێش کردنی پشکنینەکە، یەک هەفتە دکتۆر پێی دەڵێ کە ئەو خۆراکانە بخۆ کە دەوڵەمەندە بە غلۆتین وەک نان معکرونی کە لەش دژەتەن بەرهەم دەهێنێ کاتێک غلۆتینی زۆر لەکاتی راگرتنی غلۆتین هیچ دژەتەنیش نامێنی کە وەڵامی بداتەوە

Anti Endomysial-A Test
Anti Endomysial-G Test

ئەم دوو پشکنینە دەکرێ بۆ زانینی بونی دژی گەنم ئەگەر ئەرێنی بوو ئەوا پێویستە دکتۆر سەیری ریخۆڵە بکات بە نازوور وە دوای پارچەیەک لە ریخۆڵە وەردەگرین بۆ دڵنیا بون لە بوونی نەخۆشی هەستەوەری(حساسیە) دژی گەنم بە دوو رێگا ئەم پشکنینە دەکرێ.

١- بە شیکردنەوەی دژە تەنەکان

هەروەک زانراوە لە لەشی نەخۆش توش بوە بە هەستەوەری گەنم کۆئەندامی بەرگری دژە تەن بەرهەم دهێنێ بۆ بەرەنگار بونەوەی لەش کاتێک کەسەکە گلۆتین وەردەگری جا بە هەر سەرچاوەک بێت، پشکنینەکە دەکرێ دەگەرێ بەدوای ئەو دژە تەنانە چونکە بونیان واتە بونی هەستەوەری دژی گەنم لەبەر ئەوە پێویستە کەسەکە گەنم بخوا پێش ئەوەی پشکنینەکە بکات،

چەند پشکنینێکی تر هەیە دەکرێ بۆ دیاری کردنی ئەم نەخۆشیە

١- TG-IgA+

٢- TG IgG+

٣- AGA-IgG

٤- AGA-IgA

٥- EMA-IgA

٦- Total serum IgA

لە نێوان هەموو ئەو پشکنینانە TG-IgA+ بە دڵنیا ترین پشکنین دادەنرێ بۆ زانینی بونی ئەم نەخۆشیە وە دکتۆر داوای Total serum IgA دەکات بۆ زانینی کەمی ئەم دژە تەنە کە لە هەندێ مرۆڤ روودەدات وا دەکات ئەنجامیکی نەرێنی بدات وە لە حاڵەتی کەمی Total serum IgA دکتۆر داوای TG-IgA،+TG IgG+ بەڵام بە نسبەت Iiadin antibodies ئەم پشکنینە کە کەمتر تەکیدی لەسەر دەکرێ بۆیە رەتکرایەتەوە ئێستا گۆراوە کراوە بە IgG-IgA کە زیاتر بە پشکنینی تەکید

کەرەوە دادەنرێ بەتایبەت لە منداڵ ئەوانەی کەوا کەمی دژە تەنی IgA یان هەیە.

٢- پشکنینی کرۆمۆسۆمی (جینیات)

هەندێ لە دکتۆرەکان داوای پشکنینی کرۆمۆسۆمی دەکەن کە پەیوەندی بە گەنم هەیە ئەوانیش

HLA-DQ2,HLADQ8

ئەوکەسانەی کە پێویستە ئەم پشکنینە بکەن ئەوانیش ئەوانەن:-

١- ئەوانەی توشی نەخۆشی شەکرە بونە لە جۆری یەک

٢- ئەوانەی توشی نەخۆشی بەرگری غودەی دەرەقی بونە

٣- توشبون بە قۆڵۆن

٤- توشبون بە ئەنیمیا

٥- توشبون بە نارێکی کۆئەندامی هەرس

٦- ئەوانەی نزیکن لە کەسی توش بوو

٧- توشبون بە ماندوبون

٨- منداڵی کەوا توشی نەخۆشی کورتەباڵا بوە

٩- توشبون بە نەخۆشی کوشنج

تێبینی- پێویستە نەخۆش لە ساڵێ دووجار بچێتە لای دکتۆر یەکەم جار دوای سێ مانگ دووبارە دەچێتەوە لای دکتۆر.



Immunoglobulins (Ig) Test

دژهتەنەکان پێکهاتەیەکی پرۆتینین واتە گلایکۆپرۆتین, لە ناو خوێندا و کاریان پارێزگاری کردنی سیستەمەکانی لەشە بەبێ جیاوازی و پاک کردنەوەی خوێن و شانەکانە یان ڕێگەگرتن لە بەکتریاو ڤایرۆس و ژەهرەکان و کەروەکان و خانە شێرپەنجەیەکان و تەنە بێگانەکانی تر بە گشتی، ئەم دژەتەنانە لە لایەن (B.lymphocyte) ئەوە دروست دەکرێن,
دابەشدەکرێن بۆپێنج جۆری سەرەکی کە ئەمانەن پلازماخانەکانی.
(IgG,,IgM,,IgD,,IgE,,IgA)
شیکاری دژەتەنەکان بریتیە لە دیاری کردنی ڕێژەی ئەم دژەتەنانە
یەکەم: IgG لە 80 % دژەتەنەکان پێک دێنێت
دووەم : IgA لە 15% دژەتەنەکان پێک دێنێت.
سێیەم : IgM لە 5-7 % دژەتەنەکان پێک دێنێت.
لە ٢٪ بۆ ئەوانەی کە ماون .

یەکەم: IgG لەم حاڵەتانەدا بەرز دەبێتەوە
,,Autoimmune diseases like SLE
,,Rheumatoid arthritis,,sarcoidosis
,Chronic liver disease,,some parasitic disease
.Multiple myloma,,lymphoma,,or other malignancy
لەم حاڵەتانەدا IgG نزم دەبێت
,,Immunosupressive therapy,,genetic(scid
Wiskott-aldrich syndrome,,common
(.Variable immunodifeciency
دووەم: IgM لەم حاڵەتانەدا بەرزدەبێت
,,Viral hepatitis,,infectious mononucleosis
Early response to bacterian and parasitic

Infection,,lymphoma,,waldenestrom
.Macroglobulinemia

لەم حاڵەتانەدا IgM دادەبەزێت..
.Immunosupressive therapy

سێیەم: IgA لەم حاڵەتانەدا بەرزدەبێت.
Chronic liver diseae,,chronic infectious like GI and respiratory tract,,mul-
.tiple myloma IgA

لەم حاڵەتانەدا IgA نزم دەبێ
,,Inherited IgA difciency (ataxiatelangiectasia
.(Combined immuno difeciency disorder



Environmental Allergy Test

پشـکنینی هەستیاری(حساسـیەت) بـە هۆکارێکـی دیاریکـراوی ژینگەیـی و شـیکاری دژەتەنـی

(IgE antibody)، پشـکنینێکی خوێنە بۆ دەستنیشانکردنی هەستیاری کەسێک بـە ماددەیـەک یـان چەنـد ماددەیەکی ژینگـە، دەکرێت کاتـی(وەرزی) بێـت یـان درێژخایـەن، بـۆ نموونـە بەرکەوتنـی تەنۆلکەکانـی نـاو هـەوا لـە وەرزە جیاجیاکانـدا یـان گژوگیـا بەهارییـەکان کـە مرۆڤـی پـێ هەسـتیار دەبێـت. هەسـتیاری دەکرێـت بۆماوەیـی بێـت لەکاتـی بوونـی هەسـتیاری لـە تاکێکـی خێزانـدا دەگونجێـت بگوازرێتـەوە بـۆ نەوەکانـی .

دژەتەنی (IgE) چی یە؟

دژەتەنـی (IgE) بەشـێکە لـە سیسـتمی بەرگـری لـەش، کاتێـک کەسـێک هەسـتاری هەیـە بـە ماددەیـەک، بـۆ یەکـەم جـار بەرکەوتنـی دەبێـت لەگـەڵ ئـەو ماددەیـەی کـە دوچـاری هەسـتیاریی دەکات هەسـتیاریەکەی زیـاد دەکات، لەشـی کەسـەکە ئـەو ماددەیـەی دەبێتـە مایـەی هەسـتیاری وەک تەنێکـی بێگانـە دەناسـێنێت و دەسـت دەکات بـە بەرهـەم هێنانـی دژە تـەن، دژەتەنـی تایبەتمەنـدی هەسـتیاری (IgE) لـە خوێنـدا پەیـدا دەبێـت. کاتێـک کەسـەکە بـۆ جـاری دووەم بەرکەوتنـی دەبێتـەوە لەگـەڵ هەمـان ئـەو ماددەیـەی دەبێتـە مایـەی هەسـتیاری، دژەتەنەکـە (IgE) دەیناسـێتەوە و هانـی لـەش بـۆ دەردانـی هسـتامین (Histamin) یـان هـەر ماددەیەکـی کیمیایـی تـر، لـە ئەنجامـدا کەسـەکە پێـی هەسـتیار دەبێـت و نیشـانەکانی دەردەکـەون لەشـوێنی بەرکەوتنەکـەدا.

نیشانەکانی هەستیار(حساسیەت)ی ژینگەی (Environmental Allergy):

١-پژمین.

٢-تەنگەنەفەسی.

٣-خیسە خیس (دەرچوونی دەنگ لەکاتی هەناسەداندا).

٤- ئاوسانی لووت.
٥-خوران و سوربونەوەی پێست و چاو.
٦-کۆکین .
٧- گیران و خورانی قورگ.

ئەو ماددانەی کەدەبنە هۆی هەستیاریی و شیکار دەکرێن:

پشکنینی مادده هەستیاری بەخشەکان بەپێ ی ناوچەکان جیاوازی هەیە بە هۆی کەش و هەوای ناوچەکەوە جۆری ماددەکانی دەگۆرێت ،لە تاقیگەکەمان ٣٠ جۆر ماددەی هەستیاری بەخش پشکنینیانی بۆ ئەنجام دەدرێت کە تایبەتن بە ولاتی عێراق و هەرێمی کوردستان.

ئەم ماددانەی خوارەوە زیاتر هۆکاری هەستیارین لە ناوچەکەی ئێمەدا:

شیرینی گیایی بەهارە (sweet vernal grass).
گیا گەزنە (Nettle).
جۆرە گیایەکە (Chenopodium album).
گوڵە بەیبون (Camomile).
کرێشی پشیلە (Cat epithel).
جۆرە کەروێکە (Candida albicans).
کرێشی سەگ (Dog epithel).
پەڕ (Feather mix).
توتی وطیرالحب (Parrot / Budgerigar / Hollendicus).
مانگا و مەڕ و ماڵات(Cow / Sheep).
پەڕی مریشک (Chicken feather).
جۆرە کەروێکە (Pencillium notatum).
جۆرە کەروێکە (Aspergillus fumigatus).
جۆرە کەروێکە (Cladosporium).
جۆرە کەروێکە (Alternaria alternata).

جۆرێکە مێرووەکی وردە (Derm.Pteronyssinus).

جۆرێکە مێرووەکی وردە (Drem.farinae).

سیسرک (Cockroach).

مووی حوشتر(Camel Hair).

ئەفسەنتین (Absinthe).

بەڕوو (Oak,White).

زەیتوون (Olive).

ڕووەکە هەمیشە سەوزەکان وەک سەرو، کاژ، سنەوبەر(Cypress).

توو (Mulberry).

گیایەکە بۆ ئالف بەکاردێت (Timothy grass).

گیا (Mix grasses).

تۆزی دانەوێڵە (Grain Pollen Mix).

جۆرە گیایەکە گەڵاکانی پەلپەلە(Gagweed).

جۆرە گیایەکە (Mugwort).

جۆرە گیایەکە (Parietaria).

ئەنجامی پشکنینی هەستیاری حساسیەت :-

باشتر وایە سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکرێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەنجامی پشکنینەکە، چونکە ئەنجامی پشکنینی هەستیاری پێویستی بە ڕوونکردنەوە و گرنگی پێدان هەیە، تەنانەت ئەگەر ئەنجامەکە نەرێنی بوو (Negative). هەروەها ڕەنگە شیکارییەکە ئەرێنی(Positive) بێت، لەکاتی بەرکەوتنیشت بە ماددە هەستیاری بەخشەکان هەستاریەکی توندت بۆ دروست نەکەن.

ئەگەر ئەنجامەکە ئەرێنی(Positive) بوو بەرزبوونەوە لە ڕێژەی دژەتەنەکە (IgE) نیشانەی ئەوەیە تۆ هەستیاریت بەو ماددەیە هەیە کە لە پشکنینەکە ئاماژەی پێدەکرێت، بەرزبوونەوەی ڕێژەی دژەتەنەکە دەستنیشانی ڕادەی توندی هەستیاریەکە دەکات، پزیشکەکەت پێشنیاری ڕێگەی گەنجاوی چارەسەری هەستیاریەکەت بۆدەکات.

ئەگەر ئەنجامی شیکاریەکە نەرێنی(Negative) بوو واتە بڕی کەم و مامناوەند دەستنیشانکرد لە دژەتەنەکە (IgE) مانای وایە تۆ هەستیاریەکی تەواو و ڕاستەقینەت نییە.

ئەنجامی پشکنینەکە بەپێی ڕێژەی دژەتەنەکە پۆلێن دەکرێت:

ڕێژەی 0.00 - 0.34 IU/ml) بە پۆلی (٠) ناسراوە : ئاسایی

ڕێژەی 0.35 - 0.69 IU/ml) بە پۆلی (١) ناسراوە : سەرەتایی

ڕێژەی 0.70 - 3.49 IU/ml) بە پۆلی (٢) ناسراوە : زیادبوونێکی لاواز

ڕێژەی 3.50 - 17.49 IU/ml) بە پۆلی (٣) ناسراوە :زیادبوونێکی زۆر و دەبێت گرنگی پێبدرێت

ڕێژەی 17.50 - 49.9 IU/ml) بە پۆلی (٤) ناسراوە : بەرز

ڕێژەی 50 - 100 IU/ml) بە پۆلی (٥) ناسراوە : (زۆر بەرز

ڕێژەی > IU/ml 100 بە پۆلی (٦) ناسراوە : (زۆر زۆر بەرز .

Food Allergy Test

پشکنینی هەستیاری (حساسیەت) بە خۆراک:

هەستیاری(حساسیەت) بە خۆراکێکی دیاریکراو، پشکنین کردنی دژەتەنی (IgE antibody)، پشکنینی خوێنە بۆ دەستنیشانکردنی هەستیاری کەسێک بە خۆراکێک یان چەند خۆراکێکی دیاریاکراو. کاتێک ئەنجام دەدرێت کە نیشانەکانی هەستیاری لە کەسەکەدا بەدی بکرێت، بەتایبەتی لەوکاتانەی کە نیشانەکان دووبارە سەرهەڵدەدەنەوە لەگەڵ خواردنی ئەو خۆراکانەی کە هەستیاری بەخشن بۆ کەسەکە، هەستیاری دەکرێت بۆماوەی بێت (لەکاتی بوونی هەستیاری لە تاکێکی خێزاندا دەگونجێت بگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی .

دژەتەنی (IgE) چی یە؟

دژەتەنی (IgE) بەشێکە لە سیستمی بەرگری لەش، کاتێک کەسێک لەشی هەستاری هەیە بە خۆراکێک، بۆ یەکەم جار بەرکەوتنی دەبێت لەگەڵ ئەو خۆراکانەی کە دوچاری هەستیاری دەکەن هەستیاریەکەی زیاد دەکات، لەشی کەسەکە خۆراکە هەستیاری بەخشەکە وەک تەنێکی بێگانە دەناسێنێت و دەست دەکات بە بەرهەم هێنانی دژە تەن، دژەتەنی تایبەتمەندی هەستیاری (IgE) لە خوێندا پەیدا دەبێت. کاتێک کەسەکە بۆ جاری دووهەم بەرکەوتنی دەبێتەوە لەگەڵ هەمان خۆراکی هەستیاری بەخش ،دژەتەنەکە (IgE) ماددە هەستیاری بەخشەکە دەناسێتەوە و هانی لەش بۆ دەردانی هستامین (Histamin) یان هەر ماددەیەکی کیمیایی تر دەدات، لە ئەنجامدا هەستیاریەکە سەرهەڵدەدات و نیشانەکانی بە توندی دەردەکەون.

نیشانەکانی هەستاریی(حساسیەت) بە خۆراک (Food Allergy):

نیشانەکانی هەستیاری بە خۆراک زۆرن ئەمانە باوترین نیشانەکانن.

١- خورانی دەم و مەلاشوو و کونی گوێ.

٢- سەرگێژ خواردن و دڵ تێکەڵاتن و ڕشانەوە.

٣- ئەگزیما.
٤- سکچوون.
٥- ئازاری گەددە.
٦- ناڕەحەت شت قوتدان.
٧- شین بوونەوە.
٨- هەناسە بڕکێ و تەنگە نەفەسی.
٩- ئازاری سنگ.
١٠- ئاوسانی لێو و زمان و گەروو.
١١- پێست پەڵە پەڵە بوون و ئاوسان و سوربەنەوەی.

ئەو خۆراکانەی هەستیاری دروست دەکەن و پشکنینیان بۆ دەکرێت:
پشکنینی هەستیاری بۆ ٣٠ جۆر خۆراکی هەستیاری بەخش ئەنجام دەدرێت کە تایبەتن بە وڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستان. ئەوانیش ئامانەن:
پرتەقاڵ (Orange).
بوندق (Hazelnut).
بستە (فستق (Pistachio nut).
جۆرە ماسیەکە (Cod Fish).
قەیسی (Apricot).
گۆشتی سوور (Meat Mix).
گلوتین (گەنم (Gluten).
تۆوی کونجی (Sesame seed).
پەتاتە (Potato).
سیر (Garlic).
بیبەر (Pepper).
باینجان (Aubergine).
گوێز (Walnut).

توو (Raspberry).
بادەم (Almond).
شیر (Milk).
سپێنەی هێلکە (Egg White).
ناوکە گوڵەبەڕۆژە (Sunflower seed).
زەردێنەی هێلکە (Egg Yolk).
قۆخ (Peach).
پاقلەی سۆیا (Soybean).
مۆز (Banana).
زەیتون (Olive).
شلیک (Strawberry).
تەماتە (Tomato).
گێزەر (Carrot).
کاکاو (Cacao).
کیوی (Kiwi).
هەنجیر (Fig).
پاقلە (Broad bean).

ئەنجامی پشکنینی هەستیاری(حساسیەت) چی دەگەیەنێت:

باشتر وایە سەردانی پزیشکی تایبەتمەند بکرێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەنجامی شیکاریەکە، چونکە ئەنجامی شیکاری هەستیاری پێویستی بە ڕوونکردنەوە و گرنگی پێدان هەیە، تەنانەت ئەگەر ئەنجامەکە نەرێنی بوو (Negative). هەروەها ڕەنگە پشکنینەکە ئەرێنی (Positive) بێت، لەکاتی بەرکەوتنیشت بە مادده هەستیاری بەخشەکان هەستاریەکی توندت بۆ دروست نەکەن.

ئەگەر ئەنجامەکە ئەرێنی (Positive) بوو بەرزبوونەوە لە ڕێژەی دژەتەنەکە (IgE) نیشانەی ئەوەیە تۆ هەستیاریت بەو ماددەیە هەیە کە لە شیکاریەکەدا ئاماژەی

پێدەکرێت، بەرزبوونەوەی ڕێژەی دژەتەنەکە دەستنیشانی ڕادەی توندی هەستیاریەکە دەکات، پزیشکەکەت ڕێگەی تەندروست بۆ چارەسەری هەستیاریەکەت بۆ پێشنیار دەکات.

ئەگەر ئەنجامی شیکاریەکە نەرێنی(Negative) بوو واتە بڕی کەم و مامناوەند دەستنیشانکرد لە دژەتەنەکە (IgE) مانای وایە تۆ هەستیاریەکی تەواو و ڕاستەقینەت نییە.

ئەنجامی شیکاریەکە بەپێی ڕێژەی دژەتەنەکە پۆلێن دەکرێت بۆ چەند گروپێک:

ئەنجامی پشکنینەکە بەپێی ڕێژەی دژەتەنەکە پۆلێن دەکرێت:

ڕێژەی 0.00 - 0.34 IU/ml) بە پۆلی (٠) ناسراوە : ئاسایی

ڕێژەی 0.35 - 0.69 IU/ml) بە پۆلی (١) ناسراوە : سەرەتایی

ڕێژەی 0.70 - 3.49 IU/ml) بە پۆلی (٢) ناسراوە : زیادبوونێکی لاواز

ڕێژەی 3.50 - 17.49 IU/ml) بە پۆلی (٣) ناسراوە :زیادبوونێکی زۆر و دەبێت گرنگی پێبدرێت

ڕێژەی 17.50 - 49.9 IU/ml) بە پۆلی (٤) ناسراوە : بەرز

ڕێژەی 50 - 100 IU/ml) بە پۆلی (٥) ناسراوە : (زۆر بەرز

ڕێژەی >100 IU/ml بە پۆلی (٦) ناسراوە : (زۆر زۆر بەرز .

IGF1- Test
(Insulin-like growth factor 1)

کاردەکاتە سەر هۆرمۆنی گەشە بۆ دروست بونی خانە و نویێ بونەوە،هۆرمۆنی گەشە چالاک دەکات کە لە لایەن غودەی نخامی دەردەدرێت. ئەم هۆرمۆنە بە شێوەیەکی سەرەکی لە جەرگ بەرهەم دەهێنرێ وە هەروەها یارمەتی دەرە بۆ دروستبونی خانە لە هەموو لایەنەکانی لەش وەک رەحم لە ماوەی هەرزەکاری و دروستبونی شانە وە چاکردنی چری ئێسک دروست بونی ماسولکە وە چاک کردنەوەی ئێسک و پێست وە بطانەی ریخۆلە ئەگەر لە کاتی پێویست IGF-1 نەبێت لەکاتی گەشەی مندال ئەوا دەبێتە هۆی کورتەبالا، دژی پیربوونە.

ئەم پشکنینە چ کاتێک ئەنجام دەدرێ:-

١-کاتیک هەست دەکرێ مندال گەشەی کەمە
٢-کورتەبالای
٣-گەورەبونی کۆتایەکان
٤-نارێکی بە هۆی هۆرمۆنی گەشە
٥-کاتێک ئاستی هۆرمۆنی گەشە کەم بکات
٦-کەمبونی ئیشی غودەی نخامی
٧-نەخۆشی گورچیلە و جەرگ

بەرزبونی IGF-1 لەچ کاتێك ئاسایە

١- لەکاتی حمل و گەشە(لە هەرزەکاری ئاسایە)
٢- لە کاتی هەلگرتنی گرێ نخامی

نیشانەکانی کەمی ئەم پشکنینە:-

١-کەم خەوی

٢-گۆرانی چەوری زیان بەخش

تب-پیویستە بۆ کەسانی وەرزشوان یان لەش جوانی وادەکات کە دەسالآتی بەسەر بۆماوەی بگۆری وەک چەند ژمارەیەک خانەمان هەیە کە دوای گەشە وەستاوە وادەکات ژمارە و قەبارەیان زیاد بیت بە وەرگرتنی IGF-1



IGFBP3 Test
(IGF Binding Protein-3)

ئـەم پشـکنینە کاردەکاتـە سـەر ئاسـتی HCG و پرۆتینـات ئاسـتی بـەرزە لـە منـدالآن پاشـان لـە تەمەنـی گەشـەکردندا کـەم دەبێتـەوە

ئەم پشکنینە بۆچی دەکرێ:-

بۆ ئەوەی بزانرێ کە کەسەکە رێژمیەکی تەواو دەردەدات لە هۆرمۆنی گەشە کەمی دەبێتە هۆی کورتە

بالآی وە لەوانەیە بەهۆی بوونی گرێ لە غودەی نخامی بێت



Anti LKM1- Test
Antibodies liver kidney microsome type-1

دژە تەنن لەجەرگ لەناو جەرگ دژە تەنی خودی پرۆتینن کە کۆئەندامی بەرگری بەرهەمی دەهێنن بۆ لەش (CYP2D6) کە لە جەرگ هەیە زیاد بونی دژە تەن خودیەکان بەستراوە بە التهابای جەرگ لە جۆری دووەم، پشکنینی LKM-1 ئەو پشکنینە دەکرێ بۆ زانینی رێژەی (CYP2D6) دژە تەنەکان .

چ کاتیک داوا دەکرێ ئەم پشکنینە:-

داوا دەکرێ کاتێک کەسەکە توشی نەخۆشی جەرگ بوە وە دەیەوێ جیابکاتەوە ئایا بەهۆی نەخۆشی بەرگری خودی یە یان دەرەکی یە وە بێگومان دکتۆر داوای پشکنینی ANA-SMA دەکات لەگەڵیدا.

نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە :-

١-گەورەبونی جەرگ ٢-بونی ئازار لە چەندان شوێنی لەش ٣-ئازاری سک ٤-دروست بونی دەماری خوێنی بچوک لە پێست ٥-پیسای تاریک یان رەنگاو رەنگ

٦-ئازاری ماسولکە ٧-کۆبونەوەی ئاو ٨-پێست وشک بون و هەڵوەرین

تب-ئەوکەسانەی کەوا التهاباتی جەرگی لە جۆری دوویان هەیە لەوانەیە نەخۆشی نارێکی تر یان نەخۆشی تری هەبێت وەک شەکرە و التهاباتی غودەی دەرەقی .

چ کاتێک ئەم پشکنینە دەکرێ :-

کاتێک نەخۆشی التهابای جەرگی هەبێت وە دکتۆر گومانی ئەوەی لێ

دەکات بەهۆی بەرگری خودی بێت واتا مناعە بۆی دەنوسێت تاکو ئەم پشکنینە بکات .

-مانای کردنی ئەم پشکنینە چ دەگەیەنێ:-

ئەگەر ئەم پشکنینە ئەرێنی بێت بە تەنیا بەشێوەیەکی بەرز واتە التهاباتی جەرگ لە جۆری دووەم وە دەبێ پارچەیەک لێ وەردەگیری بۆ زانینی تا چەند جەرگ زیانی پێکەوتوە

-ئەگەر SMA نەرێنی بێت LKM-1 ئەرێنی بێت ئەوا نەخۆشەکە توشبوە بە ANA واتا ئلتاهاباتی جۆری یەکەم

-بەڵام ئەگەر هەردووکیان نەرێنی بوون ئەوا نەخۆشی جەرگی بەهۆی بەرگری خودی نیە .

Anti Smooth muscle Test

ئەم پشکنینە دەکرێ بۆ زانینی دژە تەن دژی ماسولکەکان لە خوێن ئەو دژە تەنانە بەرهەم دەهێنرێن لە زۆر جۆری نەخۆشی بەرگری خودی بەتایبەت لە نەخۆشی بە مۆم بوونی زەردوی یەکەم
(primary biliary cirrhosis)
ئلتاهابی جەرگی بەهۆی دژەتەنی خودی یان چەندانی تر ئەگەر پشکنینەکە ئەرێنی بوو دەبێ بۆ دڵنیا بونی پشکنینی بەرێژەی بۆ بکرێ بۆ ئەوەی بزانین رێژەی لە سەدا چەند توشی ئەم نەخۆشیە بوە.

نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە :-

١- بێهیزی لە ماسولکەکان ٢- وشک بونی چاو دەم ٣- ئازاری پێ
٤- ئازاری بەردەوامی لە دوای یەک ٥- نەخۆشی پاشای واتا گۆشتی سوور

ئەم نەخۆشیانەی کەوا پەیوەندیان هەیە بەو دژە تەنانە:-

١- بە مۆم بون و زەردوی یەکەم ٢- لە کرکەوتنی گورچیلە ٣- التاهابی جەرگ
٤- بە شەمع بونی مرارە ٥-لەناوچونی جەرگ ٦- دروستبونی هەستاری(حساسیە)

هۆکاری ئەرێنی بونی درۆینە:-

١- نەخۆشی رەبۆ ٢- بەشەمع بوونی زەردوی ٣- التهابی جەرگی بەرگری خودی ٤- التهابی جەرگی زۆری لە دوایی یەک ٥- بەشمع بوونی جەرگ ٦- شێرپەنجەی خانەی جەرگی ٧- گرێ ی پیس ٨- التهابی پەنکریاسی بەرگری (مناعە) ٩- التهابی جەرگی ڤایرۆسی ١٠- تا و زەردوی ١١- هەندی کەسی دوای تەمەنی ٦٠ساڵی .

Anti Mitochondrial Test

دژە تەنـی خودیـە پەیوەسـتە بـە ئلتهاباتـی قنـات صفرائـی پـێ ی دەوتـرێ لەناوچونـی جـەرگ زەردوی التهاباتێکـی دژە تەنـی خـودی زۆرە بەهـۆی ئـەو التهابـە زۆرەی کـە وادەکات قناتـی صفرائـی بگیـرێ

لـە نـاو جـەرگ نەخۆشیەکی لەسـەر خۆیـە کـە کاردەکاتـە سـەر جەرگ، ئـەم پشـکنینە دەکـرێ بـۆ زانینـی بوونـی التهابـی قناتـی صفرائـی، پێـی دەوتـری لەناوچونـی جەرگـی صفرائـی.

تێبینی: ئەوانەی نەخۆشی ژەهراوی یان گوڵیان هەیە ئەرێنی دەردەچێ.

هۆکاری بەرگری مایتۆکۆندریا لە دەمار چیە:-

١- التهابی جـەرگ ٢- نەخۆشـی بەرگـری خـودی ٣- ژەهـراوی بـون بـە یەکـەم ئۆکسـیدی کاربـۆن ٤- بـە شـمع بوونـی جـەرگ ٥- گرێـی غـودەی ٦- التهابـی جەرگـی ڤایرۆسـی ٧- بـە شـمع بوونـی صفرائـی

نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە چیە :-

١- ئارەقەکردن ٢- خوران ٣- گەورەبونی جەرگ ٤- ئازاری سک

هۆکاری نزمبونەوەی ئەم پشکنینە چیە :-

١- گیرانـی ڕێـڕەوی صفرائـی لـە دەرەوەی جـەرگ ٢- لـە دوای چانـدن (زەرع) کردنـی جـەرگ

٣- لە حاڵەتی بە شمع بونی صفرائی ٤- التهابی جەرگی ڤایرۆسی

Anti parietal cell Test

ئەم پشکنینە دەکرێ بۆ زانین و دیاری کردنی خوێنی پیس وە هەروەها هۆکارێکی سەرەکی کەمی VB12 وە دەکرێ وە کاتێک کەم خوێنە بەهۆی کەمی VB12 ئەمە لە کاتێکدا کە خانەی خرۆکە سورەکان (MACRO-CYTIC) زۆر گەورەترە لە قەبارەی ئاسای خۆی
دژە تەن کە کۆئەندامی بەرگری دەریان دەدات هەندێک جار بەهەڵە کاردەکەنە سەر دیواری کە بەسودە بۆ زانینی بونی کەم خوێنی، کەم خوێنی پیس حاڵەتێکە لە نەخۆشی بەرگری خودی روودەدات کاتێک کۆئەندامی بەرگری کاردەکاتە سەر شانەکانی لەش ،

کەی ئەم پشکنینە داوا دەکرێ :-

ئەم پشکنینە وەکو پشکنینی دژەتەنە خودیەکانی تر نیە هەموو دەم ناکرێ تەنها ئەوکات دەکرێ نیشانەکانی کەم خوێنی پیس یان کەمی VB12 دەبێت.

نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە:-

١-خانەی خرۆکە سورەکان گەورەترن لە ئاستی ئاسای خۆی
٢-پێستی ماندوو خۆڵەمێشی دەبێت
٣-لاوازی و ماندوی
٤-سڕبون و دەزوو هاتنی پێەکان و دەستەکان
تێبینی- کەمی VB12 وە زیادەی ئاستی ترشی مثیک مالونیک و هوموسستئین وە هەروەها ئەرێنی
بونی ئەم پشکنینە ئەوا مانای ئەوە دەگەیەنێ کە نەخۆشەکە توش بووە بە کەم خوێنی پیس .

تێبینی- ئەو دژە تەنە وەکو دژە تەنکانی تر نی یە هەبوونی یان ئەرێنی بونی ٪٩٠ نەخۆشەکە توشی کەم خوێنی پیس بووە،

- خوێنی پیس بوو:- دروست دەبێت بەهۆی لەناوچونی بەرگری خودی لە خانەی دیواری گەدە کە نایەڵی بەرهەمی ناوەکی دروست بێت و VB12 بمژرێ کە بەمەش نایەڵی DNA تەواو بێت و هەروەها نیوکلیوتین دروست دەبێ لە نخامی ئێسک

-خانەی دیواری وە هەروەها پێ دەوترێ خانەی دەردروای ترشی کە ترشی هیدرۆکلوریک دەردەدات ئەو خانانەی لە رژێنی گەدە هەیە ئەو خانانە شەبەکەی دەردراوی فراوانی یان هەیە پێیان دەوترێ قنوات لە ترشی هیدروکلوریک کە دەردەدرێ لە رێگای گواستنەوەی جم و جۆلی گەدە.



Infectious disease
نەخۆشی زوو تەشەنەکردوو

HIV Test
The human immunodeficiency virus

نەخۆشییەکە کەوا لە ڕێگای ڤایرۆسی HIV تووشی مرۆڤ ئەبێت بەڵام هەر کەس تووشی ئەم ڤایرۆسە بوو واتای ئەوە نییە ئایدزی هەیە بەڵکو ماوەیەکی زۆر ئەخایەنێت تاوەکو تووشی ئایدز ئەبێت ئەویش دوای تێکشکاندنی سیستەمی بەرگری لەشی لە لایەن ئەم ڤایرۆسەوە.
ڤایرۆسێکە کەوا هێرش ئەکاتە سەر بەرگری لەش بە تایبەتی خانەی بەرگری CD4 کەوا لەگەڵ کاتدا بە شێوەیەک ئەم خانەیە کەم ئەبێتەوە لەش تووشی زۆر جۆری نەخۆشی و سەرەتان ئەبێت کەوا لە کەسانی ئاسایی روونادات و لەش توانای بەرگری دژ بە نەخۆشییە میکرۆبی و ڤایرۆسەکانی تر لە دەست ئەدات.
ئەم ڤایرۆسە لە تۆواو شلەی عەورەتی ئافرەت و پیاو کۆم و خوێندا هەیە لەوانەوە ئەگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر.
ئەم ڤایرۆسە چارەسەری بنبری نییەو تاوەکو کەسەکە ئەکوژێت وازی لێناهێنێت وە مەزندە کراوە کەوا لە ئەمریکادا ملیۆنێک و سەد هەزار کەس تووشی ئەم ڤایرۆسە بوونە و لە هەر ٥ کەسێکی تووش بوو یەکیان نازانیت کەوا تووش بووە .

ئایدز چییە:-

ئایدز نەخۆشییەکە کەوا لەو کەسانە روودەدات کەوا تووشی ڤایرۆسی HIV بوونە ،دوای چەند ساڵیک لە تووش بوون لە هەندیک کەس تاوەکو ١٠ساڵ دوای تووش بوون ئینجا ئایدز روو ئەدات ئەویش دوای ئەوەی خانەی CD4 کەوا لە کەسانی ئاسایی

ڕێژەکەی لە نێوان ٥٠٠-١٥٠٠ خانەیە لە یەک ملدا ،بەڵام کاتێک ئەم ڕێژەیە کەم بۆیەوە بۆ خوار ٢٠٠ خانە ئەوا کەسەکە تووشی ئایدز بووە و چیتر بەرگری لەشی توانای شەرکردنی نابێت دژی زۆربەی نەخۆشییەکان، وە بە بێ بەکارهێنانی دەرمان کەسی تووش بوو بە ئایدز لە کەمتر لە ٣ ساڵدا ئەمرێت. کەسی تووش بوو بە ئایدز ئەگەری تووش بوونی زۆر نەخۆشی ڕری لێ ئەکەوێتەوە لەوانە ئیلتیهابی سینگ، کەڕووی دەم و قورگ، ئیلتیهابی مێشک هەندێ جۆری سەرەتان کەوا زۆر دەگمەنن.

ڕێگاکانی گواستنەوەی ئەم ڤایرۆسە

١-سێکسی کۆمو عەورەت و خێراترین ڕێگا سێکسی کۆمە

٢- خواردنەوەی ئاوی عەورەتی پیاو و یان ئافرەت

٣-لە ڕێگای خوێنەوە

٤- بەکارهێنانی دەرزی بەکارهاتووی کەسێکی تر بە تایبەت معتادەکان

٥- تاتۆکردن بەجیهازی تووش بوو

٦- لە کاتی لە دایک بوون بۆ کۆرپەکە ئەگوازریتەوە یان لەگەڵ شیرپێدان.

٧-لە جووتبونی دەم هەندێکجار ئەگوازرێتەوە ئەگەر ئاوەکەش نەکەوێتە دەمی.

ئەم ڤایرۆسە سێ قۆناغی هەیە

قۆناغی یەکەم

لە دوای تووش بوون ڕوونەدات کەسی تووش بوو هەندێ نیشانەی لێ دێت وەک ئەوەی هەڵامەتی گرت بێت ڕەنگە نیشانەکان زۆر سووک بن یان بە توندی بیگرێت ڕەنگە چەند ڕۆژێک بخایەنێت یانیش چەند هەفتەیەک، وە هەندێ کەس هیچ نیشانەیەک ناگرن

نیشانەکان ئەمانەن

١- لەرزو تا

٢- گەورەبوونی لیمفە گرێیەکان
٣- گیان ئیشەو سەر ئێشە
٤- قورگ ئێشە
٥-هێلنج

قۆناغی دووەم
لەم قۆناغەدا کەسە زۆربەی کات نیشانەی نییە یان هەندێ نیشانە ئەکرێت و چاک ئەبێتەوە
ئەم قۆناغە چەند ساڵێک ئەخایەنێت
لە هەموو قۆناغەکاندا کەسی تووش بوو توانای تووش کردنی کەسانی تری هەیە.

قۆناغی سێیەم
کەسەکە تووشی ئایدز ئەبێت و ماڵوێران ئەبێت .
لە ساڵی (٢٠١٦) ٣٦.٧ملیۆن کەسی تووش بوو بەم ڤایرۆسە هەبوو وە ٢ ملیۆنیان تەمەنیان لە خوار ١٥ ساڵی بوو یەک ملیۆن کەس لەو ساڵەدا بەو نەخۆشییە مردن..
چارەسەری لە ڕێگای چەند دەرمانێکە
کەوا لە ناوی نابات تەنها وا ئەکات کەسەکە درەنگتر بمرێت.
وە نرخی چارەسەرییەکان زۆر زۆر گرانن.

HAV Test
Hepatits A Viral

Aدەگوازرێتەوە بۆ جەرگ (کبد) ئەم نەخۆشیە چەند نیشانەیەکی هەیە
ڤایرۆسی ئیلتهاباتی
١- بەرزبونەوەی پلەی گەرمی ٢- ژانە سەر ٣- نەمانی ئارەزوی خواردن ٤- رشانەوەو بێتاقەتبون
٥- گێژی ٦- ژانە زگ ٧- بەرزبونەوەی ئەلنین ئەمینو ترانسفیراز لە خوێن
٨- بەرزبونەوەی ئەسپارت ئەمنیو ترانسفریز
ئەگەر GPT-GOT بەرز بێت پێویستە ئەم پشکنینە بکرێ.
دیاری کردنی ئەم پشکنینە لە تاقیگە:-
بۆ ڤایرۆسی جەرگ دەکرێ(IgM) ئەم پشکنینە دەکری
ئەم نەخۆشیە دەگوازرێتەوە لە رێگەی بەراز، یان لە رێگەی دەم، کاتێک هەرشتێک بخۆی
کە مادەی بەرازی تێدابێ کە ئەو ڤایرۆسە هەبێ مرۆڤەکە توش دەبێ.
بونی ئەو ڤایرۆسە دەبێتە هۆی بونی ئلتهاباتی لە جەرگ دا، چارەسەری لە رێگەی لێدانی دەرزی دژی ئەم ڤایرۆسە دەکرێ

HBV Test
Hepatits B Virus

ڤایرۆس ئیلتهاباتی B جەرگ دەگوازرێتەوە لە رێگەی جووتبوون یان لەکاتی لەدایک بوون ئەو ڤایرۆسە دەتوانرێ ببێتە هۆی ئلتهاباتیکی زۆر توند لە جەرگ کە ببێتە هۆی تێکچونی جەرگ کە پێویستی بە چاندنی جەرگ دەکات بەلام زۆربەی نەخۆشەکان چاک دەبنەوە بەرگریان دەبێت دژی ئەم نەخۆشیە.



HCV Test
Hepatits V Virus

دەگوازرێتـەوە لـە رێگـەی خوێـن ئلتهابێکـی زۆر دروسـت نـاکات لـە جـەرگ کـە٪۹۰ بەشیوەیەکی بـەردەوام پـاش چەند ساڵێک دەبنـە هـۆی لـە ناو چونی جـەرگ وە ئەگـەر زیـاد لـە پێویسـت بیـت دەبێتـە هـۆی شـێرپەنجەی جـەرگ تـا ئێسـتا هیـچ دەرزیـەک نیـە بـۆ چارەسـەری.



HEV Test
(Hepatits E Virus)

ئلتهاباتی جەرگیە لە ئیشەدا زۆر بە HAV دەچێت
دەرزی هەیە لە دژی ئەم ڤایرۆسە وە زۆر ناگوازرێتەوە لە وڵاتی ئێمە دا هەروەک لە ولاتانی دیکە زۆر بڵاوە وەک لە هند.

چ کاتێک ئەم پشکنینە دەکرێ:-

١- بۆ ئەو کەسانەی لە تەندروستی کار دەکەن
٢- بوونی ئلتهاباتی زۆر کە وادەکات غودەی لیمفاوی گەورەبێت
٣- بۆ دانانی چارەسەری جەرگ

EBV(IGG-IGM) Test
Epstein-Barr Virus (EBV) Antibody Tests

یەکێکە لە زۆررترین ئەو ڤایرۆسانەی کە توشی مرۆڤ دەبێ وە توشی هەموو ئاستەکانی مرۆڤ دەبێ لە هەموو شوێنێکی جوگرافیدا عادەتەن فایروسی ابیشتاین بار بەرێگەی راستەوخۆ دەگوازرێتەوە وە تایبەت لەلایەن یاری مندال بۆ مندالان، وە دەگوزرێتەوە لە رێگەی هەواو خوێن بەلام بەم دوو رێگایە کەمترە وەک لەوانی تر، لە رێگەی دایک بۆ منداڵەکەی ناو سکی لە رێگەی درکە پەتکەوە
دوای توشبون بەم ڤایرۆسە ٤ تا ٦ هەفتە نیشانەکانی دیارناکەون بەلام پاشان دیاردەکەون و ڤایروسەکە هێرش دەکاتە سەر هەندێک خانە وە تا هەتایە دەمێنێتەوە لە ناو لەش کاردەکاتە سەر خانەکان دەبێتە هۆی التهابتی گەروو وە التهاباتی غودەی لیمفاوی وە کاردەکاتە سەر جەرگ وە زۆرجار کاریگەری نەرێنی بە جێ دێلی لەسەر دڵ وە دەماغ و مێشک زۆرجار دەبێتە هۆی مردن ئەم نەخۆشیە. پەیوەندی هەیە بە چەند نەخۆشیەکی دیار وەک شێرپەنجەی لیمفاوی وە تیکدانی ئەو جینایەتیانەی کە پەیوەندیان بە رێک خستنی خانە دا هەیە کە وا دەکات هەندێ خانەی لیمفاوی دروست بن کە رێک نین دەبێتە هۆی شێرپەنجە

نیشانەکانی

١-گەورە بونی غودەی لیمفاوی لە مل
٢-بونی التهابات لە گەروو
٣-بەرزبونی پلەی گەرمی لە مندالی توش بوو
٤-دەرکەوتنی خالی سوور لە سەروی مل
٥-بونی ئاوسان لە خواروی چاو

٦- وشک بونی پێست هەنی جار
نیشانەکانی تای غودە
١- شەقبونی پێست ٢- تەنگەنەفەسی ٣- بونی ماندیبونی بەردەوام ٤- کارکردنە سەر مێشک
٥- التهاباتی مێشک ٦- کەم خوێنی ٧- کەمی لە پەرەکانی خوێن ٨- التهاباتی سیەکان
٩- التهاباتی دڵ و شێرپنجەغودەی لیمفاوی ١٠- التهاباتی میزەڕۆ



H.pylori Test
(Helicobacter pylori(IgG-IgM-IgA

ئەم پشکنینە دەکرێ بۆ زانینی برینی گەدە و ریخۆڵە ئەم پشکنینە بە دوو رێگا دەکرێ لە پیسای لە خوێن دەکرێ، بۆ زانینی ئەو جۆرە بەکتریایە لە گەدە و ریخۆڵەدا.

نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە:-

١- نارێکی لە هەرس کردنی خۆراک ٢- بونی ئازار لە سک ٣- دڵ تەنگی ٤- رشانەوە ٥- ئازاری شان و مل H.pylori: زیندەوەرێکی کلکدارە (مەهجری سوطی یە) دەچێتە لەش لە رێگەی دەمەوە بەهۆی خواردنی پیس کە دەبێتە هۆی دروست بونی قورعەی گەدە(معیدە) زۆر ئاسان نیە دەرباز بوون لەم میکرۆبە چونکە ئەم میکرۆبە دەرباز دەبێت لە ترشی گەدە (معیدە)یکە دەردەدرێ کە زۆر ئەستەمە هیچ میکرۆب و جەرثومیکی تر بتوانێت لە ناو ئەم ترشە بژیت کە هەلدەستێت بە دەردانی مادەی یوریاز کە مادەی یوریاز دەشکێنێ دەگۆرێ بۆ ئەمۆنیا و بیکربونات کە دەبێتە هۆی لەناو بردنی ئەمەش وادەکات ناوەندە ترشەکە کار نەکاتە سەری وە هۆکاریکی تریشی ئەوەیە کە لە چینی ناوەندی دیواری گەدە دا دەژی کە دژە تەنەکان ناتوانن بیبرن و کاریکەنە سەری بۆیە پێویستی بە دەرمان لەناوببرێن

پەیوەندی چی هەیە لە نێوان قورحە و ئەو میکرۆبە

میکرۆبی پایلۆری یوریاز دەردەدات بۆ بەرگری کردن لە خۆی لە ناوەندی ترش وە ئەو مادەیە کار دەکاتە سەر داپۆشەری تەنک (غشاء)ی کە سەروی ناوەندی گەدە و دوانزەگرێ ی داپۆشیوە وە نایەڵێ کاری خۆی بکات دژی هایدرۆکلۆریکە وە بەمەش زۆرتر توشی برینی گەدە دەبێت

نیشانەکانی قورحە چیە:-

١- ئازاری گەدە زیاد دەبێت بە نەبونی خۆراک لە گەدە

٢- بوونی گەرمی لەلای سەروی سک کە لەکاتی برسێتی یان سێ سەعات دوای نان خواردن دەست پێ دەکات

٣- نان نەخواردن لە کاتی نەمانی ئارەزوی خواردن

٤- هەست کردن بە نارەحەتی

جۆرەکانی کردنی ئەم پشکنینە

1- Urea breath test: ئەم پشکنینە بە باشترین پشکنین دادەنرێ بۆ دیاری کردنی ئەم بەکتریایە بە پێ دانی کەپسولێک بە نەخۆشی کە کربون و یوریا تێ دایە دوای دە خولەک نەخۆشەکە فوو لە کیسێکی تایبەت دەکات بە تێک شکانی کربۆن و یوریا بۆ ئەمۆنیا و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن کە کاربۆنیشی تێدایە کە وادەکات بزانی بەکتریاکە هەیە، پێویستە نەخۆش ننی نەخواردبێ ٤-٦ سەعات پاشان پێویستە پشکنینەکە بکرێتەوە لە دوای ٤-٦ هەفتە دوای تەواو بونی دەرمانەکە

2- h.pyori in blood: بەربڵاوترین پشکنینە دەکرێت بۆ زانینی بوونی ئەم بەکتریایە کاتێک ئەم پشکنینە دەکرێ بۆ زانینی دژە تەن لە دژی بەکتریایەکە بەڵام ئەوە ناگەینی چالاکە بەلکو ئەوە دەگەیەنێ کە نەخۆشەکە ئەو بەکتریایەی گرتوە نازانرێ ئێستا یان پێشترە.

3- h.pylori in stool: دەکری بۆ زانینی ئە بەکتریایە لە ڕێگەی پیسای ئەگەر ئەرێنی بوو ئەوا نەخۆشەکە ئێستا توشی بوە ،
4- en doscopy : کاتیک پارچەیەک لە گەدە وەردەگیری وە پشکنینەکەی بۆ دەکرێ بۆ زانینی بونی ئەم بەکتریایە بەڵام ئەم ڕێگایە بە ڕێگایەکی کەمێک ترسناک دادەنرێ بۆ زانینی چونکە دەبێتە هۆی چەند نەخۆشی یەکی تر وە باشترە ڕێگاکانی تر بگرێتە بەر

تێبینی/ وەرگرتنی چارەسەر باشترین ماوە ٣-٤ هەفتەیە پێویستە دوای دووبارە بکرێتەوە بۆ زانینی کاریگەری دەرمانەکە



A.V ZOST Ab (vzv) test
(Varicella zoster viros(lGg-lgm

ئەم ڤایرۆسە توشی منداڵان دەبێت بڵاودەبێتەوە بە زۆری هەندێک جار توشی گەوران دەبێت بەلام کا توشی گەوران دەبێت بە قورسی دەیگرن. دەگوازرێتەوە لە رێگەی دەست لێدانی پێست توش بوو یان لە رێگەی هەناسەوە دبێت کە بەسەرچاوەیەکی ترسناک دادەنرێ بۆ کەسانی تر بەهۆی ئەوەی دیار ناکەوێ نەخۆشیەکە تا دەرکەوتنی لە سەر رووی پێست.

زۆربەی کات کە دەردەکەوی لەسەر فروەی پێست واتە پێستی سەر دوای لە دەمووچاو پێست وبە شیوەی هەلئاساوی ئەو هەلئاوساوانە لە ناو لە پە دەستو پی دروست نابی.

ئەم ڤایروسە دەبێتە هۆی نەخۆشیەکی توند کە توشی دورگەکانی لانگەرهانز و خانەی مێشک وە پلازما وە هەناسە و گەروو دوای دەگوازرێتەوە لە رێگەی خانە توش بوەکان وە دەگوازرێتەوە بۆ بەشەکانی پێست و دەبێتە هۆی بونی پەلەی سور لەسەر پێست.

نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە

١- بێتاقەتی گشتی

٢- تەری لە گەروو

٣- بەرزبونەوەی پلەی گەرمی

٤- ئلتهابی قورگ

٥-گەروو خوران کە زۆربەی کات وشک نی یە

٦- کەم خوینی ٧- ژانە سەر ئازاریکی زۆر

تێبینی/ نابیت نەخۆش ئەسپرین یان پرۆفینیان وەربگرێت بۆ تا ساردبونەوە بەس دەتوانی (الاسیتامینو فین) بەکاربهێنی.

Chlamydia(IgG-IgM-IgA) Test

بەکتریایەکە توشی کۆئەندامی زاوزێ پیاو ئافرەت دەبێ یەکێک لە هۆکارەکان گواستنەوەی لە ڕێگەی جووتبوونەوە دەبێت ....هتد





CMV (IgG-IgM) Test
Cytomegalovirus

ئەم ڤایرۆسە ناچالاکە کە دەچێتە لەش بەلام ئەو کاتە چالاک دەبێ کە سیستەمی بەرگری دابەزی بێت بەهۆی هەر نەخۆشیەکەوە بێت. وە دەگوازرێتەوە بە هۆی.
١- لیک ٢- جنسەوە

نیشانەکان و نەخۆشیەکان لەو تەمەنانە جیاوازە کە دەبنە هۆی توشبون بەو ڤایرۆسە:

١- کەسی پێگەیشتوو: هەست بە ماندوبونێکی زۆر وە نەخۆشی زەرتک وە تا واتا ئارەقکردنەوەیەکی زۆر.

٢- لە منداڵدا: رێک لە ناوکە پەتک دەگوازرێتەوە پاش لە دایک بون ئەو کێشانە بۆ دروست دەبێ. کەربون و کێشەی لە چاو و گەشەی ناتەواو و ئەنیمیا و زەرتک و گەورەبونی سیەکان و جەرگ وە سەریان بچوک دەبێ وە هەندیکیان لەوانەیە گەورە ببن چاکبنەوە بەڵام هەندێکیان چاک نابنەوە، یان دەبێتە هۆی لەبارچونی منداڵەکە.

٣- ئەوانەی سیستەمی بەرگریان دابەزیوە: لەوانەیە بیێتە هۆی مردن. ئەوانەی سیستەمی بەرگریان دابەزیوە بەهۆی هەندی نەخۆشی وەک ئایدز و زەرعی گورچیلە یان ئەوکەسانەی شێرپەنجەیان هەیە.

ئەم ڤایرۆسە کاردەکاتە سەر:

١- چاو لەوانەیە کوێرە ببێت
٢- کۆئەندامی هەرس دەبێتە هۆی سک چون خوێن هاتن
٣- سیەکان کۆخەو کورت بونی هەناسە
٤- مێشک توشی ئلتهابات دەبێت
٥- کار دەکاتە سەر سییەکان وجەرگ



Rubella (IGg-IGM) Test

جۆرە ڤایرۆسێکە دەبێتە هۆی دروست بونی پەڵەی سور لەسەر جەستە وە سەر ئێشە و پلەی گەرمی.

یەکەم جار لەسەر دەموچاو دوای لەجەستە بڵاودەبێتەوە بەڵام لە منداڵ دا ئەگەر هە بوو ئەوا توشی ژانی جومگەکان دەبێ خۆی زیانی نیە بەس لە ئافرەتی دووگیان لە سێ مانگی سەرەتاییدا ئەوا زیانی هەیە لەوانەیە ببێتە هۆی مردنی کۆرپەکەی یان ناتەواوی لە کۆرپەلە دا وەکو کەرو لاڵ یان کەم ئەقلی.

لە هەندێ حاڵەت دەگوازرێتەوە

١-لە رێگای لیک

٢-پشمیین

Toxoplasma Test

پشـکنینی نەخۆشـی پشـیلە یەکێکـە لـە نەخۆشـیە گوێـزراوەکان کـە بەهـۆی جـۆرە مشـەخۆرێکەوە توشـی مـرۆڤ و گیانلەبـەر ئەبێـت کـە نـاوی تۆکـزۆ پلازمـا گۆنـدی یـە Toxoplasma gondi و بۆیـە ناونـراوە نەخۆشـی پشـیلە چونکـە هیـچ کاریگەریەکـی لەسـەر پشـیلە نـی یـە و لەویشـەوە ئەگوازرێتـەوە، نەخۆشـی پشـیلە توشـی هـەردوو ڕەگـەز ئەبێـت بـەڵام بەڕێژەیەکـی زۆر زۆرتـر توشـی ئافرەتـان و کچـان ئەبێـت و کاریگەریەکـی ئەوتـۆی نییـە لەسـەر پیـاو، نەخۆشی پشیلە لە ئافرەتی دووگیان کە بەهۆی پیس بونی خواردن، بە هۆی پیسایی پشیلەوە، ئەم جۆرە میکرۆبە بەچاو نابینرێت، تەنها بە میکرۆسکۆب نەبێت، وەدەبێتـە هۆی منـاڵ لەباچـوون ئەگـەر تووشـی ئافـرەت بـوو بەتایبـەت لـە ٣ ماگی یەکـەم، هەندێک جار ئەگـەر مناڵەکـە لـە بارنەچوو دەبێتـە هۆی ئاوسـانی سـەری منـاڵ (encephalitis) یـان کارگـەری دەبێـت لەسـەر چـاو یـان مێشـکی منـاڵ...هتـد.

ڕێگاکانی توشبوون بەنەخۆشی پشیلە

١-بەرکەوتن بەپشیلەیان پاشەڕۆی پشیلە

٢-خواردنی گۆشتی نەکوڵاو و هەڵگیراو

٣-خواردنەوەشیر کە لەوانەیـە چێڵەکـە یـان بـزن و مەڕەکـە هەڵگـر یـان تووشـبووی نەخۆشیەکە بێت

٤-خوێن گواستنەوە لە کەسێکی نەخۆشەوە بۆ کەسێکی ساغ

٥-لە ژنی دووگیانیشەوە بۆ مناڵەکەی ناو سکی

٦-گواستنەوەی ئەندامێکی کەسێك بۆ کەسێکی ساغ(وەك گورچیلە، جگەر)

نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە

١- زۆرجار بێ نیشانەیە و تەنها وەکو ئەنفلۆنزا دەبێت

۲-بوونی تا
۳-ئازاری ماسولکە
٤-هیلاکی

مەترسی نەخۆشی پشیلە

ئەم نەخۆشی یە زۆرجار دووچاری ژنانی دووگیان دەبێتەوە، کە دەبێتە هۆی نا تەواوی لە منالەکەیدا یاخوود مردنی یا کوێربوون یا کەڕی منالەکە، هەروەها منداڵانی خوار ٥ ساڵ دووچاری هەوکردنی چاو دەبن.
لە ڕێگەی سیتی سکان و ئیم ئارِ ئای و سۆنەر و لەژنانی دووگیانیدا پشکنینی ئاوی دەوری منالەکە دیاری دەکرێت

لەحاڵەتی دووگیانیدا ئەم دەرمانانە بەکاردێن :

سپایرامایسین (spiramycin)
ڕۆڤامیسین (Rovamycine)
لیوکۆڤۆرین (leucovorin)

لە حاڵەتی ئاساییدا ئەم دەرمانانە بەکاردێن:

پایریمیسامین Pyrimethamine
سولفادیزین Sulfadiazine
سلیندامایسین Clindamycin
ئەزیسرومایسین Azithromycin
ئاتۆڤاکیۆن Atovaquone

Cardiac disease

پشکنینەکانی دڵ

CK.MB Test
Creatine kinase

ئەم پشکنینە بە کاردێ بۆ ئەو کەسانەی کە ژانی دڵیان هەیە
٤-٦ سەعات ئەگەر ژانی سینگی گرتبێ دکتۆر ئەو پشکنینەی بۆ دەنوسێ ئەگەر زۆر بوو ئەنجامەکەی ئەوا توشی نەخۆشی دڵ بوە.
١٢-٢٤ سەعات لە ماوە ئەگەر ژانەکەی هەر مابوو ئەوا ئەگەر پشکنینەکەی بۆ بکەین ئە وا زۆر زۆرە ئەنجامەکەی پاش ٤٨ سەعات وەک خۆی ئاسای دەبێتەوە بە س هەر نەخۆشی دڵی هەیە یان هەندێ هەندێ لە خانەکانی دڵ مردون.
ئەنزیمێکە سێ جۆری هەیە:-
١- CK.MB لە ناو ماسولکە دا هەیە.
٢- CK.BB لە ناو مێشک دا هەیە.
٣-CK.MM لە ناو ماسولکە دا هەیە.

TROPONIN Test

پشـكنینی ترۆپۆنیـن پێوانـەی ڕێـژەی پرۆتینـی Tropinon T و Troponin I لـە خوێنـدا. ئـەم پرۆتینـە ئەڕژێتـە خوێنـەوە كاتێـک ماسـولكەكانی دڵ زیانـی پێگەشـتبێت، وەک لـە كاتـی جەلتـەی دڵـدا. هەتـا ئـەم زیانـەی ماسـولكەكانی دڵیـش زیاتـر بێـت ڕێـژەی ترۆپۆنیـن لـە خوێنـدا زیـاد دەكات، پرۆتینێكـە كـە پێكدێت لـە ریشـاڵەی ماسـولكەی فەرمانـی ڕێكخسـتن وگرژبونـی ماسـولكەی دڵـە.

سێ جۆرمان هەیە

١- Skaleletal muscle troponin :TNC

دوو جۆرەكەی لە ماسولكەی دڵ

٢- CTNT ٣- CTNI

ئەگـەر ماسـولكەی دڵ ئازاریـان پـێ گەیشـت ئـەوا دكتـور زانـی كەسـەكە كێشـەی دڵـی هەیـە ئـەوا بـۆ دەكات لەگەڵـی پشـكنینی ECG

بۆچی ئەم پشكنینیە دەكرێت؟

هۆكاری سەرەكی لە كردنی ئەم پشكنینە بۆ ئەوەیە بزانرێت ئایا كەسەكە توشی جەلدەی دڵ بووە یان نا. كەسانی لێپرساو ئەم پشكنینە كاتێک دەكەن كە ئازاری سنگ یاخود نیشانەكانی تری جەلدەی دل هەبوو. ئەم پشكنینە بەردەوام دەكرێت و نێوان هەموو ٦ بۆ ٢٤ كاتژمێرێک دوو جار ئەكرێت وە كاتێک نەخۆشی وەناق (نەخۆشییەكی قورگە ئەبێتە هۆی هەناسە نەدان)یش هەبوو ئەم پشكنینەی بۆ دەكرێت.

Angin: بریتیـە لـە هەبونـی ئـازاری سـینگ لەبـەر ئـەوەی دڵ ئۆكسـجینی بـۆ ناچـێ

ڕێژەی نائاسایی ترۆپۆنین واتە چی؟

کەمترین زیادبوون لە ڕێژەی ترۆپۆنین نیشانەیە بۆ ئازاری دڵ Heart injury. زۆربەی ئەوانەی جەڵدەی دڵیان هەیە،ئەوانەن کە لەماوەی ٦ کاتژمێردا ڕێژەی ترپۆنینیان زۆر زیادی کردووە. ڕێژەی ترۆپۆنین بۆماوەی ١بۆ ٢ هەفتە بەبەرزی ئەمێنێتەوە لەدوای جەڵدەی دڵ.

هۆکارەکانی بەرزی ترۆپۆنین:-

١- خێرا لێدانی دڵ بەشێوەیەکی نائاسایی.
٢-سییە پەستان زۆری.
٣-گیرانی خوێنبەرەکانی سی.
٤-کرژبوونی خوێنبەرەکانی دڵ.
٥- هەڵئاوسانی ماسولکەکانی دل.
٦-چالاکی زۆر.
٧-شۆک بەهۆی روداوی سەیارەوە.
٨- لاوازبوونی ماسولکەکانی دڵ.

چۆن دەزانین کێشەی دڵی هەیە

ئۆکسجین لە ڕێگەی خوێن دەچێتە ناو دڵ بەیارمەتی ملولەکانی خوێن بەلام ئەگەر یەکێک لە ملولەی دڵ گیرابوو ئەوا ئەو خانانەی کە ئۆکسجینیان بۆ نەهات ئەوا خانەکان دەمرن.

بەمەش Troponin دەچێتە ناو دڵ زۆر دەبێ دەزانین کە کیشەی دڵی هەیە نەخۆشەکە.

دوو جۆرە ئازاری دڵ هەیە

١- stable angina: ئەو ئازارە لەوکاتەیە کە وەرزش دەکات یان لەژێر فشار دایە لەکاتی ئیسرحات نامێنێ.

٢- unstable angina لە ناکاو ئازارەکە دێت بە بێ ئەوەی خۆت هیلاک کردبێ.

Microscopy and culture

ووردبین و چاندن(زرع)

GUE Test
General urine examination

ئەم پشكنینە بۆ میز دەكری بۆ زانینی بونی پرۆتین ئلتهابات و بەكتریا وجە ندان كێشەی تر لە خوارەوە با درێژی باسی دەكەین،

سەرەتا دەچینە سەر پێكهاتەكانی میز چین كامانەن:

١-رەنگی میز: چە ندین هۆكار هە ن دەبنە مایە ی گۆڕینی رەنگی میز بە تایبەتی بڕی شلەمەنی ناو لەش، ئەگەر بڕی شلەمەنی ناو لەش زۆر بوو ئە وا رەنگی میز زەردیكی كال دەبیت، بەپێچەوانەوە لە كاتی وشكبونەوە و كەمی شەلەمەنی رەنگی میز تۆخ دە بیت، لە وەرزی زستاندا مرۆڤ لەبەرئەوەی ئارەقە ناكاتە وە زوو زوو دەچیتە سەر ئاو، ئە وا رەنگی میز زەردی كالە، بەپێچەوانەی وەرزی هاوین كە مرۆڤ زوو زوو ئارەقە دەكاتەوە ،كەمتر دەچیتە سە ر ئاو لەبەر ئەوە رەنگی میز زەردی تیرە، زۆر دەرمان و نەخۆشی لەوانەیە دەبنە بنەمای گۆرینی رەنگی میز.

٢-رۆنی میز: بە شیوەیەكی رەنگی میز رۆنە، گەر بكتریاو خوین و سپیرم هەبی ئەوا لێڵ دەبیَ.

بۆن: بە زۆری بۆنی تیژە، هە ندی نە خۆشی دەبنە مایە ی هە رچی زیاتر بۆگەنی و تیژبوونی بۆنە كەی، لەوانە نە خۆشی بۆماوەی زیندە چالاكی (میتابۆلیزم) لە منداڵاندا كە لە وانە یە میز بۆگە ن بكات وەك بۆنی مشك ماسی بۆگە نیو، هەوكردنی میزەرۆش میز بۆگەن دەكات نە خۆشی شە كرەش وا لە میز دەكات

بۆنی میوە ی لی بیت.

٣- کێشی (Specific Gravity)

بری مادەی رەق کە لە میزدا هە یە بەڵگەی توانی گورچیلەیە لە خەستکردنەوەی شلەمەنی بۆ ناو میز، بە لگەی کەمی شلەی ناو لەشە، بەلام بە دابەزینی کیشی جۆری منای زۆری شلە مەنی ناو لەشە.

٤-پلەی ترشیتی (ph)

زانینی رادەی ترشیتی تفتیتی میزە، پلەی ترشیتی هاوسەنگ نەترشە و نەتفتە حەوتە، بە شیوەی ئاسای میز ترشە جە ند هۆکاریک هە ن کار دەکەنە سەر پلەی ترشیتی وە ک خۆراک و ....هتد، هە ندی جۆری بەرد لە وانەیەلە پلەی ترشیت زۆر نزم یان زۆر بەرز دا دروست ببن، جارەسەریش هەر خواردنی خۆراکیکە پلەی ترشیتی رابگریت.

٥-پرۆتین:

بونی پرۆتین لە میز دا ئاسای نیە و بەڵگە ی جەندین حاڵەتی وەک هەوکردنی میزەرۆ تاو نەخۆشی شەکرە هەوکردنی گورچیلە و لە کارکەوتنی توند یا دریژخایەنی گورچیلە. بونی دەلالەت لە بونی

١- بونی بەهۆی وەستانی زۆر لەسەر پێ

٢- بونی لە کاتی دووگیانی بەشێوەیەکی ئاسای

٣- لەکاتی ژەهراوی بونی دووگیانی بە رێژەیەکی زۆر

٤- بونی لەکاتی ئلتهاباتی گورچیلە

٥- نەخۆشی نیفرۆزس

٦*- بونی کیسی زۆر لە گورچیلە

٧- لەکاتی بونی شێرپەنجەی گورجیلە

٨- بەرزبونی پەستانی خوێن

٩- شێرپەنجەی گرێ مۆخی جۆراوجۆر

١٠-ژەهراوی بوون بە گولە

٦-نایتریت :

کاتیک میزەرۆ هەو دەکات بەکتریا و میکرۆب دەکەونە شیکردنەوەی نایتریتی نا میز بۆ نایتراتی دەگۆرن، کە هەردووکیان دوو ئاویتەی نایترۆجین نابیت لە میز دا هەبن بونی نایترات بەلگەی هەوکردنی میزەرۆیە

٧-بیلیرۆبین:

یەکیکە لە پیکهاتەکانی هیمۆگلۆبینی خوینە لە ناو لەشدا، لە ئەنجامی شیبونەوەی خرۆکە سورەکانی خوین پەیدا دەبیت دەرژیتە ناو پیسای و بە شیوەیەکی سروشتی نابیت لە میزە هەبیت، بونیشی لە پیسایدا لە وانەیەی بەلگەیەکی نەخۆشیەکانی جگەر بیت.

٨-کیتۆن :

تەنەکانی کیتۆن بەرهەمی شیبونەوەی چەوری ناو لەشە، لە وانەیە بریکی کەمی لە میز دا هەبیت، زۆربونیشی لە وانەیە ترشی کیتۆن شەکرە باریکی ترسناکی بەرزبونەوەی توندی شەکرە، نەبونی کیتۆن

پشکنینی میز لێرەدا پاش ئامادەکردنی لە سەنتێر فیوج پاشان لە ژێر وردبینی مایکرۆسکۆپی دەخوێنینەوە وە لێرەدا باسی ئەو پێکهاتانە دەکەین کە لە ژێر مایکرۆسکۆپی هەیە لەگەڵ کێشەکانی کە بۆ نەخۆش دروست دەکات ئەویش ئەمانەن:

بەشێکی کورت لەسەر بونی مادەکان لە میز:

RBC CELL: بونی لە میزدا دەلالەت لە

١- بونی ئلتهابات لە گورچیلە و ڕێڕەوی میز

٢- بوونی هێلکەی بلهارزیا

٣- بونی بەرد لە گورچیلە و ڕێڕەوی میز

(ئوکزالات - کالیسیوم - یوریک ئەسید - فۆسفات سترید)

تێبینی: ئەگەر خرۆکە سورەکان لە میز هەبوو بە چ دەزانرێ هی گورچیلەیە یان بۆری میزە.

وەڵام- ئەگەر خرۆکە سورەکە بازنەی بوو واتا ئاسای بوو ئەوا ئەوا هی میزلدانە بەڵام ئەگەر خرۆکەکە ناریک بو یان چیلەکەی بوو ئەوا هی گورچیلەیە.



pus cell: بونی دەلالەت لە

١- بونی ئلتهابات لە ڕێرەوی میز

٢- بونی ئلتهابات لە پرۆستات

٣- ئلتهاباتی ئافرەتان

Epithlial cell: بونی دەلالەت لە بونی

١- ئلتهاباتی پرۆستات لە پیاوان

٢-ئلتاهابات لە ڕێرەوی میز

٣- ئلتهاباتی ئافرەتان



Casts: بونی دەلالەت لە بونی
١- بە گۆی بونی رێژەیەکی زۆر لە پرۆتین
٢- بەهۆی بونی ئلتهابات لە گورچیلە
٣- بەهۆی کەم خوێنی یان زەردوی



Crystals: پێک دێت لە
١- ئکزالات کالیسیوم
٢- ترشی یوریک ئەسید
٣- تریپەل فۆسفات
٤- فۆسفاتی کالیسوم
٥- ئەمۆرفەس یورێت
واتە بونی بەرد یان رەمل لە گورچیلە
یان رێرەوی میز.

Bilirubine: بونی دەلالەت لە بونی
١- بوونی دەبێت پاش تێکشکانی خرۆکە سورەکان وەک کەم خوێنی منجلی
٢- ئلتهابی جەرگ
٣- شێرپەنجەی جەرگ
٤- شێرپەنجەی خوێن



ketones: بونی دەلالەت لە بونی
١- دەبینری لە میز کاتی شەکرە بەرز دەبێتەوە لە خوێن لە ٤٠٠ملغ لە بۆ ١٠٠ملم
٢- دەبینرێ لە ئافرەتی دووگیان کە زۆر دەرشێتەوە
٣- لەحاڵەتی ژەهراوی بوون
٤- لە حاڵەتی کە زۆر لەسەر یەک بەرۆژو دەبێت بۆ ماوەیەکی زۆر
٥- لەکاتی کردنی وەرزشی گران بۆ لاواز بون
٦- لەکاتی سەرمابونێکی زۆر

Bacteria: هەبوونی بەکتریا لە میزدا پێی دەوترێت (bacteriuria)،کەوا دەبێتە هۆی دروست بوونی چەند کێشەیەکی تەندروستی وەک:
١- هەوکردن و ئازار لە میزڵداندا
٢- هەوکردنی ڕێڕەوەکانی گورچیلە و هەندێ جاریش خودی گورچیلە.



URINE CULTURE Test

ئەم پشکنینە بەکاردێت بۆ زانینی بونی بەکتریا لە میز لەوانەیە دەست بگرێ بەسەر ئەو جەرثومانەی(بەکتریا، طفلیات)کە دەبێتە هۆی دروستبونی نەخۆش لە رێڕەوی میز لە ژینگەی رێڕەوی میز زوو گەشە دەکات کە دەبێتە هۆی نەخۆشی زیاتر توشی ئافرەتان دەبێت لە چاو پیاوان.

دیارترین نیشانەکان

١- بونی ئازار لە بەشی خوارەوەی پشت و سک

٢- ئازار لە کاتی میز کردن

٣- تا

٤- بونی هەست بۆ کردنی میز لە زۆربەی کاتدا

٥- گران هاتنی میز

ئەگەر ئەم نەخۆشیەت هەبێت هەست بە سوتانەوە دەکەیت لە کاتی میز کردندا یان وا هەستدەکەیت کە پێویستت بە سەر ئاوە بەڵام کە دەچیت یان نایکرێ یان رێژەیەکی زۆر کەم دەکەیت کە گەرم بونی لەش ئازاری سکیشی لەگەڵ دابوو هەندیک جار ئەوا واتا نەخۆشیەکەت بە قورسی گرتوە.

هەندیک قەترە میز دەکەینە ناوەندی بەکتریاکە لە پلەی گەرمی لەش چەند رۆژێک چاوەری دەکەین ئەگەر بەکتریای خەمیرە هەبوو ئەوا زیاد دەبێت و گەشە دەکات لەم کاتە دا دکتۆری تاقیگە هەلدەستی بە گەران بە دوای بەکتریا و قەبارەو شیوەو روناکی وە تا چە ند گەشەی کردوە.

ئەگەر ڤایرۆسەکە(جراثیمەکە) زەرەرمەند نەبوو ئەوا دەنوسرێ نەرێنی(نێگەتیف) بەلام ئەگەر ڤایرۆسەکە خراپ هەبوو ئەوا دەنوسرێ ئەرێنی (پۆسیتیڤ)، زیاترین ئە بەکتریایەی کە ئیلتهابات دروست دەکات بەکتریای قۆلۆنیەیە کە لە ریخۆڵە دەژی. لیرەدا پاش ئەوەی ئەرێنی بوو ئەوا دکتۆری تاقیگە چەند ئیشیکی لەسەر دەکات بۆ ئەوەی بزانیت کام دەرمان کاری لەسەر دەکات

کاتێک ئەرێنی بوو ئەوا ئەو دەرمانە دەداتی نامینی بەلام لەوانەیە بێتەوە لە ئافرەتان زۆر گرنگە کە دەرمانەکان بخۆی بەو شیوەیەی کە دکتۆر پیت دەلێت،

نیشی چاندن: دروست کردنی ژینگەیەکی رێک لە بۆ بەکتریا تیادا گەشە بکات وە تاقیکردنەوەی چەندین دەرمان لە سەری تا بزانی کام دەرمان بەکاربهینی کە کاردەکاتە سەر بەکتریایەکە.

ئەویش دەکریت بە وەرگرتنی نمونە لەو شوێنەی کە گومان دەکرێت بەکتریای لێ هەبێت

- ئەگەر نەخۆشەکەی لە رێرەوی میز بو ئەوا چاندنی لە میز بۆ دەکرێت
- ئەگەر لە هەناسە هەبوو وەک سیل ئەوا چاندنی دەردروای دەم بۆ دەکرێ (بەلغەم)
- ئەگەر لە قورگ دا ئیلتهابات هەبوو ئەوا نمونە لە لەوزەتێن وەردەگیرێ وە تا دوایی.

گرنگی چاندن(زرع): بۆ زانینی بونی بەکتریا وە بۆ زانینی ئەوەی کە چ جۆرە دەرمانێک کاری تێ دەکات بۆ زیاد کردنی و واز هێنان لەو دەرمانانەی کەوا کار ناکاتە سەر بەکتریاکە وە کەم کردنەوەی لایەنی خراپ کە بە دەرمانی بێ سوود توشی نەخۆش دەبێت واتا نەخۆش رزگار دەکات لەو دەرمانانەی کە سودیان بۆ نەخۆشیەکە نیە.

-ئەو نمونەی وەرمان گرتوە لە ناوەندی چاندنەکە (زرعەکە) دادەنێین تا ٢٤ سەعات لێ دەگەرین لە پلەی گەرمی ٣٧ دوای ئەوە دەیخوێنینەوە.



resistant- ئەگەر بازنەکە بەتال بو وەک لەو وێنەی سەرەوە ئەوا بەکتریاکە گەشەی نەکردوە واتا هەستیار نیە بەو دەرمانە واتا نەخۆش چاک نابێت ئەگەر ئەو دەرمانانەش بخوات.
sensitive- ئەگەر بەکتریاکە گەشەی کرد لە دەوری بازنەکە واتا بەکتریاکە هەستیارە بە دەرمانانە واتا نەخۆش ئەو دەرمانانە وەردەگری کە کاردەکاتە سەر بەکتریاکە کە دەیانکوژێت لە ناویان دەبات.
زۆربەی کات گەشەی بەکتریا هۆکاریکی دیارە بۆ لەناوچونی یان بونی کێشەی گورچیلە یان رێرەوی میز زۆربەی کات گەشەی بەکتریا بریتیە لە E-coli کە ٨٠٪ لە حاڵەتی بوونی ئیلتهاب Entrococci

جۆرەکانی بەکتریا

١- klebsiella

٢- prokeus

٣- p.aeruginasa

٤- s.saprophyticus

٥- Enterobater

لەهەندێک حاڵەتی شاز گەشەی کەرو(فطریات) دەبێت کەروەکان لە جۆری کەروە (candida) بۆ نمونە (trichomonas).
تێبینی: لەو کاتەش زۆر دەکرێت ئەم پشکنینە ئەگەر خوێنیش لە میز هەبو یان ئیلتهاباتی زۆر هەبوو کە بە دەرمانی سەرەتای لانەچوو ئەوا پێویستە بە چاندن(زرع) دەکات بیکات.

STOOL EXAMINATION Test

نابێت ئەم پشکنینە بکرێت یان ئەنجامەکە راست دەرناچێ بۆ نمونە ئەمانەی خوارەوە

١- خواردنی هەندێ دژە تەن وەک دەرمانی دژە سکچون ، الباریم ، ابزموت، دەرمانی ئاسن، ترشی ئەسکوربیک، دەرزی دژی ئیلتهابات، مەخنیسیوم.

٢- نمونەکە لەگەڵ خوێن یان میز تێکەڵ بوبێت یان بەهۆی موادی کیمیاوی تواڵێتەوە.

٣- بەرکەوتنی هەوا یان پلەی گەرمی لە ژورێکی بۆ ماوەیەکی زۆر یان نابێت بۆ تاقیگە بنێردرێ پاش سەعاتێک واتە نابێ لە سەعاتێک زیاتر بێت.

پشکنینی پیسای دەکری بۆ زانینی نەخۆشی کۆئەندامی هەرس،جەرگ،پەنکریاس بەپارمەتی نیشانەکان:

١- سکچون٢- سکچون بۆ ماوەیەکی زۆر ٣- سک چونی خوێنی ٤- بوونی غازات ٥- دڵ تێکچون و رشانەوە ٦- تەشەنجات تا ٧- بۆ زانینی شێرپەنجەی قۆلۆن لە رێگای بونی خوێن ٨- بۆ زانینی بونی بەکتریا یان ڤایرۆس لە پیسای.

هەندێ جار پێویستە نەخۆش پیسای بۆ ٧٢ سەعات هەڵگیرێ پاشان بنێردرێتە تاقیگە کە بۆ زانینی کۆئەندامی هەرس، یان بۆ ریشاڵی گۆشت دەکرێت.

دستنیشان کردنی نەخۆشیەکان بەپێی رەنگی پیسایی:-

١-سەوز: خۆراک بەشێوەکی خێرا لە ریخۆڵە دەچێتە خوارەوە بەهۆی سکچون لە ئەنجامی دەزگای زەردوی کاتی پێویستی نیە بۆ تێک شکاندنیان ، بەهۆی هەندێ خۆراکی رەنگ سەوز شەربەت خواردنەوە دەبێتە هۆی رەنگ سەوز.

٢-رەنگی رۆن و سپی: بەهۆی نەبوونی زەردوی لە پیسای دەلالەت لە بونی

گیرانی بۆری زەردوی دەکات وە هەروەها وەرگرتنی هەندێ دەرمان بە برێکی زۆر (subsalicylate-kaopectate-pepto bismol) وە هەندێ دەرمانی دژە سکچون دەبێتە هۆی رەنگ رۆنی یان سپی.

٣- رەنگی زەرد چەوری بۆن ناخۆش: بەهۆی زیادی چەوری لە پیسای بەهۆی نارێکی لە مژین لە کۆئەندامی هەرس بەهۆی پرۆتین یان گلۆتین کە لە نان و دەرمان هەیە پێویستە سەردانی دکتۆر بکات.

٤- رەنگی رەش: خوێن بەربوون لە کۆئەندامی هەرس وەک گەدە هۆکارەکانی بەهۆی ئەم دەرمانانەوە (subsalicylate-kaopectate-pepto bismol).

٥-رەنگی سوور: خوێن بەربون لە بەشی خوارەوە وەک ریخۆڵە (مستەقیم) زۆربەی جار لە مایەسیری خواردنی خۆراک سوور وەک فراولە ئاوە تەماتە جەلاتینی سوور.



:PUS CELL

بونی هەوکردنی لە پیسای بەهۆی ریخۆڵەوەیە وەک هەوکردنی قۆلۆن یان بەهۆی بەکتریاوەیە.



: RBS CELL

بونی خوێن لەپیسای واتا بونی نەزیفی لە کۆئەندامی هەرس یان بەهۆی بونی مایسیری.



: UNDIGESTED FOOD

لەش لە پاشەڕۆ خۆی رزگار دەکات هەندێ جار هەندێ خواردن دەبینرێ لە پیسای ئاسایە وە پێویست بە دڵەڕاوکێ ناکات بەس دەبێت دکتۆرێک ببینی. دیارترین بونی خواردن لە پیسای بەهۆی ئەو خواردنانەی کە ریشاڵیان تێدایە بەهۆی بوونی بە رێژەیەکی زۆر ناتوانری هەرس بکری وەک ١-فاسولیا ٢-گەنمە شامی ٣- بازلیا ٤- گولە بەرۆژە، کەتان، کونجی ٥- سەوزەکان وە تەماتەو بیبەر.



ئایا پێویست بە دوودڵی دەکات ئەگەر هەبێ؟

وەڵام: نەخێر لە زۆرترین کاتەکاندا پێویست بە دوودڵی ناکات چونکە لەش ناتوانی هەموو ریشالەکان تێک بشکێنی، پێویستە خواردن بە هیواشی بخورێت ئەگەر خواردن چەند پارچە بچوکتربێ ئەوەندە ئەنزیمەکان دەتوانن بە ئاسانتر تێک بشکێنرێ عادەتەن ١-٣ رۆژ پێویستە کە خواردن بێتە دەرەوە ئەگەر هەستت پێکرد کە خواردنەکە دەبینی ئەوا دەبێت سەردانی دکتۆر بکەین.

گۆڕان لە ریخۆلە وەک نەتوانین موسەیتەرە کردن لەسەر ریخۆلە
١- سک چونی بەردەوام ٢-کەم بونی کێش ٣-بونی خوێن لە پیسای

ئەو نیشانانە دەلالەت لە بونی

١- نەخۆشـی نارێکـی هـەرس کـردن کـە لـەش ناتوانـی غولتیـن بشـکینی، ئـەم پرۆتینـە لـە زۆریـەی خواردنـەکان هەیـە بەتایبـەت نانـەکان.
٢- نەخـۆش کرنـی کاتێـک نەخـۆش ئیلتهاباتێکـی زۆر دەبێـت کـە ئیلتهاباتـی ریخۆلەیـە لـە کۆئەندامـی هـەرس .
٣- ناتەواوی لە پەنکریاس: پەنکریاس ئەنزیمی تەواو نادات بۆ تێک شکانی خواردنەکان
٤- ئیلتهاباتی قۆلۆن: بەهۆی حاڵەتی قۆلۆن
٥- نەگۆڕانـی لاکتـۆس: لـەو حاڵەتـە لـەش ئەنزیمـی لاکتـازی تـەواوی نییـە کـە بەشـی هـەرس کردنـی لاکتـۆزو کاربۆهیدراتـی لاکتـۆز بـکات.

تێبینی: ئەگەر ئەو حاڵەتانەی سەرەوە نەبوو ئەوا پێویست بە دوودڵی ناکات.

MONILIA

جۆرێکە لە مشەخۆر کە توشی میوە جات و مرۆڤ دەبێت بە خومرە دەچێت جۆرە سپیەکەی گرنگتریان مویەیضە (هێلکەی)کە توشی مرۆڤ دەبێت لە دەم و پیسای هەیە لەرێژەی ١٥٪ دانیشتوان توش دەبن دەبێتە هۆی دروستبونی ئیلتهاب لە رووی لەش مەترسی لە ژیان دەکات کە لە خوێن دا هەبێت لەو نەخۆشانەی کە توشی نەخۆشی بەرگری دەبێت
وەک نەخۆشی شێرپەنجە ئایدز ئەوانەی کە ئەندامێکیان بۆ دەگوازرێتەوە

نیشانەکانی: ١-خوارنی پێست ٢- سووربونەوە ٣- وشک بونی دەم ٤- وشک بونی قورگ
هەروەها هێلکە دەتوانی لە خوێن و دەماغ و دڵ و ریرەوی میز دا هەبێت لەمنداڵی تازا بوو لە زۆرینەی منداڵەکاندا هەیە کە بەشتێکی ئاسایی دادەنرێ ئەگەر پاش ماوەیەک نەما چەند هەفتەیەک بە دوو شێوە دەبینرە یەک چاندن واتا زەرع دووەم پشکنینی مایکرۆسکۆپی بە وەرگرتنی نمونە.

BACTERIA

بەکتریا لە ریخۆلە دەبێت کاتێک توشی نەخۆش دەبێت لە کۆئەندامی هەرس کە وادەکات ئیلتهابات زۆر بیت لە گەدە و ریخۆلە وە نیشانەی ١-رشانەوە ٢-تەشەنجات لە سک وە سکچون، ئیلتاهاباتی بەکتریاکە پێی دەوترێ ژەهراوی بونی خواردن، دروست دەبێ بەهۆی پیسایی یان بەهۆی دەست لێدان لە ئاژەڵ یان ئەو خواردنەی کە بەکتریاکەی لەسەر بێت .

نیشانەکانی:

١- نان خواردن ٢- رشانەوەو هێلنج هاتن ٣- سکچون ٤- ئازاری سک و تەشەنوجات ٥- بونی خوێن لە پیسای ٦- تا

چ کاتێک ئەم بەکتریایە مەترسیدار دەبێ

١- ئەگەر کۆئەندامی بەرگری بێ هێز بێت ٢-مخەدەرات بخوا، چونکە ترشی گەدە کەم دەکات.

دکتۆر دەپرسێ ئایا ژانە سک یان وشک بون هەیە لە سەر سک کە بە یەکێکە لە نیشانەکانی دادەنرێ.

تێبینی: عادەتەن بونی بەکتریا نەرینی نابیت لە سەر مرۆڤ ماوەیەکی کورت دەمێنێتەوە کە دوو هەفتە زیاتر نەبێت. زیاتر توشی منداڵ و بەتەمەنەکان دەبێت بەڵام هەندێک جۆر لە بەکتریاکان دەبێتە هۆی لە کارکەوتنی گورچیلە و نەزیف بون و کەم خوێنی .

Toxocara canis worm adult

وە هەروەها ناسراوە بە(سەگی دیدات) لەهەموو دونیا بەربڵاوە وە رەنگیان سپییە و زەردە لە ریخۆلە دەژی، دەگوێزرێتەوە بۆ مرۆڤ بەهۆی دەستدان یان خواردنی هەرشتێک کە ئەو هێلکەیەی لەسەربێ.
نیشانەکان بۆ ناسینەوەی نیشانەکانی زۆر گرانە چونکە بە ئیلتهاباتی تر دەچێت.





Ascaris lumbricoides

کرمـی گەورەیـە کـە درێژیەکـەی دەگاتـە ٣٥سـم وە یەکێکـە لـە جۆرەکانـی ئەسـکارس کـە بەرپرسـە لـە زەردوی.

نیشانەکانی:

١- ئازاری گورچیلەی هەیە وە ئازاری گەدەشی هەیە نەخۆشەکە

٢- ئازاری سییەکان

٣- بوونی زەردوی

٤- کەم خۆراکی

٥- کەم خوێنی کەم ئاسنیشی لەگەڵە

٦- هەستکردن بە کەمی گەشە







NEMATODOS

ASCARIS LUMBRICOIDES:

•Nematodo que se encuentra distribuido ampliamente en el mundo (regiones húmedas, tropicales y templadas)

•Afecta preferentemente a las niños , se localiza en el intestino delgado ,puede permanecer de forma asintomática, producir cuadros digestivos, alteraciones de la nutrición.



trichuris-trichiura

ئەو ناوەی لێنراوە چونکە شریتی کە درێژی یەکەی ٤-٥ سم کە لە خۆراکەوە دەگوازرێتەوە لە ریخۆڵە هەیە کە پێویستی نزیکەی سەد رۆژ هەیە لە چونە ژورەوەی دانانی هێلکە.

نیشانەکان:

١- بوونی ئازار لە خوارەوەی راستی سک

٢- سک چوون و خوێنی مەیو

٣- کەم خوێنی







taenia sp

کرمی شریتیە لە خواردنی گۆشتی نەکوڵاو گۆشتی بەراز توشی مرۆڤ دەبێت کە پێی دەڵێن کرمی شریتی کە دەبێتە هۆی دروستبونی کیس کە دەمێنیتەوە لە گەدە دەچێتە ریخۆڵە.

نیشانەکانی: ١- ئازاری سک ٢- کەم خۆراکی ٣- کەمی کێش

هەندی جار کە شازە لەوانەیە لەناو دەزگای زەردوی دەبێت یان لە پەنکریاس سلیوم دەبێتە هۆی دروست بونی کیس کە دەبێتە هۆی نەخۆشەکە بە توندی دەیگری لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی جەڵتە.



hymenolepis nana

١٥-٤٠ ملم دەبێت تەمەنی ٤-٦ هەفتەیە زیاتر لە شوێنی دانیشتوی هەژار و شوێنی پیس دا هەیە زیاتر توشی منداڵان دەبێ ناتوانی ١٠ رۆژ زیاتر بمێنێتەوە لە ژینگەی دەرەوە دەگوازرێتەوە لە رێگەی ئەو خۆراکەی کە هێلکەی لەسەرە دەگوازرێتەوە بۆ ریخۆڵە لە دوایدا دەبێتە هۆی وشک بوونی ریخۆڵە.

نیشانەکانی: ١- ئیلتهاباتی گەدە (معدە)٢- ژەهراویبونی خوێن ٣- ئازاری سک ٤- نان نەخواردن ٥- لاوازبوون ٦- ژانەسەر ٧- خوران٨- کەم خەوی.






polar
filaments
hooks


H. nana(adult worm)

Diphyllobothrium

توشی مرۆڤ دەبێ دەبێت کاتێک کە ماسی خام (سوشی) یان تەواو نەکوڵاوە دەخوات و دەبێتە هۆی گیرانی ریخۆڵە و نەخۆشی مرارە

نیشانەکان:

١-سک چون ٢- ئازاری سک ٣- رشانەوە ٤- لاوازبون ٥- ماندوویوون هەست بە نارەحەتی کردن .

لەهەندێ حاڵەتدا دەبێتە هۆی کەمبونی ڤیتامین ب



endolimax nana

بە گشتی مشەخۆرێکی بێ زەرە دادەنرێ کە مرۆڤ توشی نەخۆشی ناکات زۆربەی کاتەکان لە ریخۆڵە دەژی بەهۆی بەرگە بەرگریەکەی دەتوانی چەندان هەفتە بژی لە ژینگەی دەرەکی بەگشتی بێ زەرر دادەنرێ لە بۆ مرۆڤ کە چوار خانەی هەیە هیچ نیشانەیەکی سەربی نیە کە ٥-١٢ میکرۆبە.

***Endolimax nana* life cycle**





Entamoeba coli

مشەخۆرێکە لە گەدە دەژی ئەم جۆرە ئەمیبیایە ناجولێتەوە وە پارێزگاری لە شێوەی گۆیەکەی خۆی دەکات وە بۆ دڵنیابوون کە بزانی قۆلۆنیە نەک شانەی. هەشت ناوکی هەیە وەک لە شانەی کە چوار خانەی هەیە.







Entamoeba-histolytica

مشـەخۆرێکە کـە بەرپرسـە لـە نەخۆشـی ئەمیبیـا لـە ڕیخۆڵـە ڕودەدات بەهـۆی ئیلتهاباتـی ناوکـی کـە ٥٠ ملیـون کـەس توشـی بـوە کـە زۆربەیـان خەڵکـی مەهاجرو دەربـەدەرن درێژیەکـەی ١٥-٢٠ مایکرۆیـە بەهـۆی ئـاو یـان خـواردن یـان دەسـتی پیـس تـوش دەبێت هەندێـک جار بـە هـۆی جوتبونیـش دەگوازرێتـەوە کـە دەبێتـە هـۆی مردنـی نزیکـەی ٧٠ کـەس لـە ساڵێکدا

نیشانەکان: ١- غازاتـی سـک ٢- ئازاری سـک ٣- ئازاری پچر پچر ٤- ئازاری گەدە ٥- تەشـەنوجاتی گـەدە.



Entamoeba-histolytica

دیواری ریخۆڵە دەبڕێت و دەچیتە جەرگ لە ڕێگەی خوێن وادەکات ئەمیبیاکان لە دەرەوەی ریخۆڵە بن بەهۆی ئلتهاباتی زۆرەوە دەبێتە هۆی ناجێگیری نەخۆشەکە بەمەش توشی ئەم نەخۆشانە دەبێت .

١- کەم خوێنی ٢- سکچونی خوێن ٣- تا ٤- بونی غازات ٥- گەورە بونی قۆلۆن ٦- نەخۆشی جەرگ لەوانەیە ببێتە هۆی مردن ٧- کەم بونی کێش.



enterobius vermicularis

نەخۆشی دەبوسیە وە هەروەها ناسراویشە. نەخۆشی ریخۆڵە دیارترین نیشانەکانی خورانی کۆمە کە وادەکات خەو زراو بێت کاتی پێویس بۆ دانانی هێلکە ٤-٨ هەفتەیە زیاتر توشی منداڵانی سەرەتای خوێندن دەبێت هێلکەکانی بەهۆی مایکۆسکۆپەوە دەبینرێ وە کرمەکان لە دەرەچەی کۆم یان توالێت دەبینرێ بەهۆی جولانەوەی یان رەنگی زەردیکی کاڵە.







schistosoma mansoni

لەمولولە خوێنەکان دەژین لە نزیک schistosoma ریخۆلە کە نەخۆش توشی بەلهاریسیا توش دەکات کە دەناسرێتەوە کە نێرەو مێیە بە یەکەوە VESSELS دەژین لە رێگەی ئاوەوە دەگوازرێتەوە یان لە رێگەی بەرکەوتنی پێست.



Ancilostomose

دوو جۆرە گەشەیان هەیە کە تیدا هەیانە ژیانی سەربەست لە ژینگەی دەرەوە دەژی ئەوەیتریان مشەخۆر هێلکە لە ریخۆلە دادەنری پاش ئەوەی دەتروکێ لەسەر زیندەوەر دەژی .





Strongyloides

دەگوازرێتـەوە بـە دەسـت دان لـە شـتێکە ئـەو مشـەخۆرەی لەسـەر بـێ وە دیـواری پێست دەبڕێ دەچێتـە سـیەکان پاشـان بـۆ ڕێڕەوی هەناسـە بـۆ دەم تـا وەکـو بڕواتـە بـۆ نـاو ڕیخۆڵـەکان .

نیشانەکان:

١-خورانی ناوچەی کۆم لەوانەیە ببێتە هۆی دروستبونی ئیلتهابات لە پیسایی





Iodamoeba butschlii

ئەمیبایەکی مشەخۆرە کە درێژیەکەی ٨-١٠ مایکرۆیە نیشانەکانی زۆر بەیەکتری دەچی تەنها بەپشکنین دەناسرێتەوە.





balantidium-coli

لە قۆلۆن دەژی بە هۆی دەست لێدان یان خواردن یان خواردنەوەی پیس تووش بوو وە گواستنەوەی ئاسان نیە لە کەسێکەوە بۆ کەسیکی تر

نیشانەکانی دەبێتە هۆی دروستبونی سک چون لە ٢٠ دەقە جارێک دەبێتە دروستبونی قۆلۆن وە دەبێتە هۆی مەترسی لە سەر نەخۆشەکە.







Giardia Lamblia

جیاردیا لامبلیا کە هەندێ جار پێشی ئەوترێ (giardia intestinales)، مشەخۆرێکی قامچی وەشێنە و ناوک ڕاستەقینەیە، لەڕەگەزی(sarcomastigophora)ایە کەوا دەچێتە ناو ریخۆڵە باریکە(small intestine) و لەوێدا زۆر دەبێت و وەچە دەخاتەوە و داگیری دەکات، وە (anaerobic)ە واتە لەژینگەی بێ ئۆکسجینی ئەژی،وە بە ڕێگەی(binary fission) واتە پانە دووکەرت بوونی ئاسای زۆر دەبێت، مرۆڤ و هەندێک لە ئاژەڵان توشی نەخۆشی (Giardiasis) دەکات، ئەمەش بەهۆی بەرەکەوتن بە ئاژەڵ یان خۆراک و ئاوی پیس بوو بەم مشەخۆرە توشی دەبین.

نیشانەکانی جیاردیاسس لەوانەیە دوای دوو ڕۆژ لە توشبوون دەست پێ بکەن کە ئەمانەن:

* سکچوونێکی توند
* غازاتی زۆر
* تێکچوونی گەدە
* دڵ تێکهەڵهاتن یان ڕشانەوە

لە ئەنجامدا کەسەکە توشی وشک بوون و لەدەست دانی ئارەزووی خواردن دەبێت و دەبێ بە زووی چارەسەری پێ بدرێ.

ئەو ژەهراوی بوونە دەکرێت کەم ببێتەوە و چارەسەر ببێت لە ماوەی نێوان(٢_٦) هەفتە، بەڵام هەندێک جار دەکرێ ماوەکە زۆرتر بخایەنێت، وە ئەم ژەهراوی بوونە دەکرێت تەنها لە کەسەکە بمێنێتەوە وە دەکرێت بگوازرێتەوە بۆ کەسانی تر.

چارەسەر دەکرێت بە هۆی:-

Tinidazole

Metronidazole

Albendazole

خۆپاراستن:-

١- شوشتنی دەستەکان بەجوانی پێش نان خواردن و دوای نان خواردن و لە دوای هاتنە دەرەوە لە تەوالێت.

٢- زۆر مامەڵە نەکردن لەگەڵ ئاژەڵان.

٣- پاک راگرتنی شوێنە گەشتیاریەکان.

٤- دوورکەتنەوە لە کاری سێکسی نادروست چونکە لە ڕێی کۆم یان دەمەوە دەگوازرێتەوە.

٥- دوور کەوتنەوە لە خۆراکی پیس بوو.

٦-شوشتنەوەی سەوزەو میوەکان بە ئاوی کوڵاو پاشان خواردنی.





STOOL CULLTURE Test

راستە بە شێوەیەکی ئاسایی چەندین جۆر مایکرۆ ئۆرگانیزم هەیە لە پیسایی لەگەڵ ئەوەش چەند جۆرێک مایکرۆئۆرگانیزم هەیە لەو کەسانە نابێت کە باری تەندروستیان باشە.

جگە لە میکرۆرگانیزمەکان تاک خانە وەک ئەمیبیاو کرم دەبیتە سک چون و نارێکی لە ریخۆڵە بۆ دەستنیشانکردنی و زانینی هۆکاری سک چوون و نارێکی یەکەی پێویستی بە پشکنینی پیسای هەیە لەم زەرعە دا لە دوای مایکرۆئۆرگانیزمەکان دەگەڕێن وە هەندێ جار لە خانەی خرۆکە سپیەکان دەگەرێن کە دەلالەت لە بونی ئلتهابات دەکات.

کە پێویستە لەکاتی چاندن (زەرع) بە زوترین کات پیسایەکە ببریتە تاقیگە لەبەر ئەوەی هەندێ لە طفلیاتەکان وەکو ئمیبیا یان هەندێک ژهر کە لە دەرەوەی لەش ناتوانیت بژی ئەگەر کاتەکە زیاتر بیت لە نیو سەعات.

چ شتیک کاردەکاتە سەر ئەنجامی پشکنینەکە

١- ئەنتی بایۆتیک کار دەکاتە سەر ئەنجامەکە چونکە نایەلێت بەکتریاکان گەشە بکات .

تێبینی: پاش ئەوەی زرعمان بۆ کرد پاش ٢٤ سەعات ئەگەر یەکیک لەو بەکتریانەی تیدا نەبو ئەوا زەرعەکەی خاوینە واتا ئەنتی بەدی بۆ ناکرێت وەک ئەمانەی خوارەوە

١- Shigella

٢- Selmonella

٣- Compilobacer

٤- هیچ طفەلیات و کرم نی یە

بەشێوەی ئاسای لە ریخۆلە بەکتریا هەیە بەلام عادەتەن ئەو بەکتریایە دیاری

ناکرێت تەنها ئەوانەی سەرەوە دیاری دەکرێت لەگەڵ کیسی ئەمیبیا (omoeba cyst)، بونی خوێن و خانەی خڕۆکە سپیەکان دەلالەت لە بوونی ئیلتهابات دەکات لە قۆلۆن

١- سالمۆنیلا: جراثیمی ریخۆلە کە دەبێتە هۆی ئلتهابی قۆلۆن هەندێک جار ئەو جرثومە دەبێتە هۆی تا.

٢- شغیلا: بەکتریای ریخۆلەیە کە دەبێتە هۆی ئلتهاباتی قۆلۆن بە تایبەت لە مندالان.

٣- قۆلۆنیە (E-COLI): بەکتریایەکە دەبێتە هۆی دروستبونی ئلتهابات لە رێرەوی میز هەندیک لەم جۆرە بەکتریایە وەک H7:0157 دەبیتە هۆی سک چونی خوینی ترسناک.

٤-campilobactir : جۆرێکە لە بەکتریا توشی ریخۆلە دەبێت

٥-cyct: عادەتەن لە ئەمیبیەکان ئەو طفلیاتەیە کە تاک ناوکی هەیە دەبێتە هۆی ینلتهاباتی قۆلۆن.

عادەتەن بەکتریاکە ناپشکینری بەڵکو ئەو ژەهراویە کە دەری دەدات بۆ نمونە لەو نەخۆشانەی کە شک دەکرێ توش بوبن بە جرثومی مطشیە عسیرە (clostridium difficle) بۆ نمونە ئەو کەسانەی ئەنتی بایوتیک دەخۆم و سک چونیان هەیە پێویستە یەکسەر پشکنینی پیسایی بۆ بکرێ.



STONE ANALYSIS Test

پشکنینی بەردی گورچیلە، بەرد لە ڕێڕەوی میزدا هەیە کە لە هەردوو گورچیلەدا هەیە یان، بەرد پێک دێت لە مەوادی سروشتی کە لە میز دەردەدرێت کە لە هەندێک پرۆتین ئەو مادانەی کە هەنە لە بەرد بریتین لە ئریک ئەسید،کالیسیوم، کالیسویم ئۆکزالات، فۆسفات، کاربۆنات.

هۆکارەکانی دروست بوونی بەردی گورچیلە:-

چەندین هۆکار دەبنە هۆی زیادبوونی ئەگەری دروست بوونی بەردی گورچیلە لەوانە (کەم خواردنەوەی ئاو، چڕبوونەوەی میز بۆ نموونە ئیشکردن لە شوێنی گەرم دەبێتە هۆی لەدەستدانی بڕێکی زۆر لە ئاو بە شێوەی ئارەقکردنەوە و کەمبوونەوەی میزکردن، بوونی هۆکاری بۆماوەی و ژینگەیی، ئەوکەسانەی بەردی گورچیلەیان هەبووە ئاسانتر دروستی دەکەنەوە.

لە کردنی ئەم پشکنینە چەن شتێکی ئەم بەردە گرنگە ١- شێوە ٢-زبرو لوسی ٣- قەبارە ٤- ڕەملیە یان بەردیە ٥- بلوریە یان شێوەیە،کە تێدا دکتۆری تاقیگە ئەم بەردە ورد دەکات دەیکات بە پاودەر کە چەن ئیشێکی لەسەر دەکات تا بزانی چ جۆرە بەردێکە وە بزانی چ خۆراکێک وا دەکات ئەو بەردە دروست بوە، کە تێدا لەهەموو حاڵەتێک تێدا دەگوترێ ئاو زۆر بخورێتەوە تاکو گورچییلە رزگار بێت لە رملە نیشتوەکان تاکو نەبێتە بەرد و هەروەها بە خواردنەوەی شەربەتی لیمۆ کە ترشی ستریک زیاد دەکات پێی کە ڕێگرە لە دروستبونی بلوراتی کالیسیوم .

هۆکارەکانی دروست بونی بەرد

١- کەم خواردنی ئەو خواردنانەی کە ئوکزالاتی تێدایە ئەوانەش

١-سپێناخ ٢-مخلل ٣-بیبەری رەش ٤-مەعدەنوس ٥-پەتاتە ٦-تری ٧- باینجان

٨-بیبەری سەوز ٩-فراولە .
٢-واز هێنان لە چایانەی کە گەلاکانیان ئۆکزالاتیان تێدایە لەگەڵ کولان زیاد دەکەن
٣- زیاد خواردنی گۆشت و مریشک و ماسی و لەبەر ئەوە ترشی میز زیاد دەکات دەبنە هۆی دروست بونی بەرد
٤- زیاد خواردنی ئەو دەرمانانەی کە ڤیتامین (س) تیدایە چونکە لە هەندی مرۆڤدا دەبێتە ئۆکزالات.
٥- زیاد دەردانی غودەی دەرەقی
٦-زیاد خواردنی دەرمانی کالیسیوم کە یارمەتی دەرە بۆ دروستبونی بەرد

چ بکری باشە بۆ ئەوەی توشی ئەم نەخۆشیە نەبێت یان کەمتر بکرێتەوە بە لانی کەم.

١- هاتنە دەرەوەی ئاو دوو لتر رێژەی ئۆکزالات کەم دەکاتەوە واتا ئاو زۆر خواردن
٢- زیاد جولە کردنی لە ش کە رێگرە لە دروستبونی بەرد
٣-رژینی خێرا هۆکاریکە بۆ دروستبونی بەرد

چۆنیەتی ئیشکردنی ئەم پشکنینە لە لایەن دکتۆری تاقیگە

لەکاتی وەرگرتنی بەردەکە بە ئاوی مقەتەر دەیشۆین دوای وشکی دەکەینەوە بە فلتێر پەیپەر پاشان کێشی دەکەین لەگەڵ رەنگ و زبرو لوسی وبەردەکەش هەمووی تۆماردەکەین پاشان وردی دەکەین دەیکەینە پاودەر،

رێگاکانی ئەنجامدانی پشکنینەکە :-

چەند رێگایەک بەکاردێن بۆ شیکارکردنی بەردی (گورچیلە) وەک :
.(Spectroscopy, X-ray Diffraction, Chemical Analysis and Mass Spectrometry)

رێگەی باو بۆ پشکنینی بەردەکان بەرێگەی کیمیایی(Chemical Analysis) دەکرێت بۆ دیاریکردنی ئەو پێکهاتانەی بەردەکەی لێپێکهاتووە وەک
Carbonate , Calcium , Magnesium , Oxalate , Phosphate , Ammonium ,)

.(Cystine , Uric acid and Ammonium urate

یەکەم جار سیفەتی بەردەکە دەنوسی وە پاشان ژمارەی بەردەکان لە تەقریرەکە دەنوسین

جا ئەوانەی ئەرێنی بوو وەک ئەوانەی سەرەوە دەنوسین لە راپۆرتەکە .

Urethral culture Test

ئەم پشکنینە بۆ پیاوان بە زۆری دەکرێ بە مەبەستی زانینی بونی بەکتریا یان ڤایرۆس لە ریرەوی میز کە دەبێتە هۆی دروست بونی التهابات،ئەم پشکنینە لە بۆری میز دەکرێت .

چۆنیەتی کردنی

یاریدەدەری تاقیگە هەلدەستی بە بەکارهێنانی پارچەیەک لۆکە بۆ خاوێن کردنەوەی دەرچەی میز لە ئەندامی زاوزێ بۆ کۆکردنەوەی نمونە پاشان لۆکە بە نەرمی سێ بۆ چوار جار ئامادەدەکرێ دەبێت هەرنا سەعاتێک بەسەربچێت کە میزی کردیە ئینجا پشکنینەکەی لێ وەردەگرین.
پاشان نمونەکە لە ناوندی چاندن(زرع) دادەنرێ واتا چاندنی (زرع)ی بۆ دەکەین وە پاشان سەیر دەکرێ تا بزانرێ بەکتریاکە لەسەری گەشەی کردوە.

چ کاتێک ئەم پشکنینە دەکرێت:

کاتێک نەخۆش هەست بە بونی نیشانەکان دەکات

١-میز کردنێکی بە ئازار

٢-زیاد کردنی میز

٣-سور بونەوەو ئەستور بونی میز

ئەو بەکتریایانەی کە هەیە لە پشکنینەکە برتین لە (سیلان و کلامیدیا)

سیلان: بەکتریایەکە دەگوازرێتەوە لە رێرەوی میز لە رێگەی جووت بونەوە دەگوازرێتەوە کە کاردەکاتە سەر پەردەی رێرەوی میز وە دوای دەگاتە (عنق الرحم) وە دەزگای فالوب لە ئافرەت لە رێرەوی میز.

کلامیدیا: بەکتریایەکە دەگوازرێتەوە لە ڕێڕەوی میز لە ڕێگای جووت بونەوە لە وڵاتی ئەمەریکا زۆر باوە کە دەبێتە هۆی ئیلتهاباتی بەردەوام لە هەریەکە لە پیاو ئافرەتدا زۆربەی جار ئەو بەکتریایە دەبێتە هۆی بونی خوێن لە میزدا



Blood culture Test

ئەم پشکنینە دەکرێ بۆ دۆزینەوەی مایکرۆئۆرگانیزم بۆ دیاری کردنی جۆرەکەی ئەم پشکنینە دەکری بۆ دیاری کردنی رێژەی تووش بونەکەی بە ژەهراوی خوێن کە وا دەکات بگاتە (الالتهاب) ئەوەش هەرەشەیە بۆ ژیانی نەخۆشەکە، لەگەڵ بەرەو پێش چونی نەخۆشەیەکە نیشانەکان زیاددەکات وەک

١-بونی ئیلتهابات لە هەموو شوێنێکی لەش

٢-دروست بوونی تۆپەڵەی خوێنی بچوک لە دەمارە بچوکەکان

٣-مەترسی دابەزینی پەستانی خوێن

٤-لەکار کەوتنی یەکێک یان چەند بەشێکی کۆئەندامی لەش

دەبێ سێ نموونە وەربگرێ لە چەند دەمارێکی جیاواز چونکە بەکتریا لە شێوەی پارچە پارچە لە ناو خوێن دا هەیە واتا لە سێ شوێن خوێنەکە وەربگیرێ،چ کاتێک ناکرێ ئەگەر ئەنتی بەدی خواردبێ نابێت ئەم پشکنینەی بۆ بکرێت.

تێبینی- ئەرێنی (گرام پۆزەتیڤ) دەبێ کاتیک یەکێک لەو بەکتریایانەی هەبێت

- Staphylococcus epiderminds
- Bacillus species
- Propionibacterium
speciesCorynebacterium species
- Clostridium perfringens
- Viridians streptococcus
- Candida tropicalis



تێبینی: نەرێنی (گرام نێگەتیڤ) دەبێت ئەگەر یەکێک لەو تیوبانە پۆزەتیڤ بێت ئەو بەکتریایانەی هەبێت

- (Streptococci(non-viridans
- Aerobic and facultative gram-ne
- Anaerobic cocci
- Anaerobic gram-negative rods
- Yeast

نیشانەکانی ئەم پشکنینە

١- بۆگەنبونی خوێن کە دەبێتە هۆی تایەکی بەرز

٢- خوران ٣- هەناسەدانی خێرا

٤- نارێکی لێدانی دڵ ٥- بەرزبونی خرۆکە سپیەکان

ئەنجامی ئەم پشکنینە چی دەگەیەنێ:

ئەگەر دوو لە تیوبەکانی ئەرێنی بوون بە بەکتریا یان کەروو واتە نەخۆشەکە توشبوە بە نەخۆشی خوێن.

تێکچونی خوێن نەخۆشیەکی قورسە دەبێت یەکسەر چارەسەر بکرێت دەبێتە هۆی هەرەشە لەسەر ژیانی نەخۆشەکە بەتایبەت لەوانەی بە دەست لاوازی کۆئەندامی بەرگری دەناڵێنن .

ئەگەر یەکێک لە تویبەکان ئەرێنی بوو دووەکەی تر نەرێنی بوو ئەوا واتە تەنها توشبوە دکتۆرەکە تەماشای حاڵەتی نەخۆشەکە دەکات و نیشانەکانی ئەوەش وا دەکات کە تاقیکردنەوەی بۆ بکرێ ئەویش چەند پشکنینێکە دکتۆر بۆی زیاد دەکات.

AFB
(Acid Fast Bacilli)

ئەو بەکتریایە کە شێوەی چیلکەی دەتوانرێ لە ژێر مایکرۆسکۆپ ببینرێ بژمێردرێ دکتۆر ئەو پشکنینەی دەنوسێ لە کاتێکدا کە شک لە بونی نەخۆشی سیل بکات لە نەخۆشەکە کە دەبێتە هۆی ئیلتهابات لە سییەکان کە لەو نەخۆشانەی کە مەناعەیان کەمە یان تەمەنیان زۆرە یانیش دەناڵێنن بەدەست نەخۆشی ئایدز، بەڵام چارەسەری زۆر گرانە، چونکە بەرگریەکی زۆری هەیە بەرانبەر دژە تەنەکان.

ئەم بەکتریایە بە ئاسانی ناگوازرێتەوە بۆ مرۆڤ. هەندێ جار لە رێگەی ئاژەڵ دەگوازرێتەوە، بۆ ئامادەکردنی ئەم پشکنینە پێویستمان بە شلەی لەشی نەخۆشەکەیە وەک میز و شلەی میشک و بەلغەم بوونی ئەم بەکتریایە ٦-٨ هەفتە بێ ئەنجامەکەی نەرێنی دەبیت بۆیە دەبی زیاتر بی ماوەکەی .
گرتنی بەلغەم مادەیەکی لینجە لە سییەکان دێتە دەرەوە پێویستە لە بەیانیان زوو بکرێت ئەم پشکنینە ٣ رۆژ لە دوای یەک ئەم پشکنینە دەکرێ ئەگەر نەتوانی بەلغەم وەربگرێ ئەوا دەبێت دکتۆر نمونەیەک لە بۆری هەناسە وەربگرێ بە ئازوور.



SFA Test
Seminal Fluid Analysis

پشکنینی پیاوەتی (تۆ) یارمەتیدەرە بۆ دیایکردنی ئەو هۆکارانەی کە توانای پیاوانی بۆ وەچەخستنەوە پێوە بەندە. ئەم شیکارییە کۆمەڵێک شیکاری ورد لەخۆدەگرێت، لەوانە دیاریکردنی قەبارە و چڕیی تۆواو (Semen Volume & Density)، ژمارەی تۆوەکان (Sperm Number)، شێوە و ڕواڵەتی تۆوەکان (Sperm Morphology) خێرایی و شێوازی جوولەی تۆوەکان (Sperm Motility) وە دیاریکردنی چەند هۆکارێکی دیکەی وەکو بوونی (RBC & Pus) دیاریکردنی پلەی ترشێتی و تفتێتی تۆواو(Semen pH)، و بە تێکچوونی یەکێك لەم هۆکارانە ڕەنگە ببێتە هۆکاری لەدەستدانی توانای خستنەوەی وەچە..

لە مرۆڤدا پێویستمان بە نزیکەی ٦٤ کاتژمێر هەیە بۆ دروست بوونی تۆوێکی تەواو پێگەیشتوو کەتوانای پیتاندنی هەبێت (هەربۆیە پێویستە بەر لە ئەنجامدانی ئەم پشکنینە بۆ ماوەی نزیکەی ٧٢ کاتژمێر (سێ ڕۆژ) سەرجێیی نەکرێت تا ئەنجامێکی دروستمان دەست بکەوێت).. کۆمەڵێک هۆکار کاردەکەنە سەر چۆنییەتی و چەندێتی تۆوەکان لەوانە (جگەرەکێشان و خواردنەوە کهولیەکان و سیستمی خۆراکی ناتەندروست و زیاد بەکارهێنانی مێرووکوژەکان و هەندێ نەخۆشی و تا ی بەرز.

ئەم پشکنینە چۆن ئەکرێت

یەکەم : ماکرۆسکۆبی.بێ مایکرۆسکۆپ.macroscopy

١- قەبارە و لینجی Volium and liquefaction.. سەرەتا سپێرم لە کەسەکە وەر ئەگیرێت.. بەشێوەیەک (ئەگەر لە ماڵ بیهێنێت ئەوا، نابێ لە ٣٠ خولەک زیاتری پێ بچێت) ئەگەر لە تاقیگە وەری گرت ئەوا ٣٠ خولەک چاوەڕێ ئەکەین لە ناو ئینکیوبەیتەر یان ڕووم تێمپریچەر هەتا liquefaction ڕوو ئەدات

ئینجا یەکەم شت قیاسی قەبارەکەی ئەکەین، قەبارەی ئاسایی ٢بۆ ٦ ملم. زۆری قەبارەکەی ئەبێتە هۆی ناتەواوی پشکنینەکە چونکە وا ئەکات سپێرمی زیاتر دەر بکەوێ یاخود ڕێژەی سپرمە ناتەواوەکان بەهۆی زۆری ژمارە و کەمی جێگا توشی تێکشکان و ناتەواوی ئەبن.
ئەگەر بێت و دوای ٣٠ خولەک لیکویفیکەیشن و لینج بوونەوە ڕوو نەدات ئەوا مانای وایە کێشەکە لە شلەی تۆواوەکەیە کەئەم کەسە توانای وەچە خستنەوەی نییە.. چونکە دوای ٣٠ خولەک و لینج بوونەوەی تۆواو.. سپیرم توانای جولەی هەیە بەشێوەیەکی ئاسایی بەرەو هێلکەدان جولە ئەکات. کە ئەم ناوەندە لینج نەبێتەوە ئەوا توانای جوڵەی نامێنێ و هەر لە ناو زێی ئافرەت ئەمرن و بەمەش توانی وەچە خستنەوەی نابێت.

٢- ئاستی pH .. بەشێوەیکی گشتی تۆواو ناوەندێکیتفتە(٦,٢ بۆ ٨) بۆ پاراستنی لە ترشی ناو ڕێڕەوی هێلکەدان. بۆیە گەر ترش بوو ئەوا کێشەیەک لە دەردراوەکانی پرۆستات و گوون هەیە یان لەکاتی دەرچوون (قذف) تووشی بەرکەوتن بوون.

٣-پێوانەی شەکری فرەکتۆز.. fractoz لەکاتی دەرچوونی تۆ و لە گوون هەر لەوێش شەکری فرەکتۆزیشی لەگەڵە بۆ ئەوەی وزەی پێویست بدات بە سپێرم بۆ جوڵە.. نەبوونی شەکری فرەکتز بە واتای نە توانینی جوڵە لە لاین سپێرمەوە. چونکە وزەی پێویستی نابێت بۆ جوڵە.

٤- بۆن.odor.. بەشێوەیەکی ئاسایی بۆنی سپێرم و تۆاو بۆنێکی ساردی هەیە و زیاتر لە بۆنی فاس ئەچێت..ئەگەر بۆنێکی تیژ یان بۆنێکی شێوە بۆگەنی هەبوو ئەوا بەواتای بوونی ئیلتهاب یان کێشەیەکی تر دێت.

٥- ڕەنگ..color..بەشێوەیەکی گشتی تۆواو و سپێرم ڕەنگێکی سپی یا شێوە ئاوی هەیە و بوونی ڕەنگی شێوە زەرد یان قاوەیی یان بەرەو سەوز بەواتای بوونی ئیلتهابە وە بوونی ڕەنگی سور یان پەمەی بە واتای بوونی خوێنە لە سپێرم و تۆاوادا.

دووەم: مایکرۆسکۆپی.microscopy

ئەم سێ شتە پشکنین ئەکەین لە ژێر مایکرۆسکۆپ

ژمارەی سپێرم

توانای جوڵە

شێوەی سپێرم

١-ژماردنی سپێرم sperm count

دوای لیکویفیکەشن و لینج بوون بەتەواوی ٥٠ مایکرۆ لە سپرم وەر ئەگرین و لەگەڵ ٩٥٠ مایکرۆ لە شلەی ژماردن کە پێکهاتووە لە (١مل لە فۆرمالین ٥/ گرام بیکاربۆنات سۆدیۆم /١٠٠ ملی لتر ئاو d.w) دواتر قەترەیەک لە تێکەڵکە ئەکەینە سەر سلایدی ژماردن (نیوبار) یاخود چامبەر.. ئەوەی کە بۆw.b.c بەکار دێت و بە کەفەرێک دای ئەپۆشین و ٢.٥ بۆ ٥ دەقیقە لێ ی ئەگەڕێین.. ئینجا دەست ئەکەین بە ژماردنی بە شێوەیە کە.

لەهەر لایەک چوارگۆشەیەک ئەخوێنینەوە.. واتا چوار لایە و لە هەر لایەک چوار گۆشەیەک.. چامبەرەکە چوارلای هەیەهەر لایەک ١٦خانەیە.. لە هەر لایەک کە شانزەخانە یە تەنها یەک خانە ئەخوێنینەوە.. واتا لە کۆی ٦٤ خانە تەنها ٤ خانە ئەخوێنیتەوە، ئینجا دوای خوێندنەوەیان .. هەرچواری کۆ ئەکەینەوە و لێکدانی ٥٠ ئینجا لێکدانی ١٠٠٠

واتا (کۆی چوارخانەکە)×٥٠×١٠٠٠

بۆ زانیاریشتان لە کاتی ژماردن هەموو سپێرمەکان ئەخوێنیتەوە. بجولێت یان

نەجوڵێت.. شکلی تەواو بێت یان ناتەواو.
وە ڕێژەی ئاسایی لە نێوان ٤٠ بۆ ١٢٠ ملیۆنە..کەمتر لە ٢٠ و کەمتر لە ١٠ ملیۆن زۆر بە زەحمەت توانای وەچە خستنەوەیان هەیە

٢-توانای جوڵە.Motility : دوای ژماردن.. دەست ئەکەین بە جیا کردنەوەی ئەو سپێرمانەی توانای جوڵەیانەیە یاخود بە ناڕێکی ئەجوڵێن یاخود هەر ناجولێن..
قەترەیەک لە سپێرم و لینج بووەکە واتا ئەوەنا کە مەحڵولمان تێکەڵ کرد.. بەڵک و ئەوەی ک نیو کاتژمێر وازمانلێهێنا و لینج بویەوە وەر ئەگرین و ئەخەینەسەر سلایدێک و بە کەڤەرێک دای ئەپۆشین و لەسەر لێنزی ٤× سەیری ئەکەین و سێ فیلد وەک نمونە وەر ئەگرین لە سێ شوێنی جیای سلایدەکە.
بۆ نمونە: لە فیلدی یەکەم سەیر ئەکەین ٧ سپێرم ئەجوڵێن و ٢ ناجوڵێن وازلەم فیلدە ئەهێنین و سلایدەکە ئەجولێنین بۆ لایەکی تری و فیلدێکی تری وەر ئەگرین بۆ نمونە ئەمەشیان ٤ جولە و ١ بێ جوڵە بوو ئینجا واز لەویش ئەهێنین و ئەچین بۆلایەکی تری سلایدەکە و ئەویش ئەژمێرین بۆ نمونە ئەویش ٧ جولا و ٣ نەجولاو بوون .

بەم شێوەیە بە ڕێژەی سەدی ئەی نوسین

جولاو:٧+٤+٧=١٨

٣/١٨=٦

نەجولاو:٢+١+٣=٦

٣/٦=٢

ئێستا.. جولاو ٦نەجولاو ٢

٦/٢=٠,٣٣*١٠٠= ٣٣٪

واتا جوڵاو =٦٧٪
نەجوڵاو =٣٣٪
ئینجا بۆ زیاتر ووردەکاری پێویستە شێوە جوڵاوەکانی جیا بکەیتەوەبەشێوەیەک کە جوڵاوەکانیش سێ جۆرن..ئەبێت ئەم سێ جۆرەش بەهەمان شێوەی پێشوو بژمێریت و بیان کەیت بە ڕێژەی سەدی..جۆرەکانیش ئەمانەن

١- خێرا بۆ پێشەوە..ئەمانە بەشێوەی هێڵێکی ڕاست بۆ پێشەوەئەجوڵێن بە خێرایی

٢- هێواش بۆ پێشەوە...ئەمانەش بەشێوەیکی هێواش بەڵام بە هێڵێکی ڕاست بۆ پێشەوە ئەجوڵێن

٣- جوڵەی ناتەواو...ئەمانەن کە بەشێوەی بانەیی بە دەوری خۆیان ئەسوڕێنەوەیاخود هەر نارۆن لەشوێنی خۆیان بەڵام جوڵەیان هەیە

بە شێوەیک کە بۆ نمونە..دوای ژماردنی جولە و بێ جولە ڕێژەی جوڵاوەکان ٨٠٪ بوو و ژمارەیان ٨ دانە بوو

بۆ نمونە جولەی تەوا ٤ بوو
هێواش ٣ دانەبوو
ناتەواو ١ دانەبوو
ئەوا...٨/٣=٣٧,٥=٣٧,٥٪ جوڵەی هێواش..
٨/١=١٢,٥=١٢,٥٪ جوڵەی ناتەواو
٨/٤=٥٠=٥٠,٠٪جوڵەی تەواو و خێرا
ڕێژی ئاسایی
جوڵە ٤٠٪
ڕێژەی جۆری جوڵەکان. جوڵەی خێرا و یەک هێڵ ٣٢٪

٣-شێوەی سپێرم morphology: دوای ژماردن و جولە ئەم جارەیان تێبینی و فەحسی شێوەی سپێرمەکان ئەکین..وەک ئەزانین سپێرم پێکهاتووە لە سەر و

مـل و کلـک.. قەترمیەک لـە سپرمە لینـج بووەکـە وەر ئەگریـن و ئەیخەینـە سـەر سـلایدێک ۆ و بـە کەڤـەر دای ئەپۆشـین و بەهەمـان شـێوەی جوڵـە سـێ فیلـد لـە سـێ شـوێنی جیـای سـلایدەکە ئەخوێنینـەوە بـە شـێوەیەک کـە سـپێرمێک بـێ سـەر بـوو بـێ کلـک بـوو بـێ مـل بـوو دوو سـەر بـوو یـان دوو کلـک بـوو یـان هـەر شـێوەیەکی تـری نائاسـایی بـوو بـە ناتـەوا دای ئەنێیـن و باقـی تـر بـە شـێوەی ئاسـایی ئەیژمێریـن.

ئینجـا بەهەمـان شـێوەی پێشـوو هەرسـێ فیلدەکـە کـۆ ئەکەینـەوە بـۆ تـەواو و ناتـەواو و دابەشـی سـێ ی ئەکیـەن و ئەیکەیـن بـە ڕێـژەی سـەدی.

٤- wbc یـان pus cells: زۆرجـار خڕۆکـەی سـپی لەکاتـی خوێندنـەوە؟ یـان سەیرکردنی سپێرم لـە ژێر مایکرۆسکۆپ ئەبینرێت کـە ئەویش هەتا پێنج دانـە بـە بینیـن ئاسایيە و لـەوە زیاتـر نائاسـایی یـە و کەسـەکە ئیلتهابی هەیـە جا چ لـە ڕێـڕەوی سـپێرم و تـۆواو بێـت چ لـە گونـەکان..

ڕێژەی ئاساییەکەشی ٤ بۆ ١٤ ٪ یە

تێبینی- چی کار ئەکاتە سەر ڕوودانی هەڵە.

١. زوو پشکنین کردن واتا نەهێلیت لیکویفیکەیشن بکات.

٢. درەنگ پشکنین کردن واتا زۆر بەسەر لیکویفیکەیشنەکەدا بڕوات.

٣. درەنگ هێنانی سامپل لە لایەن نەخۆش.

٤. پاک نەبوونی تیوب یان کەپی وەرگرتنی سامپڵ.

٥. ئیکسپایەر بوون یان خرابی مەحلولی ژماردن.

٦. دانانی یان گواستنەوەی لە پلەی گەرمی بەرز یان نزمتر لە room tempreture.

لە ئێستادا چەندین ڕێگـەی تـر و بژمێری تـر هـەن بۆ ئەنجامدانی ئـەم پشـکنینە کـە هەندێکیـان کۆمپیتەریـن یاخـود هەنـدێ جـار بەمشـێوەیە پێویسـت ب بۆیـە کردنـی سـپێرم هەیـە بـۆ شـێوەی سـپێرمەکان.

وە لە کاتی بوونی هەڵە یان کێشە لەکەسەکەدا ئەوا ٣بۆ٤ جار ۆبۆی دووبارە ئەکرێەوە لە نێوان ٣بۆ ٦ مانگدا بۆ زۆر زیلاتر دڵنیا بوون چونکە جاری وایە ئەنجامی باش نی یەچونکە کەسکە پێشتر بە ماوەیەک توشی ئیلتهابات یان هەڵامەت یان زەربە و بەرکەوتن یان نەخۆشیەکی تر بوبێتچونکە گوونەکڵان هەموو ٧٢ ڕۆژ جارێک سپێرمی نوێ و شلە و پێکهاتەی نوێ بەرهەم دێنێت.



Semen culture Test

پشکنینی چاندنی (زەرع)ی سپێرمە،بۆ دەکرێ بۆ دیاری کردنی زیندەوەرە بچوکەکان لە سپێرم وە دیاری کردنی جۆرەکەیان و دیاری کردنی ئەنتی بایۆتیک کە کاری تێ دەکات ٢-٣ رۆژ ئەنجامەکەی دەردەچێت ئەگەر زیندەوەری بچوک ژیان لەسەر ناگارەکان ئەوا دەنوسرێ لە گەل جۆری زیندەوەرە بچوکەکان ئەنتی بایوتیک کاتێک دەنوسرێ کە کاری تێبکات وە ئەوانەشی کە کاری تێ ناکات واتا هەمویان دەنوسرێ.

چ کاتێک ئەم پشکنینە دەکرێ

١- کاتیک سوتانەوە و ئازار هەبێت لەکاتی میز یان مەنی هاتنەوە.
٢- کاتیک سپێرم خوێنی لەگەڵ بوو یان هەست کردن کە وەکو پیشان نیە.
٣- بۆ مندال بە دەست هینان دەکرێ.
٤- ئەگەر خرۆکە سپیەکان خوێن هەبوو لە گەلیدا.
٥- دەردانی نائاسای لە چوک.
٦- لەکاتی وەرگرتنی چارەسەر ئلتهاباتی پرۆستات.
٧- دیاری کردنی ئلتهاباتی پرۆستاتی جەرثومی.
٨- بۆ دیاری کردنی نەخۆشی کە دەگوازرێتەوە لە ریگەی جووتبون.
٩- نەزۆکی نەبونی مندال بۆ زانینی هۆکارەکەی.

occult blood Test

ئەم پشکنینە دەکرێت بۆ زانینی شێرپەنجەی قۆلۆن کە خوێن لە پیسای دا هەیە ناتواندرێ ببیندرێ ئەنجامی ئەرێنی دەلالەت لە بونی خوێن دەکات لە پیسای بەلام بە تەواوی ناتواندرێ بلێ کە شێرپەنجەی هەیە چونکە لەوانەیە نەخۆشی تریشی هەبێ نمونە

مایە سیری یان ئلتهاباتی قۆلۆن کە دکتۆر دەتوانرێ کەشفی بکات لە رێگەی نازوری

قۆلۆن وە پشکنینێکی تری لەگەڵ دەکرێ ئەویش cbc

تێبینی: بە گشتی بۆ زانینی نەخۆشی قورعە ی معیدە و ئلتهاباتی ریخۆلە و شێرپنەجەیی خوین دەکری



SCOTCH Test

ئەم پشکنینە بە زۆری لە منداڵ هەیە کە دەبێتە هۆی خوران نەخەوتن دەکری کە بەیانی لە خەو هەڵسا یەکسەر دانانی شریتیکی شفاف وە بۆ دوو سێ سانیە دەست دانان لە سەری پاشان شریتەکە لادەبەیت دوای لە سەر سلایدی دادەنێ لە تاقیگە، لە کۆئەندامی هەرس دەگوازرێتەوە بە هۆی دەستدان یان خواردنی پیس توش بوو بە هێلکەی ئەو کرمە،کرمەکە نێرەی پێگەشتوی ٥ملم و مێ یەی ١سم.

نیشانەکانی:

١-خورانی ناوچەی کۆم بە تایبەتی کاتی خەوتن

٢-ماندوە کەسەکە

٣- سور بوونەوەی ناوچەی کۆمە و برینداربوون

٤-دروستبونی ئلتهاب

٥-ئازاری سک

VAGINAL SMEAR TEST

ئەم پشکنینە بۆ ئلتهاباتی زێ دەکرێت،کە لەوانەیە ببێتە هۆی بەکتریا. یان ڤایرۆسات وە دەگوازرێتەوە لە نێوان دووکەس کەپەیوەندی هەیە لە نێوانیان وە دەبێتە هۆی وشک بونی زێ
بە هۆی کەمی هۆرمۆنی الاسترۆجین.

نیشانەکان:

لەوانەیە لە کەسێک بۆ کەسێک جیاواز بێت پشت دەبەستی بە ئاستی تووش بونەکە هەندێک ئافرەت نیشانەکانیان نیە

١- دەردانی شلەکە بۆنی هەیە

٢- خوران و ئەستوربونی زێ

٣- سوتانەوە لە کاتی میز کردن

٤- ئازار وبێزاربوونی کاتی جووتبون

چ دەگوترێ بە نەخۆشی پێش وەرگرتن

داوا دەکریت لە نەخۆش کەوا ٢٤ سەعات پێش وەرگتن نابێ بشوری وە هەندێک دکتۆر داوای نەکردنی جووتبون دەکەن پێش ٢٤ سەعات.

ئەنجامەکەی

کاتێک تەماشای نمونەکە دەکەی لە ژێر مایکرۆسکۆب دەگەرێ بە دوای بەکتریایەکە. کە دەبێتە هۆی دروست بونی بەکتریا لە زێ یان طفیلی تریتشوموناس کە دەبێتە نەخۆشی مشعرات یان لە دوای خمرە ئەگەر لە جۆرێك زیاتریش دەرکەوت لە پشکنینەکە ئاسایە.

دەرکەوتنی نائاسای دەلالەت لە بوونی کێشە دەکات

١-نەخۆشی مشعراتی زێ

٢-خمره ئلتاهابی دەرەچەی زێ
٣-کلامیدیای زێ
٤-ئلتهابی ڤایرۆسی

ئەگەر یەکێک لەم نیشانانەی تێدا بوو لە زۆربەی کات دا ئەگەر بە دەرمان چارەسەر نەکرا ئەوا پێویستی بە زەرع دەبێت vaginal culture بۆ دەستنیشان کردنی بەکتریاو جۆری دەرمان بۆ لەناوبردنی بە کتریاکەو نەمانی ئلتهابات. هەندێ جار ئلتهابی زێ دەبێت بەڵام ئەو زیان بەخشانە نەبێت کە بەهۆی بەکارهێنانی بەخاخ یان شامپۆی شوشتنی ئافرەتان یان بەهۆی بەکارهێنانی سابون و معطر دروست دەبێت ئەو کات دکتۆر تەنها دەڵێت لە بەکارهینانی ئەمانە بە دووربە لەکاتی وەرگرتنی چارەسەر لەوانەیە دکتۆرەکەت داوای نەکردنی جووتبونی لێ بکات ئەگەر دووگیانی هەبێ یان شکت هەبی کە دووگیانی هەیە بە دکتۆرەکەت بڵێ لە بارەی ئەوەی دووگیانی یان نا پاش چارەسەر پێویستە پشکنینەکە دووبارە بکەیەوە بۆئەوەی بزانی کە خاوێن بویتەوە، ئەگەر دوای ٤٠ سالی یان لە سوری مانگانە چویتەوە هەستت بە بونی کەمی الاسترجین کرد یان وشک بونی زێ پێویستە بە دکتۆرەکە بڵێی.

PAP SMEAR Test

ئەو پشکنینە کردنی زۆر ئاسانە چەند چرکەیەک دەخایەنی لە عنقی رحم وەردەگیری(لە نیوان سەرتای رەحم دەرەچەی زێ دایە) باشترین رێگایە بۆ زانینی شێرپەنجەی عنق رحم وە بۆ خۆپاراستن.

بۆچی دەکرێ:- بۆ زانینی حاڵەتی زوی شێرپەنجە بە وەرگرتنی مسحە لە عنق رحم لە ناو زێ کە سەری رحمە، هەندێک جار خانەکانی عنق رحم لە خانەی ئاسای دەبێتە خانەی نەخۆشی لەوانەیە ئەوە رووبدات بێ ئەوەی بزانێ یان هەستی پێ بکرێ.

لەوانەیە ئەو خانە نائاسایانە لەناو ببردرێت لە لایەن دکتۆر پێش ئەوەی ببێتە خانەی شێرپەنجەی ٩٠٪ یان لە ناو ببرێت خانە سەرەتایەکانیان ئەگەر سەرەتای بێت بزانرێ لە ئاستی یەکەمەکانی و چارەسەر بکرێت.

کێ پێویستی بە پشکنینە عنقی رحم هەیە ؟

ئەگەر هەتا یەکجاریش بێ جووتبونت ئەنجام دابێت لە ژیانتدا پێویستە دووساڵ جارێک ئەم پشکنینە بکرێ،

چ دەبێت ئەگەر ئەنجامەکە نائاسای بێت

وەڵام: ئەوە ناگەینی کە توش بوە بە شێرپەنجە لەوانەیە بەس تەنیا پێویستت بە چارەسەری بە دەرمان بێت لەلایەن دکتۆر.

ئەی کاتی سوری مانگانە نەماوە هەر پێویستە ئەم پشکنینە بکرێ؟

وەڵام: بەڵێ،چونکە مەترسی توشبون بە شێرپەنجە لەگەڵ چونە ناو تەمەنەوە زیاتر دەبێت، بۆیە پێویستە ئەم فەحسە هەمو ساڵێک بکرێت هەتا پاش لە سوری مانگانە چونەوەش بە یەکجاریش.

لەم کۆتایانە رەحمت دەرهێناوە ئایا هەر پێویستت پێ دەبێ ئەم پشکنینە بکرێ؟

وەڵام: هەر پێویستت پێ ی دەبێت، پێویستە لەگەڵ دکتۆری خۆت قسە بکەیت لەم بارەیەوە

ئەگەر هەستت بە هەندێک خوێن بەربوون کرد لە عنقی رحم؟

وەلام: ئەگەر خوێن بەربوون یان هەر دەردراوێکی نائاسای هەبوو لە زێ پێویستە بە زوترین کات سەردانی دکتۆر بکەیت،.

قرحە عنق رەحم:-

زیاترین نەخۆشیە کە توشی خانمان دەبێت لە هەموو دونیا ئەلتهاباتی ئەو خانانەی کە لە شوێنی عنق رحم هەیە کە رەنگی سوری خوێن بەربونی راستەقینە دەبێت نەک رەنگی سوری ئاسایی و خوێنی لێ دێت دەبێتە هۆی نارەحەتی لە ئافرەتدا .

هۆکارەکانی ئەم نەخۆشیە

١- زەواج کردنی زوو وە مندالْ بوونی زۆری لەسەر یەک دەبێتە هۆی قرحە بە رێژەیەکی زۆر.

٢- چونە ژورەوەی موادی کیمیای بۆ ناوەوەی عنق رحم کە بەرهەم بیت لە دەرمان یان شتی تر.

٣- ئلتهابات لە بەشی تناسلی لە ئافرەت.

٤- بەکارهێنانی حەبی مەنع یان لەولەب بە بەکارهێنانی بۆ ماوەیەکی زۆر.

٥- خاوێن رانەگرتنی بە تایبەت لە مهبل.

٦- بوونی هەندێ نەخۆشی کە دەگوازرێتەوە بەهۆی جووتبون.

FANGI CULTURE Test

ئەم پشکنینە دەکرێت بۆ دیاری کردنی فطریات زیندەوەرۆچکەی بچوکن کە دروست دەبێت لە ناوچەی تاریک و شێدار لە هەندێ شوێنی لەش بە ناو پێلاو جل و بەرگ و هەندێک لە فطریاتەکان زەرەریان نیە، بەڵام هەندێکیان دەبنە هۆی نەخۆشی لەوانەیە هەندێک جار ئەوپشکنینە دەکرێ پێی دەوترێ (نارێکی فطریات)وە لەوانەیە لە باری جیا جیا بەکاربێت وەک:

١- خوێن

٢- دەموچاو

٣- سەروی خانە وەک برین و یان شوینی تناسلی

٤- نینوک

نیشانەکان

١- خوران ٢- سوربونەوەی پێست ٣- گۆرانی رەنگی نینۆک بۆ زەرد ٤-دروستبونی گەردی سپی لەسەر زمان ٥- دروست بونی خەمیرە مهبلی کە دەبێتە هۆی دەردان رژێن لە مهبل ٦- خوران .

تێبینی: زۆریەی توشبونە فطریاتەکان لە پێست و دەم وکۆئەندامی زاوزێ دروست دەبێت وە هەندێک جار ترسناک دەبێت دەچێتە ناوەوەی لەش ناوەوەی سیەکان و خوێن

LEISHMAN BODY Test

نەخۆشی یەکە بەهۆی طفیلی لشمانیا توش دەبێت بەهۆی بەرکەوتن توش دەبێت دەست پێ دەکات بە دیارکەوتنی نیشانەکانی لەسەر پێست وشک بوونی برینی پێست دوای لەسەر لووت و دەم دیاردەکەوێت پاشان دەبێتە هۆی تاو کەم خوێنی و سک چون وە زیاتر لە ٢٠ جۆر لە لشمانیا توشی مرۆڤ دەبێت دەبینرێ بەهۆی مایکرۆسکۆپ بەعشوائی دەکرێت بە هۆی پشکنینی خوێن، وە دەگوازرێتەوە بەهۆی پێوەدانی مێشوولەی توش بوو بەو طفیلیە کە پێی دەوترێ مێشولەی (رملي)

ئەو طفیلیە لشمانیایە دەچیتە جەرگ و سورێنچک و مۆخی ئێسک ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێت ئەوا نەخۆشەکە دەبێتە هۆی مردنی.

نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە:

١- تا ٢-کەمی کێش ٣- ماندوویون ٤- کەم خوێنی

٥- ئەستوربونی جەرگ

ئەم طفیلیە دووەم طفیلیە لە کوشتنی مرۆڤ بەپلە لە دوای ملاریا دێت

ئەم پشکنینە لە تاقیگە بە دوو شێوە دەکری ١ - لە رێگەی نمونە وەرگرتنی نەخۆش لەو شوێنەی کە بۆتە برین لە ژێر مایکرۆسکۆپ دەخوێنرێتەوە،

٢- لەرێگەی خوێن وەرگرتن .

Malaria smear Test

ئـەم پشـکنینە بـە پشـنینێکی زێڕیـن دادەنـرێ بـۆ دڵنیابونـی لـە مەلاریـا کـە نمونەکـە وەرگیـرا لـە تاقیگـە پێویسـتە یەکسـەر بکـرێ هەڵنەگیـری بـۆ ئـەوەی بـە زووتریـن کات چارەسـەر بکـرێ، کاتێـک قەترەیـەک لـە خوێنەکـە دەخرێتـە سـەر سـلاید دەخوێنرێتـەوە وە رێـژەی لـە سـەدای خرۆکـە سـورەکان دەخوێنرێتـەوە،
ئـەم نەخۆشـیە بـە هـۆی طفەیلـی مەلاریـاوە تـوش دەبـی لـە رێگـەی مێشـولەی هەڵگـر یـان دەسـت دانـی شـتیک کـە هەڵگـری ئـەم طفەیلـی یـە بێـت چـوار جـۆر لەمانـە توشـی مـرۆڤ دەبێـت
پلاسـمودیوم فیفاکـس، بیاسـمودیومی سـپاوی دەبیتـە هـۆی انتـکاس هەندێـک جـار لـە ئافرەتانـی دووگیـان دەگوازرێتـەوە بـۆ منداڵەکـەی بەهـۆی گواسـتنەوەی ئـۆرگان کاتێـک توشـی دەبێـت بەهـۆی پێـوەدان یـان هـەر شـتێک دەگوازرێتـەوە بـۆ نـاو خوێـن و دوای جـەرگ پاشـا مانـەوەی ٧-٣٠ رۆژە پاشـان مەلاریەکـە دەچێتـە نـاو خروکـە سـورەکان.

نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە زیاتر لە ئەنفلۆزا دەچێت

١- تـا ٢- ئارەقەکـردن ٣- ژانـە سـەر ٤- بوونـی ئـازارو نارەحەتـی ٥- هەندێکیـان هەسـتکردن بـە نارەحەتـی لـە گـەدە ٦- رشـانەوە ٧- سـکچوون ٨- کـەم خوێنـی بێهێـزی، نیشـانەکان زیاتـر دەبـن کاتێـک طفەلیەکـە دەگوازرێتـەوە بـۆ جـەرگ و دەچێتـە نـاو خرۆکـە سـورەکان وە دەبێتـە هـۆی تەقینـەوەی خرۆکـە سـورەکان، ملاریـای فالسـیباروم ئـەم جۆرەیـان زیانیکـی زۆری هەیـە بـۆ سـەر ژیانـی نەخـۆش لەوانەیـە کار بکاتـە سـەر دەمـاخ وگورچیلـە و سـی یـەکان دەبێتـە هـۆی نارێکـی مێشـک وتەنگەنەفەسـی گێژبـن وە لەوانەیـە ببێتـە هـۆی لەکارکەوتنـی بەشـەکانی لـەش و مـردن کاتێـک کاردەکاتـە سـەر مێشـک پێـی دەوتـرێ مەلاریـای مێشـک.

Throat culture Test

ئـەم پشـکنینە دەکرێـت بـۆ زانینـی التهاباتـی گـەروو وە بوونـی لەوانەیـە ببێتـە هـۆی ئلتهابـی بەکتریـا و ئلتهاباتـی سینگ و ئلتهابی لەوزەتێـن و سـک چـون، ئامانـج لـە وەرگرتـن بـۆ زانینـی بونـی زیندەوەرۆچکـە لـە گـەروو کـە دەبێتـە هـۆی بەکتریـای اتریبتـۆ کۆکـس وبیۆجینـس لـە گـەروو، بـە ئاسـانی دەگوازرێتـەوە بەهـۆی پشـمین و خـواردن وخواردنـەوەی هەلگـر وە دەگوازرێتـەوە بـۆ چـاو و لـووت و دەم ئەگـەر دکتـۆر هەسـتی کـرد بەکتریـا هەیـە لـە گـەروو داوای زەرع دەکات.

نیشانەکان :

١- سوربونەوە قـورگ ٢- دروسـتوبنی پەلـەی سـور لـە سـەروی دەم ٣- ئەسـتور بـون ٤- تـا ٥- سـوربونەوەی لەوزەتیـن ٦- ئـازاری لـەش ٧- نـان نەخـواردن .

ئـەم نیشـانانە ناتوانـی بلّێیـن تـوش بـوە بـە بەکتریـا یـان ڤایـرۆس لەبـەر ئـەوە پشـکنینی چاندنـی (زەرع)پێوسـتە بـۆ زانینـی.

یەکەم جار کە دکتۆر گومـان لێ دەکات پشـکنینی خێرای لە بۆ دەکات تاکو بزانـی هەیە یـان نـا کـە شـریتێک بەکاردێنـی ئەگـەر هەبێ ئـەوا دژەتەنەکان سـەر شـریتەکە کاردانەوەیـان دەبێـت لـە مـاوەی ١٥-٣٠ خولـەک ئەگـەر نەیبـوو مانـای ئـەوەی نیـە نەرێنیـە لەوانەیـە دکتـۆر هـەر داوای زەرع بـکات.

Bilharziasis Test

ناوی مشەخۆرە(طفیلیە)کە مرۆڤ توشی نەخۆشی دەکات کاتێک دەچێتە ناو ئاو یان حەوزی مەلەوانی بەهۆی گەرمی لەش وا دەکات مشەخۆرەکە لە کەسەکە نزیک ببێتەوە وە پێستی کەسەکە دەبڕێت وە دەچێتە ناو دەمارەکان تا دەگاتە جەرگ و گەدە و ڕێڕەوی میز، وە منداڵ زیاتر توش دەبن بەهۆی ئاوی پیسەوە،کاتێک هێلکە لە ناو دیواری ڕیخۆڵە دادەنرێ بەهۆی وەڵام دانەوەی بەرگری خودی (مناعی)کە دەبێتە هۆی نارێکی قوڵۆن و خوێن کەم بون لە جەرگیش هێلکە دادەنێت دەبێتە هۆی بەرز بونەوەی پەستانی خوێن کە تێدا مشەخۆرەکە دەتوانێ ٤٨ سەعات لە ناو ئاو بمێنێتەوە کە بە بێ ئەوەی لەسەر هیچ سەرچاوەیەک بژی.

نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە

نیشانەکانی دەگۆڕێ بە پێی ئاستەکانی ژیان

١-لەکاتی برینی پێست بەشێوەیەکی گشتی هەستیاری (حساسیەی) نیە تەنها هەندێکیان شکایەت لە خورانی پێست دەکەن

٢-بە شێوەیەکی گشتی هەست بە هیچ ناکرێ تەنها هەندێک جار دەبێتە هۆی پلەی گەرمی و خوران لە پێست دا.

٣-لە کاتی دانانی هێلکە لە جەرگ دا دەبێتە هۆی لە ناو چونی جەرگ بە بێ ئەوەی نەخۆش هەست بە هیچ شتێك بکات تا ئاستەکانی کۆتای کە دەست پێ دەکات بە

١- بەرز بونی پلەی گەرمی ٢- نەزیف بونی گەدە ٣- گەورەبونی سک ٤- لەکاتی نیشتنی کالیسیوم لەو ماوەیەدا خوێن لەگەڵ میزدا دەبێت

٥- لە یەکێک لە گورچیلە گیران رودەدات کە دەبێتە هۆی لەکارکەوتنی گورچیلە ٦- هەندێک جار دەبێتە هۆی شێرپەنجەی میزەرۆ(مسانە).

Gonorrhea Test

نەخۆشی سوزەنک دەگوازرێتەوە لە رێگەی نەخۆشی گواستراوەی دووگیانی بەهۆی بەکتریای نێسریا توشی ئەو شوێنانە دەبێت کە شێدارن لە لەش وەک
١- بۆری میز ٢- چاو ٣- گەروو ٤- کۆئەندامی زاوزی ٥- دەزگای فالوب
ئەم بەکتریایە دەگوازرێتەوە لە نەخۆشێکەوە بۆ نەخۆشێکی تر لە رێگەی دەم یان دەرەچەی زاوزێ لەو کەسانەی چەندین سەرچاوەی جووت بوونیان هەیە هیچ هیوایەک وەرناگرن باشترین رێگە بۆ خۆ پاراستن دورکەوتنەوە لە جووت بون.

نیشانەکانی لە پیاواندا:-

١- بوونی رارای و بێزارکەری لە کاتی میز کردندا ٢- دەردانی شلەی نامۆ لە شێوەی ئلتهاب لەچوک
٣- سووربون و ئەستور بونی لە دەرەچەی چوک ٤- ئازار و ئەستوربون لە گونەکان
٥- بوونی ئلتهاب بەردەوام لە گەروو

نیشانەکانی لە ئافرەتدا

زۆرینەی ئافرەتەکان نیشانەکانیان دیار نیە یان بەشێوەی نەخۆشیەکی ئاسای دەردەکەوێ بۆیە زۆرگرانە دیاری کردنی بە دیار دەکەوێ وە هەوێنی زێ
١ -دەردانی نامۆ لە زێ (ئاوی، چەوری، یان هەندێک سەوز)٢- ئازارو سوتانەوە لەکاتی میزکردندا
٣- زۆرمیز کردن بەشێوەیەکی بەردەوام و دووبارە ٤- ئلتهابی گەروو
٥- ئازار لە کاتی جووتبون ٦- بونی ئازاریکی زۆر زیاد لە خواروی سک
٧- تا هاتن

ئەم پشکنینە چۆن دەکرێ:-

١- وەرگرتنی لینجەکە لە چۆک یان زێ یان لە گەروو وە دانانی لەسەر سلاید کە گەر دکتۆری تاقیگە هەست بکات ئلتهابی مفاصل یان خوێن هەیە ئەوا داوا دەکات لە خوێن وەربگیری یان بە وەرگرتنی شلەی مفاصل لە ڕێگەی دەرزی وە پاشان ڕەنگی دەکەن وە تەماشا دەکرێ لە ژێر مایکرۆسکۆپ ئەگەر خانەکان لەگەڵ ڕەنگەکە تێکەڵ بوون سیلان ئەو ڕێگەیە خێراو ئاسانە

٢-وەرگرتنی بەهەمان شێوە بەڵام هەلگرتنی لەسەر ئاگاری تایبەت بە تاقیگە دوای ناو ئینکوبێتەر بۆ ماوەی ٢٤ سەعات دەمینەێتەوە تا ئەو بەکتریای سوزەنکە گەشە دەکات پاشان تا ٢ ڕۆژی تر دەمینیتەوە واتا چاندن (زەرع) بۆ دەکرێ.

ئەم بەکتریایە لە ئافرەتدا توشی زێ دەبێت لەوێش توشی ڕەحم و دەزگای فالوب و هێلکەدانەکان دەبێت وە دەبێتە هۆی نەخۆشی ئلتهابی حەوز دەبێتە هۆی ئازارێکی زۆر زۆر و بێزارکەر وە دەبێتە هۆی گوێزەرەوە لەکاتی جووتبوندا وە لەوانەیە ببێتە هۆی گیرانی دەزاگی فالوب کە دەبێتە هۆی ڕێگری لە دووگیانی یان دەبێتە هۆی دروست بونی دووگیانی لە دەرەوەی ڕەحم .

-لە پیاواندا دەبێتە هۆی ئازارێکی زۆر وە هەروەها دەبێتە هۆی کەم هاوێشتن و منداڵ نەبوون

-کاتێک لە خوێن بڵاو دەبێتەوە هەر یەکە لە پیاو ئافرەتدا توشی ئلتهابی مفاصل دەبن یان تێکچونی دەماری دڵ یان ئلتهابی پەردە تەنکی مێشک یان حبل شوکی ئەو حاڵەتانە شازن بەڵام ترسناکن

چارەسەری ئەم نەخۆشیە

عادەتەن بە یەک جار چاک نابێت دەرزی Ceftriaxone وە حەبی (azithromycin)وەردەگرێ بەلکو دەبێ بۆ چەند ڕۆژێک بەردەوام دەبێت تا نەخۆشەکە هەست بە ئارامی دەکات،

لەکاتی سەردانی کردنی پزیشک

١- نیشانەکانت بڵێ ٢- کۆتا کاتی جووتبوون بڵێ ٣- ئەگەر نەخۆشەکە ئەم بەکتریایەی هەبوو پێویستە هاوبەشەکەی ئاگادار بکاتەوە لەکاتی سەردانی کردنی پزیشک.



Urin free cortisol Test

ئـەم پشـكنینە دەكـرێ بـۆ پێوانـە كردنـی رێـژەی كۆرتیسـۆل لـە میـزدا، كۆرتیسۆڵ ئـەو هۆرمۆنەیـە كـە غـودەی كظری دەری دەدات كـە دەكەوێتـە سـەر سـەروی گورچیلـە (كلیـە)

فەرمانەكانی كۆرتیسۆل چیە:-

١- دەست دەگرێت بەسەر رێژەی شەكرە

٢- پەستانی خوین رێک دەخات

٣- دژی نەخۆش شەر دەكات

٤- دەوری هەیە لە رێكخستنی مەزاج

٥- دەوری هەیـە لـە كاری خۆراكی و كاربۆهیدراتی، چەوری پرۆتیناتەكان، ئاسـتی كۆرتیـزۆل بەرزدەبێتـەوە بەشـێوەیەكی ئاسـای وە كـەم دەبێتـەوە بـە درێـژای رۆژ عادەتـەن بـەرزە لـە كاتـی شـەو رێـژەی كەمـە.

بە چەند رێگایەک ئەم پشكنینە دەكرێ

یەكـەم رێـگای میـز رێـژەی كۆرتیـزۆل دیـاری دەكـرێ لـە بـۆ مـاوەی ٢٤ سـەعات بەهەڵگرتنـی میـز بـۆ مـاوەی ٢٤ سـەعات.

دووەم رێگا لـە خوێـن دەكـرێ بـەڵام زۆر دڵنیـا نابێـت لـە ئەنجامەكـە چونكـە لەوانەیـە ئـەو كەسـە لـە كاتـی كردنـی پشـكنینە لـە مەزاجێكـی بـاش نەبوبێت یان لە كاتی دیاری كراو پشكنینە نەكردبێت دكتۆر داوا دەكات كـە نیشـانەكانی نارێكـی كۆرتیـزۆل هەسـت پـێ بـكات

نیشانەكانی بەرز بونەوەی ئاستی كۆرتیزۆل

١- نەخۆشی متلازمە كوشنج

٢- زیاد میز كردن

٣- نیشتنی خانەی چەوری
٤- دروست بونی رەنگی وەردی یان ئەرجوانی لەسەر پێست
٥- قەڵەو بون
٦- لاواز بونی ماسولکەکان
٧- بۆ ئافرەتان دەبێتە هۆی نارێکی لە پرچ و دەموچاو سینگ و وە لە منداڵدا درەنگ کەوتنی گەشەو میشک.

ئەنجامی ئاسای ئەم پشکنینە ١٠-١٠٠ ملگرام بۆ ٢٤ سەعات

ئەنجامی نائاسای ئەم پشکنینە هەموو جارێک بەرزی بە هۆی نەخۆشی متلازمەی کوشەنج نیە بەڵکو بەهۆی زیاد دەردانی لە لایەن کظریەوە بەهۆی بوونی وەرەم گرێ لەسەر غودەی کظری.
خواردنی هەندێک دەرمان کە کاردەکاتە سەر کۆرتیزۆل وەک کحول کافایین وە هەروەها بەهۆی پەستی تورەی زیاد دەکات.
کەمی ئاستی کۆرتیزۆل عادەتەن نیشانەکانی دیار نابی تەنها کاتی شلەژانی تورەی بەلام زیادەکات لەگەڵ بەرەو پێشچونی نیشانەکانی دیاردەکەون.
١- کەمبونی کیش
٢- سەرسوران
٣- لە هۆش خۆچوون
٤- ئازاری سک
٥- سکچون
کاتێک ئاستی کۆرتیزۆل زۆرنزم دەبێت کە ئەمەش هەرەشەیە لەسەر ژیانی نەخۆشەکە دەبێتە.

هۆی ناتەواوی لە غودەی کظری نیشانەکانی

١- رەشبونی پێست ٢- رشانەوە ٣- سکچون ٤- بێتاقەتیەکی زۆر ٥- لە هۆش خۆچون ٦- تاو لەرز ٧- نەخواردن ٨- ئازاری خواردنی پێست ٩- ئازاری سک و قاچ ئەگەر ئەم نیشانانەی پێوە دیار بوو دکتۆر یەکسەر چارەسەری بۆ دەنوسرێ.



Dexa stimulation Test

ئەم پشکنینە بەکاردێ بۆ جیاکردنەوەی نەخۆشی کوشینج یان نەخۆشی تر بەهۆی بەرزی ئاستی کۆرتیزۆل، دەرمان بە شێوەیەکی کەم (١-٢مغ)بەشێوەیەکی زۆر (٨)ملغ دەدرێت بۆ زانینی ئاستی کۆرتیزۆل. پێش کردنی ئەم پسکنینە دەرزی دیکسامیثارون لێدەدرێ بۆ زانینی ئەنجامی ئاسای نزم بوونی ئاستی کۆرتیزۆل ئەگەر نزم بوو ئەوا نەخۆشی کوشەنجی نیە، وەڵام دانەوەی بە دەرزی دیکسامیثارون عادەتەن بەکاردێ بۆ شیکردنەوەی نەخۆشی متلازمە کوشنج.

لەکاتی کردنی ئەم پشکنینە بە دوو رێگا دەکرێ

١- لە شەو رۆژێکدا سەعات ١١ شەو دەرزی دیکسامیثارون لێ دەدرێ بەیانی سەعات ٨ خوێنەکەی لێ وەردەگیرێ.

٢- کۆکردنەوەی میز بۆ ماوەی ٣ رۆژ کۆکردنەوەی میزەکە لە ماوەی ٢٤ سەعات وەردەگیری بەجیا دادەنرێ، پاشان بۆ دیاری کردنی ئاستی کۆرتیزۆل دوای وەرگتنی ٠.٥مغ دەرزیەکە وەردەگری لە هەر ٦ سەعات جارێک ئەم دەرزیە وەردەگیری دوای لە تاقیگە پشکنینی بۆ دەکری.

رێژەی ئاسای لە رێگای یەکەم ٥ مگرامە

لە رێگای دووەم لە رۆژی سێیەم ١٥ مگرامبێت

ئەگەر ئەنجامەکە ئاستی کۆرتیزۆل ئاسای بوو ئەوە چی دەگەیەنێ

ئەگەر وەڵامی دەرزیەکە نەداوە واتە کوشەنجە لەوانەیە بەهۆی بونی گرێ کظری کە کورتیزۆل دەردەدات بونی وەرەم لە غودەی نخامی یان بونی وەرەم لە لەش دا

شێوەکانی لە تاقیگەدا

متلازمە کوشەنج دەرباز بوو بە وەرەمی کظری
دەرزی کەم = نەگۆر
دەرزی بەرز = نەگۆر
متلازمە کوشەنج پەیوەندی بە وەرەم هەبێ
١- نەگۆر
٢- نەگۆر
متلازمە کوشەنج وەرەمی غودەی نخامی
دەرزی کەم = نەگۆر
دەرزی بەرز= ئاسای
کاریگەری لاوەکی ئەم دەرزیە بۆ سەر نەخۆشەکە
١- نەزیف بونی زۆر
٢- لەهۆشچون یان سەرسوران



Urine metanephrine Test
واتا بۆ پلازمایە (Metanephrine)

ئـەم پشـکنینە بـەکاردێ بـۆ زانینـی وەرەمێکـی دیـار کـە پـێ ی دەڵێـن phechromocytomas وە هەروەهـا ئـەم پشـکنینە دەکـرێ بـۆ دوور بـون لـە وەرەمـی قاتـم یـان هـەر گرێـەکی نـادر لـە غـودەی کظری دوای لابردنـی گرێش ئـەم پشـکنینە دەکرێ، لـە میـز دەکـرێ چونکـە هۆرمۆنـات دەگـۆرێ لـە خوێـن و زۆر نامێنێتـەوە، بـۆ مـاوەی ٢٤ سـەعات میزەکـە دەبـێ ئامادەبکـرێ پاشـان دەبرێتـە تاقیگـە بـۆ ئـەوەی نیشـی لەسـەر بکرێـت، ئـەو گرێیانـە هۆرمۆنـی زیـاد دەردەن پیـان دەوتـرێ کاتیکـۆ لامینـات
کاتیکـو لامینـات دەردەدرێ لـە غـودەی کظری وە ئاسـتی دەگـۆرێ بـە پێـی پەسـتانی لـەش و عاطفـەی وە لەوانەیـە بگـۆرێ بەهـۆی:

١- پلەی گەرمی دەرەوە
٢- خوێن بەربون یان خوێن کەمی
٣- وەرزشکردن
٤- کەمی شەکر لە خوین
٥- لە هەستان و دانیشتن وە بە پێچەوانەوەش

وەرەم قاتـم: ئـەو گرێیـە لـە نـاو غـودەی کظری دروسـت دەبێـت وە گـەورە دەبـێ پێویسـتە لاببـرێ چونکـە گـەر لانەبرێ لەگـەڵ غـودەی کظری کاردەکەنـە سـەر پەسـتانی خوێـن وە ترسـی شـیرپەنجە و
گواستنەوەی بۆ بەشەکانیتریش لێ دەکرێ.

نیشانەکانی وەرەم قاتم

١- بەرزبونی پەستانی خوێن
٢- لێدانی دڵ بە خێرای
٣- ئارەقەکردنێکی زۆر
٤- کەم بونی کێش
٥- ژانەسەرێکی بەرز ماوە بۆ ماوە

٦- پێست وشکی
٧- بونی قەلەقیەکی زۆر بێ هۆ
نیشانەکانی بەرەو پێشچونی گرێیەکە
١- ئازارێکی زۆرو شین بونی ژێر پێست
٢- کەمبونی کێشی زۆر بێ هۆ
٣- ئازاری سینگ و سک و پێست و ئێسک
٤- گەورەبونی سک
٥- ئەستوربونی لاق
٦- رەشبونی ژێر چاو
٧- تا

چ خواردن و خواردنەوەیەک کاردەکاتە سەری

١- قاوە ٢- چا ٣- شکولاتە ڤانیلا ٤- دەرمانی هەستەوەر(حساسیە)
٥- خواردنی وەک جوز و ئافۆگادۆ مۆزو پەنیر

بەرزی ئەم پشکنینە دەلالەت لە بونی وەرەم قاتم دەکات بەلاّم پێویستی بە پشکنینە ترە بۆ تەکید کردنەوەی لە بونی وەرەم.

بونی زیاد دەردانی کاتیکولامینات وەک تەقینەوەیەکی ئلتهابی دەبێت کە تیدا کاریان رێکخستنی
١- لێدانی دڵ ٢- پەستانی خوێن ٣- شەکرە.

Gynco disease

نەخۆشی ئافرەتان

TORCH PANEL Test

ئەم پشکنینە دەکرێ بۆ زانینی چەند نەخۆشیەک کە دەبێتە هۆی دروستبوونی نارێکی لەمندالی تازە بوودا، کاتێک مندالْ دەبێت بە نارێکی کە دەرباز بوە واتا نەمردوە بەلام با ناتەواوی لە دایک بوە

لە توشبونی ئەو نەخۆشیە کە ئافرەتە دووگیانەکە توشی هەندێ نەخۆشی بوە لەماوەی دووگیانیدا، وە کۆمەڵێ پشکنین دەکرێ بۆ ئەوەی بزانرێ دژە تەن هەیە لە لایەن کۆئەندامی بەرگری کە وەڵام دانەوەیە دژی ئەم نەخۆشیە.

چ کاتیک گونجاوە ئەم پشکنینە بکرێ

١- قەبارەی بچوکە لەچاو تەمەنی دووگیانبونەکە

٢- کەڕ بون

٣- درەنگی گەشە

٤- بونی عەیب لە دڵ

٥- گەورەبونی دڵ

٦- کەمبونی پەرەکانی خوێن

هەندێک جار ئەم پشکنینە بۆ ئافرەت دەکرێ پیش دووگیانی یان لە کاتی زووی دووگیانیدا ئەگەر ئەم پشکنینە ئەرێنی بێت ئەوا ئەگەرێکی زۆری هەیە کە تووشی ئەم ڤایرۆسە بویێ.

تێبینی- ئەم پشکنینە دەکرێ بۆ ئەو ئلتهاباتە کە زەرەر بە منداڵی ناو سکی دایکی (جنین) دەگەیەنێ لە ماوەی دووگیانیدا.

ئەم پشکنینە پێنج جۆر دەگرێتەوە.

(TOXO PLASMA(IGG-IGM
(RUBELLA (IGG-IGM
(CMV(IGG-IGM
HSV
Including syphilis

Toxo plasma: عادەتەن لە پیسای پشیلە دەگوازریتەوە کە لە دایک دەگوازرێتەوە بۆ منداڵ کە منداڵ توشی نارێک لە دایک بون دەبیت ئەگەر چارەسەر نەکرا دەبێتە هۆی (کوێری و کەڕی و جەڵتە و ناتەوازنی لە میشک).

Including syphilis: ئەم نەخۆشیە دەگوازرێتەوە بەهۆی پەیوەندی جووتبون کە لە دایک لەوانەیە بگوازرێتەوە بۆ منداڵ کە دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ بە مردوی لە دایک ببێت یان لەوانەیە ببێتە هۆی زوو لە دایک بوون وە نارێکی لە دروست بونی یان کەمی کێش یان کەڕی.

Rubella: ئەم نەخۆشیە پێی دەڵێن سورێژەی ئەلمانی نەخۆشیەکی ڤایرۆسیە کە بە ئاسانی لە کەسێکەوە بۆ کە سێکی تر دەگوازرێتەوە بەهۆی پژمینی کەسی توش بوو یان سک چون لە ئافرەتی دووگیاندا ئەگەر توش بێت بەو ڤایرۆسە لەوانەیە بگوازریتەوە بۆ منداڵ کە دەبێتە هۆی حاڵەتێکی ترسناک کە دەبێتە هۆی لەبارچونی بونی منداڵ زووتر لەکاتی دیاری کراودا، بونیمندال بە مردوی یان نارێکی لە گەشە.

Cmv: باوترین نارێکی دروستبونی منداڵە لە منداڵی تازا لە دایک بوو کە دەبێتە هۆی کەڕی و نارێکی گەشەو کەم ئەقلی،

Hsv: دەگوازرێتەوە لە ڕێگەی جووتبون ئەگەر کەسەکەی بەرانبەر توش بوو وە لە کاتی دووگیانی کە دەبێتە هۆی کەمی کێش وە لەبارچون وە زوو منداڵ بوون پێش کاتی دیاری کراو، وە کاردەکاتە سەر پێست و چاو و دەم وە نارێکی لە دەماغ، دەبێتە هۆی کێشەی ترسناک بۆ ناسەقامگیری بۆیە

پیویسته له ئاسته‌کانی زووی نه‌خۆشه‌که بزانرێ بۆیه پێویسته به زووی ئه‌و پێنج پشکنینه‌ی سه‌ره‌وه‌ی بۆ بکرێت.



Androgrn panal Test

ئەندرۆجین بە هۆرمۆنی پیاوی زیاتر دەناسرێ بەڵام دەورێکی گرنگی هەیە لە ئافرەتانیشدا، لە پیاودا پشتگیری دەکات لە دروستبونی سپێرم وە پەرە پێدانی توانای چووتبون لە پیاودا.
لە ئافرەتدا ئەندرۆجینات دەردەدرێ لە هێلکە و غودەی کظری کە ئەندرۆجینات بەشێکی زۆری دەگۆرێ کە ئافرەت دەری دەدات بۆ هۆرمۆنی الاسترۆجین، الاسترۆجین هانی توانای چووتبون دەدات وە هەروەها کاردەکات لە سمەکی بطانەی رەحم وە رێکخستنی سووری مانگانە، ئەو الاندروجیناتەی ناگۆرێت بۆ الاسترۆجین دەورێکی گرنگیان دەبێ لەبەتوانا بونی چووتبون وهێواش کردنەوە.
لە ئافرەتدا بەرزی ئەندرۆجین دیارترین نیشانەیە کە دەلالەت لەبونی لەکارکەوتنی هێلکە دەکات، ئەگەر کێشە هەبوو لە دووگیان بوون ئەواپشکنینی ئەندرۆجین دەکرێت بۆ ئەوەی بزانری هۆکاری ئەمەیە کە دووگیان بون دروست نەبێ.
لەو ئافرەتانەی کەوا مووی زیادەیان لێ دێت یان دەنگ گڕیان هەیە وە هەندێک جار کە دکتۆر گومان دەکات کە نەخۆشەکە کیسی هەیە بۆیە دکتۆر ئەم پشکنینی بۆ دەنوسێ.

کەی ئەم پشکنینە بکری باشە:-

دەتوانری لە هەر رۆژێکی سوری مانگانە دا بکرێت، لە پیاوان لە هەموو کاتێك دەکرێ، بەرزی ئەندرۆجین واتا گرێ ی هێلکەی هەیە کە خاوێن نیە واتە گرێیەکی پیسە، بۆیە دکتۆر داوا دەکات کە گرێیەکە لابرێت.

Post Coital Test

ئەم پشکنینە دەکری کاتی درەنگ کەوتنی دووگیان بوون، هۆکاریکە بۆ درەنگ کەوتنی دووگیان بوون لە ئافرەتدا زۆر پشت بەو پشکنینە دەبەستریێ لەلایەن دکتۆرەکانەوە، سەرەرای گرنگی وە دەبێتە هۆی دەرنگ کەوتنی دووگیان بوون لە هەندی ئافرەتدا،

ئەم پشکنینە پیێ ی دەوتری پشکنینی دوای جووتبوون کە رۆژی هێلکەدانان دیاری دەکریێ بە پیێ ی سوڕی مانگانە بە پیێ ی رێنمای دکتۆر وە جووتبوون لەوکاتە دەکریێ، وە پاش شەش سەعات دوای جووتبون نمونە وەردەگیری لە زیێ رەحم بۆ بینینی مەنی تاوەکو بزانریێ کە ئاسایە یان جولەیان ئاسایە ئەمە ئەوە دەگەیەنی کە ئافرەتەکە هیچ کێشەیەکی نیە لەلایەن ئەو شلە لینجەی کە دەردەدرێت لە عەنقەی رەحم وە کێشە لە شلەی مەنیەکە دا هەیە ئەوکات، بەلاّم لە کاتی نەبونی مەنی لە دەوری عنق رەحم یان بینینی مەنی بە مردویەتی یان نەجولاویێت ئەوا واتە کێشەی لە شلەی دەردراوی عنق رەحم هەیە ئەوەی دەری دەدات دژە تەنەکان نایەڵن مەنیەکان رەحم ببرن ئەمەش وادەکات کە تلقیح صناعی لیێ دەدریێت بەلاّم پێش ئەوە چەند جاریێک پشکنینە دووبارە دەکریتەوە،

لیێرە وا بۆمان دەردەکەویێت لە ئافرەت دا هێلکەی پیێگەیشتوو باش هەیە وە پشکنینی پیاوەکە باشە بەلاّم دووگیانی روونادات بەهۆی بوونی دژە تەن کە لە شلەی عنق رەحم هەیە ئەو دژە تەنانە هەلدەستن بە کوشتنی مەنی پیێش ئەوەی بگاتە قناتی فالوب، وە هەندیێ جار ئەو دژە تەنانە لە مەنی پیاوەکە خۆی دا هەیە هەروەها ئەویش وادەکات مەنی بمریێت،

تێبینی: بوونی گرێی خاوێن لە رەحم
لێرەدا دەردەکەوێ کە عنق رەحم دەورێکی گرنگی هەیە لە بونی منداڵ هەروەک چۆن ئێستا پشکنین و دەرمان ئاسان بوە بەڵام دکتۆرەکان گرنگی نادەن بە گرنگی عنق رەحم بۆ منداڵ بوون.
بۆیە پێویستە پیاوەکە Immunobed test بکات ئەو پشکنینە دیاری دەکات ئایا دژە تەن هەیە لە پیاوەکە یان نا دژی مەنی کە پێ ی دەوترێ (ASA-anti sperm antibodies) بوونی ئلتهابات لە عنق رەحم نایەڵێ دووگیان دروست بێت هەرچەندە هێلکە باش پێگەشتوو بێت و مەنیەکانیش هیچ کێشەیان نەبێت
کێشەی رەحم دەکرێ بە دووبەش
١- عیوب خلقیە(عەیبی دروست بوون)
١- رەحم تەسک بێت ٢- سورانی رەحم
٢- ئلتهاباتی عنق رەحم
دەورێکی گەورەی هەیە لە نەبوونی دووگیان بون بە تایبەت ئەو ئلتهاباتەی کە توشی دەبێت بەهۆی توش بوون بە میکرۆبی کلامیدیا کە ئەو ئلتهابە وا دەکات مەنی ئەو ژینگەی تێ ی دایە بیگۆری و وادەکات بێ هێز بێ بمرێ.
شلە کە دەورێی عنقی رەحم دەدات دەورێکی گرنگی هەیە چونکە ئەو رێگا بە تۆ دەدات بچێتە ناو عنقی رەحم وە تێپەربون بۆ ناو فالوب.



IUI Test
Intrauterine insemination

ئەم پشکنینە بۆ پیتاندن دەکرێ،کە تێدا تۆ لە پیاوەکە وەردەگیری پاشان لێدانی دەرزی تایبەت بەو پشکنینە کە مەنی تێدایە لە رەحمی ئافرەتەکە دەدرێ بۆ ئاسانتر کردنی پیتاندنی ئەم تۆیە دەگاتە قەناتی فالوب.

کەی دەکری ئەم پشکنینە:

١- نەزۆکیەکی بێ هۆ ٢- بونی نەخۆشی لەوانەیە لە شلەی عنق رەحم

٣- کەم هاوێشتنی تۆ

کەی نابێ ئەم دەرزیە لێ بدرێ:

١- ئەو خانمانەی کە نەخۆشی قەناتی فالوبیان هەیە

٢- ئەو ئافرەتانەی کە مێژویان هەیە لەگەڵ ئلتهاباتی زۆر

٣- ئەو ئافرەتانەی نەخۆشی بطانەی رەحمیان هەیە

تێبینی- رێژەی سەرکەوتنی ئەم پشکنینەکە ٢٠%

تلقیح صناعی: بریتیە لە ناردنی تۆی پیاو بۆ رەحمی ئافرەت لە رێگەی دەرزی تایبەت بەو پشکنینە کە تۆی پیاوی تێ دایە.

چ کاتێک دەکرێ:-

١- کاتێک پیاو تەمەنی تێپەڕاندوە و ناتوانی نەوە بنێتەوە

٢- کاتێک پیاو زوو تۆی دێتەوە و ناچێتە عنق رەحم

٣- کاتێک تۆی هێواشە لە جولە

٤- کاتێک ئافرەت زۆر حەساس و دەبێتە هۆی رەق بوونی ماسولکەی مهبل لەکاتی جووتبون وە پێی دەوترێ تەشەنوجی مهبل.

٥- کاتێک ئافرەت توشبوە بە بەرگری خودی کە دەبێتە هۆی کوشتنی تۆی پیاو کە لەکاتی دروست بونی و پێگەشتنی هێلکە لە کاتیکی دیارکراو کە دکتۆر دیاری دەکات تۆی وەرگیراو دەبرێتە تاقیگە دەشوریت لەلایەن کادیری تاقیگە و پاشان بە هۆی دەرزیەکە دەبرێتە ناو رەحم.

لەچ کاتێک تۆی پیاو بەکاربێت بۆ تلقیح

١- کاتێک تۆی پیاوەکە هەمووی مردوبون یان ناجولێن یانیش بە دەرمانیش چاک نابن

٢- کەمی ژمارەی تۆی کە کەمترین لە ٨ ملیون لە ملیلتریک نەگەر لە جۆری هێواش بوو

٣- لە کاتی لادانی غودەمیرۆستات لە پیاودا

٤- کاتێک پیاو تایبەت مەندی بۆماوەی هەبوو کە شک دارە بۆ سەلامەتی وەک کەم عەقل و شێتی .

٥- کاتیک تاقیگە ئیشارەت دەکات کە کرۆمۆسۆمی پیاو نەگونجاوە لەگەڵ کرۆمۆسۆمی ئافرەتەکە بەهۆی نزیکی خزمایەتی،

٦- کاتیک ئافرەت مندالی تری ناتەواوی بوو

دوو رێگا هەیە بۆ تلقیح

١- کە پشت دەبەستێ بە پێگەشتنی هێلکە

٢- بەهۆی دەرمانی کلومید هێلکە پێنەگەشتوەکە پێ دەگەیەنرێ

تێبینی- پێویستە لەسەر پیاو ٣٦-٧٢ سەعات جووتبون نەکات پێش تلقیح وە پاشان دەتوانری جووتبون بکرێت تەنها ئەگەر نەزیف بون هەبوو لەکاتی تلقیحەکە پێویستە ٤٨ سەعات چاوەرێ بکەن.

مانای شوشتنی تۆی پیاو چییە؟

یەکێکە لە رێگاکان لە تاقیگە بەکاردی کە تۆی جیا دەکاتەوە لە شلەی تۆ وە بۆ جیاکردنەوەی تۆ جولاو نەجولاو بۆ ئامادەکردنی بۆ تەلقیح صناعی IUI یان IVF.



Anti sperm Ab Test

کۆئەندامی بەرگری دژە تەن دروست دەکات ئەو دژە تەنانەش دژی تۆی پیاو دەوەستن کە تێدا کۆئەندامی بەرگری بەهەڵە لە دژی تۆیەکە لە شلەی تۆ دەوەستن لە ناویان داباو دەیانکوژێ. لەوانەیە ئەم دژە تەنە لە ئافرەت وە لە پیاو دا دروست بێت زۆر گرانە کە وا منداڵیان ببێت، هۆکارەکانی لە پیاواندا.

١- بە هۆی نەخۆشی پرۆستات ٢- وەڵام دانەوەی بەرگری بە هەڵە
٣- بەهۆی نەشتەرگەری گون ٤- نەخۆشی گون ٥- دەوالی گون
٦- لەوانەیە دژە تەن لە ئافرەت دا دروست بێ دژی تۆی پیاو
٧- شێرپەنجە گون ٨- سەدمەی دەرونی.

چارەسەری ئەم دژە تەنە چیە:

١- لە پیاودا دکتۆر دەرمانت دەداتی بۆ کەم بونەوەی وەڵام دانەوەی دژە تەنی بەرگری.

٢- لە ئافرەتدا بە لێدانی تلقیح صناعی.



First trimester Test
Quandriple test

ئەم پشکنینە دەکرێ بۆ زانینی توشبونی کۆرپەڵە بە ناتەواوی لە کرۆمۆسۆمەکانی ئەو ناتەواویەی کە دبینرێتەوە بەم پشکنینەکە لە کرۆمۆسۆمی ١٣-١٨-٢١ کە تێدا پشکنینی خوێن لە سێ مانگی یەکەمی حەمل ئەم پشکنینە دەکرێ کە پشکنینی (سماکە رقبە)ی بۆ دەکرێ، بینراوەتەوە کە ترسناکی دروستبونی ناتەواوی کرۆمۆسۆمی ٢١ زیاد دەکات هەرچەند سمک رەقبەی کۆرپەلە زیاد دەکات .

ئەو پشکنینانەی پێویستە بیکات:

١- جۆری خوێن ٢- CBC ٣- دژە تەن (مناعە) ٤- سۆریکەی ئەلمانی
٥- VDRL ٦- ڤایرۆسی کەمی مناعە ٧- ڤایرۆسی B

پێویستە پشکنینی ژێ مەوجات سەروی دەنگ بۆ زانینی بونی یان نەبونی نەخۆشی متلازمە داون کە لە ١١-١٤ هەفتە دەکرێ

پشکنینی DNA لە دوای ١٥ هەفتە لە دووگیان بوون دەکرێ بۆ زانینی نەخۆشی کرۆمۆسۆمی و جینی وە هەروەها بۆ هەندێک نارێکی لە دروست بونی بەهۆی بۆماوەیی.

ئەم پشکنینە بۆ چی دەکرێ:

- بۆ زانینی نەخۆشی خوێنی منجلی
- بۆ زانینی هەرنارێکی و ناتەواویەک لە کۆرپەلە
- وە هەروەها دەکرێ بۆ زانینی بونی نارێکی لە دڵ وە لایەنی دی نارێکی بەشی تری کۆرپەلە

پشکنینی هەرسێ پرۆتین دەکرێ وەک:

١- پرۆتینی کۆرپەلە(alpha-AFP)

٢- غودەی تناسلی(HCG)

٣- استریولی سەربەست (free estriol)

وە هەروەها پشکنینی ژێ سەروی دەنگی بۆ دەکرێ

کە بەینی جلەو رەقبە و فقرات غضبەی دیاری دەکات

زیادبونی پرۆتینی ئەلفا توشبوون بە شێواندنی زیاد دەکات لە کۆئەندامی هەستەوەر کە دەبێتە هۆی کرانەوەی دیواری سک نەخۆشی گورچیلە کە پەیوەندی پرۆتینی هەیە لە میزدا، توشی نەخۆشی پێستی دەبێت منداڵەکە ئەمەش دەبێتە هۆی ترسناکی دووگیانی کە دەبێتە هۆی زوو لە دایکبونی کۆرپەلە وە کەمی ئەم پرۆتینە دەبێتە هۆی نەخۆشی کظری لە کۆرپەلە.

Quandriple test

ئەم پشکنینە دەکرێ بۆ زانینی منداڵ کە توشی بوە بە مەنگۆلی یان توش نەبوە خوێنەکە وەردەگیری لە دایکی دووگیان یان بەمتلازمە داون لە کرۆمۆسۆمی ٢١ کە پیویستە سێ پشکنینی پرۆتینی بۆ بکرێ هەمان نیشانەکانی First trimester test هەیە.



(a) Amniocentesis

Triple Test

ئـەم پشـکنینە دەکـرێ لـە سـێ مانگـی یەکەمـی دووگیانـی بـۆ زانینـی ئایـە کۆرپەلـە توشـی مەنگۆلـی بـوە یـان تـوش نەبـوە بۆیـە پێویسـتە ئـەم سـێ پشـکنینی بـۆ بکەیـن (AFP-HCG-Estriol).

١- الفامیتوپروتین:- مادەیەکی پرۆتینی یە کۆرپەلە دەری دەدات

٢- حاثە مشمیە:- هۆرمۆنێکی مشمیە دەری دەدات

٣- الاستریول:- هۆرمۆنێکە کە مەشمیە و کۆرپەلە دەری دەدات

چـۆن دەکـرێ پشـکنینی سـێ مانگـی یەکەمـی خوێـن لـە دایـک وەردەگیـری.

کەی پێویستە ئەم پشکنینە بکرێ

لە ماوەی ١٥-٢٠ هەفتە پێویستە بکرێ وە باوترینیان لە ماوەی ١٦-١٨یە.

بۆ کێ پێویستە ئەم پشکنینە بکرێ

بـۆ هەمـوو ئافرەتێکـی دووگیـان بـەلام زۆر تەکیـد لـە ئافرەتانـە دەکرێنـەوە کـە نەخۆشـی بۆماوەیـان هەیـە

١- بونی پێشوی خێزانی لە چینەکان

٢- بۆ هەموو ئافرەتیک کە تەمەنیان سەروی ٣٥ساڵە

٣- خواردنـی دەرمـان لـە لایـەن دایکـی دووگیانـەوە کـە زیـان بـە کۆرپەلـە دەگەیەنـێ

٤- بونی نەخۆشی شەکرەو خواردنی ئەنسولین لە کاتی دووگیانی

٥- بونی گومانی ڤایرۆسی لە دایکی دووگیان

٦- زۆر بەرکەوتنی کەسی دووگیان بە تیشک

پ- چ نەخۆشیەک دەبینرێتەوە بەهۆی پشکنینی سێینەی دووگیان؟

وەڵام: پشکنینەکە بەراورد دەکری بە تەمەنی دایک کێشی و وە تەمەنی دووگیانیەکەی وە ئەو پشکنینە دەکرێ بۆ ئەوەی بزانی کۆرپەلە تا چەند زەرەری بەرکەوتوە وەک

١- نارێکی کۆئەندامی مێشک لە کۆرپەلە بە تایبەتی شۆک مشقوق (انشقاق صلب) وەک کەمی سحائیە قطنیە وە نەبونی جومجومەی دواوە ئەو کێشانە دەزانرێ بە بەرزبونی الفا فیتۆپرۆتین لە خوێنی دایک پێویستە بە هیچ جۆریک هەڵە لە تەمەنی دووگیان بونەکە نەکرێ رونکردنەوەیەکی هەڵەت دەداتێ

٢- بەڵام لە کاتی نزمی الفا فیتۆپرۆتین لەگەڵ ناتاسای الاستریول و HCG کە دەلالەت لە بونی کۆرپەلەیەکی ناتەواو دەکات وەک مەنگولی

٣- بونی دووکۆرپەلە لە یەک سك دا

٤- بونی هەڵەیەک لە حساباتی دووگیانی



Tumor marker
نیشانەدەری نەخۆشی شێرپەنجە

ACE Test
Angiotensin converting enzyme

ئەنزیمێکە یارمەتی رێکخستنی پەستانی خوێن دەدات وە ئیش دەکات لە زۆر بەشی لەش وەک هەستەوەرەکانی مێشک و جەرگ و دڵ و سی یەکان دیارترینیان نیشانەی دروست بونی گرێی بچوک (وەرەم)
ئەو ئەنزیمە بەشێوەیەکی سەرەکی لە سی یەکان بەرهەم دێت کاریشی رێکخستنی پەستانی خوێنە بەهۆی گۆڕانی (انجیوتنسین یەکەم) بۆ (انجیوتنسین) کە هەڵدەستێ بە فراوان کردنی دەمارەکان
بۆ رۆشتنی Al dosterone لە غودەی کظری دایە

کەی ئەم پشکنینە دەکرێ :-
کاتێک گرێ ی بچوک دروست دەبێ لە ژێر پێست
نیشانەکانی نزمی ئەم پشکنینە کە نەخۆشەکە توشی یەکێک لەو نەخۆشیانە بووە:-
١- کورتیکو ستیروئیدات
٢- ئەو دەرمانانەی کە دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی پەستانی خوێن
٣- لەکارکەوتنی دڵ کە دەبێتە هۆی چالاک کردنی الانزیمی وەک انالابریل یان کابتوبریل کە دەبێتە هۆی کەم بوونی ئاستی ئەنزیمەکە
٤- برسیەتی بۆ ماوەیەکی زۆر
٥- نەخۆشی سیل
٦- گرێی سیەکان

نیشانە کانی بەرزی ئەم پشکنینە کە نەخۆشەکە توشی یەکێک لەو نەخۆشیانە بووە:-

١- نەخۆشیەکانی سییل ٢- لەناوچونی سییەکان ٣- نەخۆشی التاهاباتیکی زۆر کە دەبێتە هۆی دروست بونی گرێ ی بچوک ٤- نەخۆشی جەرگ ٥- گیرانی سییەکان نەخۆشی غوشیە ٦- شێرپەنجەی خوێن ٧- شێرپەنجەی غودەی لیمفاوی ٨- زیادی کالیسوم ٩- نەخۆشی کظری .

تێبینی- ١- ئەو پشکنینە ناکرێ بۆ ئەو نەخۆشانەی کە لە ژێر تەمەنی ٢٠ ساڵی دان چونکە ئەنزیمەکە بەرزە .

٢- لە سەدا(٥)ی خەلکی ئاسای رێژەی ئەم نەخۆشیەیان زۆرە ئەو دەرمانانەی کە رێژەی کەم دەکات بۆیە پێویستە نەخۆش هیچ دەرمانیک نەخوا لە کاتی کردنی ئەم پشکنینە لە تاقیگە:-

١- کادیموم ٢- کابتوبریل ٣- استروجین ٤- ارجنین ٥- متروئیدات

تێبینی- لەوانەیە رێژەی ئاسای دەرچێ ئەوانەی نەخۆشی گرێی بچوکیان هەیە کاتێک چارەسەری کۆرتیزۆل وەردە گرن.



CEA Test
Carcinoembryonic antigen test

ئەم پشکنینە دەکرێ بۆ چاودێری کردنی چارەسەری شێرپەنجە وە بۆ چاودێری کردنی چەند و چۆن وەڵام دانەوەی شێرپەنجە وە گەراندنەوەی سەر لەنوێ وە بۆ زانینی قەبارەو چەندیەکی، وە دەکرێ بۆ زانینی دیاری کردنی شێرپەنجە.

چ کاتێک ئەم پشکنینە دەکرێ ؟

کاتێک کە دەزانرێ کە شێرپەنجەی قۆلۆن یان پەنکریاس یان سینگیان یان سیەکان یان هێلکەدان یان لە غودەی دەرەقی یان هەر شێرپەنجەیەکی تر پێش ئەوەی دەست بە چارەسەر وەرگرتن بکات وە لە کاتی وەرگرتنی چارەسەر و دوای تەواو بونی چارەسەرئەم پشکنینە دەکرێ .

بە چەند رێگایەک دەتوانین نمونە وەرگرین بۆ کردنی ئەم پشکنینە:

١- لە خوێن ٢- لە شلەی لەش وەک شلەی پرۆتینی لە ناوچەی سک یان شلەی بلوری لە سینگ

بەڵام هەندێ جار بەرز دەبێ وە ئەوەناگەینێ کە شێرپەنجە بێت، لەوانەیە بەرز بێت بەهۆی

١- جگەرەکێشان ٢- دووگیانی بەڵام گرنگی بەکارهێنانی بۆ دووبارە هاتنەوەی گرێ وە گرنگە بۆ چاودێری کردنی نەخۆشی دوای نەشتەرگەری ٣- نەخۆشی ئلتهاباتی قۆلۆن وەک ئلتهاباتی قۆلۆنی تقرحی، ٤- لەکاتی بونی قرحە معدە ٥- ئلتهاباتی پەنکریاس.

CEA- مادەیەکە لە سەروی خانەکان هەیە یەکێکە لە پرۆتیناتەکانی

سـوکەری کـە لـە لایـەن کۆئەندامـی هـەرس دروسـت دەکـریّ لەکاتـی گەورەبونـی کۆرپەلـە کـە بـە ئاسـتێکی زۆر کـەم دروسـت دەبـیّ لـە خوێـن لـە پاشـان نامینـی.

تێبینـی: لـە پـاش لابردنـی گـریّ ی شـێرپەنجە و وەرگرتنـی چارەسـەر لـە مـاوەی ١-٤ مانـگ دەگەرێتـەوە بـاری ئاسـای خـۆی.

نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە

١- بونـی ئـازار لـە سـک ٢- بونـی خوێـن لـە پیسـای ٣- ئـازارو غازاتـی دووبـارە بونـەوەی لـە سـەر یـەک

٤- هەسـت کـردن بـەوەی کـە ریخۆڵـە تـەواو بەتـاڵ نـی یـە ٥- کـەم بونـی کێـش بـە بـیّ هـۆکار

٦- بەردەوام هەست کردن بە ماندوبون.



VMA Test
Vanillylmandelic acid

ئەم پشکنینە دەکرێ بۆ دیاری کردن و دووربون لە گرێی خانە سەرەتایەکان وەرەمی گرێی غودەی صم عصبیة وە بۆ زانینی کاریگەری ئەو چارەسەرەی کە وەری دەگرێ.

چ کاتێك ئەم پشکنینە دەکرێت

کاتێک هەستت بە گەورە بونی سکی منداڵەکەت کرد یان دەوری چاو یان نەتوانینی رۆشتنی یان ئازار لە ئێسک.

پشکنینەکە چۆن وەردەگیرێ

-کۆکردنەوەی میز بۆ ماوەی ٢٤ سەعات دەکرێ بۆ زانینی رێژەی الابینیفرین والنورادینالین بەکاردی بۆ زانینی گرێی عصبیە و هیتر.

بۆچی داوای میزی ٢٤ سەعات دەکرێت؟

وەڵام: چونکە ترشی VMA دەگۆرێ لە ماوەی رۆژێکدا بۆیە داوای میز دەکرێت بۆ ئەوەی بزانرێ کە لەم ماوەیەدا چەند ئەم ترشە دەردەدات.

تێبینی: ترشی فانیلیک ماندیلیک لە میز دەردەدرێ لەگەڵ کاتیکولامینات وەک ترشی هومو فانیلیک، میتا نیفرین، لورمیتا نیفرین، بەرزی ئەو پشکنینە لە میز دەلالەت لە بونی وەرەم یان گرێ دەکات.



CA125 Test
cancer antigen 125

ئەو پرۆتینەیە لە خوێن دا دروست دەکرێ لەلایەن خانەی شێرپەنجەی هێلکە، دەکەوێتە سەروی خانەی وە هەندێک لە بونی خانەی ئاسایی بونی ئەم پشکنینە کە دەکرێ بۆ زانینی ئاستی شێرپەنجە لە خوێن کە دەلالەت لە بونی شێرپەنجەی هێلکە دەکات بەڵام حاڵەتی تریش هەیە دەبێتە هۆی زیادبوونی ئەنجامی پشکنینەکە.
وەک لەکاتی بونی سك و سوری مانگانە و هەندێ شێرپەنجەی تر جگە لە شێرپەنجەی هێلکە ئەم پشکنینە گرێی خاوێن و پیس لە یەک جیادەکاتەوە.

ئەو نیشانانەی کەوا دەردەکەون لە ئافرەتێکی توشبوو

١- بینینی خوێن لە ئەندامی زاوزێ
٢- نارێکی لە سوری مانگانە
٣- ئەستوربونی رەحمی ئافرەت لەناکاو
٤- بونی ئازار لە ناوچەی پشت

جۆرەکانی گرێ

١-گرێ ی خاوێن: ئەو خانانەی خاوێن و شێرپەنجەی نین لە لەش بڵاو نابنەوە دەتوانی بە ئاسانی لاببرێت بە لابردنی هێلکەدان یان ئەو بەشەی کە گرێیەکەی لەسەرە.
٢-گرێی پیس: ئەم جۆرەیان گرێ ی پیسە کە بڵاو دەبێتەوە لە لەش کە خانەی شێرپەنجەیەکان دروست دەبن لە لایەن ئەو گرێیە شێرەپەنجەیە کە دروست بووە.

سێ جۆر گرێی هێلکەمان هەیە

١- گرێی خانەی جرثومی: دەست پێ دەکات لە هێلکەدان

٢-سنورمال تومرروس: دەست پێ دەکات لە خانەکانی شانەی ضام وە استروجین و بروجیسترون بەرهەم دێت

٣- Epithelial tumores: ئەو گرێیانە دەست پێدەکەن لە سەر رووی هێلکەدان.

هۆکاری بەرزبونەوە

١- ئیلتهاباتی بەتانەی رەحم

٢- بە شەمع بونی جەرگ

٣- بڵاوبونەوەی گرێ لە هەریەک لە سینگ و ناوەوەی رحم –جەرگ- لیمفگریەکان - هێلکەدان - پەنکریاس

٤- دەردانی هێلکە

٥- ئیلتهاباتی زۆری پەنکریاس

٦- نەخۆشی ئیلتهاباتی حەوز

٧- سک لە سێ مانگی سەرەتادا



CA15-3Test
Cancer antigen

ئـەم پشـکنینە دەکـریَ بـۆ چارەسـەرکردنی شـێرپەنجەی سـینگ وە بـۆ چاودێـری کردنـی هاتنـەوە و نەهاتنـەوەی شـێرپەنجە،

چ کاتێک ئەم پشکنینە دەکریَ:-

کاتێـک دەرمانی شێرپەنجەی سینگ وەردەگریَ یان نەخۆشـەکە دەرمانی تـەواو دەبێت بەشـێوەیەکی سـەرەکی بـەکار نایـەت بـۆ دەستنیشـانکردنی شـێرپەنجەی سـینگ بـە تـەواوی بـەڵام دەورێکـی گرنگـە بـۆ زانینـی وەڵام دانـەوەی لەشـی نەخۆش بۆ دەرمانـی شـێرپەنجەکە وە هەروەهـا بـەرز دەبێت لـە کاتی بونـی کیـس هێلکـەی خاوێن وە لـە کاتـی لـە ناوچونـی جـەرگ.

ئەم پشکنینە بەرز دەبیَ لە هەندی حاڵەتی ناشێرپەنجەی:

١- لەناوچونی جەرگ ٢- نەخۆشی سیل ٣- نەخۆشی سینگ

٤- نەخۆشـی ئلتهاباتـی حـەوز ٥- نەخۆشـی بطانـەی رەحـم ٦- شـیردان و دووگیانـی ،

بەرز دەبێت لە کاتی بونی گریَ ی پیس یان شێرپەنجە:

١-شـێرپەنجەی سـیەکان(خانەی بچـوک) ٢-شـێرپەنجەی سـیەکان کـە خانـەکان بچـوک نیـن ٣-شـێرپەنجەی جەرگ٤-شـێرپەنجەی قۆلـۆن ٥-شـێرپەنجەی هێلکـەدان ٦-شـێرپەنجەی بطانـەی رحـم ٧-شـێرپەنجەی پەنکریـاس

شێرپەنجەی سینگ چیە:-

پاش هەرزەکاری سینگی ئافرەت پێک دێت لە شانە و غودەی بچوک کە شیر بەرهەم دەهێنێت لە کاتی بوونی شێرپەنجە خانەکان زیاد دەکەن بە شێوەیەک کە لەش ناتوانێت رێگری لە زیادبونەکە بکات.

نیشانەکانی شێرپەنجەی سینگ:-

١- بونی ئازار لە سینگ کە ناگۆرێ لەکاتی سوڕی مانگانەدا
٢- سور هەڵگەرانی و گۆرانی بۆ رەنگی پرتەقالی
٣- گۆرانی بۆ شێوەی گۆ
٤- دەردانی شلەی ناقو لە گۆ لەوانەیە خوێنی لەگەڵ بێت
٥- گۆرانی شێوەی قەبارەی سینگ
٦- هەڵومران یان شەق بونی پێستی سینگ یان گۆ

-عادەتەن شێرپەنجەی سینگ لە بطانەی ناوەوە دروست دەبێت لە دەزگای شیر وە لە وێوە بڵاودەبێتەوە بۆ بەشەکانی تری لەش،هیچ هۆکارێکی سەرەکی نیە وەکو ئێستا کە ببێتە هۆی دروست بونی شێرپەنجە بەڵام هەندێک هۆکار کاردەکاتە سەری وەک

١- تەمەن ٢- بۆماوەی٣- ئەو ئافرەتانەی کە وا پێشتر شێرپەنجەی سینگیان گرتوە ئەگەری هەیە دووبارە توش ببنەوە

٤- توشبون بە هۆرمۆنی الستروجین بۆ ماوەیەکی زۆر توشبونی بە شیرپەنجەی سینگ زیاد دەکات

٥- زیاد بونی قەڵەوی زیاد بونی کێش دوای لە سوری مانگانە چونەوە لە ئافرەتدا بەهۆی بەرزبونی هۆرمۆنی الاستروجین

٦- چارەسەری هۆرمۆنات زیاد لە پێویست یان خواردنی مەی یان دەرمانی دژە دووگیان بوون.

CA19-9 Test
Cancer antigen

ئەو پرۆتینەیە لە سەرویخانەی شێرپەنجە ی هەیە دەتوانرێ لە خوێن ببینرێت کاتێک خانەی شێرپەنجەی هەبێت لە رێگەی تاقیگە.
عادەتەن ئەم پشکنینە وەک نیشانەیەک بەکاردێ بۆ دیاری کردنی خانەی شێرپەنجەی پەنکریاس بەلاّم ناتوانرێ بەتەنیا وەک یەک لاکەرەوەیەکی شێرپەنجەی دابنرێ بەکاردێ بۆ زانینی بونی شێرپەنجی پەنکریاس یان چەند جۆریکی تری شێرپەنجە، بەلاّم هەندێ جار بەرز دەبێت بەبێ بونی شێرپەنجەی وەک بونی ئلتهاباتی پەنکریاس یان گیرانی قنات صفراء.

بۆ چی دەکرێ ئەم پشکنینە:

١- بۆ زانینی وەلاّم دانەوەی چارەسەری دەرمان لەچەند جۆرێکی شێرپەنجە.
٢- بۆ زانینی شێرپەنجەی پەنکریاس ئەگەر هەبێ بۆ زانینی ئایا هەر بەردەوامە لە گەشە یان هاتنەوەی شێرپەنجە دوای چارەسەر وەرگرتن.

ئەم پشکنینە بەرز دەبێت لە هەندێ حالّەتی نا شێرپەنجەی:

١- نەخۆشی جەرگ یان ئلتهاباتی جەرگ ٢- ئلتهاباتی زراو یان گیرانی زراو
٣- ئلتهاباتی پەنکریاس ٤- بوونی کیس ٥- نەخۆشی نارێکی لە کاری سیەکان یان گورچیلە یان کۆئەندامی هەرس،

بەرز دەبێت لە حاڵەت بونی شێرپەنجە:
١- هەندێک جۆری شێرپەنجەی پەنکریاس ٢- قۆلۆن و راگیر(مستقیم)
٣- گەدە ٤- جەرگ ٥- سیەکان
٦- سینگ ٧- رەحم ٨- هێلکەدان .
بەرێژەیەکی زۆر بەرز دەبینری لە کەسانەی کە شیرپەنجە پەنکریاسیان هەیە.
ئەگەر دوای چارەسەر هەر بەرز بوو واتە شێرپەنجەکە بە شیوەیەکی باش وەڵامی دەرمانەکان ناداتەوە یان هەربەردەوامە لە گەشە دەگەریتەوە.

کەی ئەم پشکنینە دەکرێ :
کاتێک کە دکتۆر دەستنیشانی کردوە بە شێرپەنجەی پەنکریاس یان نیشانەکانی لێ بەدی دەکرێ کە شێرپەنجەی پەنکریاسی هەیە.
نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە :
١- ئازاری سک وپشت ٢- رشانەوە ٣- ئارەزو نەکردنی خواردن ٤- کەم بونی کێش بە بێ هۆکار
٥- ئارەقە کردن لە هەندێ حاڵەتدا ناتوانرێ رێگری لەسەر گلوکزە بکرێ لە خوێن.
ئەو شێرپەنجە دروست دەبێت لە شانەکان کە ئەنزیم دەردەدەن بۆ هەرس کردنی خۆراک لە دەزگای کە ئەنزیمەکان هەڵدەگرێ لە ریخۆڵە نزیکەی ٩٥٪ی شێرپەنجەی پەنکریاس ئەم جۆرەیە.
- لە سەرەتا بەرزە پاشان کەم دەبێتەوە بە وەرگرتنی دەرمان و لادانی شێرپەنجەکە بە سەرکەوتوی بە نەشتەرگەری بەڵام ئەگەر هەر بەرز بوو ئەوا واتا دەرمانەکەی کە دراوەتە پێ ی کارناکات لەسەر شێرپەنجەکە یان دووبارە دەبێتەوە شێرپەنجەکە.

Factor Disease
نەخۆشی کارتێکەری خوێن مەیین

Factor Test

ئەم پشکنینە دەکرێ بۆ ئەوەی بزانرێ ئاستی یەکێک یان زیاتر لەو فاکتەرانە کەمە یان زیادە لە کاری میینی خوێندا، فاکتەری مەیینی خوێن پرۆتینن کە هەیە لە خوێنکە بەگرنگ دادەنرێ لەکاری مەیینی خوێن، پێویستە هەر یەک لە فاکتەرەکان بە برێکی دیاری کراو هەبن بۆ ئەوەی پرۆسەی مەین بە باشی روویدات بەڵام ئاستیان بەشێوەی جیاوازە. فاکتەری مەیینی خوێنن کە بریتین لە کۆمەلە فاکتەر ئەوانیش
factor II-factor V Leiden-factor VII-factor VIII-factor IX –factor)
(X-factor XI-factor XII

ئەگەر لە یەکێک لەو فاکتەرانە کەم بوون ئەوا ئەمانەی خوارەوە روودەدات

١- خوێن مەیین لە ناو دەمارەکان روودەدات

٢- نەخۆشی جەرگ

٣- هەندێ جۆری شێرپەنجە

٤- ژەهراوی بون بە پێوەدانی مار

٥- کەمی لە VT K

٦- وەرگرتنی چارەسەری وارفەرین

٧- گواستنەوەی برێکی زۆر خوێن بۆ نموونە گواستنەوەی خرۆکە سورەکان

٨- ناریکی لە A,B هیموفیلیا فاکتەری بۆ ماوەی کە بەستراوە بە فاکتەری ٨- ٩

٩ -ئەوانەی کە فاکتەریان کەمە چەند نیشانەکیان لێ بەدەردەکەوی کە یەکێک لەوان کەمبونی PTT-PT

١٠- ئەوانەی کە کەمبونێکی زۆریان هەبێ لە فاکتەرەکان کە تێدا خوێن بەربون هەر لە زووەوە توشیان دەبێت وەک خوێن بەربونی کوران لەکاتی سونەت کردنیان بەهۆی کەمی
(factor VIII-factor IX – factor XIII)

وە ئاستی ئەم پشکنینە بەرز دەبێ بەهۆی ئەمانەی خوارەوە
١- لەکاتی بوونی ئلتهابێکی زۆر
٢- نەخۆشی گران
٣- هەندێک مرۆڤ (factor VIII) بە بەردەوام بەرز دەبێت لێیان کە وادەکات جەڵتەی دەماری روویدات.

چ کاتێک پێویستە ئەم پشکنینە بکرێ:

١- کاتێک کە خوێن بەربونێکی بێ هۆ دروست دەبێبۆ ماوەیەکی درێژ
٢- بوونی نارێکی لە ئەنجامی pt-ptt

Protein S Test

پشکنینی (Protein S) سوودی لێ وەردەگیرێت بۆ دەستنیشانکردنی ڕێژەی (Protein S) لە خوێندا، (Protein S) یەکێکە لە گرنگترین پرۆتینەکان کە بەشێوەیەکی سروشتی لەلایەن جگەرەوە دروست دەکرێت، وەک دژەمەیاندنێکی سرووشتی کاردەکات (Anticoagulant) و نایەڵێت خوێن بەشێوەیەکی ناتەندروست و نارێک لەناو لەشدا بمەیەت و هاوسەنگی کرداری مەیاندنی خوێن ڕادەگرێت، لەکاتی کەمبوونەوەی بڕی (Protein S) لە لەشدا دەبێتە هۆی زیادبوونی مەترسی خوێن مەیین (تۆپەڵبوونی خوێن لەناو مللولە خوێندا) بەتایبەتی لە ئافرەتانی دووگیاندا.

پرۆتین ئێس پلازما پرۆتینێکی گرنگە بە دوو شێوە هەیە لە لەشدا (Bound) (Free)، لەش بۆ بەرهەم هێنانی ئەم پرۆتینە پشت بە (Vitamin K) دەبەستێت، پرۆتین ئێس (Protein S) بە یارمەتی پرۆتین سی (Protein C) کاردەکات و یەکدەگرن پێکەوە ڕێگری دەکەن لەهەر خوێن مەینێکی ناسایی و کۆنترۆڵی چالاکیەکانی هەریەک لە فاکتەر پێنجی چالاککراو (Factors Va) و فاکتەر هەشتی چالاککراو (Factors VIIIa) دەکەن، لە سیستمی خوێن مەیندا و یارمەتیدەر دەبێت لە ڕاگرتنی هاوسەنگی لە خوێن مەیندا، کەمی ڕێژەی پرۆتین ئێس (Proteins S) دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین گرفتی پەیوەست بە مەیاندنەوە (Excessive Clotting Disorder) و هەندێک جار مەیاندنی ناوەکی دروست دەبێت و بەبێ بوونی برین و دەبێتە مەترسی لەسەر ژیان.

پرۆتین ئێس (Protein S) بە دوو شێوە دەردەکەوێت لە خوێندا ()(Free Protein S (Total Protein S)، بەڵام تەنها (Free Protein S) توانای یەکگرتنی هەیە لەگەڵ پرۆتین سی (Protein C) دا.

پێویستە هەردووک (Free Protein S)(Total Protein S) لە بڕ و فەرماندا ئاسایی بن.

دەکرێت بڕی (Total Protein S) ئاسایی بێت بەڵام بڕی (Free Protein S) کەم بێت.

دەکرێت هەردووکیان پێکەوە بڕو چالاکیان کەم بکات.

بەگشتی سێ جۆر ناتاسایی بوون لە پرۆتین ئێس (Proteins S) دا ڕوودەدات:

جۆری یەکەم (Type I): کەمبوونی ڕێژەی پرۆتینەکە.

جۆری دووەم (Type II): ڕێژەی ئاسایی پرۆتینەکە بوونی هەیە بەڵام چالاکی پرۆتینەکە کەم دەکات.

جۆری سێهەم (Type III): ڕێژەی (Total Protein S) ئاساییە بەڵام ڕێژەی (Free Protein S) ناتاسایی دەبێت.

هۆکار و مەترسیەکانی کەمی ئەم پشکنینە:-

هۆکاری کەمی پرۆتین ئێس (Proteins S) دەکرێت بۆماوەیی بێت (لە باوانەوە بۆ نەوەکان بگوازرێتەوە) و بەهۆی بوونی گۆڕانێکی بۆماوەیی (Mutations) لە جینی (gene PROS1) ڕوویدات کەدەکەوێتە سەر کرۆمۆسۆمی سێ (chromosome 3)، دەبێتە هۆی تێکچوونی (فەرمانی و بڕی) پرۆتینەکە.

هەندێک جار کەمی پرۆتین ئێس (Proteins S) هیچ مەترسیەکی تەندروستی دروست ناکات، بەڵام دەکرێت چەندین گرفتی تەندروستی بەدوای خۆیدا بێنێت وەک:

کاتێک بڕی (Proteins S) زۆر کەم بێت ڕاستەوخۆ دوای لەدایک بوون دەکرێت ببێتە هۆی (DIC) (Disseminated Intravascular Coagulation) (Purpura Fulminans) لە منداڵی ساوادا، هەندێک جاریش دەکرێت تا هەرزەکاری هیچ نیشانەیەکی دەرنەکەوێت.

لەوکەسانەی کە بڕی پرۆتینەکە مامناوەندە دەکرێت هیچ گرفتێکی تەندروستی دروست نەکات تا ئەوکاتەی بەهەر هۆکارێک بڕەکەی کەمتردەبێت لە بڕی پێویست، دەبێتە هۆی:

تۆپەڵبوون و مەینی خوێن لە لە نێو مللولەکانی خوێندا (بە تایبەت لە مللولەکانی ژێرپێست دا) (Deep Vein Thrombosis) نیشانەکانی: (ئازار و نەرم بوون و ئاوسانی دەست و قاچ، شینبوونەوەی بێ هۆکاری پێست).

گیرانی بۆری خوێنی سییەکان (Pulmonary Embolism) نەگەیشتنی خوێن بە سییەکان نیشانەکانی: (هەناسەبڕکێ و هەناسە توندی، ئازاری سنگ لەکاتی

هەناسە داندا، دڵ پەلەپەل کردن و لێدانی دڵی ناڕێک، بورانەوە و لە هۆش چوون و کۆکەی خوێناوی .

١- دروست بوونی گرفت لەکاتی سکپڕیدا (بەهۆی تۆپەڵ بوونی خوێنەوە .

٢- خوێن بەربوونی نائاسایی (کە دەبێتە هۆی شینبوونەوە) لە بەشە جیاوازەکانی لەشدا.

٣- مەترسی لەسەر ژیان بەهۆی وارفارینەوە (Warfarin).

٤- گیرانی مللولە باریکەکانی مێشک بەهۆی خوێنی تۆپەڵ بووەوە.

مانایی پشکنینەکە چی دەگەیەنێت:

بەگشتی پشکنینی بۆ ڕێژەی پرۆتینەکە دەکرێت:

١- ڕێژەی ئاسایی پرۆتینەکە نیشانەیە بۆ ڕێک و پێکی سیستمی مەیاندنی خوێن (ئەگەر بەشەکانی تری سیستمەکە گرفتی نەبێت).

٢- کەمی ڕێژەی پرۆتینەکە مانایی بوونی گرفتە لە سیستمی مەیاندن و کۆنترۆڵ کردنیدا (دەبێتە هۆی زیادبوونی مەترسیەکانی مەیاندنی خوێن و گیرانی مللولەکانی خوێن).

- بەرزبونی ڕێژەی پرۆتینەکە بەگشتی گرفتێکی تەندروستی مەترسیدار دروست ناکات.

بابەتی پەیوەندیدار:

پشکنینە پەیوندیدارەکان:

.((Protein C, Antithrombin III, Factor V, Fibrinogen, PT & PTT (INR)

Test Protein C

ئەم پشکنینە سوودی لێ وەردەگیرێت بۆ دەستنیشانکردنی ڕێژەی (Protein C) لە خوێندا، (Protein C) یەکێکە لە گرنگترین پرۆتینەکان کە بەشێوەیەکی سروشتی لەلایەن جگەرەوە دروست دەکرێت، وەک دژەمەیاندنێکی سرووشتی کاردەکات (Anticoagulant) و نایەڵێت خوێن بەشێوەیەکی ناتەندروست و نارێک لەناو لەشدا بمەیەت و هاوسەنگی کرداری مەیاندنی خوێن ڕادەگرێت، لەکاتی کەمبوونەوەی بڕی (Protein C) لە لەشدا دەبێتە هۆی زیادبوونی مەترسی خوێن مەیین (تۆپەڵبوونی خوێن لەناو مللولە خوێندا) بەتایبەتی لە ئافرەتانی دووگیاندا.

(Protein C) پلازما پرۆتینێکی گرنگە کە بەشێوەیەکی سروشتی لە لەشدا لەلایەن جگەرەوە دروست دەکرێت، لەش بۆ بەرهەم هێنانی ئەم پرۆتینە پشت بە (Vitamin K) دەبەستێت، پرۆتین سی (Protein C) بە یارمەتی پرۆتین ئێس (Protein S) کاردەکات و پێکەوە ڕێگری دەکەن لەهەر خوێن مەینێکی نائاسایی و کۆنترۆڵی چالاکیەکانی هەریەک لە فاکتەر پێنجی چالاککراو (Factors Va) و فاکتەر هەشتی چالاککراو (Factors VIIIa) دەکەن، لە سیستمی خوێن مەیندا و یارمەتیدەر دەبێت لە ڕاگرتنی هاوسەنگی لە خوێن مەیندا .

بەشێوەیەکی ئاسایی لەکاتی برینداربوونی مللولەکانی خوێن، پرۆسەیەکی سروشتی لەلەشدا چالاک دەبێت (Hemostasis)بۆ سارێژبوون و وەستاندنی خوێنبەربوون، خەپلەکانی خوێن (Platelets) بە هاوکاری پرۆتینەکانی بەرپرس لە مەیاندن (Coagulation Factors) کە یەک بەدوای یەک چالاک دەبن بۆ سارێژبوونی برینداریەکە. پرۆتین سی (Proteins C) بە هاوکاری پرۆتین

ئێس (Protein S) پاش سارێژبوونی برینەکە کۆنترۆڵی مەیاندنەکە دەکەن بە بەرا گرتنی هەریەک لە فاکتەر پێنج و فاکتەر هەشتی چالاککراو (Factors Va & VIIIa). کەمی رێژەی پرۆتین سی (Proteins C) دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین گرفتی پەیوەست بە مەیاندنەوە (Excessive Clotting Disorder) و هەندێک جار مەیاندنی ناوەکی دروست دەبێت و بەبێ بوونی برین و دەبێتە مەترسی لەسەر ژیان.

بەگشتی دوو جۆر نائاسایی بوون لە (Proteins C) دا ڕوودەدات:

جۆری یەکەم (Type I): کەمبوونی رێژەی پرۆتینەکە.

جۆری دووەم (Type II): رێژەی ئاسایی پرۆتینەکە بوونی هەیە بەڵام چالاکی پرۆتینەکە کەم دەکات و توانایی چوونە نێو سیستمی مەیاندنی نامێنێت. (لە جۆری یەکەم کەمترە).

هۆکار و مەترسیەکانی کەمی پرۆتین سی (Proteins C):

هۆکاری کەمی پرۆتین سی (Proteins C) دەکرێت بۆماوەیی بێت (لە باوانەوە بۆ نەوەکان بگوازرێتەوە) و بەهۆی بوونی گۆڕانێکی بۆماوەیی (Mutations) لە جینی (PROC gene) ڕوویدات کە دەبێتە هۆی تێکچوونی (فەرمانی و بڕی) پرۆتینەکە. یان بەهۆی یەکێک لەم هۆکارانەوە ڕەنگە بڕی پرۆتینەکە کەم بکات.

١- وەرگرتنی دەرمانی تایبەت بە خوێن (ڕوونکردنەوە) (Anticoagulant Therapy) وەک (Warfarin).

٢- بوونی نەخۆشی جگەر و گورچیلە و لەکارکەوتنیان.

٣- کەمی ڤیتامین کەی (Vitamin K).

٤- بڕیین و لێکردنەوەی بەشێک لە ڕیخۆڵەباریکە.

٥- بەکارهێنانی زۆری ئەنتی بایۆتیک (Antibiotics).

٦- خانەی شێرپەنجەیی و بەکارهێنانی هەندێک چارەسەری کیمیایی.
٧- هەوکردن (Sepsis).
٨- ڕوودانی مەیاندنێکی زۆر لە بەشێکی لەشدا (دەکرێت بەهۆی بریندار بوون یان نەشتەرگەریەوە بێت).
٩- بوونی ڤایرۆسی ئایدز (HIV).
١٠- لەکاتی سکپڕیدا.
١١- هەندێک جار بارودۆخەکان کاتین و پاش ئاسایی بوونەوەی بارودۆخی کەسەکە بڕی پرۆتینەکە ئاسایی دەبێتەوە.

مەترسیەکانی کەمی ئەم پشکنینە:-

هەندێک جار کەمی پرۆتین سی (Proteins C) هیچ مەترسیەکی تەندروستی دروست ناکات، بەڵام دەکرێت چەندین گرفتی تەندروستی بەدوای خۆیدا بێنێت وەک:
١- کاتێک بڕی (Proteins C) زۆر کەم بێت ڕاستەوخۆ دوای لەدایک بوون دەکرێت ببێتە هۆی (Disseminated Intravascular) (Purpura Fulminans) (DIC) (Coagulation) لە منداڵی ساوادا، هەندێک جاریش دەکرێت تا هەرزەکاری هیچ نیشانەیەکی دەرنەکەوێت.
٢- لەوکەسانەی کە بڕی پرۆتینەکە مامناوەندە دەکرێت هیچ گرفتێکی تەندروستی دروست نەکات تا ئەوکاتەی بەهەر هۆکارێک بڕەکەی کەمتردەبێت لە بڕی پێویست، دەبێتە هۆی:
٣- تۆپەڵبوون و مەینی خوێن لە لە نێو مللولەکانی خوێندا (بە تایبەت لە مللولەکانی ژێرپێست دا) (Deep Vein Thrombosis) نیشانەکانی: (ئازار و نەرم بوون و ئاوسانی دەست و قاچ، شینبوونەوەی بێ هۆکاری پێست).
٣- گیرانی بۆری خوێنی سییەکان (Pulmonary Embolism) نەگەیشتنی

خوێن بە سییەکان نیشانەکانی: (هەناسەبڕکێ و هەناسە توندی، ئازاری سنگ لەکاتی هەناسە داندا، دڵ پەلەپەل کردن و لێدانی دڵی ناڕێک، بورانەوە و لە هۆش چوون و کۆکەی خوێناوی)

٤- دروست بوونی گرفت لەکاتی سکپڕیدا (بەهۆی تۆپەڵ بوونی خوێنەوە)

٥- خوێن بەربوونی نائاسایی (کە دەبێتە هۆی شینبوونەوە) لە بەشە جیاوازەکانی لەشدا.

٦- مەترسی لەسەر ژیان بەهۆی وارفارینەوە (Warfarin).

٧- گیرانی مللولە باریکەکانی مێشک بەهۆی خوێنی تۆپەڵ بووەوە.

مانایی ئەم پشکنینە چی دەگەیەنێت:

١- ڕێژەی ئاسایی پرۆتینەکە نیشانەیە بۆ ڕێک و پێکی سیستمی مەیاندنی خوێن (ئەگەر بەشەکانی تری سیستمەکە گرفتی نەبێت)

٢- کەمی ڕێژەی پرۆتینەکە مانایی بوونی گرفتە لە سیستمی مەیاندن و کۆنترۆڵ کردنیدا (دەبێتە هۆی زیادبوونی مەترسیەکانی مەیاندنی خوێن و گیرانی مللولەکانی خوێن)

٣- بەرزبونی ڕێژەی پرۆتینەکە بەگشتی گرفتێکی تەندروستی مەترسیدار دروست ناکات.

Fibronogen Test

پرۆتینی فایبرۆنۆجین دەورێکی گرنگی هەیە لەخوێن مەیین لەکاتی بریندار بون یان خوێن بەربون بەرهەم دێت لە جەرگ دا بە فاکتەرێکی کارتێکەری دادەنرێ لە خوێن مەیندا کە پێ ی دەوترێ (factor) لەکاتی خوێن مەین ڤایبرۆنۆجین دەگۆرێ بۆ ڤایبرین بەهۆی (thrombin)،ئەم پشکنینە دەکرێ بۆ زانینی مەیینی خوێن وە هەندێ جار بۆ یارمەتی دانی زانینی توش بونی بە نەخۆشی دڵ و دەمارەکان .

کەی ئەم پشکنینە دەکرێ

١- خوێن بەربونێکی بێ هۆ هەبێ یان بەردەوام

٢- خوێن مەیین هەبێ

٣- ptt-pt ئەنجامێکی نا ئاسای هەبێ

٤- شیبونەوەی خوێنی هەبێ یان چارەسەری وەرگرێ

٥- بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشی بۆ ماوەی (homozygous and heterozygous)

٦- لە حاڵەتی دروست بونی فایبرۆنۆجین

٧- دیاری کردنی مەینی خوێن لە دەمارەکان

٨- بۆ وەڵام دانەوەی چارەسەری خوێن مەین

نایترۆجین:کارتێکەرێکی مینی یەکەم پرۆتینێکی گەرمی دیاری کراو (ثابت)ە لەجەرگ بەرهەم دێت

هۆکارەکانی بەرزبونی ئەم پشکنینە

١- ئلتهابی مفاسل رۆمانتیزم

٢- تای دەریای سپی ناوەند

٣- نەخۆشی دەوری (periodic disease)

٤- ئلتهابی جەرگ

٥- نەخۆشی قورس

٦- خوێن مەین

هۆکارەکانی کەمی ئەم پشکنینە

١- لەبارچونی کۆرپەلە

٢- کەمخوێنی

٣- سوتانی ترسناک

٤- شێرپەنجە

٥- بە مۆم بونی جەرگ

٦- مەینی خوێن لەناو دەمارەکان

٧- کەمی خرۆکە سورەکان

٨- گرێی نقودی (multiple myloma)

٩- شۆک بوون

١٠- بە جرثوم بوونی خوێن للەلایەن جراثیمەکان

١١- پێوەدانی مار

١٢- کاردانەوەی خوێن گواستنەوە

ئەو دەرمانانەی کە وا دەکەن ئەنجامەکە کەم بێت

١- اسبارجیناز ٢- بریدوبریل ٣- ژەهراوی بون بە (Phenobarbital)

٤- الستروتبوکیناز ٥- یورەکیناز

تێبینی- لەوانەیە ئاستی فایبرۆنۆجین زیاتر بێت لەبری پێویست لە کۆتا سێ مانگی دووگیانی، ئەو دەرمانانەی کە نایەڵن ئەنجامەکە راست دەرچێ

Heparin –warfarin

Polymerase chain reaction
پشکنینی (PCR)

سەرەتا کورتە باسێکی ئەم پشکنینە دەکەین کە تێدا بە چ ئامێرێک دەکری گرنگترین کارەکانی وە بۆ چ نەخۆشیەک دەکرێ وە چەند پشکنینیشی پێ دەکرێ سەرەتا ئەم پشکنینە لە بەشی (molecular) کە بەرێگای (Real Time PCR)ئەنجام دەدرێ کە بە وردترین ئامێر دادەنرێ بۆ زانینی دەستنیشانکردنی ڤایرۆس و بەکتریاکان.

گرنگترین کارەکانی PCR:

١- بۆ دیاری کردنی ناسنامەی باوکایەتی

٢- بۆ دیاری کردنی جیناتی

٣-کۆپی بونی جیناتیەکان(جیناتی بۆماوەی)وە دیاری کردن و دەست نیشانکردنی چەندین جۆری شێرپەنجە وە نەخۆشیە درێژ خایەنەکان بە تایبەت لە پشکنینەکانی (HPV,HSV,HIV,HCV,HBV)
بۆ دیاری کردنیان بەڵام پێویستی بە دوو یان چوار هەفتە هەیە تەواوبونی پشکنینەکە.

ئەم پشکنینانە بە شێوەکی گشتی بۆچی بەکاردێت:-

١- بۆ زانینی طفرت(واتا هەر گۆرانکاریەک لە جیناتی روویدات) ئەمەش بە دانانی ئامێرێکی تایبەت بە طفرت بۆ زانینی جیناتی تایبەت بەخۆی بەو رێگایە دەزانین ئایە نەخۆشیەکە لەسەرجووت کرۆمۆسۆمیە یان تاک کرۆمۆسۆمە

٢- بۆ زانینی بسمەی بۆماوەی

٣- بۆ زانینی ڤایرۆسات بە رێگایەکی ورد بۆ دیاریکردنی جۆری ڤایرۆسەکە و چەندیەتی

٣- بۆ زانینی رێژەیDNA

٤- بۆ دیاری کردنی کرۆمۆسۆمی داواکراو لە تێکەڵی جینیەکان

٥- بۆ کاری Microarrays

٦- بۆ زانینی بە پەلە بەستنەوەی ترشی DNA و پرۆتینی DNA

٨- بەکاردی بۆ گۆرانی جیناتەکان بۆ ئەوەی گونجاو بێ لەگەڵ ئەنزیمەکان وە چەندان کاری تر........هتد

لەبەشی PCR تێدا ئەم پشکنینانەی پێدەکری کە بریتین :

Molecular Virology -١

(HBV-HCV-CMV-BK-EBV)

Quantitative and quanlitative Detection by Real time PCR

Molecular Bacteriology -٢

(MTBC Test)

Quantitative and quanlitative Detection by Real time PCR

Molecular hematology -٣

(JAK2-BCR-ABL)

Quantitative and quanlitative Detection by Real time PCR

(FV Leiden-FVR2-FVCambridge-MTHFR677-MTHFR1298-FMF)

by Real time PCR

Immuno Genetic -٤

(HLA B27-HLA B5-HLA B51-HLA B52- HLA DQ2,8)

Antigen detection by Real time PCR

Test BCR-ABL1 Fusion gene

Philadelphia Chromosome

پشکنینی فیلادلفیا کرۆمۆسۆم

ئەم پشکنینە دەکرێ بۆ دەستنیشانکردنی خانەی شێرپەنجەیەکانی خوێن بەتایبەت (Chronic Myelogenous Leukemia (CML)

کرۆمۆسۆمێکی ناسایی و ناتەواو و کورتە، دروست دەبێت لە ئەنجامی گواستنەوەی جین (Reciprocal Translocation) لەنێوان کرۆمۆسۆمی ژمارە ٩ لەگەڵ کرۆمۆسۆمی ژمارە ٢٢، کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و زیادبوونی خانە شێرپەنجەییەکانی خوێن بەتایبەت
(Chronic Myelogenous Leukemia)(CML)

کەواتە (BCR-ABL1) پێکدێت لە ئەنجامی گواستنەوەی بەشی (ABL1) ی کرۆمۆسومی ٩ لەگەڵ بەشی (BCR) کرۆمۆسۆمی ٢٢، لەئەنجامدا هەردوو کرۆمۆسۆمی ناسایی (Philadelphia Chromosome) دروست دەبێت.

لە ئەنجامی کاریگەری جینی (BCR-ABL1) پرۆتینێکی ناسای بەرهەم دێت لە لەشدا، کە بریتیە لە ئەنزیمی (Tyrosine Kinase)، ئەم ئەنزیمە دەبێت هۆی گەشەکردنی کۆنترۆڵ نەکراوی خانە شێرپەنجەییەکانی خوێن، کاتێک ژمارەیەکی زۆر لە خانەی ناسایی شێرپەنجەیی دەست دەکەن بە زیادبوون لە نێو خانە ناساییەکانی خوێن(Precursors) لە مۆخی ئێسکدا نیشانەکانی شێرپەنجە دەست بە دەرکەوتن دەکەن، چارەسەری سەرەکی ئەم خانە شێرپەنجەییانە (Tyrosine Kinase Inhibitor) (TKI)ـە.

دەستنیشانکردنی ئەم نەخۆشیە پشت دەبەستێت بە چەند پشکنینیک ئەمانەن:-

١- پشکنینی (CBP)بۆ دیاریکردنی ژمارە و شێوە و قەبارە و بارودۆخی خرۆکەکانی

خوێن (کە لەم بارەدا زۆرێک لە خرۆکە سپیەکانی خوێن کامڵ نەبوون).
٢- پشکنینی بۆماوەیی بۆ جینی (BCR-ABL1).
٣- پشکنینی مۆخی ئێسک.
٤- زیادبوونی یوریک ئەسید لە خوێندا (Serum Uric Acid).

چەند ڕێگایەکی شیکاری کردنی جینی (BCR-ABL1) هەیە:-

١- پشکنینی (Cytogenetics (Chromosome Analysis or Karyotyping) .
٢- پشکنینی (Fluorescence in Situ Hybridization (FISH) .
٣- پشکنینی (Genetic Molecular Testing (Qualitative or Quantitative)
٤- پشکنینی (Polymerase Chain Reaction (RT-PCR)
٥- پشکنینی (Polymerase Chain Reaction (PCR) دروستترینیانە بۆ دەستنیشانکردی جینی (BCR-ABL1) لە لەشدا و پشتی پێدەبەسترێت بۆ دەستنیشانکردنی (CML) و چاودێریکردنی چارەسەری.

چ کاتێک ئەم پشکنینە ئەنجام دەدرێت:-

لەکاتی دەرکەوتنی نیشانەکانی:

هەردوو ڕەگەز (نێر و مێ) تووش دەبن بەتایبەت لە تەمەنی نێوان ٤٠-٦٠ساڵی دا.
١- ماندوێتی و شەکەتی.
٢- دابەزینی کتوپڕی کێش.
٣- ئارەقکردنەوە بەتایبەت لە شەواندا.
٤- گەورەبوونی سپڵ.
٥- کەم خوێنی.

تێبینی- نزیکەی ٥٠٪ نەخۆشەکان هیچ نیشانەیەکیان نییە (Asymptomatic) تەنها لەکاتی ئەنجامدانی پشکنینی (CBP) ی خوێن دەردەکەوێت.

JAK2 v617f Mutation Test

ئەم پشکنینە یارمەتیمان دەدات بۆ دەستنیشانکردنی نارێکی لە کاری مۆخی ئێسک دا((MPNs)Myeloproliferative Neo-plasms) بۆ جیاکردنەوەی لە هۆکارە لابەلا ناجیناتەکان (کاتی یان درێژخایەن)، کەبۆتەهۆی زیادکردنی خانە جۆر بە جۆرەکانی خوێن (خرۆکەی سوری خوێن و جۆرەکانی خرۆکەی سپی خوێن و خەپلەکانی خوێن

جینی (The Janus Kinase 2) کە بە (JAK2) ناسراوە فەرمان بە دروست کردنی پرۆتینی (JAK2 Protein) دەکات، ئەم پرۆتینەش هانی گەشەکردن و دابەشبوون و تایبەتمەند بوون و کۆنترۆلکردنی بڕی بەرهەم هێنانی خانەکانی خوێن دەدات کە لەلایەن مۆخەوە دروست دەکرێن. هەرگۆڕانێک لەم جینەدا(JAK2) ڕوبدات کاریگەری دەبێت لەسەر کار و چالاکی مۆخی ئێسک.

تێکچوونەکانی جینی (JAK2 Mutations):

بەشێک لە گرفتەکانی مۆخی ئێسک پەیوەندیدارە بە تێکچوونی جینی (JAK2) و بە Myeloproliferative Neoplasms ناسراوە کە لەم بارەدا مۆخ برێکی زۆر خرۆکەی سور و سپی و خەپلەکانی خوێن دروست دەکات کە زیادە لە بڕی پێویست، تەنها بە گۆڕینی یەک جوت نیکلۆتاید (Base Pair) جۆرێک لە (Point Mutation) ڕوودەدات، بە جێگرتنەوەی ئەمینۆ ئەسیدی (Valine) بە (Phenylal-anine)، ئەنجامەکەی گۆڕان لە پرۆتینی (JAK2 Protein) دروست دەبێت کە وادەکات بەردەوام هانی مۆخ بدات بۆ دروستکردنی خانەکانی خوێن.

بەشێک لە (MPNs) باوەکان کە پەیوەندیدارن بە تێکچونی (JAK2):

١- مۆخی ئێسک ڕێژەیەکی زۆر خرۆکەی سور بەرهەم دێنێت (Polycy-themiaVera(PV)), (JAK2 gen Mutation Positive ~95%).

٢- بەرهەم هێنانی ڕێژەیەکی زۆر لە خەپلەکانی خوێن لەلایەن مۆخی ئێسکەوە (Essential Thrombocythemia (ET)),(JAK2 gen Mutation Positive ~50%)

٣- مۆخی ئێسک ڕێژەیەکی زۆر لە خەپلەکانی خوێن و ئەو خانانەی بەرپرسی سارێژ بوونن بەرهەم دێنێت 50% (PMF),(JAK2 gen Mutation Positive).

ئەنجامی پشکنینەکە پێویستە لەلایەن پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی خوێن و مۆخی ئێسک هەڵسەنگاندن و بەراوردکاری وردی بۆ بکرێت لەگەڵ ئەمانەی خوارەوە تاوەکو پێکەوە ئەنجامەکە تەواوبێت:

١- وەرگرتنی مێژووی نەخۆشی یەکە بە وردی (Medical History, Surgical History, Family History, Drug History, ...)

٢- وەرگرتنی نیشانەی نەخۆشی یەکە (Clinical Data).

٣- پشکنینی گشتی خوێن (CBP, Blood Film Examination, ESR, CRP).

٤- سۆنەری سکی نەخۆشەکە.

٥- پشکنینی مۆخی ئێسک (Bone Marrow Aspiration & Biopsy) لەوانەیە پێویست بکات.

٦- خاڵەکانی سەرەوە پێویستە پێکەوە بەراورد و شیکاریی وردی بۆ بکرێت لەگەڵ ئەنجامی پشکنینی (JAK2) لەلایەن پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی خوێن و مۆخی ئێسک بۆ نوسینی ڕاپۆرتەکە.

نیشانەکانی (MPNs):

هەندێک کات دەکرێت کەسەکە هیچ نیشانەیەکی نەبێت، لە سەرەتادا بەڵام بە تێپەڕبوونی کات نیشانەکانی تەشەنە دەسەنن.

١- گەورەبوونی سپڵ (Splenomegaly) یان جگەر (Hepatomegaly).
٢- زوو ماندوبون.
٣- نەمانی ئارەزووی خواردن.
٤- ئازاری جومگەکان.
٥- سەر ئێشە و سەرگێژخواردن.
٦- خوێن بەربوون.
٧- گرفتی بینایی.
٨- لاوازبوونی هەست.
٩- خورانی پێست.
١٠- بەردی گورچیلە.
١١- تۆپەڵبوونی خوێن لە بۆریەکانی خوێندا.
١٢- دابەزینی کتوپڕی کێش.
١٣- تالێهاتن
١٤- چەندین نیشانەی تری نەخۆشیەکە بەگوێرەی جۆری نەخۆشی یەکە.

BK Test

ئەم ڤایرۆسی لەخێزانی (Polyomavirus) و بۆماوەماددەکەی پێکهاتووە لە دوو شریتی دی ئێن ئەی (Double-Stranded DNA)، دابەش دەبێت بەسەر شەش گروپدا، زۆر کەس لە قۆناغی منداڵیدا دەکرێت دووچاری ئەم ڤایرۆسە ببن بەڵام بەدەگمەن دەبێتە هۆی نەخۆشی و نیشانەی قورس، بەشێوەیەکی گشتی چەند نیشانەیەکی هاوشێوەی هەڵامەت بە سووکی لە کەسەکەدا دەردەکەوێت، کاتێک ڤایرۆسی (BK) دەچێتە ناو خوێن دەبێت و بڵاودەبێتەوە بەلەشدا بێئەوەی کاریگەریەکی توندی لەسەر تەندروستی کەسەکە هەبێت، پاش تەواوکردنی چالاکیە سەرەتاییەکانی ڤایرۆسەکە لەنێو خانەکانی ڕێڕەوی میزی کەسەکەدا دەمێنێتەوە بەشێوەیەکی شاراوە (La-tent)، بێ ئەوەی کێشەی تەندروستی دروست بکات کەزۆرکەسدا، بەڵام کاتێک سیستەمی بەرگری لەش بەباشی کار ناکات یان لەکار دەخرێت (بەدەرمان) ڤایرۆسەکە چالاک دەبێتەوە.

ئەوهۆکارانەی مەترسی ڤایرۆسەکە زیاد دەکەن:

١- تەمەن: لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن دا سیستمی بەرگری لەش بەرەو لاوازبوون دەچێت، لە کاتی هەبوونی ڤایرۆسەکەدا ڕەنگە دوای چوونە تەمەنەوە کێشەی تەندروستی دروست بکات.

٢- ئەندام چاندن: ئەوکەسانەی کە نەشتەرگەری چاندنی ئەندامیان بۆئەنجام دەدرێت، دەرمانی پێدەدرێت بۆ لاوازکردنی سیستمی بەرگری لەش. لە کاتی هەبوونی ڤایرۆسەکەدا کێشەی تەندروستی دروست دەکات.

٣- لاوازی سیستمی بەرگری: هەندێک نەخۆشی وەک ئایدز(AIDS)، شەکرە، سیستمی بەرگری لەش لاواز دەکەن، لە کاتی هەبوونی ڤایرۆسەکەدا کێشەی تەندروستی دروست دەکات.

نەشتەرگەری چاندنی ئەندام و ڤایرۆسی (BK):

بوونی ئەم ڤایرۆسە لەلەشدا ترسناک نیە و کەسەکە بێ دەرکەوتنی هیچ نیشانەیەک ژیانی ئاسایی خۆی بەسەر دەبات، بەڵام کاریگەری خراپی هەیە لەسەر ئەو کەسانەی کە نەشتەرگەری چاندنی ئەندامیان بۆ ئەنجام دەدرێت وەک (چاندنی گورچیلە و مۆخی ئێسک ..هتد) دوای چاندنی ئەندامەکە کەسەکە دەرمانی تایبەتی پێدەدرێت بۆ لاواز کردنی سیستمی بەرگری لەش (Immunosuppressive) تا وا لە لەش بکات ئەندامەکە قبوڵ بکات، بەمەش لەش دەکەوێتە بەر مەترسی توشبوون بە نەخۆشیە جۆراو جۆرەکان لەنێویشیاندا ڤایرۆسی (BK)، ڤایرۆسەکە دووبارە چالاک دەبێتەوە بەهۆی کاریگەری دەرمانەکانەوە، وا لە لەش دەکات ئەندامەکە ڕەت بکاتەوە، بۆیە پێویستە پێش و پاش چاندنی هەرئەندامێکی لەش پشکنینی بۆ ڤایرۆسی (BK) ئەنجام بدرێت.

نیشانەکانی ئەم ڤایرۆسە:-

دەکرێت هیچ نیشانەیەکی نەبێت لە سەرەتادا، بەڵام بە لاوازبوونی سیستمی بەرگری نیشانەکانی تەشەنە دەکەن لەوانە:

١- گرفتی بینایی و لێڵ بوونی بینین.

٢- گۆڕانی ڕەنگی میز بۆ قاوەی سورباو.

٣- بوونی ئازار لەکاتی میزکردندا.

٤- بەناڕەحەت میزکردن.

٥- زووزوو میزکردن (میزە چورکێ)

٦- کۆکە و هەڵامەت و هەناسە توندی.

٧- تا و ئازار و بێ هێزی ماسولکەکان.

٨- دڵەکوتێ.

٩- هەندێ جار گرفتی مێشک و جگەر دروست دەکات.

تێبینی- گواستنەوی ڤایرۆسەکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەبێت، بەڵام تا ئێستاش چۆنیەتی گواستنەوەکەی بە تەواوی ڕوون نییە بەڵام دەکرێت لە ڕێگەی یەکێک لەمانەوە بگوازرێتەوە.
(لیک، تەڕی ناولووت و قوڕگ (چڵم و بەڵغەم)، کۆکە، میز، دایک دەیگوازێتەوە بۆ کۆرپەکەی ناو سکی.)
چەند پشکنینێک پێویستە ئەنجام بدرێت بۆ دەستنیشانکردنی ڤایرۆسی (BK)، بەتایبەت لە کەسانەدا کە نەشتەرگەری چاندنی ئەندامیان بۆ ئەنجام دەدرێت تا دڵنیابینەوە لەوەی کە ئەندامە چێندراوەکە پارێزراو دەبێت، پشکنینەکانیش ئەمانەن:
١- شیکاری گشتی میز (Urinalysis).
٢- شیکاری بایۆپسی (Renal Biopsy) بۆ گۆرچیلە یان میزەڕۆ.
٣- شیکاری (PCR) کە لە هەمووی دڵنیاتر و هەستیارترە بۆ دەستنیشان کردنی گەشەسەندنی ڤایرۆسەکە.

HPV Test

ئەم پشکنینە دەکرێ بۆ زانینی ئەو ڤایرۆسە، باوترین جۆری ڤایرۆسە کە لەڕێگای جووتبوونەوە بگوازرێتەوە (STI)، ئەم ڤایرۆسە چەند جۆرێکی جیاوازی هەیە کە دەبنە هۆی دروستبوونی بالوکە (Warts) لە چەند شوێنێکی جیاوازی لەشدا، هەندێک جار (HPV) بێ ئەوەی هیچ مەترسی و برینێک دروست بکات ڕاستەوخۆ لەناودەچێت، بەڵام هەندێک جۆریان دەبێتە هۆی دروست کردنی کێشەی تەندروستی وەک دروست بوونی بالوکە لە ئەندامی زاو و زێ (Genital Warts) و ناو دەم و قاچ یان مەترسی دروست بوونی شێرپەنجە.

چۆنیەتی گواستنەوەی ڤایرۆسەکە:-

ڤایرۆسەکە دەگوازرێتەوە بە بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی پێست-بە-پێست، زۆرکەس توشدەبن لە ڕێگای ئەنجامدانی جووتبون لەگەڵ کەسانی هەڵگری ڤایرۆسەکە، لە هەندێک حاڵەتی دەگمەندا دایکی توشبوو دەیگوازێتەوە بۆ منداڵەکەی لە کاتی منداڵبووندا.

جۆرەکانی ڤایرۆسەکە بە ژمارە پێناس کراون بەپێی (Genotype)کانیان، کە ٣٦ (Genotype)ی جیاوازن و دابەش دەکرێن بەسەر دوو گروپدا:

١- **کەم مەترسیەکان** (Low-risk HPV). کە (Genotype)کانیان بریتین لە (٦,١١,٤٠,٤٢,٤٣,٤٤/٥٥,٥٤,٦١,٦٢,٨٤,٨٩,٧٢,٧١,٧٠,٦٩,٦٧,٨١)

٢- **مەترسیدارەکان** (High-risk HPV). کە (Genotype)کانیان بریتین لە (١٦,١٨,٢٦,٣١,٣٣,٣٥,٣٩,٤٥,٥١,٥٢,٥٣,٥٦,٥٨,٥٩,٦٦,٦٨,٧٣,٨٢١).

زۆرێک جۆری ڤایرۆسەکە نابێتە هۆی شێرپەنجە بەڵام هەندێکیان دەبێتە هۆی شێرپەنجە لە بەشە جیاوازەکانی لەشدا ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێت وەکو شێرپەنجەی ملی منداڵدان (Cervix) و کۆم و ئەندامانی زاو و زێ ی نێر و

مێ، شێرپەنجەی گەروو (Oropharyngeal). زیاتر لە (70%)ی شێرپەنجەی ملی منداڵدان (Cervical Cancer) بەهۆی (HPV16)(HPV18) یە...
ئەو جۆرانەی ڤایرۆسەکە کە دەبێتە هۆی دروست بوونی بالوکەی ئاسای جیاوازن لەوانەی دەبنە هۆی شێرپەنجە، بۆ دیاریکردنی پلەی مەترسی ڤایرۆسەکە پێویستی بە پشکنینی تاقیگەیی هەیە بۆ دیاریکردنی جینی ڤایرۆسەکە...
زۆر جار بەرگری لەش بەرنگاری ڤایرۆسەکە دەبێتەوە بەرلەوەی بالوکەکان دروست بکات.

ئەو هۆکارانەی ئەگەری توشبوون بە ڤایرۆسەکە زیاد دەکەن:
٣- **سێکس:** بوونی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ کەسانی هەڵگری ڤایرۆسەکە.
٤- **تەمەن:** هەندێک جۆری ڤایرۆسەکان تووشی تەمەنێکی دیاریکراو دەبن.
٥- **لاوازی بەرگری لەش:** ئەوکەسانەی بەرگری لەشیان لاوازە ئەگەری توشبوونیان بە ڤایرۆسەکە زیاترە.
٦- **برینداری پێست:** بوونی برین و قڵیش لە (دەرەوە و ناوەوەی لەش) ئەگەری تووشبوون بە ڤایرۆسەکە زیاد دەکات.
٧- بەرکەوتنی کەسانی توشبو و بەکارنەهێنانی دەستکێش لەکاتی دەست دان لە شوێنی برینەکان.

نیشانەکان و دەستنیشان کردنی ڤایرۆسەکە:
زۆرجار ڤایرۆسەکە بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەک دروست بکات خۆی لەناودەچێت، بەڵام ئەگەر لەناونەچێت دەبێتە هۆی دروستکردنی بالوکە هەندێک جار دکتۆرەکەت دەتوانێت تەنها بە بینین دەستنیشانی بکات، بەڵام ئەگەر دیار نەبوون و لە ناوەوەی لەش بوون یان بۆ دیاریکردنی پلەی مەترسی ڤایرۆسەکە پێویست بە پشکنینی زیاتر دەکات.



پشکنینی (DNA) ڤایرۆسەکە

بۆ ئەنجامدانی ئەم پشکنینە دکتۆرەکەت نمونەیەک لە بەشە تووشبووەکە وەردەگرێت لە ڕێگەی (نمونەیەک لە شلەی ناو لەشی ئافرەت یان شلەی (لینجی) ئەندامی نێرینەی پیاو یان بالوکەی دروستبووی دەوروبەری ئەندامی زاو و زێ یان ناودەم) و دەینێرێت بۆ تاقیگەی تایبەت بە شیکاری (Viral DNA) تا جۆری جینی ڤایرۆسەکە دیاری بکرێت، ئایا مەترسی دارە و ڕەنگە ببێتە هۆی شێرپەنجە یاخود نا !! چونکە ئەو شێرپەنجەیەی بەهۆی (HPV)یەوە دروست دەبن هیچ نیشانەیەکیان نییە تا قۆناغە کۆتاییەکانی گەشەکردنی شێرپەنجەکە، بۆیە پشکنینی (DNA) پێویستە تا پێشوەخت مەترسیەکانی ڤایرۆسەکە بزانرێت.

HCV Genotyping Test

ئەم پشکنینە دەکرێ بۆ زانینی ڤایرۆسی جگەری جۆری (HCV)، یەکێک لە بڵاوترین ڤایرۆسەکان لە جیهاندا، نزیکەی ٣.٣٪ (دووسەد ملیۆن) لە دانیشتوانی جیهان هەڵگری ئەم ڤایرۆسەن، کە دەبێتە هۆی هەوکردنی جگەر و تێکدان و لەکارخستنی خانەکانی جگەر، هیچ ڤاکسینێک (Vaccine) بۆ ڤایرۆسی جگەری جۆری (HCV) تا ئێستا بەکارناهێنرێت.
لەکاتی سەردان کردنی کلینیکی پزیشکی ددان یان ئەنجامدانی نەشتەرگەری.. هتد، پێویست بە پشکنینی دژە تەن (Antibody) بۆ ڤایرۆسەکە ئەنجام دەدرێت، لەکاتی دەرچوونی ئەنجامی ئەرێنی بۆ ڤایرۆسی جگەری جۆری (HCV) پێویستە ڕاستەوخۆ پشکنینی (HCV RNA (Quantitative)) بۆ ڤایرۆسەکە و پاشان پشکنینی جینۆتایپین (Genotyping) بۆ ڤایرۆسەکە ئەنجام بدرێت.

پشکنینی جینۆتایپین (Genotyping):
ڤایرۆسی جگەری جۆری (HCV) دابەش دەبێت بەسەر چەند شێوە و چەشندا (کە زیاتر لە ٥٠ چەشنن و دابەش دەبن بەسەر ٦ جینۆتایپی سەرەکیدا کە لە ناوچەبەک بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازیان هەیە)
(.(1a, 1b, 2a, 3a, 3b and 6a)
شیکاریی جینۆتایپین (Genotyping) چەشنی ڤایرۆسەکە دیاریدەکات و جینۆتایپەکەیمان بۆ دەستنیشان دەکات، بۆ ئەوەی بتوانرێت چارەسەریەکی تەواو و دروست بدرێت بە نەخۆش پێویستە دەستنیشانی جینۆتایپی ڤایرۆسەکە بکرێت تا چارەسەرەکەی ووردتر بێت چونکە هەر چەشنێک لە ڤایرۆسەکە چارەسەریەکی دیاریکراوی خۆی هەیە.
کاتێک کەسێک ئەنجامی پشکنینی دژەتەنی بۆ ڤایرۆسی جگەری جۆری (HCV) ئەرێنی دەبێت، پێویستە ڕاستەوخۆ پشکنینی (HCV RNA (Quantitative)) بۆ ئەنجام بدرێت تا ڕێژەی دڵنیایی ڤایرۆسەکە لە لەشدا

دیاری بکرێت، دوای دەرچوونی ئەنجامەکانی و بەرلە وەرگرتنی چارەسەری، پێویستە پشکنینی جینۆتایپین (Genotyping) بۆ ڤایرۆسەکە ئەنجام بدرێت. تا ڕێژەی ڤایرۆسەکە لە لەشدا زیاتر بێت (پشکنینی جینۆتایپین (Genotyp-ing) ئەنجامەکەی دروستتر دەبێت)
(کە پێویستە HCV Viral Load >1000 IU/mL) ئەم ڕێژەیە دەکرێت گۆڕانی بەسەردابێت بە پشت بەستن بە جۆری (Kit)ی پشکنینەکە.

هەنگاوەکانی دەستنیشان کردنی چارسەری:

١- ئەنجامدانی شیکاریی دژەتەن(Antibody) بۆ ڤایرۆسی جگەری جۆری (HCV).

٢- بۆ هەموو ئەنجامێکی دژەتەنی ئەرێنی بۆ ڤایرۆسی جگەری جۆری (HCV)، پێویستە پشکنینی (HCV RNA (Quantitative)) بە ڕێگای (Polymerase Chain Reaction (PCR)) ئەنجام بدرێت (هەندێک جار پێویستە شیکاریەکانی فەرمانی جگەریش ئەنجام بدرێت بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی جگەر و کاریگەری ڤایرۆسەکە لەسەر جگەر).

٣- پاش دیاریکردنی ڕێژەی ڤایرۆسەکە لە لەشدا پێویستە پشکنینی جینۆتایپین بۆ ڤایرۆسەکە ئەنجامبدرێت بۆ دیاریکردنی چارەسەری دروست باشترین دەرمان بەپێ ی چەشنی ڤایرۆسەکە (بەتایبەت لەوکاتەی ڕێژەیەکەی بەرز بوو لەلەشدا).



HLA-B27 test
Human Leukocyte Antigen B27

ئەم پشکنینە ئەنجام دەدرێت بۆ دیاری کردنی بوون و نەبوونی پرۆتینی جۆری (HLA-B27) لەسەر خرۆکە سپیەکان، پرۆتینێکە دەکەوێتە سەر ڕوکاری خرۆکە سپیەکانی لەش، پرۆتینی (HLA-B27) لە گروپی ئەو پرۆتینانەیە کە یارمەتی سیستمی بەرگری لەش دەدەن بۆ ناسینەوەی لەشە خانەکان و جیاکردنەوەی لەشەخانەکان لە خانە بێگانەکان بە لەش، بوونی پرۆتینی (HLA-B27) لەسەر خرۆکە سپیەکان وادەکات سیستمی بەرگری لەش هێرش بکاتە سەر خانە ساغ و تەندروستەکانی لەش، ئەمەش دمبێتە هۆی توشبوون بە
(Autoimmune Disease)کان کە پەیوەندیان بە پرۆتینی (HLA-B27) هەیە وەک (Ankylosing Spondylitis)(Juvenile Rheumatoid Arthritis).
ئەو (Autoimmune Disease) پەیوەندیان بە پرۆتینی (HLA-B27) هەیە زیاتر دوچاری پیاوان دەبێت، لە ئافرەتانیشدا هەیە بەڵام ڕێژەکەی کەمترە و نیشانەکانی سوکترە، زیاتر لە سەد نەخۆشی پەیوەندی دار هەن بە پرۆتینی (HLA-B27) وە، بە گشتی نیشانەی نەخۆشیەکەش لە دوای تەمەنی سی ساڵی سەر هەڵدەدەن.
بوونی پرۆتینی (HLA-B27) لەسەر خرۆکە سپیەکان بەهۆی هۆکارێکی بۆماوەییەوە دەبێت کە لە باوانەوە بۆ نەوەکان دەگوازرێتەوە، ئەگەر ئەندامی خێزانێک (HLA-B27) ئەرێنی بوو وە نیشانەکانی نەخۆشیە پەیوەندی دارەکانی بە پرۆتینی (HLA-B27) تیا دەرکەوت ئەوا هەمان مەترسی لەسەر ئەندامانی تری خێزانەکەی زیاد دەکات.

کەی پشکنینی پرۆتینی (HLA-B27) ئەنجام دەدرێت:

پشکنینی (HLA-B27) بۆ کەسێک ئەنجام دەدرێت کە نیشانەکانی تازە

تێدا دەردەکەون یان ماوەیەکی درێژە پێوەی دەناڵێنێت لەوانەش ئازار و هەوکردن لە فەقەرات و مل و سنگ و جومگەکان و چاو، بەمەش گومانی نەخۆشیە (Autoimmune Disease) کانی پەیوەندیدار بە پرۆتینی (HLA-B27) لێ دەکرێت.

باوترین ئەو نەخۆشیانەی کە پەیوەندیدارن بە پرۆتینی - :HLA-B27

بوونی پرۆتینی (HLA-B27) لەسەر خرۆکە سپیەکان دەبێتە هۆی دوچار بوون بە کۆمەڵێک نەخۆشیی (Autoimmune Disease) لەوانە:

١- نەخۆشی ((Ankylosing Spondylitis (AS)): نیشانەکانی بوونی ئازار و هەوکردن و وردە وردە ڕەقبوونی بڕبڕەی پشت و مل و سنگ، نەخۆشیکە لە قۆناغەکانی سەرەتادا بە (X-ray) دەرناکەوێت.

٢- نەخۆشی (Reactive Arthritis): نیشانە باوەکانی هەوکردنی جومگەکان و چاو و میزەڕۆ و زیان گەیاندن بە پێست.

٣- نەخۆشی ((Juvenile Rheumatoid Arthritis(JRA)): جۆرێکە لە هەوکردن و ئاوسانی جومگەکان لە منداڵدا.

٤- نەخۆشی (Anterior Uveitis): ئاوسان و خورانێکی وەرسکەری چینی ناوەندی چاو.

٥- هەندێک جار (HLA-B27) پەیوەندی بە هەوکردنی درێژ خایەنی ڕیخۆڵەکانەوە هەیە.

دەستنیشانکردن و شیکاریە پەیوەندیدارەکان بە (HLA-B27):

لەو کەسانەدا کە کۆمەڵێک نیشانەی تایبەتیان تێدا دەردەکەوێت لەوانە:

٦- ڕەقبوون و هەڵئاوسانی بڕبڕەی پشت و مل و سنگ.

٧- ئازاری جومگەکان.

٨- هەوکردنی جومگەکان و میزەڵان و زیان گەیشتن بە پێست.

٩- هەوکردنی چاوەکان.

دەکرێت لەگەڵ شیکاری پرۆتینی (HLA-B27) دا چەند شیکاریەکی دیکەی خوێن و میز ئەنجام بدرێت بۆ دڵنیابوونەوە و دەستنیشان کردنی (-Au

toimmune Disease) کە، لەوانە :

((Rheumatoid Factor (RF)

((Erythrocyte Sedimentation Rate(ESR)

((C-reactive Protein (CRP)

ئەگەر پشکنینی (HLA-B27) ئەرێنی بوو مانای وایە ئەگەری مەترسی توشبوون بە (Autoimmune Disease)کان زۆرە لەو کەسەدا، ئەگەر کەسەکە نیشانەکانی تێدا دەرکەوتن مانای دووچار بوون بە نەخۆشیە (Autoim-mune Disease) کانی پەیوەندی دار بە پرۆتینی (HLA-B27) دەگەیەنێت، ئەگەری توشبونەکە بەو نەخۆشیە زیاتر دەبێت ئەگەر هەڵگری نیشانەکان (گەنجێکی تەمەن سەرو سی ساڵ) بێت.

ئەگەر پشکنینی (HLA-B27) نەرێنی بوو، وە نیشانەکانی نەخۆشیەکەی تیا دەرنەکەوتبوو، مانای سەلامەتی کەسەکە دەگەیەنێت، بەڵام دەکرێت کەسێک دژە پەیداکەری (HLA-B27) نەرێنی بێت وە دوچاری نەخۆشیە (Autoimmune Disease) کانیش ببێت.



HLA-DQ2/DQ8 Test
Human Leukocyte Antigen

ئەم پشکنینە دەکرێ بۆ زانینی تووشبوونی بە هەستیاری پرۆتینێکی وەک گلوتین (Gluten) لەکاتی خواردنی پرۆتینەکە دووچاری هەستیاریی دەبێت کە بە هەستیاری گەنم

(Celiac Disease) ناسراوە یەکێکە لەگروپی ئەودژەپەیداکەرانەی کە دەکەونە سەر ڕووی خرۆکەسپیەکانی خوێن و دوو جینی سەرەکی دەگرێتەوە (HLA-DQ2)(HLA-DQ8)، بوونی جینەکانی (HLA-DQ2/DQ8) لە بۆماوەماددەی کەسێکدا دەیخاتە بەر مەترسی.

نەخۆشیەکە کە بە هۆی هێشی سیستمی بەرگری لەشەوە(Autoimmune Disorder) بۆ مەمیلەکانی ناوپۆشی ڕیخۆڵە (Villi) پەیدا دەبێت، لەکاتی خواردنی ئەو خۆراکانەی کە پرۆتینی (Gluten) لە پێکهاتەیاندایە وەک گەنم (Wheat) و جۆ (Rye and Barley) لەلایەن ئەو کەسانەی کە هەستیاریان بەو جۆرە لە پرۆتین هەیە، خرۆکە سپییەکانی خوێن وەکو تەنێکی بێگانە و بەهەڵە هێرش دەبەنە سەر خانەکانی ناوپۆشی ڕیخۆڵەکان و لەکاریان دەخەن ئەمەش دەبێتە هۆی تێکشکان و لەکارخستنی مەمیلەکان، بەمەش کرداری هەڵمژینی خۆراکەمادده و ڤیتامین و خوێیەکان کەمدەکاتەوە

لەکاتی دەرکەوتنی نیشانەکانی هەستیاری گەنم یان بوونی هەستیاری گەنم لە ئەندامێکە نزیکی خێزاندا پێشنیاری ئەنجامدانی ئەم پشکنینە دەکرێت، پشکنینی (HLA-DQ2/DQ8) ئەوە دەستنیشان دەکات کە کەسەکە هەڵگری جینی (HLA-DQ2/DQ8) یاخود نا، ڕێژەی مەترسی توشبوون بە هەستیاری گەنم دیاردەکات.

بۆماوە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لە توشبوون بە نەخۆشیەکە، جینی (HLA-DQ2/DQ8) لە باوانەوە بۆ نەوەکان دەگوازرێتەوە، لەکاتی دەرکەوتنی هەستاری گەنم (Celiac Disease) لە ئەندامی خێزانێکدا دەکرێت ئەندامەکانی تری

خێزانەکە هەڵگری هەمان جینبن، لەکاتی خواردنی پرۆتینی (Gluten) یان (گەنم) لە پەرچە کردارێکدا سیستمی بەرگری لەش هێرش دەکاتە سەر خانەکانی ڕووپۆشی ناوەوەی ڕیخۆڵە.

نیشانە باوەکانی هەستیاری گەنم:

١- ئازاری سک و با کردن، با لێبوونەوە.
٢- پیسایی خوێناویی.
٣- بەردەوام سکچوون یان بەردەوام قەبزی.
٤- پیسایی چەور و بۆن ناخۆش.
٥- دڵتێکەڵاتن و هەندێجار ڕشانەوە.

دەکرێت کۆمەڵێک نیشانەی تریش بەدوای خۆیدا بێنێت:

١- کەمی ئاسن.
٢- خوێن بەربوون.
٣- ئازاری جومگە و ئێسک.
٤- داخورانی مینای ددان.
٥- بێهێزی و لاوازی.
٦- دابەزینی کێش.

بوونی جینی (HLA-DQ2/DQ8) مانای هەبوونی هەستیاری گەنم ناگەیەنێت (دەکرێت کەسێک جینی (HLA-DQ2/DQ8) ئەرێنی بێت و دوچاریی هەستیارییش نەبێت) بەڵام نەبوونی جینەکە مانای سەلامەتی کەسەکە و دووری لە هەستیاری بە پرۆتینی (Gluten) دەگەیەنێت.

پشکنینی جینی (HLA-DQ2/DQ8) دەنوسرێت بۆ ئەوکەسانەی کە گومانی هەستیارییان بە پرۆتینی گلوتین لێدەکرێت ،

هەندی پشکنینی تری لەگەڵی بۆ دەکرێ وەک:-

١- (Anti-tissue Transglutaminase Antibody (tTG
٢- Endomysial Antibody

٣-- CBC

٤- ESR

٥- CRP

٦- Vitamin D and B12 and folate

٧- Iron, Iron Binding Capacity or Transferrin, and Ferritin

هەندێک جار بۆ دەستنیشانکردنی تەواوی نەخۆشیەکە پێویستە پشکنینی (Biopsy) (وەرگرتنی نمونەی لە خانەکانی ناوپۆشی ڕیخۆڵە) ئەنجام بدرێت، لە هەندێک بارودۆخی تایبەتدا کە لەلایەن پزیشکی پسپۆڕەوە بڕیار دەدرێت بۆ دڵنیابوون لە بارودۆخی ڕیخۆڵەکان و کاریگەریەکانی نەخۆشیەکە لەسەر ڕیخۆڵەکان.



HLA-B51/52 Test
Human Leukocyte Antigen B5

ئەم پشکنینە ئەنجام دەدرێت بۆ دیاری کردنی بوون و نەبوونی پرۆتینی جۆری (HLA-B51/52) لەسەر خرۆکە سپیەکان، پرۆتینی (HLA-B51/52) لە گروپی ئەو پرۆتینانەیە کە کە یارمەتی سیستمی بەرگری لەش دەدەن بۆ ناسینەوەی لەشە خانەکان و جیاکردنەوەی لەشەخانەکان لە خانە بێگانەکان بە لەش. دژە پەیداکەری (HLA-B5)پرۆتینێکە دەکەوێتە سەر ڕوکاری خرۆکە سپیەکانی لەش .

بوونی پرۆتینی (HLA-B51/52) لەسەر خرۆکە سپیەکان وادەکات سیستمی بەرگری لەش هێرش بکاتە سەر خانە ساغ و تەندروستەکانی لەش، ئەمەش دەبێتە هۆی توشبون بە (Autoimmune Disease) کە پەیوەندیان بە پرۆتینی (HLA-B51/52) هەیە وەک (Behcet's Disease).

بوونی پرۆتینی (HLA-B51/52) لەسەر خرۆکە سپیەکان بەهۆی هۆکارێکی بۆماوەییەوە دەبێت کە لە باوانەوە بۆ نەوەکان دەگوازرێتەوە.

باوترین نەخۆشی کە بەهۆی پرۆتینی (HLA-B51/52) لەسەر خرۆکە سپیەکان دووچار دەبینەوە نەخۆشیی (Behcet's Disease).

نەخۆشی (Behcet's Disease) چییە؟

نەخۆشیەکە کە بەهۆی هێرشی سیسمی بەرگری لەشەوە بۆسەر خانەکانی لەش خۆی توشمان دەبێت (Autoimmune Disease)، هەندێک جار بەهۆی ڤایرۆس یان بەکتریاوە توشمان دەبێت، ئەو کەسانەی کە پرۆتینی (HLA-B51/52) ئەرێنی بێت لەژێر مەترسی توشبوون بەم نەخۆشیەدان.

نەخۆشیەکە دەبێتە هۆی هەوکردنی بۆریەکانی خوێن لە سەرجەم ئاستەکاندا (خوێن بەر، خوێن هێنەر، ملولەکانی خوێن) و زۆرینەی ئەندامەکانی لەش

لەبەر مەترسی ئەم نەخۆشیەدا دەبن، وە بە چەند شێوەی جیاواز کاریگەریەکانی دەردەکەون وەک:

١- برینی ناودەم (برینێکی بە ئازار و شێوە بازنەییە و ناوەڕاستەکەی زەرد یان سپی باو و لێوارەکانی سوورن، دەکرێت دانەیەک یان چەند دانەیەکی لێ دەربکەوێت، ئەم برینە لە سەرجەم بەشەکانی ناو دەم وەک زمان و لێو و پوک و سەرجەم بەشەکاندا دەکرێت دەربکەوێت، ماوەی ١٠ بۆ ١٥ ڕۆژ دەخایەنێت و دەکرێت لە ساڵێک دا دوو بۆ سێ جار دەربکەوێت ،ئەمەش بە نیشانەیەکی سەرەتایی نەخۆشیەکە دادەنرێت

٢- برین لە کۆئەندامی زاوزێ (نێر و مێ) دروست بوونی برینی قوڵ و سوریاوی بە ئازار، ئەم برینانە دەکرێت لە سەرجەم بەشەکانی کۆئەندامی زاوزێ دا دەربکەون.

٣- سەرهەڵدانی گرفتی پێست (Erythema Nodosum) و دروست بوونی پەڵەی سور و پاشان خڕبوون و کۆبوونەوەی کێم لە نێویدا، ئەم برینانە دەکرێت لە بن مووەکانیشدا دەربکەون.

٤- هەوکردنی چینی ناوەندی چاو (Uveitis)، ئازار، لێڵ بوونی بینایی، بێزار بوون بە ڕووناکی، بینینی چینێک لە (Pus) لە نێو چاو هەندێک کات، سوربوونەوە، بەردەوام بوون و مانەوەی بێ چارەسەری ڕەنگە ببێتە هۆی لەدەستدانی بینایی.

٥- هەوکردنی بۆریەکانی خوێن و سەرهەڵدانی گرفتی تەندروستی لە سوڕی خوێندا (Thrombophlebitis).

٦- هەوکردنی جومگە و ئازار و ڕەقبوون و هەڵئاوسان، (Arthritis) لە جومگەکانی ئەژنۆ و ئانیشک و حەوز دا.

٧- برینی لە کۆئەندامی هەرسدا، دەبێتە هۆی دڵ تێکەڵاتن، سکچوون، بوونی خوێن و ئازار.

٨- هەندێک جار نەخۆشیەکە زیاد لە ڕادە پەرە دەسێنێت و کار لە کۆئەندامی

دەمار دەکات دەبێتە هۆی سەرئێشە و تێکچوونی باری دەروونی و تورەیی و تالێهاتن و تێکچوونی هاوسەنگی و لەبیرچونەوە و رەقبوونی مل.
٩- نیشانەکانی نەخۆشیەکە دەکرێت تەشەنەبسێنێت بۆ گورچیلە و میزەڵان و ماسولکە و ئێسک و بەستەرەشانەکانیش بگرێتەوە.

ئەو سەرچاوانەی کە سوودم لێ بینیوە:-

- Lab test online red
-Lab test online blue
-Medlineplus lab test in formation
ویکبیدیا موسوعە حرە-
مختبرات صعیە-
مختبر دبابو-
-Lab test online —american association For clinical chemistry

Hawre Mustafa

Laboratory Science

ئەم پەرتووکە لە خۆگرتنی چەندین پشکنینی جۆراوجۆر تایبەت بە تاقیگە دەستنیشانکردنی نەخۆشی و روون کردنەوەی نەخۆشیەکە، بە هۆی کەمی دەستەبەری ئەم جۆرە پەرتوکانە لە نێو کتێبخانەکانماندا بۆیە ئەم پەرتووکە گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ هەموو تاکێکی خوێنەر و پێویستە هەموو کەسێک ئارەزووی کڕین و لە خۆگرتەی ئەم پەرتووکەی لا دروست بێت بەوپەڕی تواناوە کاری خۆمان ئەنجام داوە بۆ ئەوەی توانیبێتمان خزمەتێکی بچوکی کۆمەڵگای خۆمان بکەین.

٦٠٠٠ دینار

چاپخانەی رۆشنبیری